hewalname.com/ku/

# کوژرانی کابرای کتێبفرۆش

رۆمان

hewalname.com/ku/

# کوژرانی کابرای کتێبفرۆش

رۆمان

hewalname.com/ku/

سەعد محەمەد ڕەحیم
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٨)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

**سەرچاوە:**
مقتل بائع الکتب، سعد محمد رحیم
دار سطور للنشر والتوزیع، بغداد، ط١، ٢٠١٦

hewalname.com/ku/

■ **کوژرانی کابرای کتێبفرۆش**

نووسینی: سەعد محەمەد ڕەحیم

وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٥٥٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٨٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردیی ڕۆمانەکە

هەڵـــبەت ڕووداوەکـــانی ڕۆمـــانی (کـــوژرانی کـــابرای کتێبفرۆش) لە چوارچێوەیەکی بەرینی جوگرافیدا ڕوو دەدەن، لە عێــراقەوە درێــژ دەبــنەوە تــاکو ئەورووپــا، بە درێژایــی زەمەنێک، نزیکەی نیو سەدە دەخایەنێت، لەسەر باکگڕاوندی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە لەو دەیان ساڵانەدا بە چاوی خۆمان بینیمان.

ئەمە ڕۆمــانی کەســێتییەکی نائاســاییە، نــاوی مەحمــود مەرزوقە. لە خــانەوادەیەکی دەوڵەمەنــد لەدایــک دەبێــت و لە بەراییدا مارکسیزم وەک هزری خۆی هەڵدەبژێرێت، ناچێتە ناو هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسیی چالاکەوە، کەچی پتر لە جارێک تووشی گرتن دەبێت، بۆیە بەرەو پراگ هەڵدێت و هەژدە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەرلەوەی بۆ دووەمین جار بەرەو پاریس جێی بهێڵێت، پاشان دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، باقوبە، دوای ئەوەی لەبەر تــاڵیی ئەو ئەزموونــانەی پێیانــدا تێــپەڕی، پووچگەرایی دایگرتبوو.

لە بــاقوبە ژیــانی قورســی گەمــارۆ دەگوزەرێنێــت، وەکــو فرۆشیاری کتێبی دەستی دوو، ئەمەش پێش ئەوەی ڕۆژگاری داگیرکــاریی ئەمریکــی ببینێــت. ئیــدی تــاکو کــوژرانی، بە شــێوەیەکی بێهــوودانە لە لایەن تیرۆریــستێکەوە، لە بــازاڕی جەنجاڵی باقوبە، لە زستانی ٢٠١٠دا.

مەرزوق لە ساڵانی ژیانیدا یادەوەری و ڕۆژانەییەکانی لە ڕەشنووسی کتێبێکدا جێهێشت، ئەوە بووە ماددەیەکی خاو، کە

ماجد بەغدادیی گێڕەرەوە، لە کتێبەکەیدا هەمبەر مەرزوق پشتی پێ ببەستێت.

بەغدادییش پشتی بە گەواهیی هاوەڵانی مەرزوق و ناسیاوانی بەستبوو.

هەر نووسەرێک دەکۆشێت بازنەی خوێنەرانی فرەوانتر بکاتەوە، جا لە پانتایی ئەو زمانەدا بێت، کە پێی دەنووسێت، یاخود لە پانتایی زمانانی تردا. ڕۆمانیش لە ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دی، پتر بە هۆی بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانەوە، خەریکە ڕێگەی خۆی دەکاتەوە، تاکو دەبێتە یەکێک لە دیاردەکانی بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیری. لەو ڕێگەیەوە ژیانی کۆمەڵگەکان، شێوازی بیرکردنەوەیان، دابونەریتیان، نەریتی ئاکاری و مگێزیان دەناسرێتەوە.

بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکەم بۆ زمانی کوردی، هەست بە بەختەوەری و شانازی دەکەم... من دەزانم زیاد لە پێوەندییەک لەنێوان ئەدەبی نووسراو بە زمانی عەرەبی و ئەدەبی نووسراو بە زمانی کوردی هەیە، بە هۆی ئەو ئەزموونە ژیانییە بەیەکداچووەی نێوان میللەتان و مێژووەکەیانەوە، کە چەندین خاڵی بەرکەوتنی لەخۆ گرتووە. وەکو دەزانین ئەمە جۆرە هاوڕۆشنبیری و بەهای هاوشێوە و دابونەریتی هاوبەشی لەنێوانیاندا دروست کردووە.

لەم ڕۆمانەمدا پتر لە کەسایەتییەکی کورد هەن ئیلهامیانم لە کەسایەتیی ڕاستەقینەوە وەرگرتووە، کە پێوەندیی قووڵی مرۆییم پێیانەوە هەبووە. هەروەها بەشێک لە ڕووداوە گشتییەکە، ئەگەرچی سنووردارە، لە شارە کوردییەکاندا ڕوو دەدات.

hewalname.com/ku

ڕۆمانی عێراقی، که گوزارشت له وێنەی ژیانی عێراقییان له ڕابردوو و ئایندەدا دەکات، دەبێت کەسایەتیگەلێکیان تێدا بێت، ڕەنگدانەوەی هەمەڕەنگیی ڕەگەزی و تائیفی و کۆمەڵایەتیی له عێراقدا بن، بۆ ئەوەی له واقیع نزیک ببنەوە و ڕاستگۆ بن.

نووسەر بەهاکانی ژیان له ئەزموونی خۆی له ژیاندا دەردەخات و بەهاکانی نووسین فێر دەبێت، کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر ئەزموونی دەکات. ئەم دوو بیرۆکەیەش وەکو دوو یاسا خۆیان دەردەخەن، دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت.

لێرەدا مەبەستم له بەهاکانی نووسین، ئەو پرانسیپانەن که هەر نووسەرێک له جیهانی داهێنان بەردەوام بێت، ناتوانێت دەسبەرداریان بێت. هەر ئەوەشە هاوکاریی نووسینی دەکات، بێ ئەوە شتێک نییە بایەخێکی هەبێت... بەهایەلێک تواناکانی ئەون، هەر ئەوانەش نیشانەی توانا و بەهرەین. گۆشەنیگای بیرکردنەوە و هەستی ئیستاتیکی و داهێنانی ئەون.

ئەم ڕۆمانه له لایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە له عێراق و هەندێک وڵاتی عەرەبیدا بایەخی زۆری دراێ، نەخوازەڵا دوای هەڵبژاردنی له لیستی کورتی خەڵاتی جیهانیی پۆکەری ڕۆمانی عەرەبیی ساڵی ٢٠١٧. هەروەها به دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی له بڵاوکراوە خۆماڵی و عەرەبییەکاندا لەبارەوە نووسران. ژمارەی چاپەکانی گەیشتە چوار چاپ.

ئومێدم وایه لەنێو برایانم له خوێنەرانی کورد، هەمان بایەخی هەبێت و له کاتی خوێندنەوەدا تاسە و چێژ و سوودی لێ ببینن.

**سەعد محەمەد ڕەحیم**
**٢٠١٧/٢/٢١ بەغدا**

hewalname.com/ku/

## پێشەکیی وەرگێڕ

لە دوو دەیەی دواییدا ئەدەبی عێراقی لە بواری ڕۆماندا، دوای ژانی لەدایکبوونێکی نوێ، هەنگاوی گەورەی بەخۆوە بینی، بۆیە دەتوانین لەم بوارەدا ناوی دەیان ڕۆماننووسی داهێنەر بژمێرین. ڕۆماننووسانی عێراق دەکۆشن ئەو قەپێلکە بشکێنن، کە تێیدا قەتیس مابوون. بە ڕووی دنیادا کراوەتر و بوێرتر بن، تەکنیک و ناوەڕۆکی بابەتەکانیان تازەتر بن و بانگەشەی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ لە ڕۆمانی عێراقیدا بکەن. داگیرکاریی ئەمریکا و دەرەنجامەکانی لە پارچەپارچەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبی، بووە بابەتێکی بەپیت، تاکو ئەم نووسەرانە بابەتەکانیانی لێوە هەڵهێنجێنن.

ئەو بابەتانەی پێشتر نووسەرانی وەک فوئاد تکرلی و جەبرا ئیبراهیم جەبرا و ڕوبەیعی و ئەوانی تر باسیان لێوە دەکرد، کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کودەتای سەربازی و جەنگی عێراق-ئیران بوون، پتر ڕۆمانەکانی ئەو قۆناغە ڕەمزی بوون، پشتیان بە مێژوو و میسۆلۆژیا دەبەست. هەرچی ڕۆمانەکانی دوای ٢٠٠٣ن، ئەوا تژین لە وەرچەرخانی توند، کە کۆمەڵگەی عێراقیی پێدا تێپەڕی، وەک توندوتیژی و کۆچی تائیفی و کوشتن لەسەر ناسنامە و نامۆبوون لە نیشتمان.

newaname.com/ku

سەعد محەمەد ڕەحیم، لەم ڕۆمانەیدا، کە زەمەنی ڕۆمانەکە جیایە لە زەمەنی گێڕانەوە، دەخوازێت ئێستای عێراق، واتە عێراقی پاش دیکتاتۆرییەت، بخاتە قاڵبی ڕۆمانەوە. بۆیە هاتووە لە ڕێگەی کارەکتەرێکی نادیارەوە، مێژووی ئەم دوابییەی عێراق دەنووسێتەوە. هەڵبەت هەر وەک چۆن مێژوو بە ئارەزووی دەسەڵاتداران نووسراوەتەوە، بە هەمان شێوە، لەم ڕۆمانەشدا کارەکتەرەکان بە مەبەستی ئاشکراکردن و پەردەلادان لەسەر نهێنییەکانی مێژووی ژیانی مەحمود مەرزوقی شێوەکار و ئاشقی موزیک و ئەدەب و زمان و کتێب و جوانی و پێوەندییە مرۆییەکان، بە ئارەزووی دڵی خۆیان گەواهیی دەدەن. جارێک بە ڕەنگبێ دەدوێن و جارێکی دی بە لەوانەیە و دوور نییە و زۆر دڵنیا نیم. ئەوە خوێنەری هۆشیارە لە میانەی تەکنیکە جیاجیاکانی گێڕانەوەوە، وەک: یادەوەری، وەسفی وێنەکان، ڕۆژەڤ، نامە، وەسفی تابلۆکان و مۆبایل و چاتی ماسنجەرەوە دەتوانێت پەی بە ڕاستییەکان ببات.

وێڕای ئەوەی مەرزوق لە وڵاتەکەی خۆی هەڵدێت و لەتێک لە ژیانی لە دوورخراوگە دەژێت، کەچی سیاسەت هەڵیدەدات و هەمیشە چارەنووسی لێرەولەوێ دیاری دەکات. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئامانجی ڕوون نییە. تووشی ئەزموونی شکستخواردووی خۆشەویستی دێت، دەستگیر دەکرێت، ساڵانێکی زۆر شار و وڵاتەکەی جێ دەهێڵێت، پێش ئەوەی بە خەونێکی تری شکستخواردووی دیکەوە بگەڕێتەوە لایان... هەڵوێست و قەناعەتی لەنێوان مارکسیزم و لیبراڵیزم و بوونگەرایی و پووچگەراییدا ناسەقامگیرن.

ئەویک هەینیّ لە هەندەران دەگەڕێتەوە، بە کۆمەڵێک خەون و خولیاوە دێتەوە. لە شارێکدا کەس بە لای خوێندنەوەدا ناچێت، ئەو دەیەوێت بە پڕۆژەی ڕۆشنبیری دەست پیّ بکات و لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەوە شار ئاوەدان بکاتەوە. چەند خەیاڵی خاوە یارۆی ڕۆشنبیر لە کاتێکدا مرۆڤەکان لەسەر ناسنامە یەکتر ڕیشەکێش دەکەن و یەک ئەوی تر دەسڕێتەوە! کەچی ئەو وا دەزانێت سفرەی ڕۆشنبیری دەیژێنێت و تێری دەکات!

* * *

سەعد محەمەد ڕەحیم: لە پارێزگەی دیالە، ساڵی ١٩٥٧ هاتووەتە دنیاوە.

بەکالۆریۆسی لە ئابووری- کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی موستەنسرییە، لە ساڵی ١٩٨٠دا بەدەست هێناوە. لە بواری وانەوتنەوە و ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە و نووسینەکانی لە ڕۆژنامە عێراقی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردوونەتەوە. تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردوونەتەوە:

هەڵکشان بەرەو کەلووی جمکانە (چیرۆک) ١٩٨٩ بەغدا.

سێبەری سوورەتووەکە (چیرۆک) ١٩٩٣ بەغدا.

ئەو و دەریا (چیرۆک) ٢٠٠٠ بەغدا.

زەردەپەڕی قوڵنگەکان (ڕۆمان) ٢٠٠٠ بەغدا.

وێستگە چیرۆکەکان (چیرۆک) ٢٠٠٤ بەغدا.

هاندان (چیرۆک) ٢٠٠٤ دیمەشق.

گوڵەبادەم (چیرۆک) ٢٠٠٩ بەغدا.

جیهانگیریی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی بەرخۆری (لێکۆڵینەوە) ٢٠١١ بەغدا.

گۆرانیی ئافرەتێک، زەردەپەڕی دەریا (ڕۆمان) ٢٠١٢ عەمان.
گەڕاندنەوەی مارکس (لێکۆڵینەوە) دیمەشق ٢٠١٢.
سـنوورەکانی تـابو، ڕوونـاکبیر و تـۆڕی پێوەنـدییەکانی دەسەڵات (لێکۆڵینەوە) ٢٠١٣ دیمەشق.
ئەفـسوونی گێـڕانەوە: لێکـۆڵینەوە لەسـەر هونەرەکـانی گێڕانەوە. ٢٠١٤ دیمەشق.
ململانێـی دەوڵەت و گرووپەکـان لە عێراقـدا. (لێکـۆڵینەوە) ٢٠١٥ بەغدا.
کۆڵەکەکانی ڕێنیسانس و ڕووناکبیری (لێکۆڵینەوە) ٢٠١٥ بەغدا.
ئەو ڕۆشـنبیرەی لـووت دەژەنێـتە هەمـوو شـتەکانەوە (لێکۆڵینەوە) ٢٠١٦ بەغدا.

**گەلێک خەڵاتی وەرگرتووە:**

خەڵاتی سێیەمی چیرۆک، پێشبڕکێی کۆمەڵەچیرۆک. وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەغدا ١٩٩٣.
خەڵاتی داهێنانی ڕۆمان لە عێراقدا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ڕۆمانی زەردەپەڕی قوڵنگەکان.
خەڵاتی باشترین ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری لە عێراقدا ٢٠٠٥.
خەڵاتی داهێنان لە بواری کورتەچیرۆکدا (عێراق) لەسەر کۆمەڵەچیرۆکی (گوڵەبادەمەکان).
خەڵاتی کەتارای ڕۆمانی عەرەبی ٢٠١٦.
گەلێک ڕۆمان و کتێبی هزریی هەن، ئامادەی چاپن.

**٢٠١٧/٣/١٢**
**کەرکووک**



hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم

١

من دواکەس بووم لە مایکرۆپاسەکە دابەزیم... لەسەر شۆستەی جادەی تێرمیناڵە کۆنەکە وەستام، خۆم ڕێکخست، بە ترسەوە تەماشای ئەملا و ئەولای خۆم دەکرد، وەک پێشبینیی کتوپڕێکی خراپ بکەم... باقوبە، بۆ یەکەمین جار دەیبینم لە تەمێکی تەنکدا مەلە بکات... ئەو شارەی بە درێژایی حەوت ساڵی دوایی لە توندوتیژییەکی خوێناویدا ژیا، وا دیارە هێمنە، بەم بەیانیی زووە مەندە... هەندێک لە ڕێبواران بەرەو ئاقاری تێرمیناڵەکە پێیان لێ هەڵگرتبوو، سێ پۆلیس لەوبەری شەقامەکە بەرابەر دەروازەی فەرمانگەیەکی حکوومی وەستابوون، دوانیان بە سستی چەکەکانیان گرتبوو و بە بێزارییەوە جگەرەیان بە با دەدا. کەچی سێیەمیان پەنجەی لەسەر پەلەپیتکە دانابوو و لەم و لەوی دەڕوانی. فووم بە ناولەپەکانمدا کرد و خڕمکردنەوە، تاکو هەندێک گەرم ببنەوە... دەستم دایە هەرسێ جانتا بچووکەکانم، یەکیان هیی کاغەز بوو، کردمە شانم، ئەوی دووەم تایبەت بە لاپتۆپەکەم بوو، بە دەستمەوەم گرت، سێیەمیش کە جلوبەرگ و شتە تایبەتییەکانی خۆمی تێدا بوو، بە دەستەکەی ترم هەڵگرت. ڕێم کرد بێ ئەوەی بزانم ئەو ئاقارەی گرتوومە ڕاستە، لەژێر فشاری سڵەمینەوەیەکی پەنهاندا خۆم دەپاراست، پرسیاری

hewalname.com/ku/

ئەو شوێنەی مەبەستم بوو بکەم... سواڵکەرێکی شێتی قەڵەو، بە دیشداشەیەکی پیسی ڕەشی یەخەکراوەوە لەسەر شۆستە کۆنکریتییە شێدارەکە، پان بووبووەوە. نەفرەتی لە بابی ئەوانە دەکرد یارمەتیی نادەن، لە هەمان کاتدا کرێکارێکی گەنجی شارەوانی، لێواری جادەکەی دەماڵی، هانی دەدا قسەی ناشیرین بڵێت... ئیدی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی هیچ شتێک نائاسایی نییە، بۆیە ئارامییەکم بە دڵدا هاتەوە... خۆم بە چێشتخانەیەکی میللیدا کرد... لای تاقە مێزە بەتاڵەکەی لە دەستشۆرەکەوە نزیک بوو، دانیشتم... شاگردەکە پێش ئەوەی لێم بپرسێت چی دەخۆم، قاپێک نیسکێنەی پڕ و دوو نانی بۆ هێنام... زانیم بەیانیان جگە لەمە، شتێکی تریان نییە... هالاوی خۆشی گەرمییەکەی، وای لێ کردم لە بنی قاپەکە بدەم و دوا پارچە نانی پێدا بێنم و وای پاک بکەمەوە، وەک تازە سپی کرابێتەوە. لەگەڵ پەرداخێک چا، بە تەواوی بووژامەوە...

لەودەمەی گلەییم لە نرخی خواردنەکە لە خاوەن چێشتخانەکە دەکرد، پرسیاری نووسینگەی مستەفا کەریمم لێ کرد. پێی گوتم لەگەڵ پێچی شەقامەکەدایە بە لای چەپدا.

بەر لە هەفتەیەک، لە نیوەشەوێکی باوبۆراندا پێوەندییەکی سەیرم بۆ هات... لە لاوازیی دەنگی و گڕییەکەی وای بۆ چووم ئەو پیاوەی قسانم لەگەڵدا دەکات، تەمەنی حەفتای تێپەڕاندبێت... گوتی بەردەوام نووسینەکانم لە ڕۆژنامەی (دژ) دەخوێنێتەوە، هەروەها ستایشی ئەو ستوون و ڕیپۆرتاژانەی کردم، کە دەمنووسین... وای بۆ چووم کارەکە لەوە تێپەڕ نەکات، کە جۆرێک لەو پێوەندیی سەرسامبوونە، ئەوانی لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن، لەم و لەوەوە بەر گوێیان دەکەوێت...

سوپاسم کرد و چاوەڕێ بووم پێوەندییەکەی کۆتایی پێ بهێنێـــت، کەچـــی کەوتە باســـکردنی مەحمـــود مەرزوق، ئەو کتێبفرۆشە بەسالاّچووەی پێش مانگێک لە شـەقامی پزیشکانی باقوبە تیرۆر کرا...

مەرزوق لە دەرەوەی شـــارەکەی خۆیـــدا کەســـایەتییەکی نـــاودار نەبـــوو، بەڵام ســـەبتایتڵی چەنـــد کەنـــاڵێکی ئاســـمانیی عێراقـی، هەواڵـی تیرۆرکردنەکەیـان گواسـتەوە. ڕۆژنامەکـانی پایتەختیش چەندین وتاریان لەبارەیەوە نووسـی... لەو دەمەدا هەواڵەکە هێند کاری تێنەکردم...

پیرەی پەنهان، کە ڕەتیکردەوە بە مۆبایل ناسنامەی خۆیم بـۆ ئاشـکرا بکـات، پێـی ڕاگەیانـدم ئەو مەرزووقـی زۆر بـاش دەناسی و پێش بیست ساڵ لەسەر هەندێک شتی بێمانا و قۆڕ، لە یەکتر دوورکەوتنەوە. ئیدی لەو کاتەوە نێوانیان بڕا... پرسیم داخۆ چیی لێم دەوێت؟ گوتی:

- دەخـــوازم کتێبێکـــی لەبـــارەوە دابنێیـــت و خەرجیـــی بڵاوکردنەوەکەشـی بە چـاپێکی جـوان لە بەیـروت، لە ئەسـتۆ دەگرم.

ویـستم پـۆزش بهێـنمەوە، کەچـی وەک ئەوەی قوتـابییەکی منداڵ بم لە پۆلێکدا، ئەو تێیدا مامۆستام بێت، لێم توورە بوو:

-قسەم پێ مەبڕە... کتێبێکی بـاش دەبێت... کتێبی تەمەن... مـن دڵنیـام... تـۆ ڕۆژنـامەوانێکی زیرەکیـت، ڕیپۆرتاژەکانـت توانـــای گەورەت لە ئاشـــکراکردنی شـــتە شـــاردراوەکان بەدەردەخەن.

بۆی باس کردم، کە ژیانی مەرزووق دارستانێکە لە ڕاز و نهێنـی و دەبێـت پێـی بـگەم. لە کۆتاییـشدا درامـایەکی گەورە



hewalname.com

پێکدەهێنێت، ڕەهەندێکی تراژیدیی تێدایە... "درامایەک مێژووی درێژی نەوەکەمان کورت دەکاتەوە" بەپێی قسەی ئەو...

دیارە پیاوێکی دەوڵەمەندە و دەسەڵاتێکی بەرفرەوانی هەیە، بۆیە دەڵێت دەتوانێت شەش مانگ مۆڵەتی بێموچەم لە ڕۆژنامەکە بۆ وەرگرێت. ئینجا بڕەپارەیەکم دەداتێ بارتەقای دەسکەوتی دوو ساڵم لەو دەزگەیە بێت:

-نیوەی پارەکە بەر لەوەی دەست پێ بکەیت. نیوەکەی تریش دوای ئەوەی تەواو دەبێت. پێش ئەوەی وەڵامم بدەیتەوە، باش بیری لێ بکەرەوە. شەوشاد.

خەتەکەی داخست... هەینێ پاش دوو ڕۆژ لە هەمان کاتدا زەنگی بۆ کردم، هێشتا دوا بڕیارم نەدابوو... لێگەڕام زەنگی مۆبایلەکە لێبدات و دوودڵی دایگرتبووم، تاکو بێدەنگ بوو... کاتێک جاری دووەم لێیدایەوە، خێرا پلم بە دوگمەی سەوزی پێوەندییەوە نا. لە ساتێکدا پێش ئەوەی زاری هەڵێنێت، گوتم:

-من ڕازیم.

پێشنیازی کرد ئۆتۆمبێلێکی نوێ بە شۆفێرێکی گوێڕایەڵەوە لە خزمەتمدا دابنێت، لێ من ڕازی نەبووم:

-سوپاست دەکەم... ئۆتۆمبێلم هەیە، بەڵام لە بەغدای جێدێڵم... بە تاکسی و پاس دێم و دەچم... وا بزانم ئەمانە ئەمینترن.

کاتێک دەرگە ئەلەمنیۆمە شووشەییەکەم پاڵ نا و چوومە نووسینگەکەوە، مستەفا کەریم چاوی لەسەر کاغەزەکانی هەڵگرت و نیگایەکی پێکەنینئامێزی کردم... لەودیو مێزە پانەکەوە دەرچوو و دەستی بۆ درێژ کردم:

–یاخوا بەخێربێیت مامۆستا ماجید، هەر لە یەکەمین نیگاوە ناسیمی، ئەمەش بۆ ئەو وێنانەت دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژنامەکە و لە فەیسبووک بڵاویان دەکەیتەوە.

تەوقەمــان کــرد و لەســەر قەنەفەکە، لە نزیــک ســۆبە نەوتییەکەی ناوەڕاستی نووسینگە فەرشکراوەکە بە مافووری سوور، دانیشتین... گوتی سات بە سات چاوەڕوانی هاتنت بووم. دوای ئەوەی لە دابەشکردنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە بەغداوە لەگەڵ گزنگی بەیاندا دەگەیشتنە دەستی و بەسەر فرۆشیاران و خاوەن کتێبخانەکاندا دابەشی دەکردن، بووەوە. هەروەها بەشی شارۆچکە و شارەدێیەکانی بە یەکەمین پاسی دەرچــوو لە تێرمینــاڵە نــزیکەکەوە ڕەوان دەکــرد... داوای لە کوڕەکەی، کە لە نووسینگە یارمەتیی دەدا، کرد، دوو فنجان قاوەمان بۆ ئامادە بکات...

تامی خۆشی قاوەکە و پێشوازییە گەرمەکەی پتر هانیان دام ئەو پرۆژەیەی دەستم پێ کردبوو، لەسەری بڕۆم... ئەو پرۆژەیەی دڵنیا نەبووم داخۆ لە ئەنجامدانیدا سەرکەوتوو دەبم، یاخۆ شکست دەهێنم.

چــــاوم بەنێـــو ڕەفەی کتێبەکــــانی ئەمـــلا و ئەولای نووسینگەکەدا گێڕا... گوتی، ئەو کتێب لە شەقامی موتەنەبیی بەغــداوە دەهێنێــت، نەک بە مەبەســتی قــازانج، بەڵکــو لەبەر کڕیــارە ڕۆشــنبیر و خوێنــدکارانی... تێبینیــی چــوار وێــنەی ئەرنستۆ گیڤارام کرد بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، دوانیان لەپشت کورسییەکەیەوە و دوانەکەی تریش لەمبەر و ئەوبەری ڕیزە کتێبەکانەوە دانرابوون.

خەنییەوە و گوتی:

–ئەو جۆرە دووبارە نابێتەوە، ئەو هێمایە.

به پەنــجەی دۆشــاومژەی بە دیــاریکراوی لە بەردەممانــدا ئاماژەی بە وێنەکەی خەباتگێڕی لاتینی بە کڵاو و ڕیشە تەنکە بــژەکەی دەکــرد، چرووتێــک بە دەمــیەوە و بە دوو چــاوی درەوشاوەوە، تەماشای ئاسۆیەکی نادیاری دووری دەکرد.

–پێش مانگێک ئەمریکییەکان بە مەبەستی پشکنین، خۆیان بە نووسینگەکەمدا کرد، وێنەکانی گیڤارا سەرنجیانی ڕاکێشا... ئەمە کێـــــیە؟ ســــــەرکردەی ئەو گـــــرووپە لە ڕێـــــگەی وەرگێڕەکەیانەوە پرسیی... گوتم: گیڤارا؟ گوتی، ئەمە کێیە؟ گوتم پیاوێکە شەڕی دژ بە دیکتاتۆرەکانی ئەمریکای لاتین کرد و بە غەدر کوژرا. دەیتوانی بە گومانی تیرۆر بمگرێت، کەچی نەیکرد... بڕوا دەکەی گیڤارای نەدەناسی؟

دوای ئەوەی دووەمـین قاوەمـان هەڵقوڕاند، مـستەفا لێـی پرسیم:

–چـی وای لـێ کردیـت بـایەخ بە ژیـانی مەحمـود مەرزوق بدەیت؟ باشی دەناسیت؟

–ڕاستییەکەی من هیچی لەبارەوە نازانم.

دواتـر باسـی ئەو پیـرە حەفتـا سـاڵییەم بـۆ کـرد، کە بەم کارەی ڕاسپاردووم، هەروەها چۆن بەڵێنی خۆی بەجێگەیاند و بڕە پارەیەکی خستووەتە حیسابی بانکیمەوە، زۆر لەوە زیاترە بــۆ مــاوەی ســاڵێکی ڕەبەق لە ژمێریــاری ڕۆژنــامەکەی وەردەگرم:

–ئەوە پارە نەبوو وای لـێ کـردم خـۆم بهاوێژمە نـاو ئەم سەرکێشییەوە، بەڵکـو لاپرەسـەنییەکەم و مەراق بـوون لەگەڵ ئەوەی لەبارەیەوە گوتیان... پێم وایە شایانی ئەوەیە بە کتێبێک بە نەمری بهێڵرێتەوە... هـاوەڵی ڕۆماننووسـم "سـەعد مـحەمەد ڕەحـیم" نـاوی جەنـابتی پـێ دام... ئەو مـاوەی شـانزە سـاڵ لە

باقوبە بوو، پێش ئەوەی نیوەی ماڵەکەی بە تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە ساڵی ٢٠٠٦دا وێران بێت، ئیدی شاری جێهێشت... ئەو وەکو گوتی، برادەرتە و مەرزوقیش دەناسێت... پێی ڕاگەیاندم تەنیا مستەفا کەریم دەتوانێت یارمەتیت بدات و لە کێشانی نەخشەڕێگەی کارەکەت، هاوکاریت بکات. ژمارە مۆبایلەکەتی پێ دام، ئەوە بوو تەلەفۆنم بۆ کردی و ئەوەتانێ لاتم.

مستەفا گوتی: باقوبە لە سۆنگەی ڕووداوەکانی توندوتیژییەوە پتر لە نیوەی داهێنەرانی لەدەست دا... هەندێکیان جێیان هێشت، هەندێکیشیان تێیدا تیرۆر کران، بڕێکیشیان بەدەم داخ و کەسەرەوە مردن... هیوادارین ئیدی شارەکە وەک جارانی لێ بێتەوە.

-ئێستا لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

-جارێ با بڕیار بدەین لە کوێ بمێنیتەوە، ئاخر باقوبە هۆتێلی تێدا نییە.

-ئەمە کێشەیە.

سەرسووڕمانیی خۆم ڕاگەیاند. بزەیەکی هاتێ:

-کێشە نییە چارەسەری نەبێت برا.

پاشان بۆی باس کردم چۆن لەگەڵ برادەرێکیدا، دوو کوڕی سەفەریان بۆ سوریا کردووە و خۆی چاوەڕوانی دەرفەتە بۆ لایان بچێت، گرفتی شوێنی لە ماڵە بچووکەکەیدا، لە ناوەڕاستی شاردا بۆ چارەسەر کردووم، گوتی:

-کاک حەیدەر مامۆستایەکی خانەنشینکراوە... هاوسەرەکەیی لە تەقینەوەیەکدا لە چەقی بازاڕی شار لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەدەست دا... کاتێک پێشنیازی ئەوەم کرد لای دەمێنیتەوە، زۆری پێ خۆش بوو... نیگار دەکێشێت و خۆی بە

شێوەکار دانانێت... دەخوێنێتەوە، بەڵام بڕوا ناکەم نووسینی تاقیکردبێتەوە. ئەو لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەتانە و بە نووسینەکانت سەرسامە. خۆشمەشرەبە، دینییە، بێ ئەوەی دەمارگیر بێت... لەوێ هیچ شتێک نییە بتبەستێتەوە.

دەرفەتی ڕەتکردنەوە نەبوو، ئاخر ئەگەر ڕەتیشم بکردایەتەوە، ئەڵتەرناتیڤەکەی چی بوو؟ وا دەستی بە قسان کرد، دەتگوت بیری لە هەموو شتەکان کردووەتەوە: جگە لە من، چوار کەسی تر هەن زانیاریی بەسوود بە کتێبەکەت دەگەیەنن، خوشکەزاکەی مەرزوق خوێندکاری خوێندنی باڵایە لە مێژوو، ناوی فیراس سلێمانە... هێمن قەرەداغی، یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی پارێزگاکەیە، کوردە و بە عەرەبی دەنووسێت، وا بزانم دەیناسیت. هەروەها سامی ڕەفاعیی شێوەکار، لە هۆڵەندا دەژێت و بە ئاسانی دەتوانیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێوەندیی پێوە بکەیت.

ئیدی بێدەنگ بوو. چەناگەم خوراند و پرسیم:

-ئەی چوارەم... چوارەمیان کێیە... پێت نەگوتم؟

-چوارەم... ئافرەتە.

-ئافرەت؟

-بەڵێ، گەیشتن پێی زەحمەت نییە، لێ ئەو لە سۆنگەی کوژرانی مەرزوقەوە تووشی هێدمە بووە، مۆبایلەکەی هەمیشە داخراوە، ڕێگەیەک بۆ پێوەندیکردن پێوەی دەدۆزمەوە.

-ئەم ئافرەتە کێیە؟

هەندێک تێفکری، پاشان لەسەری ڕۆیی:

-ڕاستی من باش نایناسم... خانەوادەکەی دەمێک نییە هاتوونەتە ئەم شارە... لە هەشتاکاندا هاتن... وا بزانم خەڵکی

بەغدان... ئافرەتەکە ناوی ڕەبابە، زۆر لە مەرزوقەوە نزیکە... دەتوانم بڵێم دۆستی گیانیبەگیانییەتی و ڕۆڵی گرنگی لە چیرۆکەکەدا هەیە. ئەم ڕەبابە جوان و ئازادە، لە ماڵی برا توندڕەوەکەیدا دەژێت، پێوەندیی لەگەڵیدا باش نییە... گومانم هەیە تیرۆریست بێت.

پرسیارەکەم لەبارەی ئەوەی ئەم ڕەبابە سوودی بۆم هەبێت، هەڵگرت، گوتم:

-وا دیارە ئێمە لە وەرزێکدا دەژیین خاڵی نییە لە مەترسی و هەڵچوون.

-بڕوا مەکە کارەکەت ئاسان بێت، بەتایبەت ئەگەر بەدوایدا بچیت و تێیدا قووڵ ببیتەوە.

-ئەی بە ڕای تۆ چی بکەم باشە؟ لەسەر شتە ڕووکەشەکان بمێنمەوە؟

-بە پێچەوانەوە... ئومێدەوارم بە ڕەگیدا بچیتە خوارێ... هەر شتێک ئاشکرا بکەیت، دوور نییە ببێتە هۆی ڕیسوایی هەندێکیان.

-ئایا مافی ئەوەم هەیە کەسەکان بە ناوی خۆیانەوە بنووسم؟

-دەترسم نا... هەمیشە نا... ئەمە تووشی گرفتی یاساییت دەکات... دەتوانیت پیتی یەکەم بەکار بهێنیت، یاخود ناوی تر... خۆت باشتر دەیزانیت.

hewalname.com/ku/

## ٢

**کات: دوادوایی ڕۆژێکی گەرمە، ناوەڕاستی بەفرانباری ٢٠٠٩یە.**

**شوێن: شەقامی پزیشکان، ناوجەرگەی شاری باقوبە.**

مەحمود مەرزوق لە گۆشەگیرییەکەی لە ژێرزەمینی باڵەخانە چوار نهۆمییەکە، کە لە دوادوایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بنیاد نرا، دەردەچێت. ئەوی کردبوویە شوێنی فرۆشتنی کتێب، یاخود خوازتنی لە بەرابەر بڕێک پارەی کەمدا... وا دیارە نیوەساغ و نیوەنەساغ بوو... تێکەڵ بە ڕێبواران دەبێت و گۆچانە ڕەشە کەمەچەماوەکەیشی پێشی کەوتووە... یەکێک سڵاوی لێ دەکات، کەچی ئەو نایسەنێتەوە، ڕەنگبێ لەبەر هەراوزەنای شەقامەکە نەیبستبێت... یان پێدەچێت بیری ڕۆیشتبێت... گوتیان بەرەو دەرمانخانە نزیکەکە دەڕوات، تاکو حەبی نەخۆشیی پاڵەپەستۆ بکڕێت، کە دوو دەیەیە بەدەستیەوە دەناڵێنێت...

گوتیان بەرەو ستۆدیۆ (الامل) دەڕوات، تاکو دەمەتەقێ لەگەڵ حەسان مەتەری هاوەڵی بکات، وەکو چۆن بە لای کەمەوە مانگی جارێک وای دەکرد...

گوتیان دەیویست بچێت بۆ ماڵی سەلامە لووتپانی قاچاخچیی مەی لە گەڕەکی سەرای، بۆ ئەوەی بوتڵێک ویسکیی بلاک لیبڵی لێ بکڕێت، ئەو قاچاخچییە کارامەیەی بە لووتپانیان ناودەبرد، تایبەت بۆ ئەوی دەهێنا... پزیشکان خواردنەوەی مەییان لێ قەدەغە کردبوو... قەناعەتی بە خۆی

هێنابوو شەوانە خواردنەوەی پەرداخێک، یان دوو پەرداخ ویسکیی باش، زیانی نییە...

ڕەنگە بێئاگا ڕێی کردبێت، تاکو ئەندامە پیرەکانی جەستەی بجووڵێنێت... بانگی کەسێک دەکات... ڕووبەڕووی کوڕە لاوەکە دەوەستێت... تەوقە دەکەن... دەربارەی شتێک قسە دەکەن... گفتوگۆکەیان پتر لە خولەکێک یان خولەک و نیوێک نابات... پاشان هەریەکەیان بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات... مەرزوق چەند هەنگاوێک دەڕوات. لەپڕ لە ڕێکردن دەوەستێت، موچوڕک بە گیانیدا دێت، گەڕایەوە، بە لادا دێت، دەکەوێت، لەسەر سکی درێژ دەبێت...

دوو گەنج لێی نزیک دەبنەوە، وایان زانی پێی لە بەردێک، یاخود درزێکی بچووکی کۆنکریتی شۆستەکە هەڵکەوت، یان بووراوەتەوە، یاخود شتێکی لەو بابەتە... بەسەریدا نوشتانەوە، سەیریانهاتێ پەڵەخوێنێکیان بینی لەژێریەوە بەرەو شەقامەکە ڕێچکەی بەستووە... پاشەکشێیان کرد... لە چاوترووکانێکدا ڕێبواران تێگەیشتن، بڵاوەیان لێ کرد، وەک لە پەتایەک هەڵبێن... بەملا و بەولادا بە ترسەوە ڕایان کرد...

دوای کەمتر لە سێ خولەک، شەقامەکە خاڵی بوو، تەنیا لە پۆلیسێک نەبێت بەرەو ئەو جەستەیە ڕای دەکرد، بێجووڵە کەوتبوو و هێشتانەکینێ خوێنی لەبەر دەڕۆیشت... خاوەن دوکانەکانیش لەولاوە بەرلەوەی هەڵبێن، بە پەنجەی لەرزیویانەوە خەریکی قفڵی دوکانەکانیان بوون... کەس گوێی لە دەنگی تەقە نەبوو... ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەکە بەدەم شووتلێدانەوە هات... دوو برینپێچ لەگەڵ پۆلیسێک تەرمی قوربانییەکەیان هەڵگرت و خستیانە ئۆتۆمبێلەکەی هێشتا لە شووتلێدان نەکەوتبوو. لە ساتی دەرپەڕینیدا بەرەو

نەخۆشخانە، دەنگی بانگی خۆرئاوابوون لە مزگەوتی نزیکی فاروق بڵندبووەوە.

دوور نییە گوللەکە هەڕەمەکیی بووبێت و لە دوورەوە هاتبێت، کەچی دەمودەست ئەو گریمانەیە ڕەتکرایەوە... دوور نییە نیشانگرێک لە سەربانی باڵەخانەیەکی دوور خۆی شاردبێتەوە و ڕووی چەکەکەی لەو کردبێت، دوای قەدەرێک ئەو گریمانەیەش بەدوورگیرا، چونکە لە ناوەڕاستی قەرەباڵغیدا بوو و هیچ باڵەخانەیەکی دوور نییە بکرێت لە بانیەوە هێڵێکی ڕاست بکێشین، ڕێڕەوێکی گریمانەییە بۆ گوللەیەک لەم شوێنەدا کۆتایی بێت، کە دڵی پێکا...

دوور نییە بکوژەکە گەلێک لە قوربانییەکە نزیک بووبێتەوە و بە دەمانچەی بێدەنگ لەژێر جلەکەیەوە شاردبێتیەوە تەقەی لێ کردبێت، ئەوەی پۆلیس لەسەری ڕۆیی و ڕاپۆرتە پزیشکییەکەی دادوەرییش پشتڕاستی کردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی شارەزای تاوان بێت گوللەکە زۆر لە نزیکەوە تەقێنراوە... کونێکی بچووک لە پشت و یەکێکی گەورە لە سینگ، گوللە بچووکەکەش لە دووریی چەند هەنگاوێکەوە دۆزراوەتەوە، بەر پایە کۆنکرێتییەکە کەوتووە و کەوتووەتە سەر شۆستەکە... ئەوەی چاک بوو بەر کەسێکی دی نەکەوتووە... کەس شایەدییەکی بەسوودی لەم بارەیەوە نەدا و تاوانەکە هێڵرایەوە، وەکو چۆن دژی نەناسراوێک ناوی تیرۆریستە، لە قەڵەم درا.

تەنیا خاوەن دوکانی چاویلکەفرۆشییەکەی بەرابەر شەقامەکە نەبێت بە گوێی مستەفا کەریمیدا چرپاند، ئەو لەودیو جامخانەی دوکانەکەیەوە دانیشتبوو، تەماشای خەڵکەکەی دەکرد و چاوی لە مەرزوق بڕیبوو، گەنجێک سەرنجی ڕاکێشا،

وەک زۆر پەلەی بێت لە پشت مەرزوقەوە دەرپەڕی و لێی ڕەتبوو، ئەمە بە چەند خولەکێک بەر لەوەی مەرزوق بکەوێت ڕووی دا... شایەتحاڵەکەی ڕەتی کردەوە بۆ پۆلیس قسان بکات، چرپاندی بە گوێی مستەفا کەریمدا، کوڕێکی باڵابەرز بوو، دیشداشەیەکی سپی و چاکەتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی، یان شین، یاخود هەر ڕەنگێکی تاریکی لە بەردا بوو... ئاخر ڕەنگی چاکەت چ گرنگییەکی هەیە، مادامەکی خاوەن دوکانی چاویلکەفرۆشییەکە بەخۆی لەوێ بینیویەتی دڵنیا نییە و نیازیشی نییە خۆی بهاوێژێتە ناو شایەدییەکەوە دوور نییە ژیانی لەدەست بدات.

٣

**ماڵی مستەفا کەریم، دوای نیوەڕۆ:**

مستەفا کەریم لە جزدانە چەرمییە ڕەنگ قاوەییەکەیدا سێ وێنەی دەرهێنان و دانیە دەستمەوە. دوانیان ڕەنگاوڕەنگ و تا ڕادەیەک تازەکی گیرابوون، یەکیشیان کۆن، ڕەش و سپی بوو. هەموویان وێنەی مەحمود مەرزوق بوون... وێنە کۆنەکە کاڵ بووبووەوە، وێنەی لاوێکی سەرتاشراو بوو، پانتۆڵێکی پانوپۆڕ و کراسێکی تاریکی قۆڵکورتی لە بەردا بوو. لە بەرابەر دەوەنەجاڕێک لای ڕووباری دیالە وەستابوو. بە دەستی ڕاستی پەرداخێکی پڕ لە خواردنەوەی ڕەنگ شیریی بەرز کردبووەوە، لەوەدەچوو مەی بێت... وێنەکە لەژێرەوە گیرابوو، بۆیە درێژ دیاربوو... بەدەم بزەخەنەوە لەگەڵ شوێنەوارێک لە شەرم، لە کامێراکەی دەڕوانی...

kurdnewname.com/kurd

مستەفا گوتی: ئەو وێنەیە دوای بەردانی لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان ساڵی ١٩٦٨ گیراوە. ئەمەش باخێکە لە بوهرز، لەو ڕۆژەدا برادەرە چەپڕەوەکانی بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکیان بۆ گێڕا... گەلێک وێنەی تری هەمان ئاهەنگ هەن کەسانی تری تێدان، سامی ئەلڕەفاعیی شێوەکار، کە ئێستا لە هۆڵەندایە، لای خۆی پاراستوونی... دەتوانێت بە سکانەر کۆپیی بکات و بە پۆستی ئەلیکترۆنی بۆمانی بنێرێت...

وێنەی دووەم، ڕەنگەکانی گۆڕاون. تێیدا مەرزوق پشتی داوەتە پەرژینی باخچەیەکەوە. دەستەکانی لە گیرفانی قەمسەڵە چەرمییە ڕەشەکەی ناوە و تەماشای چاوی کامێراکە دەکات، لە دوایەوە دوو ئافرەت بە تەنوورەی کورتی ڕەنگ فستقییەوە لەنێوان گوڵەکانەوە ڕێدەکەن. لە قووڵایی دواوە دوو هەوربڕ و کڵێسایەک بە بورجە بەرزەکەیەوە دیارن... زوڵفەکانی درێژ و قژی گوێیەکانی داپۆشیوە... وا دیارە ئاسوودەیە و لە دڵەوە پێدەکەنێت...

مستەفا کەریم گوتی: ئەو وێنەیە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە پراگ گیراوە... لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا دوای گیرانی لە ئاسایشی گشتی بۆ ماوەیەکی کەم، بۆ ئەوێ سەفەری کرد. لەوێ لە چیکۆسلۆڤاکیا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هونەر، بەشی شێوەکاری وەرگرت... پاشان دوای دە ساڵ ئەوێی جێهێشت و ڕووی لە پاریس کرد. لێ دوای کۆتایی جەنگ لەگەڵ ئێراندا، بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٨٩دا بە شێوەیەکی کتوپڕ گەڕایەوە باقوبە... جارێکیان لە هۆیەکەیم پرسی، گوتی:

-هەرگیز نەمتوانی لە دەرەوەی ئەم شارەدا هەڵبکەم... لە پراگ ڕای خۆم هەبوو بەدڵی ئەوان نەبوو، جگە لە ئاریشەکانی ئەوێم، کەسێک بووم زۆریان حەز پێ نەدەکردم... دووریان

نەخستمەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتێک جێمهێشتن، پێیان خۆشبوو. پاشان دۆخی نالەبارم لە پاریس.

وا بزانم هۆیە ڕاستەقینەکەی لێ دەشاردینەوە... دوکانێکی گەورەی بە کرێ گرت و کتێبخانەیەکی دامەزراند. بەخۆت دەزانیت خوێنەرانی کتێب لەو ماوەیەدا کەم بووبوونەوە... پارەیەکی باشی لە میراتیی باوکی وەرگرتبوو و لەو پرۆژەیەدا خەرجی کرد، کە تا ڕادەیەک تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوەبوو سالانی نەوەتەکان شەڕی کوێت و ئابلۆوقەی ئابووری و خراپیی ڕەوشەکەی بەدوای خۆدا هێنا.

دوا وێنە لەوانی پێشوو تازەتر بوو... لە دوادوایی نەوەتەکاندا گیرابوو، لەسەر کورسییەکی پانی دار لەنێو چەندان کەڵەکە کتێبدا لە ژێرزەمینی باڵەخانەکەی لە دووریی چەند مەترێکەوە لێی تیرۆر کرا، دانیشتووە. ڕیشی هاتووە و کڵاوێکی ڕەنگ هەناریی لە خوری چنراوی لە سەر کردووە، لەملا و لەولایەوە بە لای ملیدا قژە بە بۆیاغ خەنەکراوەکەی دەرکەوتووە... نیگای ئارام و خەمبارە.

بەگشتی خاوخلیچکی لە دانیشتنەکەی و شلیی جەستەی ئاماژە بەوە دەدەن ماندووە و بەدەست هەندێک نەخۆشیی پیرییەوە دەناڵێنێت.

مستەفا کەریم گوتی:

-کاتێک دوکانەکەی جێهێشت، ئیدی توانای کرێدانەکەی نەمابوو... بەخۆت دۆخی ئابلۆوقەی ئابووریی دوای شەڕی کوێت دەزانیت... مامی، کە خاوەنی باڵەخانەکە بوو، پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد ژێرزەمینەکە بکاتە کتێبخانە... بە مانای باو ژێرزەمین نەبوو... نهۆمێکی ژێرخان بوو بەسەر شەقامەکەدا کرابووەوە، پلیکانەیەکی کۆنکریتییش هەبوو بۆی دادەبەزی. قایل بوو و ژوورە بەکرێگیراوەکەی لە هۆتێلێکی ناوجەرگەی بازاڕ گرتبوو،

تاکو لەگەڵ کتێبەکانیدا تێیدا نیشتەجێ بێت، دایەوە... بەشی پشتەوەی ژێرزەمینەکەی بە تەختەیەک جیاکردەوە و کردیە ژووری نووستن لە زستاندا. لە هاوینانیشدا نیوەڕۆخەوێکی لەنێوان سەعات سێ و پێنجدا لەو نووسینگە پارێزەرییەدا دەکرد، کە عەزیزی پارێزەری هاوەڵی لە هەمان باڵەخانەدا بەڕێوەی دەبرد. شەوانیش سەردەکەوتە سەر باڵەخانەکە، تاکو لەژێر ڕووناکیی ئەستێراندا بنوێت. دەیگوت ئەگەر پەیژەی چوار نهۆم ببڕێت، ئەوا وەرزشێکی بەتۆبزییە. گەرماو و ئاودەستی نهۆمی یەکەمی بەکاردەهێنا و خواردنەکەی لە چێشتخانە میللییەکاندا دەکڕی. بەشێکی بچووکی لە بێستانەکەی باوکی، کە خانەوادەکەی نەیاندەویست بیفرۆشن، بۆ مابووەوە. لەوەوە داهاتێکی هاکەزایی، ئەگەرچی کەمبوو، بەدەست دەگەیشت، هەندێک لە خەرجییەکانی دادەپۆشی.

٤

دوای ڕۆژئاوابوون، من و مستەفا کەریم لە کەبابخانەی غەسان دەرچووین... بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی گەیاندمیە ئەو ماڵەی بۆ دوو مانگ تێیدا جێم دەکاتەوە... ماڵێک وەکو پارچە کارتۆن هاتە بەرچاوم، کەوتووەتە ئەوسەری کۆلانێکی پێچاوپێچی نیمچە تاریک، لەپشت شەقامی بینای پارێزگاوە. دەرگەی ئاسنی هۆڵەکەی ڕاستەوخۆ دەیڕوانییە سەر کۆلانەکە...

مامۆستا حەیدەر بەدەم زەردەخەنەوە پێشوازیی لێ کردین... کابرایەکی ئەسمەر بوو، دەمێکی زلی هەیە و خاڵێکی گەورە بە لای ڕوومەتی چەپیەوەیەتی... لەبەر دەرگە قەدەرێک

تەوقەی لەگەڵدا کردم و بە قامکە گەورەکانی دەستی گووشیم، دەیگوت:

-یاخوا بەخێر بێی، ماڵی خۆتە، بەخێر بێی سەرچاوان.

چووینە هۆڵە بچووکەکەی دیوارەکانی ڕووتوقووت بوون، جگە لە تابلۆیەکی گەورە، وێنەی ئایەتەلکورسیی بە خەتی سولسی ئاڵتوونیی لەسەر کێشرابوو... لەسەر قەنەفە کۆنە نزمەکان دانیشتین، ئەو هەر بە پێوە مایەوە، بەخێرهاتنەکانی چەندپات دەکردەوە. پاشان بەرەو نانگێنەکە ڕۆیشت، دوای خولەکێک، بە چەند پەرداخێک چای هێلدارەوە گەڕایەوە... نیگایەکی دۆستانەی تێگرتم و گوتی:

-دەزانم تۆ بۆ لێرەی.

لە بەرابەرم دانیشت و هەندێک قسەی خۆشی لەسەر مەرزوق بۆ گێڕامەوە... بەدەم بێزارییەوە گوتی:

-خوا لێی خۆش بێت، نوکتەباز بوو... نازانم چۆن دەستیان دەچێتە مرۆڤێکی مەزنی وەکو مەحمود مەرزوق، کە ئازاری پەپوولەیەکی نەداوە؟

-ئێوە بە ئارەزووی خۆتان دەمەتەقێ بکەن، هەرچی منم دەبێت بڕۆم.

مستەفا کەریم دوای ئەوەی لە چایەکەی بووەوە، وای گوت و ڕابوو بڕوات...

شەوێ هەینێ چوومە سەر جێگەکەم، لەو ژوورەی هەردوو کوڕەکانی مامۆستا حەیدەری تیا دەنووستن، بە دەفتەری تێبینییەکانمدا چوومەوە... لەسەر لاپتۆپەکە لەو فۆڵدەرەی لە ئێستاوە ناوی دەنێم (کوژرانی کابرای کتێبفرۆش) هەندێک شتم تۆمار کرد.

وەکو ڕۆژی یەکەم خراپ نەبوو... وێڕای ئەو شەکەتییەی هەستم پێ دەکرد، نەمتوانی یەکسەر بنووم... دەنگی دووری تەقە و سەگوەڕ دەهاتە بەرگوێم، کارەبای نیشتمانی بڕا، دەنگی هاژەی موەلیدەی کارەبایی بچووک، کە دراوسێکان ئیشیان پێ کردبوو، بڵندبووەوە...

لەژێر دەرگەکەوە ڕووناکیی گڵۆپێک بە پاتری کاری دەکرد، کە مامۆستا حەیدەر لە ڕاڕەوەکەی دانابوو، پەخش بووەوە... لەژێر هەردوو پەتووە ئەستوورە نیشان پڵنگەکان، گەرمی دایگرتم، بەدەم گرمەی ناخۆشی موەلیدەکەوە، خەو بە ئارامی لەگەڵ خۆیدا بردمی.

**لە قسە خۆشەکانی مەرزوق، کە مامۆستا حەیدەر لە یەکەمین شەوم لە ماڵەکەیدا گێڕایەوە:**

*لەگەڵ گەیشتنی بۆ باقوبە، خزم و دۆستان و ناسیاوانی کۆنی سەردانیان کرد... یەکیان لێی پرسی، دوای نۆزدە ساڵ دوورکەوتنەوە، چی پێشکەوتنێکی لە شارەکەدا بینیوە؟ ئەویش پرسیی، داخۆ تاکو ئێستا منداڵان لە وەرزی بەرگرتن بەرد دەهاوێژنە دارنەبک و دارخورماکان؟ گوتیان: بەڵێ.

گوتی: کەواتە شتێکی گرنگ ڕووی نەداوە.

*یەکێکی بێمێشکی شێت و شەیدای کتێبی سیحر، داوای لێ کرد کتێبی (شمس المعارف الكبرى)ی بۆ پەیدا بکات، کە کتێبێکی بەناوبانگی نووسەرێکی سەدەی حەوتی کۆچییە، ناوی ئەحمەد بن عەلی ئەلبونییە... مەرزوق پێی گوت: "بۆچی بەدوایدا بگەڕێم، لە کاتێکدا خۆم دانەیەکم هەیە؟".

ئیدی لەگەڵ کابرادا لەسەر نرخی دیاریکراوی کتێبەکە ڕێککەوت، بەڵام گوتی: "ئێستا پارەکەم پێ مەدە، نابێت. چما دەتەوێت ئەوانگەل شێتوویتمان بکەن؟ دەبێت لە سەعات دوو

و نیوی شەو لای پردی پیادەڕۆکەی سەر ڕووباری خرێسان ئامادە بیت. لەوێ دەبێت خۆت ڕووتەوە بکەیت و چاوەڕێ بیت. جنۆکەیەک لە کتێبەکەوە دەردەچێت و بۆ پێشوازیت دێت، کەس ناتبینێت، نە سەرخۆشان، نە ئەویندارانی شەونخوون و نە پۆلیسی فریاکەوتن، یاخۆ پاسەوانەکانیش... کتێبەکە وات لێ دەکات نەبینراو بیت، مادامەکی نییەتت بەدەستهێنانیەتی... جنۆکەکە پارەکەت لێ وەردەگرێت و کتێبەکەت دەداتێ و پێت دەڵێت، من و دەستەکەم لەژێر فەرمانتداین... تەنیا بەم شێوەیە دەکرێت کتێبی وا بفرۆشرێت".

لەبەر ئەوەی مەرزوق بە چرپەچرپ و ئەوپەڕی دڵکارانەوە (جیددی) دەدوا، ئەو گەمژەیە بەوی بیستی قەناعەتی هێنا... مەرزوق ئەوەی دوای سەعاتێک لە بیر چووەوە، کەچی کابرا لە کات و ساتی دیاریکراودا ئامادە بوو و بەدەم لەرزینەوە یەک یەک کەوتە داکەندنی جلەکانی... شەوێکی زستانەی زۆر سارد بوو... ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی فریاکەوتن لەوێوە ڕەتبوو و بینییان، گرتیان و بردیان بۆ پۆلیسخانە و لە گرتووخانە هێشتیانەوە... سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوایی مەرزوقیان بردە لای لێکۆڵەری پۆلیس، کە لە کاتی قسەوەرگرتن لێی هەمبەر ئەو پاڵنەرانەی وایان لێ کرد ئەمە بکات، نەیتوانی بەری پێکەنینەکەی بگرێت... لە هەمان ڕۆژدا ئەو پرسە یەکلاکرایەوە، ئەویش بە چوونەپێشەوەی هەندێک لە پیاوماقووڵانی شارەکە... ئیدی ڕووداوەکە بووە نوکتەی نێوان دانیشوان.

## ٥

زەنگی مۆبایلەکە لە سەعات نۆ چارەک کەم، بێداری کردمەوە... بە ئاستەم قسەکردنی فاتن وەکو ئاوازێکی بووژێنەر بەرگوێم کەوت:

–بەیانیت باش.

بڕوای نەکرد هێشتا لە پێخەفدام و شاریش ئارامە، لەم ساتەدا گوێم لە جریوەی چۆلەکەکان بوو لە باخچەی پشت ماڵ هەڵدەقونێنەوە... ئەو وای وێنا دەکرد شار نوقمی توندوتیژییە و بەیانی و ئێوارە لە گەڕەک و شەقامەکانیدا شەڕێکی بێئامانە... گوتم:

–باقوبە وەک هەر شارێکی تر، هەندێک ڕووداو بەخۆیەوە دەبینێت و زۆربەی کاتیش ئارامە.

گوتی: ئومێدەوارم بڕوات پێ بکەم.

شتێکم پێشکەش کرد لە ڕاپۆرتی کورتی زارەکی دەچوو لەبارەی ئەوەی دوێنێ بەسەرمدا هات، چۆن بە درێژایی ڕۆژەکە لەنێوان نووسینگەکەی مستەفا کەریم و ماڵەکەی و شەقامەکانی ناوجەرگەی شاردا دەهاتم و دەچووم، هەروەها باسی کەبابخواردنەکەمانم بۆ کرد لەگەڵ ئەو پێشخواردنە بەتامانەی وەختی شێوان لە کەبابخانەیەک دەڕوانێتە سەر ڕووباری خرێسان، پێشکەشیان کرد.

دیسانەوە لیستی ئامۆژگارییەکانی بۆ دووپات کردمەوە، وریای خۆت بە، ناسنامە و سروشتی کارەکەت ئاشکرا نەکەیت، هەمیشە ڕواڵەت و جلەکانت بگۆڕە، بۆ ئەوەی سەرنج ڕانەکێشیت... سواری تاکسی ببە و خۆت لە برادەریی خەڵکی

غەوارە، لەوانەی بە ڕێکەوت دەیانبینیت، بپارێزە... ڕای سیاسیی خۆت مەدە.

**پێش دوو هەفتە لە ئێستا... دوای دوو ڕۆژ لە ڕازیبوونم لەسەر پرۆژەی پیاوە بەساڵاچووە پەنهانەکە:**

"باشە کێ لەم ڕۆژانەدا کتێب دەخوێنێتەوە... دەچیت بۆ شارێکی ناخاترجەم، تاکو کتێبێک لەسەر زەلامێک دابنێیت کەس نایناسێت؟ ئاخر بۆچی؟".

بە تووڕەییەکی بەرچاوەوە وشەکانی دان بە ڕوومدا، دوای ئەوەی پرۆژەی ڕۆیشتنەکەمم بۆ باقوبە پێ گوت... نیوەڕوانێکی هەورین، دوای بازاڕکردن لەنێوان مۆڵەکانی گەڕەکی کەڕادە، لە کافێی عەلوان دانیشتبووین... بە تووڕەییەوە گوتی:

-پێم بێژە ئایا لەپێناوی پارەدایە؟ تۆ... ماقووڵە، تۆیەک ڕۆژێک بایەخت بە پارە نەدا.

ئەو سەرزەنشتی دەکردم و منیش بزەم دەهاتێ...

-بۆ پارە نییە... پێویستم بە سەرکێشی و دەسکەوتێکی بەڵگەدارە لە یادگەدا بمێنێت... کتێب هەزار ساڵ دەمێنێت... پاشان پاڵەوانەکەی من پیاوێکی نەناسراو نییە... ژیانێکی نائاسایی ژیا... من دڵنیام... چییە بۆ وا تەماشام دەکەیت؟!

-کەواتە بۆ پارە نییە؟

-بۆ پارەشە... نامەوێت خۆم زۆر نموونەیی نیشان بدەم... ئاتاجی پارەم، بیر لە ژنهێنان دەکەمەوە... من ئێستا چلودوو ساڵم، نامەوێت شەمەندەفەرەکە جێم بهێڵێت... ئافرەتێکیش هەیە چاوەڕوانە...

خوێن زایە دەموچاوی و لایەکی زاری موچوڕکی پێدا هات... بە نیگایەکی پڕ لە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانیم،

پەلکێک لە پەرچەمە ڕەشەکەی کەوتە سەر چاوانی... سەری لەقاند و لای دا... چاوانی شەپۆلی هەنگوینی درەوشاوە دەدەنەوە.

-تۆ پەشۆکاویت... چما ناتەوێت هاوسەرگیری بکەم؟

بە ئاوازێکی وشکی هەژێنەر گوتی:

-کتوپڕ بوو... هەرگیز باسی هاوسەرگیریت نەکردووە... وام زانی بڕوات بەم دامەزراوەیە نییە... جارێکیان وات پێ گوتم.

ماوەی ساڵێکە فاتنم ناسیوە، ئەودەمی بۆ بینای ڕۆژنامەکە هات، هەمبەر تێزەکەی زانکۆی بۆ بەدەستهێنانی ماستەر لە فەلسەفەی ڕاگەیاندندا... بابەتەکە سەبارەت بەڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا بوو، دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن و داگیرکردنی عێراق... لە نووسینگەکەم بووین لە بارەگای ڕۆژنامەکە... بۆ دوو سەعاتان گفتوگۆیەکی گەرممان کرد و قاوەمان خواردەوە. پاشان ژمارە مۆبایلەکەمی وەرگرت و ژمارە مۆبایلەکەی خۆیشی دامێ و گوتی:

-لەوە دەکات زۆر ئیشم بە تۆ بکەوێت.

ماوەی چەند مانگی داهاتوو پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانماندا دروست بوو، پێوەندییەکی دۆستانەی بێ ددانپێدانان بە خۆشەویستی و وشەی ڕۆمانسی و شتی تر... ئیدی وامان لێ هات بە لای کەمەوە هەفتەی دوو جار تەلەفۆنمان بۆ یەکدی دەکرد... چەندێک بوارم هەبوایە لە دەرچوونەکانیدا لەگەڵیدا دەڕۆیشتم، منیش چەندین جار لە گەڕانەکانمدا بۆ بەدەستهێنانی مادده و بابەت بۆ ڕیپۆرتاژەکانم، لەگەڵ خۆمدا دەمبرد... باسی پێوەندییەکی

سەرنەکەوتووی خۆی لەگەڵ کابرایەکدا بۆ کردم... لە کۆلێژ لەگەڵیدا بوو... کابرایەکی هەڵەشە و خۆپەرست... بە شێوەیەکی نامەنتقی بەدگومان و گومانکەر بوو... فاتن دەیگوت:

-بۆم دەرکەوت ئەگەر شووی پێ بکەم، ژیانم لەگەڵیدا دەبێتە دۆزەخێکی سوور... کەوتەدووم... داوای لێبوردنی کرد... ویستی وا بنوێنێت دەگری، کەچی نەیتوانی... شتێکی ساختەی تێدا بوو... بۆیە بەرگەیم نەگرت، پاشان لە خۆم پرسی، چی وای لێ کردم پێی سەرسام بم... دەرۆستی کوێر بووم... پاشان بیستم خزمێکی خۆی مارە کردووە... سوپاس بۆ خوا هەموو شتەکان بێ کێشە کۆتاییان هات.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد داخۆ پێش ئەو کەسی تری خۆش نەویستووە؟:

-پرسیاری ئەزموونی ئەوینی ڕاستەقینەت لێ دەکەم، کە تاکو ئێستاش خەمی بۆ بخۆیت.

گوتی: بەڵێ، خۆشم ویست و خۆشی ویستم، ئەویش لە کۆلێژ بوو... من لە قۆناغی یەکەمدا بووم، ئەویش لە دوا قۆناغدا بوو... خۆشترین شەش مانگ لەگەڵیدا ژیام، بەڵام ڕۆیشت...

-بۆ کوێ؟

تەماشای ئاسمانی کرد و فرمێسک زایە چاوەکانیەوە...

-بمبوورە، نەمویست زامەکانت بکولێنمەوە...

-گوێی مەدەرێ، لە ڕووداوی هاتوچۆدا تیاچوو... باسی یەکەمین و دوامین چیرۆکی خۆشەویستیی گڕگرتووت بۆ دەکەم... لە ڕێگەی فڕگە ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕا... لە ماڵئاواییکردنی برادەرێکی سەفەری دەکرد، پەلەی کردبوو.

دەستیم گرت: تکایە بەسە... ئیدی ئەمە ژیانە، هەندێک جار سەغڵەتمان دەکات، ڕەنگە زۆر جار...

گوتی هەست بە ماندوویێتی دەکات و دەبێت بگەڕێتەوە ماڵ، تاکو بنوێت، پێدەچێت نەساغ بێت... گوتم:

-تەنانەت پێش ئەوەی بزانیت ئەو کیژە گەشبەختە کێیە، کە دەمەوێت بیخوازم!... ئەی تۆ برادەرم نییت، بە لاتەوە گرنگ نییە کێ دەخوازم؟

بە ساردییەکەوە گوتی: لە بۆنەیەکی تردا قسە دەکەین.

-نا، ئێستا.

-ئایا من دەیناسم؟

-دەبێت بیناسیت، هیچ نەبێ پرسیاری ناوەکەیم لێ بکە.

-چ گرنگییەکی هەیە ناوەکەی بزانم؟!

-ڕەنگە بە نهێنییەکانیت زانیبێت، شتەیلێک من نایانزانم، دوور نییە ئامۆژگاریم بکەیت ئەگەر گونجاو نەبێت، چاوپۆشی لەو بیرۆکەیە بکەم.

-کێیە؟

-ناوی... فاتنە.

-کێ؟!

-تۆ، ئەی... گێژە.

بە هاوارەوە پێکەنیم و گوتم:

-ئایا پێویستت بە کات هەیە بۆ بیرکردنەوە، یاخۆ وەڵامەکەت پێیە؟

چەناگەی هەڵگلۆفی، قژی شێواند، سەری لەقاند، خەنییەوە... کێشای بە شانمدا... لەپڕمەی گریانی دا... لەودەمی بە کلێنیکسێک فرمێسکەکانی دەسڕین، قیژاندی:

-ئای، چ هیچوپووچێکیت...

گوتم: ئابڕووت بردین... خەڵکی تەماشامان دەکەن...

لە کافتریاکە دەرچووین... وردە دڵۆپی باران لەسەرخۆ دەباری... زارمان هەڵنەهێنا... لەژێر بارانەکە بە ئاقاری گەراجەکەی ئۆتۆمبێلەکەم لێ دانابوو، دەڕۆیشتین و جلەکانمان تەڕ دەبوون... گوێمان نەدەدایێ...

-وا بزانم قەناعەتت بە پێویستیی ڕۆیشتنەکەم بۆ باقوبە هاورد.

-نا، بە پێچەوانەوە... من ئێستا مکوڕترم لەسەر وازهێنان لە پرۆژەکە.

-بۆ؟

-ترسی تۆمە.

-گیانەکەم... ئەمە باجی چوونە ناو ڕۆژنامەگەرییە... پیشەی سەرئێشانە... ئەی تۆ پسپۆڕ نییت لە ڕاگەیاندن؟

-لەوە دەکات لەگەڵ ئەو ترسەی بۆمی دروست دەکەیت، من زۆر نەژیم.

# بەشی دووەم

## ١

لەبەر ئەوەی فیراس سلێمان بە ئیشێکی تایبەت بە خۆی بۆ چەند ڕۆژێکی کەم سەفەرێکی هەولێر دەکات، مستەفا کەریم چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چیرۆکنووس هێمن قەرەداغی بۆ ڕێکخستم.

بێتام جگەرە دەکێشێت... کاتێک دەشڵەژێت، بارۆمەتری پێویستیی بە نیکۆتین بەرز دەبێتەوە... قژی لەسەر مۆدیلی ئەلبێر کامۆ، یاخود هەمفری بۆگارت هەڵدەداتەوە، هێند بە ئاگەدارییەوە چەناگە و سمێڵی دەتاشێت، تا ڕادەی دەرکەوتنی هێڵەکانی پیریی پێشوەخت بە ڕوخساریەوە، کە دژ بە ویستی خۆیەتی... ئەمەش لە هێزی لایەنی منداڵیی کە تێیدایە، کەم ناکاتەوە... پێستەکەی وەک پاپلۆ نیرۆدا زەیتوونییە، بەڵام لەو ناچێت... ئەو لە قەرەجێکی ئیسپانی دەکات، کراسێکی گوڵڕەنگی لە بەردا بێت، تاکو لە تەمەنی بچووکتر بنوێنێت. هەر لە یەکەمین نیگاوە دەزانیت مێبازە، یاخود خەون بەوەوە دەبینێت... هەینێ دوا بۆچوونی خۆمی پێ ڕادەگەیەنم، دەڵێت:

-بەڵێ، بە دەیانم ناسی و سیانم لێ خواستن...

-هەمیشە یەکیان لای خۆت دەهێڵیتەوە...

-ئێستا سیانیان لامن، لە سێ ماڵدا...

بە سەرسامییەوە برۆم هەڵدەبڕم... جگەرەیەکی نوێ بەوی دی دادەگیرسێنێت و دەڵێت:

-کەرێتییە، بەڵام بەتامە.

بە نارەزاییەوە دەنگ هەڵدەبڕم:

-بەتامە؟!

دەخەنێتەوە و وەکو عادل ئیمام دەبێژێت:

-بەتامە، لێ زۆر نا.

ڕاستی ئەو ئەم برگەیەی لێ بترازێت، ئیدی شەریعەت پێڕەو ناکات.

چا دەخۆینەوە، لەبەر ئەو جگەرەیەک بە بادا دەدەم، دەڵێت:

-هاوەڵەکەتیش مێباز بوو... مەبەستم مەحمود مەرزوقە... لێ ژنی نەهێنا... ئەو لە من ژیرتر بوو... جارێکیان لە ئێوارەکۆڕێکدا لێرە، لەم بینایەیە سەردانی یەکێتیی ئەدیبانی کرد، تاکو باسی ئەزموونی ئەورووپای بکات... ئەگەر نازانیت ئەوا نزیکەی بیست ساڵ لە چیکۆسلۆڤاکیا و فرەنسا ژیاوە، بەڵام لەو ئێوارەکۆڕەدا بۆ ئێمە مایەی سەراسیمی بوو، بەڵکو تۆ بڵێ تووشی شۆک هاتین، بە شێوازێکی سەیر و کاریگەر دوا، دای بە دەمی هەندێکیاندا. بە تەنیا لەودیو سەکۆکەوە دانیشت، ڕەتی کردەوە کەسێک پێشکەشی جەماوەری بکات، چاوی لە ڕوخسارمان بڕیبوو... هۆڵەکە جیا لە جاران، جمەی دەهات... جەماوەرە ئاساییەکەی یەکێتی و برادەرەکانی و هەندێک لەو لاپرەسەنانەی پێشتر سەریان بە بیناکەماندا نەکردبوو، ئامادە بوون. وەک پێشبینیی دیمەنێکی ئاوارتە بکەن، هەروەها ئافرەتیش ئامادە بووبوون. چارەکی ئامادەبوان

ئافرەت بوون. بێدەنگییەکی سەرتاسەری دایگرتبوون... ئەگەر پووشێکت هەڵدابایە سەر زەوی، گوێت لە دەنگی دەبوو.

–پووش؟

قاقا پێدەکەنێت: دەرزی... بەڵێ، تاڵی هزرم مەبڕە... گوتم، ئێستا تەماشامان دەکات و سەری وەک پانکەی سەر مێز دەسووڕێنێت... کارەکە خولەکێکی خایاند... لە دۆخی وادا، لەگەڵ بێدەنگی و چاوەڕوانی، خولەکێک، کاتێکی زۆرە... سەری پەنجەکانی بە مایکرۆفۆنەکەدا کوتا و بە ئەسپایی گوتی:

–ئیش دەکات.

جەماوەرەکە خەنینەوە... لە دوادوایی ساڵانی نەوەدەکاندا، لە زەمەنی ئابڵووقەی ئابووریدا بووین، لەنێوان دانیشتواندا پیاوانی حزب و ئاسایشیان تێدا بوو... وانەکەی لەسەر کاسێتێک تۆمار کرا، بەداخەوە هەمووی نا، بەڵکو چارەکێکی، یاخود کەمتر.

کاسێتێکی کردە ڕیکۆردەرە بچووکەکەی سەر مێزە گەورەکەی لەودیویەوە دانیشتبوو... پلی بە دوگمەکەوە نا... پێش ئەوەی دەنگی مەرزوق دەربێت، چپەچپێک بیسترا:

"ڕۆژە جوانەکان، هەمیشە باشترین ڕۆژن... ئێستا نین و لێرەش نین، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەدان، لە ڕۆژگارێکی تر. من ئەمەم لە میلان کۆندێراوە وەرنەگرتووە. لە پراگ بەر لەوەی کۆندێراکەتان بناسم، ئەمەم بە ناتاشا گوت".

هێمن ڕیکۆردەرەکە دەوەستێنێت و دەڵێت:

–لەو ڕۆژانەدا بە بەدڵبوونەوە دوو ڕۆمانەکەی کۆندێرامان، ژیان لە شوێنێکی دیدایە و نەمری، دەستاودەست دەکرد.

پاشان سەرلەنوێ ئیشی پێ دەکاتەوە و دەنگی مەرزووق دەڕژێت:

"پاشانیش لە پاریس بە جانێتم گوت، لێ مخابن لێرە، لە سالانی شەستەکانی باقوبەدا بە ئافرەتێکم نەگوت. ئێستاش ئەوەتا پێتانی دەڵێم و چاوانم بە بینینی ڕوخساری بەخشندەتان دەڕێژم... ڕەنگە لە خۆتان بپرسن و کرمی لاپرەسەنی تێتان بژەنێت، دەبێت ئەم ئافرەتە کێ بێت؟ ئافرەتێک، جوانییەکەی شێتانە هەڵدەکات، ئەگەر ئێستا ناوی بهێنم، ئەوا خێڵە عەرەبە ڕەسەنەکان ئەمشەو زگم هەڵدەدڕن...".

جەماوەرەکە لە قاقای پێکەنینیان دا... لەسەری ڕۆیشت:

"لەم دانیشتنەشدا هیچتان لەبارەی ناتاشا و جانێتەوە پێ نالێم... ئەمە شتێکە تایبەت بە خۆمە و کاری ئێوە نییە".

یەکێک لە ئامادەبوان قسەکەی پێ بڕی:

"ئەمە بووە کاری مێژوو، بۆیە کاری ئێمەیە".

بە توندییەکی بەرچاوەوە بەرسڤی داوە:

"نەفرەت لە مێژوو، مێژوو وەکو ئەوەی ئێوە دەیخوێننەوە و بیری لێ دەکەنەوە و تێی دەگەن، بڕوام پێی نییە... ئەوانی باوەڕیان بە مێژوو هەیە، لەم قسەیەم زویر دەبن... با زویر بن... زویری دۆزینەوەیەکی نایابە، تاکو لە ژیانماندا بە ئاسوودەییەکی گەورەتر ڕێبکەین... چی دەبێت گەر گەمژە و کەودەن و سووک و ڕیسوا و سەرسەرییان لێمان زویر نەبن. لەم دۆخەدا بەخۆم شێت دەبووم، یاخود خۆم دەکوشت... مێژوو، غادەی شەستەکانی باقوبەیە، ناتاشا، جانێت و سەدان ئافرەتی ترن، ناسیمن، خۆشم ویستن و تێکەڵیان بووم، بە ملیارانی تریش لە بەدبەختیی خۆم هەرگیز پێیان نەگەیشتم...

ئافرەتان دروستکەری خۆشین، ئەگینا بێ ئافرەت چی دەبووین... ئەگەر ئێمەی پیاوان وەکو دومەڵان لە زەوییەوە هەڵتۆقیینایە و جیهان بێ ڕەگەزی حەوا بوایە، ئەوا ژیار، ڕۆشنبیری، شیعر، ڕۆمان، هونەری شێوەکاری، هەڵکۆڵین، گۆرانی، سەما، ئۆپرا و تەنانەت زانست و تەکنەلۆژیاش نەدەبوون... مێگەلێک لە بوونەوەری گێژوویژ دەبووین، وەکو مەیموون بە هەڵقون یەکتریان لەناودەدا... جەنگەکان پیشەسازیی پیاوانن... دەڵێم پیاوان، مەبەستم مانای زۆر خراپی وشەکەیە"...

چەپڵەیەکی توند... هێمن لەو دەمی دووبارە کاسێتەکەی وەستاند، گوتی:

–هەندێک لە ئافرەتەکان چەپڵەیان لێ نەدا... لە کاتێکدا پیاوانی ئاسایش و حزب چەپڵەیان لێ دا. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت هەندێکیان تێنەگەیشتبن و هەندێکی تر تێگەیشتبن و چاوپۆشییان لێ کردبێت و هەندێکیشیان لە ڕوودا مابن... بڕێکیش لەبەر ئەوەی کاری تێکردوون، پێی سەرسام بووبن.

ئامێرەکە ئیش پێ دەکات... مەرزوق لە قسەکردن وەستاوە... دەنگی جووڵەی پەرداخێک لەسەر مێزەکە دێت... دەخواتەوە. قوڕەقوڕی خواردنەوەکە لەسەر مایکرۆفۆنەکە گەورە دەبێتەوە.

هێمن دەڵێت:

–جەماوەر وا دەزانن مەرزوق ئاو دەخواتەوە، بەڵام من لەو کەمانە بووم دەمزانی پەرداخەکەی تەنیا خواردنەوەی جنی تێدایە. مەی وای لێ دەکرد باڵ بگرێت.

مەرزوق پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە دانا، لەگەڵ بەریەککەوتنی بە مێزەکەدا، ترقەیەکی ڕوونی لێوە هات... دەنگی دەگەڕایەوە تاکو دووبارە بزرنگێتەوە:

"وەکو گوتم باسی ناتاشا و جانێت ناکەم، باسی ئافرەتی ڕۆژگاری جوان لە باقوبە ناکەم، باسی مێژوو، یاخود جوگرافیا ناکەم... دەم لە سیاسەت ناکوتم. زۆرترین شتێک نامەوێت قسەی لەسەر بکەم، بگرە ڕقم دەبێتەوە قسەی لێوە بکەم، سیاسەتە. لەبەر هۆیەکی سادە و ساکار، ئەویش ئەوەیە هیچی لێ نازانم. من ئاژەڵێکی سیاسی نیم، ویستم ببم، بەڵام نەمتوانی. ئاخر ئەوە بواری من نییە و ناشچمە ناویەوە... ئەوی خۆی بە بوارێکدا بکات و هیی ئەو نەبێت، ئەوا لە یاسا لایداوە، ئەویشی لە یاسا لابدات، دەگیرێ و دەخرێتە گرتووخانەوە. منیش ناخوازم بگیرێم و بچمە زیندانەوە".

پێکەنینێکی بەکوڵ و بەردەوام... هەندێکیان بە توندی چەپڵە دەکوتن.

"وا دێتە بەرچاوم هەندێکتان ئێستا لە دڵی خۆتاندا دەڵێن، ئەم پیرە دیناسۆرە، ئەم ڕمووزنە دەیەوێت قسەی چی بکات و دەیەوێت بە چی کاتی بەنرخی زێڕینمان بەفیڕۆ بدات. بەڕاستی بەڕێزان دەمەوێت قسە دەربارەی سێ شت بکەم، کتێب و ئافرەت و شارەکان. نەک هەر کتێبێک، یان هەر ئافرەتێک، یاخود هەر شارێک، بەڵکو لەسەر کتێبە گوناهکارەکان، ئافرەتانی خراپەکار، شارەیلی ڕابوو بە خراپە. جا بەداخەوە، یاخود لە گەشبەختی، نازانم... هەمووی بەزۆربەتان، بە ئێوەی بەڕێز و شەرەفمەدار نەوتراوە... مەبەستم لە کتێبە گوناهکارەکان، ئەوانەن خۆیان بە چێژتاندا

دەکێشن و هزرتان تێک دەدەن و یەقینتان دەلەقێنن و وا دەکەن ئەوی خاترجەمیی پێ دەبەخشین، بەدەم باوە بڕوات...

مەبەستم لە ئافرەتانی خراپەکار (تۆبە خودایە مەبەستم داوێنپیسان نییە)، بەڵکو ئەوانەن پۆشاکی سەرسووڕمان دەچنن، ڕۆح ڕووتوقووتانی ژێر هەتاوی ئازادی، ئەو دلبەرە بەژندرێژە مەمککردووە سەرکێشانەی گەمە بە ئاوەز دەکەن، ئەوانی خۆیان بە بارانی شەیدایی دەشۆن، ئەوانی سروودی گەردوونی دەخوێنن، جگە لە جوانی، هیچ فریادڕەسێک نییە... جوانییش نیگار و دروستکردنە، جوانی شیعرە، جوانی موزیکە، جوانی چیرۆکی خۆشەویستییە، جوانی پێوەندیی بەتینە دوور لە مەرایی و ئەتککردن... بەداوای لێبوردنەوە لەو کیژە پارێزراوانەی لەم هۆڵە پیرۆزەدا دانیشتوون، ئەوانە لە هیچ شتێکدا لە ئێوە ناکەن، پیرۆز بێت لێتان.

هەرچی شارەیلی خراپەکارن، مەبەستم ئەوانەن بە هونەر دەدرەوشێنەوە. کتێبی خراپەکاریان تێدان و باخچە و ماڵ و شەقامەکانیان ئافرەتی گوناهکاریان تێدا دەگەشێنەوە. بۆ ئەوەی لەخۆباییەکەتان دابمرکێنمەوە و زێدەڕۆیی نیگەرانی و شڵەژانتان سووک بکەم، بلەز دەڵێم، ئەم شارە، شارە مێژووییە دێرینەکەمان، گوندە گەورە ئاودانەکەمان، دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە وەکو بیابان خاوێنە... بەرییە لەو وەسفەی ناوم هێنا و سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەگەر خراپەیەکمان تووش بوو، جگە لەو، پەنا بۆ کەسی تر نابەین".

هەندێک دەنگەدەنگ بەرز بووەوە. خشەخشی کاسێتەکە، ڕەنگە مەرزوق وەستابێت، تاکو قومێک لە خواردنەوەکەی بخواتەوە... ماتییەک ئەوێی داگرت...".

لەم هەڵوێستەدا کەوتمە خەیاڵکردنەوە، ڕوخسارە زەردەهەڵگەڕاوەکان و ئەوانی لە شەرما، یان لە ترسا، یاخود لە هێدمەدا سوور هەڵگەڕاون... ئەوەم هێنایە بەرچاوی خۆم کێ لووتی هەڵدەگلۆفێت، یان نینۆکی دەکرتێنێت، یاخۆ قاچی ڕادەژەنێت، بەدەر لەوانەی یەک یەک و بە دەستە لە هۆڵەکە دزەیان دەکردە دەرێ...

هێمن قەرەداغی لەودەمی پلی بە دوگمەی وەستانەکەوە نا، گوتی:

-مخابن هەڵەیەک لە منەوە ڕووی دا، یاخود ناتەواوییەک لە ئامێری تۆمارکردنەکەوە... پاشماوەی وانەکەمان تۆمار نەکرد... ناتوانم پێت بڵێم دوای ئەوە چیی گوت... ئاماژەی بە کتێبی ڕۆژانەکانی ئەناییس نن دا... هەندێک کۆپلەی سێکسیی وەرگێڕا... ئامادەبوان کارەبا لێی دان، لێ کەس بوێریی نەکرد قسەکانی ببڕێت... گشت ئافرەتەکان چوونە دەرێ، تەنیا یەکیان نەبێت. ئەو تاقە ئافرەت بوو لەچکی لەسەر نەبوو، بەڵام لە هەموویان جوانتر بوو، قژێکی درێژی خاو، بەرەو زەرد دەچوو بەسەر شانیدا هاتبووە خوارێ، نیگای حەزبزوێن و لەشێکی ئاڵۆشی داتاشراو، پیاوی شێت دەکرد.

نەخشەم بۆ دانا لێی نزیک ببمەوە و خۆشەویستیی بۆ دەرببڕم، کەچی دوای کۆتایی ئێوارەکۆڕەکە، ڕۆیشت لای مەرزوق وەستا... گوتیان دەنکەکەیەتی، ناوی سەماهیرە... کێ دەزانێت، چارەکە سەدەیەک لەو بچووکترە. بە سڵاوکردن لێی، وازم هێنا، دوایی چی و کێ دەتوانێت لەدەستی قوتارم بکات، ئەگەر بزانێت شەڕ بە ئافرەتێک دەفرۆشم هیی ئەوە؟ لە دواییدا بە مل وتیاری پێوەندیی لەگەڵدا نەما و ئەویش لە بەغدا شووی بە خزمێکی خۆی کرد.

هێمن قەرەداغی درێژەی پێ دا:

-با بگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکەی خۆمان... ڕۆژێک بوو جەماوەرێکی زۆر ئامادە بووبوون... ترساین بیگرن، بەڵام هیچیان نەکرد... ئەو شتێکی ڕاستەوخۆی دژ بە کەس نەگوت و خۆی لە بابەتی سیاسەت بەدوور گرت، کەچی لە ناواخنی قسەکانیدا ئاماژە سیاسییەکان خۆیان مات دابوو... قەشمەریی دەکرد، ڕایدەبوارد، دەمزانی لە ڕاستیدا ئازاری دەکێشا... تێکەوتن بانگهێشتیان کرد و ئێستاش دەبێت بە کەمترین زیان، کۆتایی پێ بهێنن...

یەکێک لە ئامادەبوان هەستا و پێشنیازی بۆ کرد باسی ئەزموونی هونەریی خۆی لە پاریس بکات... گوتی: "قسەی قۆڕ، ئەزموونێکی شکستخواردوو... من نەهاتووم بۆ ئێرە تاکو بانگەشەی ئەوە بکەم لە گەلەری و پیشانگەکانی هونەری مۆدێرن پێشبڕکێم لەگەڵ ماتیس و پیکاسۆ دەکرد... من شێوەکارێکی پەراوێزخراو بووم، لە پاریس چەندین هەزاری وەک من هەن، لە میللەتانی جۆراوجۆری سەرزەوی، عەرەب، ئەفریقی، هیندی، چینی، لاتینی، ڕووس و ئەورووپی، تەنانەت لە دوورگەی واقواقیشەوە... هۆزێک بایەخی بەرزی بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی تاکەکانی نییە، جگە لەوەی بوونیان لە شاردا بۆنوبەرامە و هەمەڕەنگییەکی دەخاتە سەر... شارێکی وەکو پاریس، شانازی بەم هەمووە لە نیمچە بەهرەمەند و ناسەرکەوتووە بۆش و بەتاڵانە دەکات، کە بە شانازی و لەخۆبوردووییەوە دەڵێم، ئەز یەکێکم لەوان".

لە کاتێکدا وشەکانی تیزەجاڕییان لێ دەتکا، باسی ئافرەتانی خراپەکاری کرد، جۆرج ساند و ئەدیس بیاف و سیمۆن دی بۆڤوار و بریجیت باردۆ و فرانسواز ساگان...

قسەکانیم لەسەر دی بۆڤوار دێنەوە بیر، لە نامیلکەکەمدا نووسیمنەوە:

"جیاوازیی نێوان نەتەوە شارستانییە گوناهکارەکان و نەتەوە قەتیسماوەکان، بە مەزنیی درۆیانە لە بوونی ئافرەتانی چەشنی سیمۆن دی بۆڤوار"...

لە کۆتاییدا پاریسی وەکو شارێکی گوناهکار هەڵبژارد، ئیدی باسی لۆڤەر و پیشانگە و شانۆ و سینەما و کۆلێژ دی فرانس و شانزلیزێ و پانتیۆن و گازینۆ و سۆزانیخانەکانی کرد... ئەو دەنگی لێ هەڵبڕیبوو و ئەمانیش هێند بێدەنگ بوون، ورتەیان لێوە نەدەهات... زۆربەی ئەوەی گوتی لە بیرم چووەتەوە. لێ چەند ڕستەیەکم لەبەرە، هەمبەر سۆزانیخانە گوتی... لەو دەمی کۆتایی بە قسەکانی دەهێنا و شەو داهاتبوو و کارەبا بڕا، مۆمیان پێکرد، گوتی:

"سۆزانیخانە شوێنێکی خراپە، کەرامەتی جەستەی مرۆڤی تێدا سووک و ڕیسوا دەکرێت... جۆرێکە لە پیادەکردنی کۆیلایەتیی قێزەون و بازرگانیی ڕەش، بەڵام هیچ جێگەیەک هەمیشە بێ بوونی سۆزانیخانە بەرەوپێش ناچێت... ئەمەش لە دووفاقییەکانی مێژوو و تڕوهاتەکانیەتی... مێژوو لەسەر ئاسنەڕێی هەڵە ڕێ دەکات، ناخرێتە سەر ئاسنەڕێی ڕاست، مەگەر سۆزانیخانەکان نەمێنن و خۆشەویستییش ببێتە ئازادی".

یەکێک لە بەرپرسانی یەکێتییەکە کۆشا بێ قسەلەسەرکردن، بە پاساوی درەنگبوون کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنێت، کەچی یەکێک لە ئامادەبوان ڕابوو و بە دەنگی بڵند پرسیاری کرد:

"ئایا بۆ نەچوویتە ڕیزی هیچ حزبێک، یاخود لایەنێکی سیاسییەوە؟"...

بەرپرسەکە قسەکەی پێ بڕی، بەڵام مەرزوق بەدەم هەستانەوە گوتی:

"من ڕەتی دەکەمەوە بچمە ڕیزی هەر لایەنێک، یاخود ڕێکخراوێکەوە، ڕازی بێت بە هاتنەڕیزی کەسێکی وەکو من بۆ ڕیزەکانی".

جارێکی دی ئامادەبوانی هۆڵەکە لە قاقای پێکەنینیان دا... دوای چەند ڕۆژێک پێم گوت:

"وەڵامدانەوەکەت لەبارەی چوونەڕیزەوە، زیرەکانە و نایاب بوو"...

گوتی: "ئەو دەستەواژەیەم لە کتێبێکدا خوێندبووەوە، یاخود لە فیلمێکدا لە ئەکتەرێکی دیاریکراوم بیستبوو. واتە دزیم... لە کێ؟ لە یادم نییە".

هێمن درێژەی پێ دا:

-بێگومان ئێوارەکۆڕەکە بە هێمنی کۆتایی نەهات... لەو دەمی دەردەچووین، کابرایەکی عەمامەبەسەر کەوتە پەنجەڕاوەشاندن لە مەرزوق و بە دەنگی بڵند بە بێشەرم و هیچ و زەندیق و هاوپەیمانی کافرانی وەسف کرد... مەرزوق تووڕە نەبوو، بە پێچەوانەوە چێژی وەردەگرت و دەخەنییەوە... بەرسڤی جوێندەرەکەی دایەوە:

"نەمناردووە بەدواتدا بێیت، من باش تۆم لە بیرە، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەرگیز نەمدەویست لە هەمان شوێن لەگەڵتدا بم، تەنانەت ئێستاش... پێدادەگرم لەسەر دوورکەوتنەوە لەو جێگەیەی تۆی لێ بیت، ئەگەر بەهەشتیش بێت".

ئیدی لەو ڕۆژەوە مەرزوق سەری بە بارەگاکەماندا نەکردەوە... دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام، هەولْم لەگەڵی دا، کەچی ڕەتی کردەوە... پێم گوت: "ئێستا دەتوانیت بە کامی دڵی خۆت بدوێیت، بێ ئەوەی حیساب بۆ دەسەڵات بکەیت، یاخود لێی بترسێیت"...

گوتی: "لەبەر ئەمە نامەوێت ئەزموونەکە دووبارە بکەمەوە، چونکە ئەمجار خاڵی دەبێت لە پەشۆکان و هەڵچوون. ڕەنگە قسە دەربارەی بابەتێکی تر بکەم، بەڵام من ترسی ئێوەمە، نەک خۆم... بڕوا بکە... بۆ ڕۆژی دوایی بیناکە بۆمبڕێژ دەکەن و بەسەرتاندا دەیتەقێننەوە... براکەم، وا مەزانە ئازادیت بەدەست هێنا... ساڵانێکی زۆرمان لە بەردەمدایە، تاکو ببینە مرۆڤی ئازاد. لەو ڕۆژەدا من و تۆ نیین، ڕەنگە کەسیش ئێمەی لە یاد نەبێت".

٢

هێمن قەرەداغی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بمبات بۆ کەبابخانەیەکی نزیک، لە دەرێ چوارمشقی لێی دانیشین... بێ بینا... عەرەبانەیەکی جامخانە شووشە... کەبابخانەی سەر شۆستە لافیتەی نەبێت...

تکەی گۆشتی مەڕ و جگەرمان خوارد، لەگەڵ چەندین جۆر زەڵاتە و سەوزە، لەسەر ڕۆخی ڕووباری خرێسان دانیشتبووین... پاشان چووین بۆ چایخانەی زەهاوی، نزیک لەوێ، تاکو چایەکەمان لەوێ بخۆینەوە... گوتی:

–ئێوارانێکی تاریکی زستان بوو خۆم بە کتێبخانەکەیدا کرد... بە بێزارییەوە بە شەقامی پزیشکانی نیمچە چۆڵدا

پیاسەم دەکرد... برادەرێکم نەبینییەوە شەونشینییەکەمی لەگەڵدا ببەمەسەر... بێ هاوەڵێک پێکەوە دەمەتەقێ بکەین، بخۆین و بخۆینەوە، بەرگەی شەو ناگرم. هێشتانەکینێ سەرەتای شەوە، جگە لە خواردنگەیەک، دوکان و نۆرینگی پزیشکان و دەرمانخانەکان، سەرجەمیان داخرابوون...

بینیم ڕووناکی لە خوارەوە دێت، هیچ ئیشم نەبوو، بێگومان سەعاتێک لەگەڵ مەرزوق چێژبەخشە...

ئەوە بە چەند مانگێک پێش هەراکەی گوڵانی ۲۰۰۳ بوو... ناچاری دەرگەلێدان نەبووم... نیوەکراوە بوو... بانگم کرد: "مامۆستا مەحمود". لە ژوورەوە هاواری کرد: "قەرەداغی... هیمۆن، سڵاو لە برای عەرەب". ڕاهاتبوو چەندێک منی بە بنەچە کوردی ببینیایە، ئاوا بە شۆخییەوە دەیدواندم... لەناو هەڵەی نەدەکرد، کەسەکانی لە ئاوازی دەنگیانەوە دەناسی... لە ساڵانی دواییدا بینایی سست بووبوو، بەڵام هێزی یادگەی پاراستبوو... بە تەنیشت سۆبەکەوە دانیشتبوو... سۆبەیەکی نەوتی، نانی شێوانیشی لە بەردەمدا بوو، لەگەڵ پەرداخێک وێسکی و چەندین کۆمەڵە کتێبیش بە دەورییەوە بوون... گوتم: "مامۆستا مەحمود بۆ تۆ ترسم لێ نیشتووە"... گوتی: "لە چی، لە دێوودرنج؟... دێوە لە یەکاوە (شەت)، یەکاویش دوورە، مەترسە".

گوتم: "بەڵکو لە دۆخەکە".

گوتی: "چ دۆخێک؟ دۆخی پوورت".

گوتم: "مامۆستا مەحمود گاڵتە ناکەم... سۆبەکە پێبووە و تۆش سەرخۆش دەبیت... کاتێکیش کارەبا دەبڕێت، چرا هەڵدەکەیت. ئەم هەموو کتێبەش بەدەورتەوەن... ئەگەر پێت هەڵکەوت...".

قسەکەی بڕیم: "نایابە... لەوە نایابتر نییە"...

بە ناڕەزاییەوە دەنگم هەڵبڕی: "چۆن؟ نایابە بسووتێی؟!".

"بەڵێ... ئەو سووتانە ڕوو بدات و جەستەم لەگەڵ کتێب و نیگارەکانم بتاوێتەوە... خەونی خەونەکانە... ئەگەر خۆڵەمێشەکەم لەگەڵ سووتووی کاغەز و هێڵکاری و ڕەنگەکاندا تێکەڵ ببێت... گوێ بگرە، ئەمە وەسیەتنامەکەمە بۆ تۆ، ئەگەر ئەمە ڕووی دا، هەموو خۆڵەمێشەکەم بخەنە ڕووباری دیالە و ڕووباری خرێسانەوە، هەندێکیشی بەسەر باخەکاندا پەخش بکەنەوە، بەو مەرجەی لەگەڵ ئەو سرووتەدا لە ڕێگەی بڵندگۆوە شریتی مەقامی عێراقیی یوسف عومەر لێبدەن. ئەگەر ناچاری ئەمەیان نەکەیت، ئەوا لە خەوندا تارماییەکەم دێتە گیانت و تێرت تێهەڵدەدات"...

قەرەداغی لەسەری ڕۆیشت:

"بە سووتان نەمرد، لەم شێتییە نیشتمانییەدا بە غەدر مرد... ئەو نەچووە ناو گەمەی حزب و سیاسەتەوە. وا بزانم کوشتنەکەشی پێوەندیی بە بیروباوەڕیەوە هەبوو... دژ بە هەموان و بە گاڵتەجاڕییەکی تاڵەوە ئازایانە ڕای خۆی دەگوت... لە کاتێکدا دۆست و کڕیارانی ئەو بیروباوەڕانەیان وەکو نوکتەی سادە دەگێڕایەوە... بڕوات هەبێ، هەیە بە هۆی تاقە وشەیەکەوە دەکوژرێت...

مرد و کەس وەسیەتەکەی بەدی نەهێنا... ئەگەر دەسەڵاتم بەدەست بوایە، ئەوا تەرمەکەیم لێرە، لە گۆڕستانی شەریف دەردەهێنا و لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا دەمسووتاند، خۆڵەمێشەکەیشیم وەکو خۆی دەیویست پرش و بڵاو دەکردەوە... ئێستاش، هەموو شەوێک بەر لەوەی خەو بچێتە چاوم، دێتەوە بیرم و دەترسم بێتە خەوم، بەسەرمدا

بشیرپێنێت، گلەیی و گازندەم لێ بکات، دژمانم پێ بدات و دوور نییە بە دارەکەی لەودەمی تەقەیان لێ کرد، خۆی دایە بانیا، لێم بدات".

– ئەی چی هەمبەر هۆکارەکەی، بە لای تۆوە بۆچی کوشتیان؟ وەکو تۆ دەڵێیت ئەو بە هیچ شێوەیەک سیاسی نەبوو.

–مرۆڤ پێویستی بەوە نییە سیاسی بێت بۆ ئەوەی بکوژرێت... وشەیەکی لە دەم دەرچوو بۆ ڕەخنەگرتن لەم دەستەیە، یان ئەوی تر، بەسە. ئەویش لەو جۆرە نەبوو بێدەنگ بێت... بێ وریایی قسەی دەکرد... ئەوی لەبارەی ئەم و ئەوەوە دەیگوت، وەکو نوکتە و قسەی خۆش دەیانگواستەوە. لەم ڕۆژگارە نەفرەتییەدا خەڵک پێویستیان بە پێکەنینە.

–ئەی لێکۆڵینەوەکان بە کوێ گەیشتن؟

–وەک هەمیشە، دژی نەناسراوێک... نەناسراوە ناسراوەکە.

–هیچ سەرەداوێکیان نەدۆزیوەتەوە؟

–بەڵێ... ئەو داوانەی کۆلارەی پێ هەڵدەدەن.

خەنیمەوە... پێکەنینەکەم وا بڵند بوو، سەرنجی دانیشتووەکانی ڕاکێشا...

–دەخوازم چاوم بە ئاسایشێک بکەوێت پێوەندیی بە لێکۆڵینەوەکانەوە هەبێت.

سەری لەقاند و بزەیەکی کرد:

–چۆن بیرم چوو؟ برادەرێکم هەیە لەم بوارەدا کار دەکات... پێشەنگ (حەسەن میقدادی).

–چۆن پێوەندیی پێوە بکەین؟

هێمن قەرەداغی ژمارەمۆبایلی پێشەنگ میقدادیی وێدام... شەوێ تەلەفۆنم بۆ کرد... دوای سێیەم هەوڵ، هێڵەکە

کرایەوە... خۆم پێ ناساند لەگەڵ ئەو کارەی ئەنجامی دەدەم، هەروەها پێم ڕاگەیاند ژمارەکەم لە هێمن قەرەداغی وەرگرتووە. لە سەرەتادا دوودڵ بوو، پاشان داوای لێبوردنی کرد... گوتی: "ئەنجامی وا گرنگمان بەدەست نەهێناوە. ئەوی دەیزانم حاڵی حازر ناتوانم بیڵێم".

بە درێژایی چەندین سەعات لە بێخەوی، تاکو سێی بەیانی، شکستم لە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی مسۆگەر هێنا، وام لێ بکات ئاگەداری ئەو شتانە بم، کە لایەنە ئەمنییەکان لەم بارەیەوە دەیزانن.

بۆ سەرلەئێوارەی ڕۆژی داهاتوو، کاتێک لە گۆڕستانی شەریف بووم، کە نزیک شار بوو بە ئاقاری باکووری خۆرئاوادا، لەگەڵ مستەفا کەریمدا سورەتی فاتیحەمان لەسەر گۆڕی مەحمود مەرزوق دەخوێند، هێمن قەرەداغی پێوەندیی پێوە کردم و داوای لێ کردم یەکسەر ڕوو لە یەکێتیی نووسەران بکەم لە سەرای کۆن. لەوێوە بە ترومبێلە هۆندا تازەکەی بردمی بۆ ماڵەکەی لە گەڕەکی مامۆستایان. هەڵبەت هۆی ئەم دیدارەی پێ نەگوتم، کە بە شێوەیەکی نیمچە خۆشارەوە ئەنجام درا... لە هۆڵی ماڵەکەی دانیشتین. ئەودەمی چامان دەخواردەوە، زەلامێکی کەتە هات، ڕوخساری چاڵچاڵ بوو، ڕەنگە ئاسەواری نەخۆشیی ئاوڵە بووبێت، لە منداڵیدا تووشی هاتبێت... هێمن بە یەکتری ناساندین:

-پێشەنگ حەسەن میقدادی... ئەفسەری لێکۆڵینەوەکان لە پۆلیسی پارێزگا.

-سەرچاو مامۆستا ماجید... ڕاستی شەوی ڕابردوو دوای پێوەندییەکەت بیرم لێ کردەوە... تەلەفۆنم بۆ هێمن کرد بۆ ڕێکخستنی ئەم چاوپێکەوتنە. ئەمە چاوپێکەوتنێکی نافەرمییە...

ئەوی پێتی دەڵێم نامەوێت بڵاوبێتەوە، هیچ نەبێت لەم کاتەدا، تاکو دەگەینە بەڵگەی یەکلاکەرەوە...

دەفتەرە بچووکەکەم و خامەکەم دەرهێنان، چاوەڕێ بووم پێشەنگ میقدادی قسان بکات...

لەسەرخۆ چایەکەی دەخواردەوە، تەواوی کرد، جگەرەیەکی گڕ دا. چاوەڕوان بووین دەست بە قسان بکات. یەکەمین شتێک درکاندی مایەی سەراسیمەیی بوو ئەوە بوو، بە دەنگێکی نیمچە چرپەوە گوتی، پێدەچێت پاڵنەری کوشتنەکە سیاسی نەبووبێت، بەڵکو تاوان بێت، پێوەندە بەوەی بە تاوانی شەرەفی ناودەبەن...

هێمن دەنگی هەڵبڕی:

-شتی وا نییە... شەرەف؟ ئێوە خەیاڵ دەکەن.

پێشەنگ میقدادی بە ئارامییەوە گوتی:

-تکات لێ دەکەم هێمن دەنگت نزم بکە... یەکەم شتێک نییە ناوی ئەستەم بێت لە بۆچوون و سنووری کارماندا... دووەمیش ئێمە وەکو جەنابت چیرۆکنووس نیین تاکو خەیاڵ بکەین... ئێمە لەسەر بنەمای ڕووداوە سەرەتاییەکان گریمانە دەکەین... گومان دەکەین... لێکۆڵینەوە نییە بەبێ گومان، نەخوازەلا لە کێشە لێڵ و ناڕوونەکاندا.

هێمن گوتی:

-مەبەستت ئەوەیە کێشەکە پێوەندیی بە سەماهیرەوە هەیە؟ ئەو شووی کرد و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت، ئێستا ئەو لە بەغدایە.

-تۆ هەمیشە پەلە دەکەیت هێمن... گوێ لە هەموو چیرۆکەکە ناگریت و بە هەڵچوونەوە بڕیار دەدەیت... باسی سەماهیر ناکەم... من باسی کەسێکی تر دەکەم...

-نا؟ ئای چ ژنپەرستێکی نەفرەتی بووە... باسی ئەوەی بۆ نەکردووم.

پێشەنگ میقدادی تەماشایەکی کردم و گوتی:

-تکام وایە بە هیچ شێوەیەک ئامێری تۆمارکەرت نەکردبێتەوە.

-هەرگیز... وەکو دەمبینیت، تەنیا تێبینییەکان دەنووسم.

-چاکە... بمبەخشە... من بە قسەکردنم لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ تۆدا دواڕۆژی پیشەکەم و ڕەنگە ژیانیشم بخەمە سەر لەپی جنۆکە... تکام وایە وریا بین... بڕوام بە هێمنە، چونکە برادەرمە... هەروەها بڕوام بە جەنابیشت هەیە، چونکە ڕۆژنامەنووسێکی دیار و زرنگی و ئاکامەکەی دەزانیت... کەڵک لە زانیارییەکان وەربگرە و ناوی من مەهێنە.

هێمن پرسیی:

-ئەو ئافرەتە کێیە؟

-ناوی نابەم... مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییە، چەندین جار بینراوە چووەتە کتێبخانەکەی مەرزوق... ماوەیەکی زۆرە قسەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت. مەرزوق بە ناوی دڵداری و نازەوە ناوی ڕەبابی لێ نابوو... بە ڕەباب ئاماژەی بۆ دەکەم... برایەکی هەیە ساڵی ڕابردوو لە لایەن ئەمریکییەکانەوە بۆ ماوەی شەش مانگ دەستگیر کرا و بردیان بۆ گرتووخانەکەیان لە تکریت، پاشان ئازادیان کرد... ئاییندارێکی دەمارگیرە... پێوەندییەکانی جێی گومان بوون. وای بۆ دەچین لەپشت تیرۆرکردنەکەی مەرزوقەوە بێت... ئەگەر سەر بە گرووپە تیرۆریستە چەکدارەکان بێت، یان ئەگەر بە پێوەندیی خوشکەکەی بە مەرزوقەوەی زانیبێت، ئەوا لۆژیکییە یەکێک لە تیرۆریستە نزیکەکانی ڕاسپێرێت مەرزوق بکوژێت...

پرۆسەی کوشتنەکە لێزانانە بوو... دەبێت بکوژەکە ڕابردووی هەبێ و شارەزایی لە پرۆسەکانی تیرۆر هەبێت، تاکو لەوپەڕی جەنجاڵی و لەنێو خەڵکەکەدا بە شێوەیەکی خێرا و بێ ئەوەی کەس تێبینیی بکات، بیکوژێت و قوتاریش بێت.

-ئایا گومان لە کەسێکی دیاریکراو دەکەن؟

-بەڵێ... ڕەنگە پێویستمان بە هەندێک کات هەبێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین... کەسانی وەکو ئەم زەلامە، بە تاوانێک دەست هەڵناگرن، خاترجەم بە دەکەوێتە دەستمان.

هێمن گوتی:

-چاوەڕێ دەکەن هیی تریش بکوژێت، تاکو بیگرن.

-نا، کارەکە بەو شێوەیە نییە... ئەو کەسێکی داواکراوە و هێشتا دەستگیرمان نەکردووە... هەرکات بیگرین، وای لێ دەکەین ددان بە تیرۆرکردنی مەرزوقدا بهێنێت.

هێمن گوتی:

-بە تێلا و قامچی، تاکو ڕۆنەکەی لە پێستی دەردەهێنن.

پێشەنگ حەسەن میقدادی خەنییەوە و گوتی:

-ئەمجاریان بەڵگە و ددانپێدانانمان لە کەسانی ترەوە دژی هەیە، پێویستمان بە تێلا و شتی تر نییە.

پرسیم: ئەی براکەی ڕەباب چۆن؟

-هیچمان دژی نییە، بەڵام ئەگەر بکوژمان بکەوێتە دەست، ڕەنگە ددان بەوەدا بنێت کێ هانی داوە و لەبەر چی.

# بەشی سێیەم

لە پەیژە کۆنکرێتییەکە دابەزیین. فیراس سلێمان قفڵە گەورەکەی کردەوە و دەرگە ئاسنینەکەی بڵند کردەوە. لە تاریکیی ژێرخانەکەدا هەنگاومان نا. بەو شێوەیە نەبوو مەرزوق بە ژێرزەمینی ناودەبرد... بەشێک بوو لە نهۆمی ژێرەوە (ژێرخان)ی باڵەخانەکە... هەنگاومان بۆ ناوەوە نا، بۆنی شێی تەڕی و تۆز بە لووتماندا هات...

فیراس گڵۆپە نیۆنەکەی پێ کرد، پشێوییەکی سەیرمان بینی... پشێویی کتێب و کەلوپەل و شتەکانی دی. سۆبەیەکی سالۆنی نەوتی، تەلەفزیۆنێکی ٢٠ ئینجیی جۆری ڤیزیتاڵ، ڕادیۆیەکی گەورەی چینی، سێ پایپ، تووتن، چەندین شەپقە، قەڵەم جاف و سۆفت و دەفتەرێک، سکێچی هەمەڕەنگی لەسەر کێشرابوو...

یارمەتیم لە فیراس وەرگرت و دەفتەرەکەم پەستایە جانتاکەمەوە.

چۆن کەسێکی هونەرمەند و نووسەری وەکو مەحمود سالانێک لە پراگ و پاریس ژیابێت و نیوەی ئەورووپا و ڕەنگە هەندێک لە شارەکانی باکووری ئەفریقیاش گەڕابێت، پیرێتییەکەی لە شوێنێکی وادا بەسەربەرێت!... ڕووناکییەکی

کز، تاقە نیۆنێک بە باشی بەشی ڕووناککردنەوەی ڕووبەرێک پتر لە بیست مەتری دووجا ناکات... پێدەچێ مەرزوق تەیبڵ لامپەکەی بۆ خوێندنەوە و سکێچکێشان بەکار بردبێت. بازمان بەسەر گردۆڵکەی کتێبدا دەدا... ئەستەم بوو ڕێ بکەین و لێرە و لەوێ پێ بەسەر کتێبێکدا نەنێین... فیراس لەسەر کورسییەکەی خاڵی دانیشت، فرمێسک بە چاوانیدا هاتەخوارێ... لە مێزەکەی تێبینیی چەکمەجەیەکم کرد... لە داری ساجی کۆن دروست کرابوو... گەورە بوو، خورابوو، ڕەنگی گۆڕابوو... چەکمەجەکە لە خوارەوە دەرگەکەی بەرەو ناوەوە چووبوو... فیراس گوتی، کلیلی لای ئەو نییە... لە چەکمەجە کراوەکەی سەرێ گەڕاین تێیدا نەبوو... لەگەڵ فیراسدا چوومە بەشی پشتەوەی دابڕاو لە کتێبخانەکە، لای شوێنی ناپوختە و نارێکی خەوتنی مەرزوق، هەروەها دۆلابی جلەکانی و یەخچاڵە کارەباییە بچووکەکەی و تاخمی ڕیشتاشینەکەی. لەگەڵ مێزۆکەیەک گلۆپێکی بۆ خوێندنەوە بەسەرەوە بوو. ئەوی سەرنجی ڕاکێشام سێ کتێب بوون لەسەر مێزەکەی جێهێشتبوون، وای بۆ چووم ئەمانە دوا خوێندنەوەکانی بن. کتێبی (ئۆریەنتاڵیزمی سێکسی)ی نووسەرێک بە ناوی ئارڤن جەمیل شک، بەشی سێیەم لە کتێبەکەی حەنا بەتاتۆ (عێراق). هەروەها ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی ئەلتەیب ساڵح...

وام بە مێشکدا هات ڕەنگە وێڕای جیاوازیی دۆخی ژیانی هەر یەکێکیان، مەرزوق لێکچوونێکی لەنێوان خۆی و مستەفا سەعیدی پاڵەوانی ئەو ڕۆمانەدا دۆزیبێتەوە.

لەژێر تەختەخەوەکەی سندووقێکمان دۆزییەوە هەندێک کەرەستەی تێدا بوو، دەڕنەفیسێکمان هەڵگرت. دوای دوو

هەوڵ، دەرگەی چەکمەجەکەی خوارەوە بە ترقەیەکی سووک کرایەوە... فیراس ڕایکێشا، تەنیا دەفتەرێکی گەورەی بەرگ قاوەیی چەرم ئەستووری تێدابوو... یەکەمین سات وام زانی بۆ ژماردنەوەی (جرد) کتێبەکانی دایناوە، یاخود خشتەی کتێبدانە خەڵکە... فیراس یەکەم لاپەڕەی هەڵدایەوە... دوو وشەی کەوتنە بەرچاوم (ڕۆژانەکانی وێرانییەکە)... بە مەرەکەبی ڕەش، بە خەتی پان نووسرابوون. فیراس بەرەو من چاوانی هەڵبڕین... من بەتەنیشتییەوە وەستابووم و ئەو لەسەر کورسییەکەی خاڵەی دانیشتبوو... بە سەرسووڕماوی دەمی داچەقاند... بە سەرم ئاماژەیەکم بۆ کرد، دەمودەست تێگەیشت، پەڕەکە هەڵدەوە... هەڵیدایەوە... لای سەرەوە مێژوویەک نووسرابوو ٢٠٠٣/٤/٩.

هاوارم کرد: نایابە.

فیراس گوتی: ئەوەتا گەنجینەکەمان دۆزییەوە.

چەند دێڕێکمان خوێندەوە...

-نایابە، نایابە.

فیراس لەودەمی دەفتەرە ئەستوورەکەی پێ دام، دڵخۆشیی پێوە دیاربوو... ئەویشم خستنە جانتاکەمەوە...

لەنێوان کتێبەکان و سەر ڕەفەکان و لەپشت مێزەکە و گۆشەکان گەڕاین. هیچ نامیلکە، یان دەفتەری ترمان نەدۆزییەوە نووسینەکانی لەخۆ گرتبێت... گەڕاینەوە ژوورەکەی پشتەوە... جێیەکەیمان ئەمدیو و ئەودیو کرد و تەماشای سووچ و قوژبنەکانمان کرد، لەوێش شتێکی نووسراومان نەبینییەوە...

ژوورەوە دڵی دەگووشی، نیوەتاریک بوو... گریمانەی ئەوەم کرد ئیدی شتێکی گرنگ لەم ژێرزەمینەدا نییە، دوور

نییە ئەم ڕۆژانانە بەس بێت بۆ یاریدەدانم بۆ تەواوکردنی بەشێکی زیندووی کتێبەکە... "لەم کاتەدا" بە فیراسم گوت:

–لەمە زیاترم ناوێت، با دەرچین.

لەسەر شۆستەی شەقامەکە، لەو شوێنەی مەرزوق کوژرا، لە دووریی چەند مەترێکەوە، جلەکانمان لە تۆز تەکاند. کاتێک چامان لای خاوەن کوشکە کۆنەکەی نزیک خواردنگەکە هەڵدەقوڕاند، بە فیراسم گوت، پرسی دەفتەری ڕۆژانەکان بە کەس نەڵێت، تەنانەت باسی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەم، با نهێنی بێت... بە دوو چاوی گەشی ڕەنگاوڕەنگەوە لێم ڕاما، نیگای نەرمونیانی پشیلەی ماڵیی بیرهێنامەوە، وەک پێم بڵێت، بڕوات پێم هەبێت... گوتی:

–داوای لێبوردن دەکەم لەوەی دەفتەری ترمان نەدۆزییەوە. من وام دەزانی کتێبێکی نووسیوە. جارێکیان باسی کتێبەکەی کرد، کەچی وا دیارە نەینووسیوە. گوڕ و جۆش و وازی دانانی نەبووە. بۆچوونەکانم وا دەرنەچوون.

گوتم: ئەمە هەنگاوی یەکەمە، هێشتا لە سەرەتاداین.

گوتی: دەزانم چەندین نامیلکەی پڕ لە هێڵکاریی لەناودان... هێشتا باشە یەکێکمان دۆزییەوە...

دەنگی بانگی نیوەڕۆ لە مزگەوتی فاروق بڵندبووەوە... فیراس گوتی:

–بە خوات دەسپێرم، من دەچمە مزگەوت بۆ نوێژ.

دەستی گووشیم و ڕۆیشت.

دوای ژەمێکی خاڵی لە گۆشت، لە چێشتخانەیەکی بچووک، بە تەنیا برنج و شلەی فاسۆلیای وشکم بە دوو سەموونەوە خوارد، ئینجا گەڕامە ماڵەوە.

مامۆستا حەیدەر لە ماڵ نەبوو... دەرگەکەم بەو کلیلەی پێی دابووم، کردەوە... خۆم شوشت و چوومە ژوورەکەی خۆم... لە جانتاکەم دەفتەری ڕۆژانەکانی مەرزوق و نامیلکەی هێڵکارییەکانیم دەرهێنان... لەسەر تەختەخەوەکەم دانیشتم... خەریکی نامیلکەکە بووم... یانزە هێڵکاریی تێدابوو، زۆربەیان ڕوخساری ئافرەت بوون، دوانیان تێدا نەبوو لە یەکتر بکەن... هەروەها نامیلکەکە دوو سکێچی دوو تابلۆی تێدا بوون، وا دیاربوو نەیگۆڕیبوون بە تابلۆ...

لە یەکەمیاندا درەختی تێدا دەبینرا لەبەر ڕەشەباکە چەمابوونەوە...

دووەمیان ئافرەتێک بوو لەناو جۆلانەیەکی هەڵواسراو بە دوو دارخورماوە بەرەو ئاسمانە دوورەکە بڵند بووبووەوە... دەفتەری ڕۆژانەکانم کردەوە و کەوتمە خوێندنەوەی:

## ڕۆژانەکانی وێرانییەکە

**٢٠٠٣/٤/٩**

بێگومان مەیدانی فیردەوس بێ ئەو کۆتەڵە جوانترە، لێ بە بوونی ئەو یانکییانە[1] چی شتێک مسۆگەرە؟

ئێستا شەقامی پزیشکان خاڵییە، تاریک، جێگەی ترس، لە ڕێگەیەک دەکات تارماییەکان گرتبێتیانە بەر... گوێم لە ویزەیەکە نابڕێتەوە... من برسیم و جگە لە سەموونێکی ماوە و ناوکەتەماتە هیچی ترم نییە... یەخچاڵەکە بەتاڵە... دەبوو هەندێک خواردن بکڕم... هەواڵەکان هاودەمم بوون... پێکێک دەخۆمەوە و سەموونە کۆنەکە و ناوکەتەماتەکان دەخۆم و سەردەکەومە سەربانی باڵەخانەکە و دەنووم... دوێنێ و پێشتریش گوێم لە دەنگی تەقە بوو... ئەوانی بۆ ترساندنی داوڵەکان تەقەیان دەکرد لە سەرلەبەیانییەوە ونبوون... تووتنم بۆ پایپەکەم نەماوە... دوو جگەرە دەکێشم... ئەگەر دکتۆر حەبیب پێ بزانێت، سەرزەنشتم دەکات... خۆی جگەرە دەکێشێت و ناهێڵێت من بکێشم. وای لە پزیشکانی ئەم ڕۆژگارە!... سبەینێ وەکو ئەمڕۆ و دوێنێ نییە... وەکو هیچ ڕۆژێک نابێت...

## ١٢ی گوڵان

تاڵانوبڕۆ... جیهانێکی شێت... دنیا گەرمە... شار بێ حوکمەتە... هێشتانەکینێ سەربازێکی ئەمریکیمان نەدیوە... دەرمانفرۆشەکەی حەبی پاڵەپەستۆم لێ کڕی، پێی گوتم دەترسێت. شتەکان مژدەی خۆش نادەن... عەبدوڵڵا پێی گوتم،

---

[1] یانکی: مەبەست سەربازی ئەمریکییە. (وەرگێڕ)

ڕزگارمان بوو و هەموو شتێک باش دەبێت... بە دەرمانفرۆشەکەم گوت، مەترسە ڕەنگە هەموو شتێک باش بێت... بە عەبدوڵڵام گوت، بڕوا ناکەم هیچ شتێک لەگەڵ یانکییاندا چاک بێت...

پرسیاری مانای یانکیی لێ کردم... عەبدوڵڵا پاسەوانی باڵەخانەکەیە.

من بەخۆم نازانم چی ڕوو دەدات و بەرەو کوێ مل دەنێین؟

### ١٥ی گوڵان

نە پۆلیس لە شاردایە... نە سوپا... نە حوکمەت... نە یانکی... نە پاسەوانی سوپای میللی و ڕەفیق حزبییەکان!... تاڵانوبڕۆ بەردەوامە... هێشتا تۆز بەری ئاسمانی گرتووە... بیستم بە سەدان کەس سەربازگەکانی سوپا تاڵان دەکەن... ئەوە مانگێکە یەک کتێبم نەفرۆشتووە... هێزێک لە ئەمریکییەکان گەیشتە گۆڕەپانی مەفرەق... چەندین تانک، دوو کۆپتەر بەسەر ناوچەکەدا دەخوولێنەوە... ئاپۆراکە لە دەوری تانکەکان خڕبوونەوە... خەڵکەکە و سەربازەکان بە دڵەخورپێ و سەرسامییەوە لە یەکتر دەڕوانن... من لەوێ نەبووم... عەبدوڵڵا بۆی گێڕامەوە... گوتی، وام زانی لە مانگەوە هاتوون. پاشان ڕۆیشتن. لە شار دەرچوون و خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ کرد. هیچ ڕووی نەدا...

گشت شتێک لە باقوبە ئارامە، تەنیا پرۆسەی تاڵانوبڕۆ نەبێت... عەبدوڵڵا پێی گوتم، هەندێک پۆلیس گەڕانەوە، خەریک بوون بانکەکانیان دەپاراست... گوتی، هەندێک لە خەڵکەکەش وایان کرد...

ئەو توورە بوو: ئاخر مامۆستا، خۆ گشت خەڵک دز نین، زۆربەی خەڵک دەستپاکن و حەرام قبوڵ ناکەن، بەڵام دەترسن.

بە پێکەنینەوە پێم گوت: چییەڵێی ناوت بنێم عەبدوڵلای توورە و تۆسن؟

گوتی: مامۆستا من ئیرەییت پێ دەبەم، چونکە تەنانەت لە دۆزەخیش دەتوانیت شۆخی بکەیت.

**دوادوایی گوڵان**

شار دەڵێی تابلۆیەکی سریاڵییە، هونەرمەندێکی زۆڵ کێشابێتی... هۆنراوەیەکی دادایە شاعیرێکی نیمچەبەهرەداری خۆهەڵکێش نەزانێت وشەکانی چی دەگەیەنن، هۆنیبێتیەوە... شار پارچەیەکە لە قسەی قۆڕ... خەونێکی لەتلەتی هەپروون بە هەپروونە... چی بڵێم... میلیشیاکان دروست دەبن... هێشتا ئەمریکییەکان نەهاتوون... پارچە چەک لەسەر شۆستەکان دەفرۆشرێن... نارنجۆکی دەستی و کلاشینکۆڤ و دەمانچە و زەخیرە و باروت... باروت کەڵەکە کراوە، ئەگەر پزیسکێکی پێ بگات... کارەساتە... هەروەها دووربین... ئەمانەم بە چاوی خۆم بینین...

عەبدوڵلا گوتی، بازاڕێکی تر لەپشت یاریگەی تۆپێنەکەوە هەیە، لەوێ هاوەن و گوللەتۆپیش دەفرۆشن، ئەمریکییەکانیش تەماشا دەکەن... ئای خودایە... ئیش وەستاوە. کابرایەکی بەساڵاچووی شەیدای ڕۆمانی پۆلیسی ئەمڕۆ داوای ڕۆمانێکی لێ کردم خۆی بە خوێندنەوەوەی بخلافێنێت، تاکو ئەم گاڵتەجاڕییەی لە بیر بباتەوە... وشەی گاڵتەجاڕی هیی منە نەک ئەو... ئەوە یەکەمین کڕیارە دوای پەسڵانی شەڕ داوای کتێب

دەکات... دانەیەکی کۆپیکراوی (ناوی گوڵە)ی ئەمبەرتۆ ئیکۆم دا پێی... ڕەزامەندیی پێوە دیار نەبوو... کەچی کتێبەکەی بە دوو هەزار دینار کڕی... گوتی، "بڕوام بە بژارەکەت هەیە"... یەکەمین بڕەپارەیە لە وەرزی داگیرکاریدا بەدەستی دەهێنم...

بەرەو ستۆدیۆ ئەمەل ڕۆیشتم... حەسان مەتەر گوتی:

-ئیش وەستاوە.

گوتم: ئەوە چ گەمژەیەکە حەز دەکات لە نێوەڕاستی ئەم قوڕاوەدا وێنە بگرێت؟

**١ی ئایار**

جەژنی جیهانیی کرێکاران!!!!!... میللەتێک سەرتاپا بێکارن... بێکاریی یەکجارەکی... گومانم لە زانیاریی مارکس و کینز هەمبەر ئەم زاراوەیە هەیە...

**٨ی ئایار**

زۆر گەرمە، گڕەی دێت، تۆزوخۆڵ... تۆزوخۆڵ... ئێوارێ کامەران عادل لە کتێبخانەکە سەری لێ دام... دامابوو... گوتی:

-ستەمکاری دەبێت پۆخڵەواتی وا لەدوای خۆی جێهێڵێت.

پرسیم: تۆ ئەوە بۆ دوو دەیە دەچێت لە وڵاتدا ناودارترین نووسەری شانۆییت، کۆتاییەکەی چۆن دەبینیت؟

-ئەمە لە شانۆی ناماقووڵ دەچێت... ناتوانیت ڕەوتە درامییەکەی دیاری بکەیت.

-تۆ دڵنیای لەوەی ئەمریکییەکان هەر کارێکی دروست ئەنجام بدەن؟

-دەرفەتیان لە بەردەمدایە وێنەی خراپی خۆیان بگۆڕن. بڕوا ناکەم گەمژە بن.

-دڵنیا نیم.

-لە سەردەمی جەنگی سارددا نیین.

-بڕوا ناکەم دۆخەکە زۆر جیاواز بێت.

دامابوو... بە شێوازە تیزەجاڕییەکەیەوە گوتی:

-هێشتا ئەو مارکسیستە ئەرسەزۆکسییەی. لە ڕۆژگاری پاشایەتییەوە ڕەشبینیت. با ئومێدمان هەبێت... زۆرمان چاوەڕێ کرد، بۆیە با هیوامان هەبێت.

گوتم: نا، من مارکسیستێکی ئەرسەزۆکسی نیم، تەنیا ئەوەندەیە بڕوام بە ئەمریکییەکان نییە.

گوتی: بۆچی دەبێت هەموو شت ئەمریکییەکان بیکەن... ئەی ئەرکی ئێمە نییە شتێک بکەین؟

بە دەستەسڕەکەی ئارەقی دەموچاوی سڕییەوە، دەیویست بڕوات... ویستم لێی بپرسم: مەبەستت کێیە لە (ئێمە)؟... نەمپرسی... زارم هەڵنەهێنا... ئەویش قسانی نەکرد... داخم خوارد، چونکە قسەکانم خەمیان زیاتر کرد.

ئێوارەیەکی خەمناک بوو... دڵی دەگووشیم... لە هەفتەی یەکەمی جەنگەوە کارەبای نیشتمانی بڕاوە. موەلیدەکانیش بە هۆی بێگازییەوە کار ناکەن. خەریک بوو دەگریام... هەڵبەت گەر کاکە عەباس نەهاتایە لە قوڵپی گریانم دەدا... نیو قاپ جن و کیسەیەک قەیسی و دوو بابۆڵەی هێنابوون... ئاوەکە گەرمە بەفرمان پێ دەوێت... لە دوکانی خۆراکفرۆشە نزیکەکە هەندێکمان دەسکەوت، تەنیا بەشی یەکی پەرداخێکمانی کرد... جگە لە سیاسەت، باسی هیچ ناکەین... جا چیی تێدایە؟ سەردەکەوینە سەربان و تاکو نیوەشەو قسە لە سیاسەت دەکەین... هیچ نەبێت کاکە عەباس گەشبینە و دەکۆشێت ڕازیم بکات هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات...

له کۆتایی دانیشتنەکەدا دوای ئەوەی شووشەکەمان چۆڕبڕ کرد، لەوەدەمی کاکە عەباسم بەڕێ دەکرد، پێم گوت:

-ئەی ئەو کۆمەڵە جورجانە چۆن، کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنن...

سەری لەقاند و گوتی: کاکە مەحمود گەشبینبن خێر دێتە ڕێتان... جگە لەوەی چەند ساڵێک وەکو مرۆڤ بژیین، هیچی ترمان ناوێت...

کاکە عەباس کوردە، یەک جار لە ساڵی ١٩٦٣دا گیرا و دوو جاریش لە حەفتاکان و هەشتاکاندا دوورخرایەوە، لە دوورخراوگەیەک لە هەندەران گەڕا و بەدەستی نەهێنا... بوونی بووە هۆی بێزاری بۆ دەسەڵات، بەڵام لە ساڵانی دواییدا بە ئەندامێکی مەترسییان دانەدەنا... لە ئەردەن گەڕایەوە (دەسەڵاتدارانی ئەردەن لەبەر تەواوبوونی ماوەی نیشتەجێبوونەکەی لە سنووری تریبیل ڕادەستی عێراقیان کردەوە) دوای ئەوەی پتر لە ساڵێک لەوێ بوو، ئیدی لەبری شارەکەی خۆی خانەقین، لە باقوبە دانیشت... هەندێک سەرکێشیی کرد، مۆرکی سیاسی و ئەمنییان پێوە دیاربوون، هەندێکیان مانایان نەبوو، دوور نەبوو لەسەر ئەوانە ژیانی لەدەست بدایە، بێ ئەوەی ئاکامێکیان هەبێت شایانی باسکردن بێت... خەباتگێڕێک بوو لە جۆری کۆن... بڕوای بە کاری حزبی هەبوو... چەند جارێک بێئومێد بوو، لێ وا دیاربوو تەنیا بۆ ئەم کارە خوڵقابوو... پێش داگیرکاری، هەندێک کورتەوتاری بە زمانی کوردی و بە ناوی خوازراوەوە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکردنەوە... ئاگەدارم کردەوە:

-ئاگات لە خۆت بێت... دوور نییە سیخوڕی حکومەت لە کوردستان هەبن. دەزانی کاکە عەباس گەر جەنابی بەڕێزت بگرن، چیت لێ دەکەن؟ پیاز لەسەر گوێیەکانت دەبرژێنن.

ئەویش بە بڕوابەخۆبوون و پێکەنینەوە بەرسڤی دەدامەوە:

-مەترسە، کارەکانی خۆم باش ڕایی کردوون.

## ١٤ی پووشپەڕ

تاکو سەعات یانزەش کەس نەهاتە ئێرە...

لەپڕ ئافرەتێک لە تەمەنی پایزی وشک و بێبەری تەمەندا، لە بەردەمم هەڵقولا، نیوەی مێیینە و نیوەکەی تری بوونەوەرێکی زیندوو... پرسیاری ئەوەی لێ کردم داخۆ کتێبخانەی ماڵەوەی پیاوەکەی، کە بەبێ هۆ تیرۆریان کرد، دەکڕم؟ ئەو گوتی: بەبێ هۆ.

خەریک بوو بڵێم، ئایا خولی هۆ و ئەنجام ئەفسانەیە؟

نەمگوت... ئەو گوتی: پتر لە دوو هەزار کتێبن.

گوتم: لەم گۆڕەدا جێی کتێبەکانی مێردەکەت نابێتەوە خاتوون. ئەم جیهانە مەحکوومە بە گەمژەیی.

وڵامەکەم پەشۆکاندی، ڕەنگە لە دڵی خۆیدا پرسیاری پێوەندیی نێوان جێتەنگیی کتێبخانەکەم و گەمژەیی جیهانی کردبێت... ئەگەر لێی بپرسیمایە دەمگوت، من خۆم نازانم.

لە خۆشبەختیم نەیپرسی... چۆن هاتبوو، ئاوا بە بێدەنگییەکی دۆڕاو دەرچوو.

## گەلاوێژ

گەرمی و تۆزوخۆڵ و ئەمریکییەکان... میلیشیاکانیش کەوتبوونە جموجۆڵ... حزبەیلێکی زۆر... هەر سیان و دەتوانن

بینایەکی حکوومی، یان ناحکوومی بگرن و لافیتەی حزبێک بڵند بکەنەوە، ئەوان سەرکردە و بنکردەین... مستەفا کەریم پێی ڕاگەیاندم ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی ئەمڕۆ دەردەچن، دووسەدی تێپەڕاند. ڕەنگە ژمارەی حزبە دامەزراوەکان لەوە پتر بێت...

بەمە دەڵێم جرِتی عەیار قورس.

**٦ی ڕەزبەر**

وەکو کامەران عادل گوتی، ئەوی ڕوو دەدات ناماقووڵیی تەواوە... لەم وڵاتەدا هیچ شتێک لۆژیکی نییە... وای بۆ دەچم نووسەرانی شانۆی پووچگەرایی و دەرهێنەرانیان دڵخۆش دەبن کاتێک ئەوی ڕوو دەدات، دەبینن، یاخود دەبیستن... وەک ئەوەی هەندێک لە بنیادەمەکان تووشی دەستلێوەشانی شووم هاتبن... وەک هەندێکیان سڕ بووبن و ئەم پشێوییە بە شتێکی سروشتی ببینن...

ئەوڕۆ گاڵتەیەکی زمانپیسانەی نێوان دوو برادەر گۆڕا بە شەڕەچەقۆ و خۆتێهەڵقورتاندنی خزم و کەس و تەقەکردن... دوان گیانیان لەدەست دا و پێنجیش بریندار بوون... هەراکە بووە خێڵەکی...

عەبدوڵڵای پاسەوانی باڵەخانەکە گوتی: "لە دانیشتنێکی خێڵەکییانەدا کێشەکە چارەسەر دەکەن"...

دەوڵەت لە داڕووخاندایە و دەسەڵاتیش ئەمڕۆ بۆ خێڵ و تایەفە و گرووپە چەکدار و مافیاکانە.

سەعاتێک گوێم لە مەقامی عێراقی بە دەنگی یوسف عومەر گرت.

**سەرماوەرز**

بۆ یەکەمین جار سواری پاس دەبم بۆ بەغدا... کاکە عەباس قەناعەتی پێ هێنام ڕۆژی هەینی بۆ شەقامی موتەنەبی بچین... لەوێ بە ئازادی کتێبی تازە و کتێبی کۆنیش دەفرۆشن... نە پارەی تەواوم هەڵگرتبوو و نە وازی کتێبکڕینیشم هەبوو... ڕەوشەکە لە چایخانەی شابەندەر، بە نمایشە گەپجاڕییەکان لە سێرکی دەکرد، هەندێک نیمچە ڕۆشنبیریش وەکو پیرەکەڵەشێر، هەر یەکە و لە ئاوازێکی دەخوێند. کەواتە هەموویان خەباتگێڕ بوون! بە کاکە عەباسم گوت: "من تاقە کەسم تۆماری خەباتگێڕیم نییە"...

گوتی: "هەموو شتەکان یەکلا دەبنەوە".

ئێمە سەدان ساڵە ڕۆڵەی مێژوویەکی لێخنین...

دەمەوئێوارێ گەڕاینەوە باقوبە... بۆ ڕۆژی دوایی کامەران عادل لێی پرسیم: "پێت چۆن بوو؟"...

پێم گوت: "وەک گرتووخانەی بیابان، چۆڵە...".

خوێندن لە قوتابخانە و کۆلێژەکان دەستی پێ کرد... هێشتا هیچ نافرۆشم... ئەوانەی بۆ خواستنی کتێب دەهاتن، کەمبوون... وەختێ بە خۆم زانی زۆر دەخوێنمەوە... یادەوەرییەکانی جەواهیریم بە هەردوو بەرگەکەیەوە تەواو کرد... سەرلەنوێ دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆفی دۆستۆیڤسکی و دۆنی ئارامی شۆڵۆخۆڤ و جەنگ و ئاشتیی تۆڵستۆی کردەوە، ئەمی دواییانم پێشتر نەخوێندبووەوە...

## کۆتایی ڕێبەندانی ٢٠٠٤

دوای ئەوەی لە چاڵێکدا خۆی شاردبووەوە، گرتیان، گوتیان دۆخەکە ئارام دەبێت... ئاسایشی وڵات لەدەست دەردەچوو... ژمارەی ئەوانەی ڕیشیان بەردەدایەوە، پتر دەبوون... دروشمی تایفی لە گشت شوێنێک بوو... بە کاکە عەباسم گوت: ئەگەر ئەمریکییەکان بە مەبەستەوە کۆمەڵگەیان شێواندبێت، ئەوا تاکو دوای مردنی من و تۆ، یاخود کوشتنمانیش ڕاست نابێتەوە... ڕێژەی ئەوانەی بە مردنی سروشتی دەمرن، کەم دەبێتەوە...

## ٦ی ڕەشەمێ

ژەمێکی بێ تاموبۆی نانی نیوەڕۆ، تامی پیپسی کۆلای دایت تاڵە لە زارم... ئافرەتێکی توندتەبیعەت هات و داوای ڕۆمانی (شانازی و ئەوین)ی جین ئۆستنی بە زمانی ئینگلیزی کرد، گوتی بۆ کچەکەیەتی لە زانکۆ دەخوێنێت... پرسیم: "باشە خۆی بۆ لەگەڵتدا نەهات؟".

بە تووڕەییەوە پێی گوتم: "چیت لێی دەوێت؟"...

ئەو دانەیەی مابووم لە دەستیم دەرهێنا و گوتم: "بۆ فرۆشتن نییە"...

داوای لێبوردنی کرد و گوتی، ئەو بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕێت...

گوتم: "باشە نرخی پێنج هەزار دینارە"...

گریا و گوتی، ناتوانێت لە دوو هەزار زیاتر بدات...

گوتم: "بە خۆڕایی بیبە، بۆ جاری داهاتوو لەگەڵ خۆتدا بیهێنە، سەرچاوەی گرنگم هەیە، ڕەنگە پێویستی پێ بێت، نەخشە ناکێشم لێتی بڕفێنم".

بۆ دووەمین جار داوای لێبوردنی کردەوە و گوتی: "تۆ وەکو باوکی وایت".

نانی شێوانم نەخوارد... پرتەقاڵێک و نیو سێوم خوارد... چایەکی بێ شەکریشم هەڵقوڕاند... دوای دوو سەعاتیش قاوەیەکی سادە... نیوەی فیلمی ژیانی سترانبێژی فرەنسی ئەدیس بیاڤم لە کەناڵی mbc2 تەماشا کرد.

کارەبای مەولیدە ئەهلییەکە لە سەعات یانزە بڕا... لە هەفتەی پێشووەوە بوومە خاوەن تەلەفزیۆنی تازەی مارکە ڤیزیتاڵ و ئامێری سەتەلایت و سینیی خوولاوە. لە جێگەکەمدا تاکو مەلای مزگەوتی فاروق بانگی بەیانیی دا، ئەمدیو و ئەودیوم کرد. گوێم لە هاڕەی هەمەرە ئەمریکییەکان بوو لە شەقامەکەوە دەهات...

**١٠ی خاکەلێوە**

دوێنێ ئەمریکییەکان هەڵیانکوتایە سەر کتێبخانەکەم... هەشت کەسی چەکدار بوون، بایی ئەوەندەیان تێدابوو کابرایەکی وەک من بتۆقێنن، لێ من گوێم پێ نەدان... لە گۆشەکانی کتێبخانەکە بڵاوبوونەوە، دوانیشیان لای دەرگەکە مانەوە. پشکنینێکی خێرایان کرد، هەندێک لە لوولەی چەکەکان ئاڕاستەی من کرابوون...

-لێرە دەژییت؟

سێرجێنت لە ڕێگەی وەرگێڕەکەوە پرسیاری لێ کردم. وەڵامم دایەوە:

-yes.

-ئینگلیزی دەزانیت؟

-هەروەها چیکی و فرەنسییش.

ئاماژەم بە ڕەفی کتێبە بیانییەکان کرد... هەندێکیانی هەڵدانەوە و دیسانەوە پرسیی:

-چ جۆرە کتێبێک دەفرۆشیت؟

-چ جۆرێک بەردەست بکەوێت و کڕیاری هەبێت...

-ئەی کتێبەکانی تیرۆریستان؟

-تیرۆریستان ئاتاجی کتێب نین...

-کتێب دژی ئەمریکا.

-نیوەی کتێبی دنیا دژی ئەمریکان.

بزەیەکی هاتێ: زانیاریت لەسەر لایەنە چەکدارەکان هەیە؟

-من لەم شارە دوورەپەرێزترین کەسم. وەک ئەوەی پرسیاری ماسیی شاک لە بۆقێکی تەنیا بکەیت.

لە قاقای پێکەنینی دا و سەربازەکانیش زەردەیان هاتێ: تۆ شێوەت لە...

-دەتەوێت بڵێی ئەنشتاین...

-نا، نا... باپیرم لە دایکمەوە دەکەیت. پێش چەند ساڵێک بە جەڵتە مرد.

-دەبێت بەدەست ناقۆزییەکەیەوە ئازاری کێشابێت.

خەنینەوەیەکی تری کرد و گوتی: تۆ نوکتەبازی و دەمودەستیش بۆت دێت... تەواو وەکو تۆ قۆز بوو.

-ژیانمان نوکتەیەکی گەورەیە...

-ئۆۆۆ...

قۆڵی گرتم و بە نەرمی گووشی: هیوادارم جارێکی دی یەکتر ببینینەوە.

-لێرە نا، تۆش ئەم جلەت لە بەردا نەبێت... مەبەستم ئەوەیە لە دۆخێکی باشتردا.

سەری لەقاند و دەرچوون...

## ١٨ی خاکەلێوە

زوو کتێبخانەکەم داخست... لەوەدا هیچ مەبەستێکم نەبوو... کەشی دوانیوەڕۆ لە دەرەوە خۆش بوو... هەستم کرد ئەندامە بەتەختەبووەکانم کەمێک پێویستیان بە جووڵەیە، شۆستەکەی بەرابەر ڕووباری خرێسان یەک دوو جار بە هاتن و چوون ببڕم... دەزانم هەندێک لە وەڕسکەران پلانەکەم لێ تێک دەدەن. دەموەستێنن بۆ ئەوەی هەندێک شتی بێمانام بۆ بگێڕنەوە، وەک من لە پڕوپووچییەکان تێر نەبووبم. پێویستم بەوە بوو بە تەنیا بم، بە هیچ شێوەیەک کەسم لەگەڵدا نەبێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ساندرا پۆلۆکیش بێت. ئاخر ساندرا پۆلۆکم خۆشدەوێت، حەز بە ڕۆڵەکانی دەکەم، ڕۆحسووکییەکەی، لەشولاری جوانی، حەز لە تەماشاکردنی فیلمەکانی دەکەم. ئەمڕۆ تەنانەت حەز ناکەم لەگەڵ ساندرا پۆلۆکیشدا پیاسە بکەم، جا چۆن ئەگەر زەلامێکی ناپوختە و شێواو بێت، قسەکانی...

پێش ئەوەی بگەمە سەر شۆستەکە، ئەو گەیشتە ئەوسەر... بینیم. وەک هەرزەکارێکی شەرمن بێ پێشبینیکردن لەناکاو دەنکەکەی ببینێت، ترپەی دڵم خێرا بوو. ئەوەتانێ دوای چل ساڵ. ئەگەر دوای هەزار ساڵیش لەنێو هەزار ئافرەت لە تەمەنی خۆیدا دەرکەوێت، هەر دەیناسمەوە... ئەم ئافرەتە زامەکانی منە. عەبایەکی ئیسلامیی پۆشیوە، لەچکێکی ڕەشی لە سەر و چاویلکەی پزیشکیی لە چاو کردووە. خۆیەتی، دوو کەس لەگەڵین، یەکیان لە خۆی دەچێت، وا بزانم کوڕیەتی، یاخود برایەتی... نا کوڕیەتی، ئەوی تریش هیچی لەبارەوە نازانم... قەڵەو بووە، گۆشتی شل بووەتەوە، ڕوخساریشی

لەژێر کاریگەریی نەخۆشییەک، پێدەچێت شەکرە بێت، تەڕ و پاراوییەکەی لەدەست داوە.

لە خۆشبەختیم ئاوڕی لێ نەدامەوە. ترسام چاومان بە چاوی یەکدی بکەوێت... خۆیان بە نۆرینگی دکتۆر بەها عوبەیدی (پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ) لە بیناکەی بەرابەردا دەکەن...

دەبێت بەدەست نەخۆشیی دڵیشەوە بناڵێت؟ لەسەر شۆستەکە چاوەڕێی دەکەم، تاکو لەگەڵ ئەو دوانە دەردەچێت... دوای نیو سەعات دەردەچێت... لە ساتێکدا نیگاکانمان دەگۆڕینەوە... تەماشام دەکات و دەڕوات، وای بۆ دەچم نەیناسیبم... من خۆم هەر لە یەکەمین نیگاوە ناسیم، مێژووەکەی لە جیهانی نەستمدا نەخش کرابوو. دوور نییە ناسیبێتمی... ئەگەر منی ناسیبێت، هەڵبەت لەم ساتەدا بیرم لێ دەکاتەوە... بە درێژایی چلساڵ دڵم بەوە خۆش بوو بیرم لێ بکاتەوە... بە بیریدا بێمەوە... لە خەوندا بمبینێت... خۆم بهاوێژمە ئەندێشەکانیەوە... شێتم من... لە چاوی ئەوانی ترەوە لێیگەڕام... سەرکەوتوو نەبووم...

فیراس دەڵێت: "بۆچی بۆ فەڕەنسا ناگەڕێیتەوە؟"... سوودی نییە، تاقیم کردەوە و خاترجەم بووم شتەکە ئەوەندە ناهێنێت... لەو ڕۆژەوە لێرە ژیانم شێوا، ئەو ڕۆژەی وەکو سەگی گەڕ بەکێشیان کردم و خستمیانە ئەو شەمەندەفەرەوە... کۆشام هەندێک لە شتەکان چاک بکەم، کەچی سەرکەوتوو نەبووم... دۆخەکە تێکچوو، دنیا تێکچوو...

نەچووم لای ڕووبارەکە پیاسە بکەم، گەڕامەوە کتێبخانەکەم، باشم کرد گەڕامەوە، ئەگینا بە گۆچانەکەم لە یەکێکیانم دەدا...

## ٢٥ی خاکەلێوە

نیوەڕۆ دوای گەڕانەوەم لە چێشتخانەکەی شەقامی پزیشکان، تووشی ئەو زەلامە هاتم خۆشاوی بەلەکی دەفرۆشت... وەکو منداڵ خۆشیم هاتەوە... لەودەمی پەرداخە مسینە پڕ لە خۆشاوە بەتامەکەم بە دەستەوە بوو، پێم گوت:

–من لێرەم، لەم ژێرزەمینە هەژارە... هەر کات بە خۆشاوەکەتەوە بۆ ئێرە هاتی، وەرە بۆ لام...

سکێچێکی بەلەکفرۆشەکەم بە کۆڵەپشتە مسینە ملدرێژ و پەرداخەکانییەوە کێشا... بەدڵم نەبوو...

## ٢٦ی جۆزەردان

ژمارەی ئەوانەی دەکوژرێن، یاخود دەڕفێنرێن لە بەرزبوونەوەدایە... خەریکە چەتە چەکدارەکان دەست بەسەر وڵاتدا دەگرن... بۆ جاری سێیەم زەلامێک دەڕفێنن لە خانەوادەیەکی زەنگینە، چەندین کارگەی هەیە... چەتەکان بەردیل (**فدیە**)ی زۆریان دەوێت... بیستم ئەو خانەوادە زەنگینە بیر لە ساخکردنەوەی موڵک و ماڵەکانیان دەکەنەوە، تاکو بۆ هەندەران هەڵبێن... بەم ئاوایە سەدان کرێکاری ئەو کارگانە خۆیان لەسەر شۆستەی بێکاری دەبیننەوە...

چی دەکەیت کاتێک لوقمەیەکت دەستناکەوێت برسێتیی منداڵەکانتی پێ دابمرکێنیتەوە... بێگومان دەبیتە دزێکی چەکدار، یاخود تیرۆریست... ئەگەر ویژدانیشت ڕێگریی لێ کردیت، دوور نییە دەست بۆ خۆکوشتن ببەیت. بەڵام ئەوکات منداڵەکانت چی بکەن، ئەی چارەسەری لۆژیکی چییە، کە بە مێشکی هاوسەرەکەتدا دێت... ئەی ئەگەر ئیسلامی بوویت و

خۆکوشتنت بە گەورەترین گوناە دانا... ئەڵقەیەکی بەتاڵە، وا نییە؟... لەم بەشە ناشیرینەی دنیا، لەم ڕۆژگارە نەهاتەدا، وێنەی مێژوو ئەڵقەیەلی بەتاڵن... گێژاوەیلێکە هەمیشە بە گێژی دەتهێڵنەوە و شەو و ڕۆژ بەسەرتەوەن. دۆخەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نادیارتر دەبێت...

کاکە عەباس دەڵێت: "ئەورووپا پێویستی بە دووسەد ساڵ بوو بۆ ئەوەی ڕاستبێتەوە".

دەڵێم: "ئەگەر کیسەڵیش بین، ئەوەندە ناژیین، تاکو چەند ساڵێکی سپی ببینین... هیوا بە بەلەمی قوتارکردن مەخوازە".

**خەرمانان**

کامەران سپێدەی زووی ڕۆژێکی گەرم لەپڕ خۆی بە ژێرزەمینەکەدا کرد... مۆنی بە ڕوخساریەوە دیاربوو... دانیشت و بە دەسەسڕێکی سپی کەوتە سڕینەوەی دەموچاوی... "خێر...". "هیچ...". چۆنیت؟". "لەگەڵ ئاژەڵاندا بەڕێوەدەچێت". "جوانە، ئەمە تازەیە... لەگەڵ ئاژەڵاندا بەڕێوەدەچێت".

دەرکم کرد باش نییە... "چیتە؟ دەموچاوت وا بەیەکدا داوە دەڵێی ئێستا ئەستێرەیەکی گەڕۆک دوای چەند سەعاتێک خۆی بە شارەکەدا دەکێشێت". "خۆزگە". "چی بووە؟". "دوێنێشەو چوونە ماڵێکی نزیک لە ماڵەکەمەوە و تەقەیان لە سەرجەم خێزانەکە کرد"... "ئاخر بۆ؟". "ئای لەو پرسیارە... کێ دەزانێت... وەکو هەر جارێک پێشبینییەکان کەوتنەگەڕ... گوتیان، بۆ ئەوەی ئەو بیست ملیۆن دینارە بدزن، کە نرخی ئەو پارچە زەوییە بووە، دوێنێ فرۆشتوویانە... گوتیان، گەورەی ماڵ ئەندامی حزبێکی ئایینی بووە... گوتیان تۆڵەی خێڵەکی بووە... گوتیان دوور نییە مەبەستیان خێزانێکی تر بووبێت و هەڵەیەک

ڕووی دابێت... بەڵام بۆ منداڵی دەکوژن؟ ئەمانە کێن؟ ئەمانە لە چ زەلکاوێکی بۆگەنی شەڕەوە دەرچوون؟ ئەمە چ تاریکییەکە لە ئاوەز و ویژدانیاندایە".

گوتم: "ئەی بۆ پیشەسازیی دەزگایەکی بیانی نەبن بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەکی ڕاستەقینەی نیشتمانی لە دژیان نەبێت"... وای بۆ چووم تۆمەتبارم دەکات بە لەخۆگرتنی تیۆری پیلانگێڕی بەسەر ئاوەزمەوە، کەچی ئەو وەڵامی نەبوو.

تەقینەوەیەک لە فلکەی عەنافسە ڕووی دا... ئەوی تریش لە نزیک ئۆرۆزدی و سێیەمیش لە شەقامی پارێزگە و چوارەم لە باقوبەی نوێ و پێنجەم لە گەڕەکی تەحریر، شەشەمیش لە گاتوون... ئامانجیان کێیە؟ بۆچی خەڵک دەکوژن، بۆچی تەنیا ڕووی تووڕەییان لە ئەمریکییەکان ناکەن؟ لە گەنجێکم پرسی، هاتبوو لە کتێبی (الحیوان)ی جاحز دەگەڕا؟ گوتی: "چوزانی ئەمریکییەکان دەستیان لەمەدا نییە؟".

گوتم: "خۆ ئەوانیش هێرش دەکرێتە سەریان".

گوتی: "کێ سەر لەم قوڕاوە دەردەکات... کتێبەکەم بدەرێ، هەرچۆنێک بێت ئاژەڵەکانی جاحز بەبەزەییترن".

**٨ی گەلاوێژ**

لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا، لەودەمی خەریک بووم کتێبخانەکەم دادەخست، بۆ ئەوەی بۆ نووسینگەکەی مامۆستا عەزیزی پارێزەر سەرکەوم و نیوەڕۆخەوێک بکەم، بینیم بەسەر سەرمەوە وەستاون... کاتێک هەردووکیان خۆیان بە ژووردا کرد، ئاگام لێ نەبوو... دوو گەنجی ڕیشن، دیشداشەی

سپییان لە بەردا بوو، لەو جۆرەی نیوەی قامیشەی قاچیان دەردەخات... "ئەلسەلامون عەلەیکوم"... "وەعەلەیکومە سەلام".

ئەگەر سڵاویان لێ نەکردمایە، دەمگوت یەکیان شیر هەڵدەکێشێ و بە جووڵەیەکی شارەزایانە سەرم لە لەشم جیادەکاتەوە... ئەی پتر لە جارێک زارۆکان سەری بڕاویان لە کیسەی نایلۆندا نەدۆزیوەتەوە لە ناوەڕاستی باخچە ڕووتەکەی مەیدانی مەفرەق لە ڕۆژئاوای شاردا فڕێدراوە؟

گوتم: "فەرموون".

"ساحێب فەرموو بیت". پرسیاری ناونیشانی سەیروسەمەرە و ناوی دانەرەیلێکیان لێ پرسیم، زۆربەیانم نەبیستبوو. بە تەوسەوە گوتم:

"مخابن، ئەوی هەمبوون، فرۆشتمن".

پاشان لیستێکی تریان پێ گوتم. لەوپەڕی گەمژەییدا بووم، هەینێ گوتم:

"ڕاستییەکەی من مامەڵە بەو جۆرە کتێبانەوە ناکەم".

"لەبەر چی؟".

"ڕاستی کتێبی ئەدەب، هونەر، زانست و مێژووم بەلاوە گرنگە".

"ئایا بەرهەمی ئەم نووسەرانەت خوالێیان خۆش بێت، خوێندووەتەوە؟".

دەبوو خۆم بگرم و وەڵامێکی قەناعەتپێکەر داڕێژم. بە دەنگێکی کزەوە کەنەمتوانی خاڵیی بکەم لە تەوس، گوتم:

"نا، کاتێک چاوانم ساغ بوون، ئەم جۆرە کتێبانە قەدەغە بوون... کاتێکیش ئەم کتێبانە لە یاساغی دەرچوون، دیدەکانم کز بوون".

ئەوەی کەمتەمەنتر بوو، بزەیەکی هاتێ، کەچی ئەوی تر ڕوخساری ڕەق کردبوو، سروشتی هەستەکانی دیار نەبوو... پێم گوتن:

"هەندێک کتێبی جاحز و ئیبن عەرەبی و تەوحیدی و ئیبن سینا و تەفسیری قورئانی ڕازی و هیی زەمەخشەریشم هەن... هەروەها **تاریخ الطبری** و کتێبەکانی ئیبن ڕوشد و تەهتەهاوی و محەمەد عەبدە و تەها حوسێن".

گەورەکەیان برۆکانی هێنانەوە یەک و بە گومانەوە چاوی تێبڕیم، گوتی:

"ئێمە کتێبی موشریکین ناخوێنینەوە".

وەرسووڕا... ئەوی بە تەمەن بچووکتر بوو، بە دەنگێکی لاوازەوە گوتی: "ئەلسەلامون عەلەیکوم" و دەرچوون.

کاتێک ئەمەم بۆ کاکە عەباس گێڕایەوە، کەمێک لە بیرڕا چوو و گوتی:

"دەبێت وریا بیت... هەیە بە هۆی وشەیەکەوە، یاخۆ لەزماندەرچوونێکەوە کوژراون... وەڵامی لەم بابەتە دەماریان دەگرێت".

"ئەی بە ڕای تۆ وەڵامی گونجاو چییە، هەی زیرەک".

"بڵێ تۆ ئەو کتێبانە دەفرۆشیت، کە لە خەڵکی دەکڕیتەوە، ئەم کتێبانەش گرنگن کەس پێمیان نافرۆشێت، بۆیە لام دەست ناکەون".

"کاکە عەباس تۆ سیاسەتمەدارێکی فێڵبازیت، دیپلۆماسییەکی لە هێلکەدەرچوویت، وەڵامت بۆ هەموو پرسیارێک هەیە".

ئەمە دوا دانیشتنی شەوی من بوو لەگەڵ کاکە عەباسدا. بۆ ڕۆژی دوایی کوڕەکەی لە هەوڵێکی تیرۆرکردن قوتاری بوو،

کاتێک چەکداران ئۆتۆمبێلەکەیان گوللەباران کرد... ژنەکەی ناچاری کرد یەکسەر بۆ خانەقین بگوازێتەوە... بۆشاییەکی گەورە لە ژیانمدا جێدەهێڵێت... تاقە برادەرم بوو لە وەختی داگیرکارییەوە بە لای کەمەوە هەفتەی شەوێک، تاکو درەنگ لەگەڵمدا شەونشینی دەکات.

### ١٤ی خەزەڵوەر

سەرەتای مانگ کاکە عەباس پێوەندیی پێوە کردم... پێم گوت: تاسەت دەکەم...

گوتی: بەم زوانە سەرت لێ دەدەم.

ئەوەبوو بەڵێنەکەی خۆی بەدی هێنا و ئەم سەرلەئێوارەیە هات... کتێبخانەکەم داخست و بۆ چایخانەی زەهاوی ڕۆیشتین... لە ڕیستۆرانتی عافیە نانی ئێوارەمان خوارد... پێشنیازی کرد لە ماڵی هێمن قەرەداغی دانیشین و هەر لەوێش بمێنینەوە... ڕازی نەبووم... قایلی کردم... سەعد محەمەد ڕەحیمیش لەوێ بوو... ڕۆماننووسێکە هیچ ڕۆمانێکیم نەخوێندووەتەوە... هەندێک لە وتار و چیرۆکەکانیم خوێندوونەتەوە... زمان و شێوازی خراپ نین... جارێکیان پێم گوت، هەمیشە شتێکی ناتەواو لە نووسینەکانتدا هەیە، شتێک نازانم چییە، بەڵام هەستی پێ دەکەم... لەو ڕۆژەدا گوتی: "نووسینی پێرفێکت نییە، ئێمە بوونەوەرگەلێکین هەمیشە کەموکورتییەکمان هەیە، ئەو تەواوکەماڵییەی کۆششی بۆ دەکەین، هەرگیز پێی ناگەین".

لە باخچەکە، لەسەر کورسیی نەرم بە دەوری خوانێکی ئاوەدان بە شەراب و مەزە، دانیشتین... تەنیا سەعد لەسەر جۆلانە ئاسنینەکە دانیشتبوو... لەودەمی بە نەرمی جەستەی

دەهێنا و دەبرد، باسی پرۆژەی کتێبێکی خۆی بۆ کردین، بابەتەکەی هەمبەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕووناکبیرە... لێم پرسی: "مەبەستت کێیە لە ڕووناکبیر؟".

بێ دوودڵی بەرسڤی داوە: "بەرهەمهێنەری زانیاری و دروستکەری جوانی، ئەوی جیهانبینییەکی ڕەخنەیی هەیە و بایەخ بە کاروباری گشتی دەدات"...

"باشە، ئەی لە جێڕەوتی کتێبەکەتدا مانای دەسەڵات چییە؟".

بە هەمان ڕەوانییەوە گوتی: "دەزگە زاڵ و کاریگەرەکان، جا ئیدی سیاسی بن، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یان ئاینی، یان ڕاگەیاندن، یاخود ئابووری".

"چاکە، وا دیارە دەزانیت چی دەکەیت... لە قوتابییەک دەچیت وەڵامە نموونەییەکان ئەزبەر بکات... برا گیان، وا بزانم باس لە سوورەماسی دەکەیت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەهەنگەکاندا".

"کارەکە تاکو ئەم ڕادەیە خراپ نییە".

لە دڵی خۆمدا گوتم، "ئەمە نوستوویەکی ترە و لاقەکانی لەبەر خۆرن"...

پێم گوت: "گوێ بگرە سەعد... با شتێکت پێ بڵێم... ڕووناکبیری ئەمڕۆ ئەو زۆربڵێ داماوەیە، کە بە گەمەی ڕەوانبێژیی بەتاڵ، نە پێشدەخات و نە دوادەخات، خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت، لە کۆتاییشدا لە دۆڕاوەکانە... هەرچی دەسەڵاتە، ئەوا کۆمەڵێک مافیای بچووک و گەورەی هاوپەیمان، یاخود دوژمن بەیەکن، بە تەنیاش خۆی لە کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانییەوە مێژوو دەبزوێنێت. نەک هەر لێرە، بگرە لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی جیهاندا. برادەر گیان لەبری ئەم قسە قۆڕانە، ڕۆمانێک بنووسە تێکەڵ بە هزری

خۆتی بکە، بەڵکو شتێک بخوێنینەوە ورووژان و جوانیی تێدا بێت. هەرچی ئەم ناونیشانە قەبەیەیە، دەسەڵات و ڕووناکبیر، ئەوا لە کار کەوت، بووە کوتاڵێکی مردوو شەهیەی کەس ناکاتەوە".

چەناگەی خوراند، بزەیەکی کرد، وای نیشان دا سەیری بە هێرشبردنەکەم هاتووە، قومێکی لەوی ناو پەرداخەکەی دا و لەتەسیۆیێکی خوارد... هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وەک خۆی بۆ بێدەنگکردنم ئامادە کردبێت، بەڵام هاڕەی ڕێژنەگوللەیەک لە شەقامە نزیکەکەوە، کە ماوەیەک بەردەوام بوو، بە لای ئێمەوە درێژ بوو، وای لێ کردین ڕابکەینە ژوورەوە... کارەبا بڕاوە... هۆڵەکەش گەرمە... هێمن هەندێک باوەشێنی دەستیی بۆ هێناین، ئێمەش لەپێش دەموچاوی ئارەقەکردوومان دەمانلەراندەوە...

سەعد ویستی دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە... هێمن گوتی:

"یان بابەتەکە دەگۆڕن، یاخود دەرتاندەکەم و چەکدارەکان میوانداریتان دەکەن".

### ٣١ی بەفرانبار

دوا ڕۆژی ساڵ بوو، سارد و تەنیا... لە دۆستێک دەگەڕام... کەس نەبوو... کاکە عەباس لە خانەقینە، کامەران عادل تووشی پەسیو هاتووە، ناتوانێت دەرچێت. مستەفا کەریم بەخدێی خۆی سەری ساڵ لە سلێمانی بەڕێ دەکات.

بە مۆبایل پێوەندیم بە هێمن قەرەداغییەوە کرد، گوتی داوەتی ئاهەنگێکی کەسک و سوور کراوە لە بەغدا. جمانم پێ دا، قاقا خەنییەوە. بیرم لە مەرگ کردەوە... پاشان کەوتمە خوێندنەوەی کتێبێک، ڕۆمانی (کچەی بەخت)ی نووسەرێکی

شیلی بە ناوی ئیزابێل ئەلەندی... دوای بیست لاپەڕەی ورووژێنەر، ساردبوومەوە... چاوانم دەکزێنەوە... بڕیارم دا زوو بنووم... فیراسی کوڕی لەمیعەی خوشکم هات... فیراس گەنجێکی قۆزە، خوێندکاری زانکۆیە، کۆمەڵناسی دەخوێنێت... زیرەک و بیژییە... خۆشم دەوێت، حەز لە زۆرلەخۆکردنەکەی ناکەم... بڕوای وایە بە دوو ساڵ خوێندنی زانکۆ دۆرکهایم و ئەرنەست فیشەر هەزم دەکات... پرسیم: چی تۆی بۆ ئێرە هێنا؟

کتێبی (واعیزەکانی سوڵتان)ی عەلی وەردیی دەویست.

گوتم: لە شوێنێکی ئەم پشێوییەدا هەیە.

سەعاتێکی تەواو گەڕا، نەیدۆزییەوە...

کەوتە گلەییکردن لێم: "چی تۆی بۆ ئێرە هێنا؟ ئەگەر ئێستا لە پاریس بوویتایە، ئەمشەوت لەگەڵ شۆخێکی قژزەردی فڕەنسیدا دەبردەسەر، بیرەی ئەلیزاست هەڵدەدا و لەسەر ئاوازی موزیکی پڕ لە قیژەدا سەمات دەکرد. گەنج دەبوویتەوە، وەک ئەوەی چل ساڵان بیت، ناڵێم بیست ساڵی... لێرە سەری ساڵ لەگەڵ کێ شەونشینی دەکەیت؟".

پێم گوت: "ئەگەر شتێکی ترت نییە، فەرموو بۆ دەرەوە".

گوتی: "خەون بەوەوە دەبینم چاوانم دابخەم و هەڵیانبهێنم، خۆم لە نزیک تاوەری ئیڤڵدا ببینمەوە... هەر ئەوەندەی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنم، هەردووکمان پێکەوە بەرەو ئەوێ دەفڕین... تۆ زمان دەزانی و هەڵبەت پێوەندیی خۆشت هەیە. من خوێندنەکەم لە سۆربۆن تەواو دەکەم، تۆش دەگەڕێیتەوە سەر شێوەکاری".

"فیراس، ئەگەر واز لەم گووخواردنە نەهێنیت و نەڕۆیت، بەم گۆچانە دارکاریت دەکەم".

گۆچانەکەم بۆ هەڵبڕی... "خاڵۆ، بەخوا گاڵتە ناکەم، دەرفەتمان لە بەردەمدایە، لێرە چاوەڕێی چی بکەین؟".

خەریک بوو بڵێم، "مردن".

وەک ئەوی ناو سەرم بخوێنێتەوە، گوتی: "لە مەرگ زیاتر چی هەیە؟".

ڕۆیشت... لە دەرەوە پەیتاپەیتا دەبێتە شەو. لە ژوورەوە ڕووناکییەکان کوژانەوە، تاریکییەکی لێڵ بڵاوبووەوە، دڵی توند دەکرد... لەسەرخۆ دەڕۆیشتم، دەست و قاچەکانم بەملا و بەولادا دەکوتین... کورسییەکم بینییەوە... لەسەری دانیشتم... هەستم بە ئازاری گەدە و لافاوی غەم کرد پەراسووەکانم دەشکێنێت... لەپڕ شتێکم کرد لە یادم نییە لەمێژە نەمکردووە، گریام.

**١٤ی ڕەشەمێی ٢٠٠٥**

عەبدوڵڵای پاسەوانی باڵەخانەکە بە هەناسەبڕکێ و بە دەستی لەرزیوەوە بە پڕتاو هات. هەر لە یەکەم نیگاوە کەسێکی گەمژەش دەیزانی شتێکی خراپ ڕوویداوە و دەترسێت... لێی پرسیم، "گوێت لە دەنگی ئەو تەقانە بوو؟".

گوتم: "نا، چی ڕووی داوە؟".

"ستاری شەربەتفرۆشیان لە نزیک گەراجە ناوخۆییەکە کوشت".

گوتم: "دەترسم ستاری شەربەتفرۆش لە سوپای ئەمریکا ژەنەراڵ بووبێت".

گوتی: "دنیا بە قوڕ گیراوە، تۆش گاڵتە دەکەیت، دوێنێ سەوزەفرۆشێکیان کوشت و هەفتەی ڕابردووش فڕنێکی سەمونی تورکییان لەوبەر ڕووباری خرێسان تەقاندەوە".

"دانیشە عەبدوڵڵا، ئارامبەرەوە... دەبێت قەناعەت بهێنیت ئەمە جەنگە".

"جەنگ لەگەڵ کێ؟".

"لەگەڵ ئێمە".

"ئاخر بۆ؟ چیمان کردووە؟ ئەی ئەوانە کێن خەڵکی دەکوژن؟".

"ئەمە جەنگێکی جیاوازە عەبدوڵڵا... وەکو جەنگی ئێران و جەنگی کوێت نییە".

"تێناگەم".

"چما من تێدەگەم؟ ڕەنگە بمرین و نەشزانین... کەسانێک دەمانکوژن نازانین بۆ، دوور نییە ئەوان خۆیشیان نەزانن بۆچی دەبێت بمانکوژن".

عەبدوڵڵا سەری لەقاند و گوتی:

"ئەوانەی دەکوژن زۆربەیان منداڵن، تەمەنیان پازدەی تێپەڕ نەکردووە... یەکیانم بینی... لادێیی بوو، لە ڕوخساری دەتزانی... لەناکاو دەمانچەیەکی بچووکی ڕاکێشا و لە نزیک گەراجی ناوخۆ تەقەی لە سەری کابرایەک کرد و بەرەو ئەو ترومبێلە غاری دا کەچاوەڕوانی بوو... کەس نایانگرێت... تەنانەت پۆلیسیش هیچ ناکەن".

تێفکریم: "کەسانێک هەن لەشکرێک لە پیاوکوژی بەکرێگیراو ئامادە دەکەن".

ئەمەم بە عەبدوڵڵا نەگوت، کە دەرچوو تەنیا گوتی: "دنیا بە قوڕ گیراوە".

بەڕاستی لەودەمی مەرقەدی هەردوو ئیمامەکەیان لە سامەڕا تەقاندەوە، دنیا بە قوڕ گیرا...

ماڵئاوایی لە ژیان دەکەین پێش ئەوەی بزانین و تێبگەین.

**٥ی خاکەلێوە**

کڕیارێکی سەرزلی لەخۆباییم هەیە چەندێک بمبینیایە، حەزم دەکرد کەچەڵییەکەی بە لمی گەرم بخورێنم... دێوەکانی ناخم دەورووژێنێت... بە لالووتییەوە وەڵامی پرسیارە گەمژەکانی دەدەمەوە، هەندێک جاریش وەڵام نادەمەوە. هەموو جارێکیش کە دێت جوێن بە ڕۆژگاری قەحپە دەدات، چونکە نرخی بلیمەتێکی وەک من نازانێت...

منیش پێی دەڵێم: "گوو"...

سەرە زلە گەورە کەچەڵەکەی دەلەقێنێت و دەڵێت: "ڕاست دەکەیت"، ئیدی دەڕوات. کاتێک دەڕوات غەم دەخۆم... زۆر جار پرسیاری کتێبەیلێکی کۆن دەکات لای من دەستنەدەکەوتن، وەکو کتێبی سیحر و جادووگەریی... هەروەها پرسیاری کتێبی فەیلەسووفگەلێکی دەکرد، بڕوا ناکەم هیچی لەبارەیانەوە زانیبێت، وەکو هیگڵ و شڵنگ و سپینۆزا... کاتێک یەکێک لەم کتێبانەم دەدایێ، گەر هەبوایە، بەو نرخە دەیکڕی، کە بۆم دەستنیشان دەکرد... ناونیشانەکانی لەبەر دەکرد، بڕوا ناکەم بخوێنێتەوە... لە جیهاندا کەس هێندەی ئەو ئەم دەربڕینەی لەسەر نایەتەوە، "بەستەزمان، مایەی بەزەییە".

ئەمڕۆ زۆرم غەم بۆ خوارد، بۆمبێکی چێنراو بۆ کوشتنی بەرپرسێکی حکوومی دانرابوو، پێیدا تەقییەوە و ئەنجنئەنجنی کردبوو... ئەو هاوەڵەم، کە تاسەی دەکەم، لە شوێن و کاتی هەڵەدا بوو. ئاخر بەرپرسە حکوومییەکە لەوێ نەبوو.

**٢٣ی خاکەلێوە**

دکتۆر حەبیبی هاوەڵم شەو بۆ لام هات، جگەرەیەک بە دەمیەوە بوو... منیش پایپم بە دەمەوە بوو، پەرداخێک وێسکیی بلاک لەیبڵ لە بەردەممدا بوو... گوتی: "ئەمە چییە؟".

گوتم: "شکۆیی بۆ سەلامە لووتپانی قاچاخچیی وێسکی".

گوتی: "جگەرە دەکێشیت و دەشخۆیتەوە، ئەمە بۆ تەندروستیت باش نییە".

گوتم: "خۆ تۆش جگەرە دەکێشیت".

گوتی: "من پزیشکم، هەروەها دەتوانم پەرداخێکیش بخۆمەوە". خەنیینەوە.

لەسەر ئاوازی گۆرانییەکانی حوسێن نیعمە و یاس خزر، دکتۆر حەبیب یادەوەرییە کۆنەکانی گێڕانەوە.

**خەرمانان**

گەرمایەکی کوشندە، گەرمایەکی ڕەش، گەرمایەکی سوریالی، دنیا تەندوورێکی گەورەیە... سەربازهەڵگرە زرێپۆشە هەمەڕەکان سەربازەیلێکیان هەڵگرتوون، لەبەر خۆرەکە پێستیان داماڵراوە. سەربازەکان دادەبەزن، لە شەقامکە دابەش دەبن. هەندێکیان خۆیان بە کتێبخانەکەدا دەکەن، قسەم لەگەڵدا ناکەن... هەموو شتێکیان هەڵدەدایەوە... لە کاتی دەرچوونیدا بە سێرجێنتم گوت I am sorry دەوەستێت، بە لامدا وەرسووڕا "لێبوردنی چی؟". دەڵێم "چونکە ئەوی مەبەستتانە لەنێوان کتێبەکاندا نایدۆزنەوە"... تەماشای ئەو کۆمەڵە کتێبانە دەکات، کە لەسەر ڕەفەکانەوە فڕێیان دا و لە گونیەکان دەریانهێنان و بڵاویانکردنەوە... سێرجێنت ساتێک سەری دانەواند و لە مەبەستم گەیشت، گوتی I am sorry.

سکێچی تابلۆیەک لە مێشکمدا بوو، تەواوم کرد... پیرەمێردێک بە نەردەوانێکی باریک بەرەو هەور سەردەکەوێت، گونیەیەکی گەورەی پڕ لە کتێبی بە شانەوەیە... کتێب لە گونیەکە بەردەبێتەوە.

٢٠٠٦/١/١

سالێکی نوێیە... سالێکی تازەی لە خوێن و ترس هەلکێشراو. هەموو سالێک لەم ڕۆژەدا خەمۆکی دامدەگرێت. دوا جەژنی سەری سالێکی ئاسوودەم لەگەڵ جانێتدا بەسەربرد. کاتێک دەرچووین دنیا بەفر و ڕووناکی و موزیک و سەما بوو... لە شانزلیزێ پیاسەمان کرد، هەروەها لەژێر کەوانی سەرکەوتن و لەسەر تاوەری ئیڤڵ. پاشان چووین بۆ ئاهەنگێک، دۆستانمان لە ئەپارتمانێک لە مۆنبارناس سازیان کرد... ئەندرێ و ئیزابێلای کچە هاوەڵە نوێیە ئیسپانییەکەی لەوێ بوون، هەروەها محەمەد منیاوی و کیژە میسرییە هاوەڵەکەی، کە نازی دەدایێ و بە (سێوە)ی گاز دەکرد.

ئێستا ناوە ڕاستەقینەکەیم لە بیر نییە.

من و جانێت لەگەڵ کازیوەی بەیاندا گەڕاینەوە ئەپارتمانەکەم... لە گەرمەی ئەو گەرمییەی لە گیانی پێکەوەلکاوماندا بەرز دەبووەوە، تاکو خۆرابوون نوستین.

ئەمڕۆ من سەرمامە، جومگەکانم و ئێسکی شانم ئازاریان هەیە. بەرلەوەی تیکەکە بۆ دەمم بەرم، جگەرەیەک دەکێشم. شەقامی پزیشکان نیمچە خاڵییە. ئەمڕۆ وەک دوێنێیە، سبەینێش لە ئەمڕۆ جیاوازتر نابێت، مەگەر لە شێوەی تەقینەوەکان و ژمارەی قوربانییەکان.

کامەران عادل پێوەندیی پێوە کردم، تاکو پیرۆزباییم لێ بکات: "هەموو ساڵێک بە خۆشی".

پێم گوت: "تۆش هەر لە خۆشیدا بیت".

ئەو کزییەی لە دەنگیدا بوو، نیگەرانی کردم... پرسیاری ئەوەم لێ کرد داخوا نەخۆش نییە...

گوتی: "من نەساغم، بەڵام بە جەستە نا".

کەچی باسی ئەو لاوازییەی کرد چاوی گرتووەتەوە: "پزیشک دەڵێت، نە بخوێنەوە و نە بنووسە و کەمیش تەماشای تەلەڤزیۆن بکە. پێم گوت، مانای وایە خۆڕادەستکردنی مەرگە، وریای کردمەوە کوێر نەبم".

پاشان باسی ئەوەی کرد شیمانەی ئەوە هەیە خۆی و خانەوادەکەی بۆ سلێمانی بگوێزنەوە... گوتی: "باقوبە وەک خۆی نەماوە مەحمود، دەڵێی شارە دێرینەکەی خۆمان نییە".

فرمێسک بەربینی گرتبووم...

گوتی: "بۆچی قسە ناکەیت... مەحمود، کێ بڕوا دەکات... تۆ دەگرییت؟".

**٥ی پووشپەڕ**

دوێنێشەو، لە بان باڵەخانەکە، لەسەر پێخەفەکەم، خەریک بوو چاوم دەچووە خەو، زەنگی مۆبایلەکە لێی دا... نەمتوانی ناوەکەی ببینم... "بەڵێ"... کامەران عادل. ئەوە دوو مانگە لە سلێمانی نیشتەجێیە. پێشنیازی ئەوەی کرد بۆ چەند ڕۆژێک بێمە لای "تاکو لە قەپێلکە چارەڕەشەکەت دەربچیت. هیچ نەبێت لێرە گوێت لە دەنگی گوللە و نارنجۆک نابێت. مستەفا کەریم پاش هەفتەیەک دێت، لەگەڵیدا وەرە".

## ١٢ی پووشپەڕ

کراسە سەوزە کاڵەکەم لە بەر کرد، ئەوی پێش دوو ڕۆژان کڕیم، لەگەڵ پانتۆڵە زەیتوونییەکەم، کە ساڵی پێشوو کڕیم و لە بەرم نەکردبوو، ئوتووم کردن.

دوێنێ سەر و ڕیشم تاشی و چووم بۆ گەرماوی هەنای نوێ لە چەقی شار و خۆم شوشت...

مستەفا کەریم هات و هاواری کرد: کوڕینە، با بڕۆین.

لە ئۆتۆمبێلە لاندکرۆزە ساڵۆنەکەی بە تەنیشتیەوە سوار بووم و بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ...

بە چوار سەعات دواینیوەڕۆ گەیشتین. لە ناوەڕاستی شار ژوورێکمان لە هۆتێلێک گرت، ناوێکی کوردیی خۆشی هەبوو، ئارین.

دوای ژەمەخواردنی نیوەڕۆ و سەعاتێک پشوودان، سەردانی کامەران عادلمان لەماڵەکەیدا کرد... باوشم لێ دا، وەک ئامێز لە بەشێکی قەشەنگی مێژووەکەم بدەم، گریام. ئەویش فرمێسک بە چاوانیدا هاتنەخوارێ. پێم گوت: "نیو سەدەیە نەگریاوم، تەنانەت بیرم چوو گریان چۆنە. ئێستاش وەکو منالێکی تووڕە و تەنگاوی نەساغ، بە هەر هۆیەکەوە بێت، دەگریم".

گوتی: "بەخێرهاتی مەحمود، نازانیت چەندم پێ خۆشە لەگەڵمدای، تاسەی ڕۆژە جوانەکانمان دەکەم".

بە تەوسەوە لەدوایەوە گوتم: "ڕۆژە جوانەکانمان".

گوتی: "ئەی وا نەبوو؟ ئەی هەستیان پێ ناکەیت و دڵت بۆیان لێنادات؟".

سەرم لەقاند و پرسیاری چاویم کرد... گوتی: "سوودی نییە".

بە ترومبێلەکەی مستەفا کەریم سەرکەوتینە سەر چیای ئەزمڕ... ڕێگە قیرتاوکراوەکە پێچی دەخواردەوە... خێزانەیلێکم دەبینی لەژێر دارەکان دانیشتبوون، خواردنی شێوانیان ئامادە دەکرد... هاتبوون لە قەدپاڵی بڵندی ئەم چیایە، نان بخۆن... دوای خۆرئاوابوون دەتگوت شارەکە کەرنەڤاڵی ڕووناکییە لە خوارەوە تروسکەیان دەهات... دابەزایینە ناوشار و بەرەو باکوور، ڕووە و هاوینەهەواری سەرچنار سەرکەوتین... لەژێر درەختی گوێز و دارەوەن، لە بەردەم دەریاچەیەکی بچووکی دەستکرد، شنەبایەکی خۆشی دەهات، بیرەمان خواردەوە و کەبابمان خوارد... کەبابی گۆشتی مانگا بۆ من و کامەران باش نییە، کەچی هەندێک ڕێگەمان بە خۆمان دا. نیوەی شەو خەو دایگرتم... کامەرانمان گەیاندە ماڵەکەی خۆی و من و مستەفاش گەڕاینەوە هۆتێل.

**١٣ی پووشپەڕ**

کامەران لە سەعات نۆی سپێدەی ڕۆژی داهاتوودا بێداری کردینەوە: "چییە، هاتوون بۆ ئێرە بنوون؟".

پێم گوت: "گاڵتە ناکەم برا، بەڵێ، دوو ساڵە ئاوا بە قووڵی نەنوستووم".

پەراوێز: لە ناوەڕاستی گفتوگۆ و زۆربڵێییەکانماندا لە سەرچنار، کامەران پرسیاری دابەشکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێستای کرد لە باقوبە... مستەفا کەریم، کە خۆی بەڵێندەری دابەشکردن بوو لە هەموو پارێزگەکە، گوتی:

"ئەبو سیروان کام ڕۆژنامە و گۆڤار؟ ڕێگە بۆ بەغدا بە یەکجار ئەمین نییە، کێ بۆمیان بهێنێت؟ دەستگێڕەکانیش

دەترسن بیانفرۆشن، چونکە ئەوان حەرامیان کردووە... پاشان ئێستا کێ دەخوێنێتەوە؟".

**٢٠ی گەلاوێژ**

تەرمەکان لە جادە کەوتوون... بە لێخوڕی تاکسییەکەم گوت: "چ کارەساتێکە؟".

گوتی: "باشە تۆ بۆ دەترسیت؟ گوێ مەدەیێ، ئەمانە کەسانی داواکراون".

گوتم: "بۆ کێ داواکراون؟".

گوتی: "لای موجاهدینەکان".

پاشان نیگایەکی لێڵی تێگرتم و پرسیی:

"ئەگەر داواکراو نییت، مەترسە".

پاشان بە ناشیرینییەوە پێکەنی و گوتی:

"حاجی، تۆ داواکراویت؟".

گوتم: "بەڵێ، بۆ ژنهێنان".

منیش خۆم ناشیرین کرد و نوکتەکەم قۆڕ و بێمانا بوو، کەچی ئەو خەنییەوە...

پرسیم: "جگەرە دەکێشیت؟".

گوتی: "بەڵێ".

گوتم: "بە یارمەتیی خۆت جگەرەیەکم بدەرێ".

بەرەو نەخۆشخانە دەڕۆیشتم، بۆ وەرگرتنی بەشە حەبی پاڵەپەستۆکەم... جگەرەکێشانیش پاڵەپەستۆ بەرز دەکاتەوە...

لێم پرسی: "وۆدی ئالن-ت بیستووە؟".

گوتی: "نا".

گوتم: "باشتر".

گوتی: "کێیە؟".

گوتم: "کەسێکی هەڵەشەیە، لە بازاڕ فەلافل دەفرۆشێت".

گوتی: "ناوێکی نامۆیە".

گوتم: "ئەمریکییە".

گوتی: "چۆن؟ ئەمریکی و لە باقوبە فەلافل دەفرۆشێت؟ چییە، سیخوڕی پەنهانە؟".

"نا، لێرە لە باقوبە نا، بەڵکو لە نیویۆرک".

"تۆ لە کوێ دەیناسیت؟".

گوتم: "نایناسم، برادەرەکەی دەناسم".

گوتی: "کێیە؟".

گوتم: "شۆخیت لەگەڵدا دەکەم... لەم کاتانەدا پێویستمان بە پێکەنینە".

گوتی: "بەڵام پێناکەنیت".

گوتم: "بیرم چوو".

"بیرت چوو پێبکەنیت؟".

"بیرم چوو چۆن پێبکەنم". لە ترومبێلەکە دابەزیم... ئەمەم بۆ عەبدوڵڵای پاسەوانی باڵەخانەکە گێڕایەوە، گوتی: "ناترسیت؟ وا بزانم شۆفێرەکەت لەوانەیە خەڵک سەردەبڕن".

### ١٧ی خەزەڵوەر

لە کونجی ئەم پەرستگەیەم من وەک ڕەبەنێکم ئاگری کوێر هەڵیلووشێت... ڕادیۆکە دەکوژێنمەوە... وازی تەماشاکردنی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنم نییە، تەنانەت خوێندنەوەش... لەسەر جێیەکەم بە نیوەڕاکشاوی چاوانم دادەخەم، هەناسەیەکی قووڵ دەخۆمەوە و لێدەگەڕێم پرسیارەکان وەکو دەریایەکی تاریک شەپۆلەکانی لە پنتێکی دوور لە سەرم بەیەکدا بێن. پرسیارەیلێک کەس ناتوانێت وەڵامی گونجاویان بداتەوە... لێرە

بێزاری دەمکوژێت... بیرۆکەیەکی باشم نییە... لەمێژە ئەو ئەفسانەیەی پێی دەڵێن ئومێد، لەدەستم داوە، حەزیش بە جێهێشتن ناکەم، ئەگەرچی ئارەزووی مانەوەم چکی هێناوە.

جارێکیان، شەوێکی تەواو، بە ڕووتی لەگەڵ ناتاشادا مامەوە، هەستم بە خراپی و بەتاڵی دەکرد... ئەو لە ڕووتبوونەوە جوانەکەیدا وەک پاکەژن (قدیسە) ئارام بوو، بە خەمۆکییەکی ڕوونەوە لە میچەکەی دەڕوانی، لە کاتێکدا من وەکو پیرەمێردێک یادگەی لەدەست دابێت، کوژابوومەوە... بە درێژایی شەوەکە نەنووستین... هەینێ گزنگی بەیان دزەی کردە ژوورەوە، پێم گوت: ترس دەسەڵاتدارە.

ئێستا ناترسم... خۆزگە توانای ترسانم بگەڕایەتەوە... ناتاشا تەنیایی ڕۆحمە... زامە نامۆکەمە.

### ٢٥ی خەزەڵوەر

پێیان گوتم ئەو مرد... کابرایەک زۆر بە سادەیی وای گوت، ژنی فڵانی کوڕی فیسار، کە کچی فڵانی فیسارە، تووشی نەخۆشیی دڵ هاتبوو، دوێنێ مرد... ڕۆحم بۆشاییەکی چۆڵی گەورەیە.

### ٢٩ی خەزەڵوەر

تاکو ئەوسەری شەقامەکە دوای گەنجێک کەوتن، بەر گوللەیان دا... لە چەند ساتێکدا شەقام زراوی چوو... دوکانەکەم دانەخست... ئەمبوڵانس هات و کوڕەی کوژراویان برد... دوای ئەوەی هەموو شتەکان تەواو بووبوون، پۆلیس هات... بۆمبێک، پێدەچێت لە بازاڕی سەوزەفرۆشان، لەپشت مزگەوتی فاروقەوە بووبێت، تەقییەوە... برسیم بوو،

چێشتخانەیەک نابینمەوە نانی شێوانمی لێ بخۆم... لە یەخچاڵەکەی زۆربەی کات کارەبای لێ بڕاوە گەڕام، سێوێکم دۆزییەوە، خەریکبوو بۆگەنی دەکرد. بە نانێکی کۆنەوە لەگەڵ پەرداخێک ویسکیدا خواردم... دوکانم دانەخست... وام پێشبینی کرد ئەمریکییەکان بێن... ئەمریکییەکان هاتن، بە پەیژەکەدا دانەبەزینە کتێبخانەکە... بڕوا ناکەم مەزەندەی ئەوەیان کردبێت شێتێک هەبێت لەم دۆخەدا، کتێبخانەکەی کردبێتەوە... لە شوێنی خۆمەوە نیوەی جەستەیانم دەبینی... لە خوار شانیانەوە تاکو ئەژنۆیان... ئەوەش چەکەکانیانە شۆڕبوونەتەوە... ئەوەش زرێپۆشە سەربازییەکەیانە. ئەویش گرەی موەلیدە بچووکەکەی پشت باڵەخانەکەیە... ئارەزووی خوێندنەوەم نییە. زوو دەنووم.

### ٢٨ی سەرماوەرز

ڕۆژێکی پڕ لە چارەڕەشیی تر... لە بێزاریدا هەوڵم دا دەستپەڕ لێبدەم... هەستم بە بێتوانایی و شەکەتی کرد... تف...

### ١٤ی خەزەڵوەری ٢٠٠٧

دوای ماوەیەک لە دوورکەوتنەوە، دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژانەکانم... کچێک تازە بووەتە هاوەڵم... وا دیارە ئافرەت قەدەرمە... ئەمیان بە پێی خۆی هات... چاوەڕوانی چی لەم بەساڵاچووە دەکەیت، لە قەدپاڵ لەودیوەوە دابەزیوە؟ بە بەهانەی کتێبەوە لە قووڵترین قووڵایی ئاوەڕۆیەکەم بۆ کانییەکە کردەوە... هێشتانەکینێ هەنگوینی ژیان لەوێ دەجووڵێتەوە، بەمەم نەدەزانی، ئەو دەیزانی و شێوازی خۆی

هەبوو... ڕەباب بەرەو تاقیکردنەوەم دەبات/ تاقیکردنەوەی شیرین و تاڵ.

لەودەمی لە سەماهر جودابوومەتەوە، لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا ڕامنەبواردووە، تەنانەت بە هێزی تەواوەوە حەزم بە ئافرەت نییە. گونجا بۆم ئەو پەڕەیەم پێچایەوە و تاکو تەمەنیش مابێت بەتەمای کەسێکی تر نیم. سەماهر گڕکانی هەڵەشەیی و شاوەت بوو. جنۆکەکانی ناخمی بێدار کردەوە.

دوای سێ ساڵان لە پێوەندییەکی سەیری گەرمدا، پێم گوت: "نامەوێت زوڵمت لێ بکەم، ژیان لە بەردەمتدا کراوەیە، بە پێچەوانەی من، من بوونەوەرێکی وێرانم، بڕۆ ئایندەی خۆت ببینە".

ئەو ڕەتی کردەوە و منیش مکوڕبووم، پاشان قایلبوو، وا بزانم کەسێکی تر نەک من، قەناعەتی پێ هێنا... شووی کرد، منیش ئاهێکم بەبەردا هاتەوە.

ئا ئەوەتانێ ڕەباب لە دەرکەم دەدات، نەک هەر دەرکەیەک... بەڵکو دەرگەی چاک ئاودراو و پاراو. لە شەست ساڵدا تیامدا چی پڕ ئاو بوو، چکم پێ هاورد، چاوەڕێی چی لەم جەستە پیرەم دەکەیت؟

گوتی: "هاتووم ئەو لاوە بەندکراوەی ناخت دەربێنم. گڕکانی تەڕوپاراوی. تۆ ئەو کوڕەلاوەی هەرگیز پیر نابێت".

گوتم: "چ شەیتانێکی سووک و بێنرخ فریوی داویت و لەم وەرزی مەرگەدا بۆ لای منی ناردوویت؟".

گوتی: "بەڵکو ئەوە ڕەحمانە".

سەرکێشیی کرد، ڕەنگە پشتی بە ڕاستییەک بەستبێت، کەس بڕوا ناکات پێوەندییەکە پاک و بێگوناه بێت، لەنێوان ئەم

پیرەڕێوییە و ئەو بەچکەئاسکە بەتیرپێکراوەی لەژێر جبەیەکی ڕەنگ کاڵدا خۆی حەشارداوە.

لە دڵی خۆمدا گوتم، بڕوانن هاوڕێ پیرە مەزنە دڵباشەکەم، کە لە تەختی ئاسمان دایکوتاوە، چی بۆ ناردووم؟ ئەوەم پێ گوت کە ئەو ڕۆژەی بە سەماهرم گوت و هانم دا وازم لێ بهێنێت...

گوتی: "من لە ناخمەوە چ ئاماژەیەکم بۆ بێت، ئەوە دەکەم، دوای دڵم دەکەوم".

ناولەپیم ڕامووسی، ئەویش لێوی ماچ کردم، هاواری کرد: "لە ئامێزم بگرە".

باوەشم لێ دا... چ وەڵەدێک وەک پەرجوو، قەدباریکی پێکراو، لەژێر جبە ڕەنگکاڵەکەیدا خۆی حەشارداوە.

**سەرماوەرز**

قسە لەسەر ئەوین دەکەم، لە کاتێکدا شار بە بۆنی خوێن و ترس هەناسەی لەبەر بڕاوە...

ڕەباب ڕای وایە خۆشەویستی شکست بە خراپەکاری دەهێنێت... ڕەباب ڕۆمانسییە... پێی گوتم:

"تۆ زیاد لە پێویست واقعییت، هەموو شتێک بە ڕاستە دەپێویت".

گوتم: "من وا نیم".

گوتی: "بەڵێ، بەڵام بڕوا مەکە هەموو شتێک لە ساتێکدا بگۆڕێت".

پێم گوت: "عەبدوڵڵا دەڵێت، باقوبە دواهەمین شارە لە وڵاتدا ڕەوشەکەی سەقامگیر ببێت".

پرسیی: "عەبدوڵڵا کێیە؟".

گوتم: "برادەرمە".

**٢٢ی ڕێبەندان**

بارانێکی بەخوڕە... تەماشای فیلمی سەعاتەکانی میریل ستریپم کرد... خەریک بوو لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی (مەیخانەی پشیلە ڕەشەکە)ی نەجیب مەحفوز دەبوومەوە... پێشتر ئەم کۆمەڵەچیرۆکەم نەخوێندبووەوە... هەندێک لە چیرۆکەکانی نەجیب مەحفوز زۆر لە ڕۆمانەکانی جوانتر و داهێنانەترن... ئەمە ڕای منە...

ڕەباب بێ ئەوەی پێم بڵێت، پێش ڕۆژئاوابوون بەو سەرماوسۆڵ و باوبۆرانە هات. لە بەیانییەوە یەکەمین کەس بوو بێتە کتێبخانەکەم... گوتی: "ئەمشەو لات دەمێنمەوە".

ڕاچڵەکیم: "چۆن؟".

وەکو ماشێر ڕاپەڕی، دەرگەکەی داگرت... ڕەباب شێتە...

**٢٥ی بەفرانبار**

ئەمڕۆ دکتۆر حەبیب بە دڵوەستان مرد... هەواڵەکە وەک هەورەتریشقە بەرمکەوت... پایپەکەم پڕ لە تووتن کرد و نیو قاپ وێسکیم هەڵدا... هیچ شتێک بایەخی نییە... ویستم بگریم... نەمتوانی...

**٢٩ی ڕەشەمێ**

ساڵێکی پڕە (**کبیسە**). تەنیا چوار ساڵ جارێک ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی دەگێڕێت. دەبێت ئەمساڵ ئاهەنگ بگێڕێت؟ لە ساڵی ١٩٨٨دا بۆ دواهەمین جار لەگەڵمدا ئاهەنگی گێڕا... تەنیا هەردووکمان بووین، کێکێکی قەبارە مامناوەندیمان کڕی... گوێمان لە موزیکی شۆبەرت و مۆزارت گرت... لەسەر ئاوازی گۆرانییەکی عەرەبی سەمای کرد، پێدەچێ گۆرانیی

(فکرونی)ی ئوم کەلسوم، یاخود گۆرانییەکی نەجات سەغیرە بووبێت... ڕیتمەکەی خاو و جەستەی لەگەڵ لاساییکردنەوەیەکی پێکەنینهێنەرانەی سەمای ڕۆژهەڵاتیدا لار دەبووەوە.

پاشان کاسێتێکی موزیکی نوێی سەماکردنی خستە ڕیکۆردەرەکەوە... بە لەشسووکی و شۆخییەوە کەوتە سەماکردن...

گوتی: "دەزانی مانای چییە ئافرەتێک لەبەر خاتری پیاوێک سەما بکات، لەم زمانە دەگەیت؟".

وا بزانم ئێستا تێدەگەم... لەو کاتەدا پێم گوت: "تێدەگەم".

درۆم دەکرد. جانێتیش دەیزانی درۆ دەکەم.

**١٠ی خاکەلێوە**

یەکەمین کڕیار ئەم بەیانییە خۆی بە کتێبخانەکەدا کرد، کیژێک بوو، خوێندکاری زانکۆ بوو، پرسیاری کتێبی ڕەخنەیی کرد، باس لە شیعری بەدر شاکر سەییاب بکات، ڕاسپێردراوە توێژینەوەی دەرچوونی لەبارەی ئەوەوە بێت... کچە وەک ئاوازێکی نەرم و بەسۆز درەنگانی شەو گوێی لێ بگریت، وا بوو... جوانییەکەی لەو جۆرە بوو وای لێ دەکردیت چاوانت دابخەیت و خەون ببینیت.

ئەگەر هاوسەرگیریم بکردایەو نیو دەرزەن کچم ببوایە، ئەوا ئێستا لە تەمەنی کچە بچووکەکەم دەبوو... ئەم جوانییە شادیم پێ دەبەخشێت، حەز ناکەم هەمبێت و بەری بکەوم. ئەوەندە بەسە بە سەرسامی بە چاوی منداڵێک یەکەمین جار پەپووسلێمانکەیەک لەسەر پەرژینی باخچەی ماڵەکەیاندا ببینێت، لێی دەڕوانم.

**جۆزەردان**

وێڕای هەندێک تەقینەوە، ڕەوشەکە بەرەو باشتر دەڕۆیشت... دوو ساڵ مژووڵی کوشتنی یەکدی بووین، ئەمریکییەکانیش تەماشایان دەکرد... عەبدوڵڵای پاسەوانی باڵەخانەکە پێی گوتم: "ئەوان هەڵیانگیرساند"... "کێ عەبدوڵڵا؟".

سەیری ڕەفی کتێبەکانی کرد و گوتی: "مامۆستا، ئەم هەموو کتێبانەت خوێندوونەتەوە و نازانیت کێ هەڵیگیرساندووە؟".

**١٧ی پووشپەڕ**

دنیا گەرمە... جیهان شێتییە... ژیار، ئەم کەڵەکەبووە بریقەدارەیە لە دڵڕەقی و گومڕایی.

**ڕێبەندانی ٢٠٠٩**

ئەم یادەوەرییانەی بڕواناکەم کەس بیانخوێنێتەوە، چ سوودێکیان هەیە؟... پاشان بۆچی بیانخوێننەوە؟ چیی تێدایە؟ ئاخر من کێم تاکو ڕۆژانەکانی خۆم بنووسمەوە! چی شتێک لە ژیانمدا هەیە وا لەوانی تر بکات بیخوێننەوە! بە مۆبایل قسەم لەگەڵ کامەران عادلدا کرد:

"ئێمە تەنانەت بەشداریش نیین لەوەی ڕوو دەدات".

گوتی: "ئێمە قوربانی و شایەدحاڵین".

قوربانیی بەڵێ، بەڵام شایەد لە چ دادگەیەک... قسەی قۆڕ... دەوەستم.

...

...

چارەکێک لەوەی مەحمود مەرزوق نووسیبووی لامبرد و نەمخستە ناو ئەم کتێبەوە، ئەوی پێوەندیی بە کەسانی ناسراوەوە هەیە و بە شێوەی گاڵتەجاڕی قسەیان هەمبەر دەکات... ئەوی وردەکاریی پێوەندییە دۆستانەکانی دەگێڕێتەوە... ئەوی وەک وتار بنووسێت، ئاوا درێژەی پێ دەدات... هەروەها هەندێک وردەکاریی جاڕسکەر، لەگەڵ ڕەنگدانەوەکانی، کە وا دیارە بە سەرخۆشی نووسیونی... هەندێک بڕگەش هەن بەخۆی سڕیویانییەتەوە، گەلێکیان دەخوێنرێنەوە، لێ بەخۆم نەمویست بیاننووسمەوە، مادامەکی خۆی قەناعەتی پێیان نییە. لێ ئەوی لەم یادەوەرییانەدا مایەی سەرنجدانە، ئەو لاپەڕە بەتاڵ و وازلێهێنراوانەی ئێرە و ئەوێن... وا پێدەچێ بۆیە لێگەڕابێت، تاکو دواتر پڕیان بکاتەوە، کەچی نەیکردووە... لە بیری چووە، یاخود بایەخیان لەدەست داوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر.

# بەشی چوارەم

دوای کەمتر لە سەعاتێک سامی ڕەفاعی وەڵامی ئیمەیڵەکەی دامەوە...

"مامۆستا ماجد بەغدادی، سڵاوی گەرم... چەند چاوەڕوانی ئەم ساتە بووم، نووسەرێکی کارامەی عێراقی دەرکەوێت و لەبارەی دۆستی کۆچکردووم هونەرمەند مەحمود مەرزوقەوە بنووسێت. هەر دەڵێی لە خەونێکی خۆشدام. ئەی ئەو هاوەڵەی نووسینەکانی بەدڵمن و ئومێدەوارم بیبینم، ددانی پێدا دەنێم بارێکی قورست لەسەر شانم لادا. ماوەیەکی زۆرە ئاواتی ئەوەم دەخواست کاتم بۆ بڕەخسێت و حەزی بەتینم پاڵنەرم بێت کتێبێک لەبارەی مەرزوقەوە بنووسم. دوای بیستنی هەواڵی شەهیدبوونەکەی، وتارێکم بۆ مەرگی ئەو نووسی. بەردەوام هەستم بە تاوان دەکرد، چونکە دەستپێشکەری ناکەم شتێکی لەبارەوە بنووسم لە بازنەی لەبیرچوونەوەی دەربهێنێت. کات گەمارۆی داوم، تەندروستیشم دەمنادەمە، جگە لەوەی من نووسەرێک نیم وەک جەنابت تەرخان بم، من شێوەکارم، جیهانی من جیهانی شێوەکارییە. ئەوەتانێ تۆ لەبری من ئەم کارە ئەنجام دەدەیت. لەبەر ئەمە هەست بە

دڵگەرمی دەکەم و ڕایدەگەیەنم ئامادەم بەو شێوەیەی تۆ دەتەوێت، یارمەتیت بدەم... ئەوپەڕی خۆشەویستیم".

**هەنگاوی دواتر کۆمەڵێک وتووێژی نێوان من و ڕەفاعی بوو، بە ئینتەرنێت:**

**وتووێژی یەکەم:**

سامی: وێنەکانیشت بۆ دەنێرم... هەندێک لەو وێنانەی ئیلهامبەخشن.

ماجد: سوپاس بۆ تۆ...

سامی: مخابن گشت وێنەکانم لەگەڵ خۆدا بۆ هۆڵەندا نەهێناون... بەڵام ئەوانی لای من سوودیان لێ دەبینیت.

ماجد: ڕێگەیەک نییە لێرە لە باقوبە بگەم پێیان؟

سامی: ئەمسەر و ئەوسەری زۆرمان کرد لەنێوان باقوبە، عەمان، دیمەشق و پاشان ئەورووپا. لە هەر شوێنێکیش هەندێک لە شتومەک و جانتاکانمان ون کردن...

لە سوودی گەڕانەکە دڵنیا نیم. پێم گوتی پێنج شەش وێنەت بۆ دەنێرم، ئەگەر بە وردی و هەستێکی هونەرییەوە بیانخوێنیتەوە، کەڵکیان دەبێت.

ماجد: هەندێک لە وێنەکانیم لای مستەفا کەریم بینی... لە سلڤادۆر دالی دەچێت.

سامی: ڕقی لە دالی بوو... ڕقی دەبووەوە یەکێک وای پێ بگوتبایە.

ماجد: ئەی ئەنشتاین؟ کاردانەوەی چی دەبوو گەر بە ئەنشتاینت بچواندبایە؟

سامی: لە کاتی وادا گاڵتەی دەهات و جوێنی دەدا... ئەو لە دالی نزیکتر بوو کاتێک لووت و چەناگەی هەڵدەبڕی... کەس نەیگوت پتر لە یوسف وەهبیی ئەکتەری میسری دەکات... وا

بزانم زیاتر لە وەهبیی دەکرد وەک لە دالی و ئەنشتاین. هەڵبەت بە سمێڵێکەوە دەمی داپۆشیبێت، لەگەڵ قژێکی شانەکراو بۆ دواوە تاکو سەرشان.

ماجد: ئەمەت پێ گوت؟

سامی: تاقە جارێک ئەمەم پێ گوت، توورە بوو... گوتی: من تەنیا لە خۆم دەچم. ئەگەر ئاوەزی ناتەواو و گەمژەتان وێنای ئەم بۆگەنی و بێمانایيە دەکات، ئەوا من ڕەتی دەکەمەوە... ئێمە بەم وەسف و جوێنانەی مەبەستی نەبوو، ڕاهاتبووین. ئاخر ئەو لە ڕقنەکان نەبوو... ئەو سەرزەنشتی خۆی دەکرد و بە خراپتر لەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا دەیکرد، وەسفی خۆی دەکرد.

ماجد: ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەدایت هەندێک لە وێنەکانی و وێنەی تابلۆکانی بخەینە کتێبەکەوە؟

سامی: ئەگەر کتێبەکەت کردە ڕۆمان، ئەوا نەخێر... ئەمە ئەو کات دەگونجێت گەر لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسیت، ژیننامە. ئەوکات دەتوانیت هەندێک وێنەی گوزارشتکەر و ڕوون هەڵبژێریت.

ماجد: حەزم کرد شتێکی لەبارەوە بنووسیت... گەواهیدانی تۆ گرنگە... تۆ شتەیلێکی هەمبەر دەزانیت ڕەنگە ئەوانی تر نەیزانن. منیش بەڕاستی بایی ئەوەندەم لەسەر کۆنەکردووەتەوە. هەر زانیارییەکی نوێ سوودی دەبێت...

سامی: هەندێک زانیاری هەن، ئەوان دەیزانن ڕەنگە پێتی نەڵێن، چونکە بە لایانەوە جێی بایەخ نین.

ماجد: وەکو...

سامی: هەمیشە پایپ بە لێویەوە بوو. تەنانەت ئەگەر توونتنەکەشی بێ ئاگر بوایە. بەتایبەت ئەودەمی نیگاری دەکێشا... داخۆ لاسایی پیکاسۆی دەکردەوە، یان فایەق

حەسەن؟ حەزی لە شەرابی بلەنکۆ و بەلەک بوو... هاوینان کاتێک لەبەر خۆر ڕێی دەکرد، شەپقەی مەکسیکیی لە سەر دەکرد، زستانیش کڵاوی فەرووی ڕووسی، ئەودەمی لە کتێبخانەکەی دەهاتە دەرێ و هەندێک جاریش لە ژوورەوە... ئەوکاتی کوژرا کڵاوی ڕووسیی لە سەر بوو...

(دوای ئەوە کاتێک لەو بارەیەوە تەلەفۆنم بۆ مستەفا کەریم کرد، ئەوەی پشتڕاست کردەوە، مەرزوق ساتی کوشتنەکەی دەستکێشی چەرمینی لە دەست و ملپێچی خوریی لە ملدا بوو... ئەمەش بە هۆی ئازارکێشانیەوە بەدەست بەرایی ڕۆماتیزم و ترسی لە تووشبوونی بە ئەنفلۆنزا).

ماجد: کەس ئەمەی پێ نەگوتووم. بەڵام لە ڕۆژانەییەکانی ئاماژە بەمە هەیە، هەروەها من پایپ و کڵاوەکانیم لە شوێنی نیشتەجێبوونی، مەبەستم کتێبخانەکەیەتی، دۆزییەوە.

سامی: منیش وا دەڵێم، کەچی بە شتەیلی گرنگی دانانێن.

ماجد: تۆ بە سەلیقەی هونەرمەندێک حەز بە وردەکاری بکات، بایەخیان پێ دەدەی.

سامی: چەندێک کاتم دەدەیتێ، مەبەستم نووسینی بابەتەکەیە.

ماجد: وا بزانم یەک مانگ بۆ هەردووکمان باشە.

سامی: ئۆکەی، ئەی چۆن لەگەڵ نووسینەکەمدا مامەڵە دەکەیت؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا کورتەی وەردەگریت، یاخۆ سەرلەنوێ دەینووسیتەوە، یان وەکو خۆی دەیهێڵیتەوە؟

ماجد: هێشتا بڕیارم نەداوە... بابەتەکە بنێرە بزانم چۆن دەبێت... بیرۆکەیەکم لەبارەی شێوەی کۆتایی کتێبەکەوە نییە، هێشتانەکینێ لە قۆناغی کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و زانیاری و نووسینی تێبینییەکانم.

**ئەو وێنانەی سامی ڕەفاعی ناردنی:**

سەرلەبەیانی لە فەیسبووکەکەم دە وێنەم لە بەشی نامە تایبەتەکاندا بینییەوە... دە وێنە سافی ڕەفاعی بێ هیچ کۆمێنتێک ناردبوونی... لاپرەسەنییەکەم وای لێ کردم بیانکەمەوە و لە فایلێکی تایبەت لەسەر دیسکتۆپی لاپتۆپەکەم دایانبنێم و پێش ئەوەی نانی بەیانیم بخۆم و دەستبەکار بم، کەمێک لێیان ڕادەمێنم... بەرنامەم دەگۆڕم، بە چوونە ناو فەزای ئەم وێنانە و قووڵاییەکانیانەوە دەست پێ دەکەم... وێنەگەلێک وا دیارە ڕەفاعی بە ئاگایی و ژیرییەوە هەڵیبژاردوون، یاخود با بڵێین بە مەزەندەی هونەرمەندێکی پڕ لە ڕۆشنبیریی وێنە، لە ئاماژەکانی بگات و بزانێت لە جێڕەوتی کتێبەکەمدا چی دەگەیەنێت.

**وێنەی ١:**

ڕەش و سپییە... مەرزوق لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە، کەمێک بەرەو سەرێ نیگای لە چاوی کامێراکە وەرگێڕاوە، وەک لە لوتکەی چیایەکی دوور ڕامابێت، یاخود پۆپەی دارگوێزێکی نزیک... لەدوایەوە جگە لە ئاسمان، هیچ دەرنەکەوتووە (دەڵێی سپی و لێڵە) وێنەگرەکە لە خواریەوە وەستاوە... لە هاوینەهەوارێکە لەوە دەکات کوردستانی عێراق بێت لە سەرەتای شەستەکاندا... وا دیار دەدات دڵخۆش و بیر ئاسوودە بێت... وا دێتە بەرچاوم ڕووناکی و ڕەنگ و وێنەکان هەڵمژێت، ئەوە دەنوێنێت کە دەیبینێت، پێش ئەوەی تەنیا خۆی بێت، تاکو وێنە بکێشێت... ئەگەر نەمناسیبایە چما دەمگوت نیگای هونەرمەندە بۆ سروشت؟ وا بزانم بەڵێ... چاوانی بە

ڕوونی نابینم، بەڵام سوێند دەخۆم بە خۆشییەوە تریسکەیان دێت... ئەم پیاوە ئاشقی سروشت و خودان خەونی گەورەیە.

**وێنەی ٢:**

وەکو ئەوەی پێشوو ڕەش و سپییە. وا بزانم هەمان کات و شوێنە. مەرزوق لەسەر سک لەسەر چیمەنەکە ڕاکشاوە، لە دەفتەرێک خەریکی نیگارکێشییە. قۆڵەکانی کراسەکەی هەڵکێشابوو. کاکۆڵی قژە درێژەکەی تەوێڵی دوولەت کردبوو و نیشتبووە سەر لووتی... لەپشتییەوە دارگوێز و دارەوەنە بەرزەکان و پەرژینە دارینە نزمەکە بەدەردەکەوتن. باخچەیەکی سروشتی، جێدەستی ناسکی بنیادەمی پێوە دیاربوو، هەموو شتەکان بە شادییەوە خۆیان لە ڕووناکیی ڕۆژەکە هەڵدەسوو... ئەوی دەیبینی وای بۆ دەچوو دەستی بە خامە ڕەساسی نیگارکێشەکە دەمودەست بەرلەوەی کاکۆڵەقژەکە بەرەو سەرێ هەڵداتەوە، خولی خۆی تەواو دەکات... ناکرێت ئەو دۆخە دروستکراو بێت... دەبێت لەناکاو وێنەگرەکە وێنەکەی چرکاندبێت. ئەو هونەرمەندێکی ئیمپرێشنیستە (**انطباعی**) لە ڕەوشێکی نموونەییدا، ئەگەر لەپشت ستاندەکەوە فڵچەبەدەست وەکو مانێ و سیزان نەوەستابێت...

**وێنەی٣:**

لە باخێک لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجدا... وێنەکە تەواوکەری ئەو وێنەیەیە مستەفا کەریم نیشانی دام. هەندێک تەڵخ بوو، وا بزانم دەمەوئێوارە بوو. دانیشتنەکە لەژێر دارخورمایەلێکدایە، تەنیا قەدیان دیارە لەگەڵ دوو دارپرتەقاڵ و دارهەنارێک...

درەختەکان پەلیان هاویشتبوو و بەریان گرتبوو، کەواتە ئێمە لە وەرزی پایزداین، ئەودەمی هەنار پێدەگات... مەرزوق لە ناوەڕاستی دەستەیەکە، دوان لای ڕاستی و سیان لای چەپی بۆ وێنەگرتن بە ڕیز دانیشتوون.

دوای ئەوە دەگەڕێنەوە سەر دانیشتنە بازنەییەکەیان بە دەوری خواردنەوە و خواردنەکانیان. یەکیان دەست دەخاتە سەر شان مەرزوق... هەموان بزەخەنە گرتوونی.

**وێنەی ٤:**

ڕەنگـاوڕەنگە... زەرد و قـاوەیی زیـاترن... لە بەرەبەیـانێکی ناسـکدا لە ڕۆخـی ڕووبارێـکدا ڕێ دەکـات. پـاڵتۆیەکی قـاوەیی یەخەکـوڵکن لەگەڵ کڵاوێکـی ڕووسـی. دەسـتەکانی لە گیرفـانی پاڵتۆکەیدان. ڕووبـارەکە و ئەوی لەدواوەیەتـی کەمێـک لـێڵن، بە ڕەنگی لیمۆیی کاڵەوە، وەک ئامێزی لە سـەرەتای هەڵهاتنـدابێت. لە دڵـی خۆمـدا پرسـیاری ئەوەم کـرد، دەبێـت وێنەگـرەکە کـێ بێت، هـاوەڵی کـوڕە، یـاخود کـچ؟ پێدەچێ ناتاشـا، یـان جانێـت بێت، یا هەر کیژێکی تر...

**وێنەی ٥:**

لای کەناری ڕووبارەکە کچێک بەتەنیشتییەوە وەستاوە، ڕەنگە ناتاشا بێت... ئەم گرتەیە وەکو من بزانم لە چیکۆسلۆڤاکیایە... لەپێناو ئەم گرتەیەدا کامێراکەیان داوەتە دەست ڕێبوارێکەوە، پیرەژنێکی تەنیا ڕەنگە زوو لە ماڵ دەرچووبێت، تاکو هەوایەک هەڵمژێت... کەواتە ناتاشا وێنەکەی پێشووی گرتووە... وێنەکە سەرەڕای ئەوەی ڕەنگاوڕەنگ بوو، کەچی زۆر ڕوون نەبوو... بەڵام دەتوانم سیمای ئافرەتەکە

بەدی بکەم... پێستکاڵ، کەپووبچووک، چاوانی ئارام، لێوی ئاڵۆش و ملی درێژ... گەلێک لە مەرزوقی دۆستی لاوازترە... بە پێچەوانەی ئەمەوە، جەستەی توندە... ئەمیش کەمێک شل و خاو بەدەردەکەوت... زەردەخەنەکەی گەش و ناسک، بە لایەکی لێوی بە تەوسێکی سووکەوە گیربووە... ئەو خۆشی وەردەگرێت... ئەم نیوە دڵخۆشە.

**وێنەی ٦:**

هەمان شوێن، هەمان کامێرا، هەمان ڕەنگ.

ئەم بە شۆرتی مەلەوانەوەیە، ئەویش بە پەکینیی ڕەشەوە، یاخود وەنەوشەیی تێر... لەودەمی دەچنە ڕووبارەکەوە، بەدەم پێکەنینەوە ئاوڕیان لە کامێراکە داوەتەوە. ڕووبارەکە بە شەپۆلە وردەکانیەوە بەرینە. ئاخۆ دانوبە یا ئیلبە یان مۆراڤا؟ یاخود ڕووبارێکی دی لە وڵاتێکی تر؟ شەپۆلەکە پووزیانی شاردبووەوە، جوانیی ڕانی ناتاشا و پڕییەکەیانی دەردەخست... ئەم ورگی بچووک، لە کاتێکدا سکی ئەو لاواز و ناوکی تیشکۆیەکی ڕەشە، وەک لەوێوە تیشک بتەقێتەوە و دەوروبەری ڕۆشن بکاتەوە... ئەم سینگی تووکن، ئەو مەمکۆڵانی پڕ و توند... لە پشتیانەوە بەلەمێکی بچووک و تیتلەکناچانیش بە ئاسمانەوە دەبینران.

ئەم وێنەیە خۆشیی دەخستە دڵەوە، تەماشاکەر ناتوانێت بێ ویستی خۆی نەخەنێتەوە و بەشداریی پێکەنینەکەیان نەکات.

**وێنەی ٧:**

لە گۆشەیەکی پێشبینینەکراوەوە گیراوە. وەک وێنەگرەکە لەسەر لقی بۆ نموونە دارتوویەک دانیشتبێت... ڕەنگە مەرزوق گۆشەنیگایەکی دی تاقی بکاتەوە بکرێت پاشان لە نیگارکێشاندا سوودی لێ ببینێت...

لە چیمەنێک، لە جێگەیەکی دیارینەکراوی جیهان، ئەو دەڵێی خەریکە لە شەقەی باڵ بدات... بایەکە گیاکان دێنێ و دەبات... بڵاوەی بە قژە درێژ و ڕیش و سمێڵە ئەستوورە ئەنشتاینییەکەی کردووە. دەڵێی تازە لە خەو بێدار بووەتەوە و هێشتا دەموچاوی نەشوشتووە. ملیوانی کراسە زەیتوونییەکەی هەڵگەڕاوەتەوە، بەرەو خوار بە لای شانی ڕاستیدا نووشتاوەتەوە، وێنەگرەکەش بێئاگایەی لەوە.

ڕەنگە هەر وێنەگر لەوێ نەبێت... کامێراکەی لەسەر ستاندێک دانابێت، یاخود بە لقەدارێکەوە بەستیویەتی و ناویەتییەوە و بایەخی بە دیمەنی نەدابێت... پێش ئەوە تەماشای ئاوێنەی نەکردووە... بیرم کردەوە، چی وای لێ کردووە بەو بەیانییە زووە بەو شێوەیە وێنەی خۆی بگرێت... ڕەنگە وازێکی تیژتێپەڕ بووبێت.

**وێنەی٨:**

وەکو پاڵەوانی فیلمێکی کاوبۆی هۆلیوودی... شەپقەیەکی ئەمریکیی لێوار هەڵگەڕاوی بە سەرەوە و کراسێکی ڕەشی قۆپچە کراوە تاکو سەرسینگی لە بەر دایە. سینگی تووکن و پانە. ئافرەتێکی بەلەباریکەلەی بەتەنیشتەوەیە... دەڵێی لە گوندێکن وەک ئەو گوندەی فلۆبێر لە ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)دا باسی دەکات... جلی ئافرەتەکە ئاسمانیی پڕ لە گوڵی سپییە،

دوگمەی سینەی داخراوە، دوو مەمکی قوت دەرپەڕیون، لای ناوقەدی توند کردووە و خوارەوەش هەڵساوە... کاسکێتی یاریزانی تێنسی لە سەردایە، سێبەری خستووەتە سەر ڕوخساری، ئەمەش لە گرتەکەدا ناڕێکە... وا دێتە بەرچاوم، قەشەنگە، ئاڵۆش و بە نازە.

**وێنەی ٩:**

لەنێوان دوو ئافرەت و دوو پیاوە... پێنج کەس لە ڕیزێکدا وەستاون... خەمبارییەک بە نیگایەوە دیارە، وەک ماڵئاوایی لەو شوێنە بکات کە هۆگری بووە، لە چاوانیاندا نیانییەکی خەمناک بۆ کەسێک ماڵئاوایی لێ بکەن، بەدی دەکرێت، دەزانن بۆشاییەکی ماندووکەر جێدەهێڵێت، کاتێک لێیان دووردەکەوێتەوە.

شتێک لە ئاسمان دیار نادات، باکگراوندەکەیشی دیواری بڵندی ماڵێکە... گریمانەی ئەوە دەکەم ئاسمان هەورینە و خەریکە باران دەبارێت.

**وێنەی ١٠:**

لە گۆڕەپانێک لە پاریس، بەنێوان پۆلێک باڵندەدا دەڕوات... باڵندەیەکی سپی لەپشت سەریەوە باڵەکانی کردوونەتەوە، خەریکە لەسەر شانی دەنیشێتەوە... کۆترێکی سپی هەر دەڵێی فریشتەیە. ئەویش وەک ئەوەی سەیری هاتبێت لە کاتی ڕۆیشتنەکەیدا وێنەی بگرن، زەردەخەنەیەکی بە ڕوویەوە نەخشاندووە... پاڵتۆ ڕەشە خورییەکەی یەخەی بەرزە و نیوەی ڕانی داپۆشیوە، جانتا ڕەشەکەی کە بە دەستی ڕاستیەوەیە وەکو پیاوێکی جیا دەریخستووە، لەوە دەکات پەلەی کۆبوونەوەیەکی گرنگی بێت.

**دەمەتەقێی ٢:**

ماجد: سوپاس مامۆستا سامی... هەڵبژاردنت بۆ وێنەکان لەجێی خۆیدا بوو.

سامی: حەزت لە سوپرایزێکی تر هەیە؟

ماجد: بۆ نا؟ مەراقت پێ کردم... چییە؟

سامی: دوێنێ لە کۆمپیوتەرەکەمدا فایلێکم لەسەر تابلۆی برادەران دۆزییەوە... وێنەی چوار تابلۆی ئەوی تێدا بوو.

ماجد: جوانە... ئەگەر ئێستا لەلات بوومایە، ماچم دەکردیت.

سامی: هەهەهەهەهە... ماچەکەت گەیشت... سوپاس... دواتر بۆ ئیمێڵەکەتیان دەنێرم.

ماجد: هەهەهەهەهەهە... شتێکم لەسەر ئەوەی دەتەوێت لەبارەیەوە بینووسیت، بە مێشکدا هات.

سامی: بیڵێ.

ماجد: بڕوا ناکەم شتێکی وا لەسەر قۆناغی ئەورووپای بزانیت...

سامی: هەر هیچی وا لەبارەیەوە نازانم... دوای گەڕانەوەی بێدەنگ بوو.

ماجد: کەسی لەگەڵدا نەبوو، تاکو گەواهی لەسەر ئەوی لەوێ بەسەریدا هات، باس بکات. مخابن، تاکو ئێستا نووسینێکم نەبینییەوە لەبارەی ئەوێوەی نووسیبێت، تەنیا هەندێک ئاماژە نەبن لە ڕۆژانەییەکانیدا.

سامی: بەڕاستی وایە.

ماجد: سەبارەت بە پاش گەڕانەوەی لە پاریس ڕۆژانەییەکانیم دەستکەوت، هەرچەندە کەمە، تێیدا ئاماژە بە ڕووداو و بوویەرەکان دەکات لە ساتی هاتنەناوەوەی

ئەمریکییەکانەوە بۆ بەغدا و ڕووخانی پەیکەرەکە. جگە لە چیرۆکەیلێکی زۆر لە ناسیاوەکانیەوە سەبارەت بەم قۆناغە بیستوومن.

سامی: کەواتە...؟

ماجد: قۆناغێکی پەنهانی تر هەیە، ئەویش قۆناغی پێش گەشتەکەیەتی بۆ ئەورووپا... ئەوکات دەتناسی...

سامی: دە ساڵ لە من گەورەترە.

ماجد: دەزانم، بەڵام تۆ بە حوکمی ئینتیمای فیکری و بایەخی داهێنانت، لێیەوە نزیک بوویت، دەڵێن مامۆستاتە...

سامی: هەمیشە وام گوتووە...

ماجد: چەندێک دڵگیرە گەر هەردووکی ڕوون بکەیتەوە، ئینتیمای نادیاری سیاسیی ئەو و گیرانەکەی...

سامی: گوزارشتەکەت وردبینانەیە، ئینتیمای نادیاری ئەو...

ماجد: بەڵێ، دواتریش پێوەندیی بە ئافرەتێکەوە لە وانەکەی لە یەکێتیی نووسەران زستانی ٢٠٠٠ ئاماژەی پێ داوە.

سامی: ئا... بیرم لەوە کردەوە ئەمە بشارمەوە... لەو دانیشتنەدا ئامادە بووم، ئەوە ساڵێک پێش دەرچوونم بوو لە عێراقدا... ئێمە باسی ئافرەتێک دەکەین شووی بە کابرایەکی خواپێداو کرد و ئەویش لە زینداندا بوو. دواتر ژنە پێش سێ چوار ساڵ بە نەخۆشیی دڵ مرد. کوڕ و کچی هەن پێگەی کۆمەڵایەتیی باشیان لە باقوبەدا هەیە... یەکیان پزیشکی نەشتەرگەرییە، کچەکەشی ئەندازیاری نەوتە، ئەوی تریش پارێزەرە... کێشەکە لەمەدایە.

ماجد: بە ناڕاستەوخۆ قسان بکە، بە ناوی خوازراو، هەوڵ دەدەم لە کاتی نووسینی کتێبەکەدا هەندێک لە زانیارییەکان

بگۆڕم، به شێوەیەک بیشارێتەوە و ڕاستییە گرنگەکان هەڵنەتەکێنێت.

سامی: چاکە، هێشتا حەپەساوم، نازانم چۆن ئەمە بکەم؟

مانگێک چاوەڕێی نەکرد... دوای سێ ڕۆژ لەپڕ سامی ڕەفاعی نامەیەکی بۆ ئیمێڵەکەم نارد.

**نامەکەی سامی ڕەفاعی**

لە دوا ساڵی خوێندنی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکاندا تۆڕی بـۆ هەڵـدا... ئەوکـات سـەرەتای شەسـتەکان سـەردەمی هاشوهووشی شەپۆلی چەپەکان بوو... لە پاسەکەی لە بەغداوە بـۆ بـاقوبە دەگەڕایەوە لە تەنیـشتییەوە دانیـشت... شـتەکە ڕێکەوت نەبوو... پتر لە مانگێک بوو خستبوویە ژێر چاوەوە... ڕۆژانە لە وێستگەی پاسەکان لە گۆڕەپانی مەیدان چاوەڕێی دەکرد، قـژە ڕەشـە کـورتەکەی، دوو چـاوی بـادەمی، کـوڵمە نەخـشینەکانی، کەشـخەییەکەی، یـاخۆ کەمتـرین بـژارەی زیرەکـانەی بـۆ جلەکـانی، ڕانە لووسـە ڕووتەکـانی بـستێک لە سـەرووی ئەژنـۆیەوە. ئەمـانە هەمـووی لەگەڵ شـتەیلێک گیرۆدەیـان بـوو. دڵیـان بـرد. وای دەزانـی جـوانترین مێیینـەی وڵاتە... تەنـانەت نـاوەکەی نەدەزانـی... لەو کتێبـانەی بە دەسـتییەوە بـوون، زانیـی خوێنـدکاری زانکـۆیە، یەکەمـین ساڵیەتی لە کـۆلێژی ئـاداب بەشـی زمـانی ئینگلیـزی. ئەمـیش لەبەر ئەو دەچێتە پەیمانگەی بریتـانییەوە، تـاکو ئینگلیـزییەکەی بەهێز بکات. بە گوڕ خۆشویستنەکەی بۆی شێتانە بوو...

کاتێک دواتر بینیم، خاترجەم بووم، کە زۆر جوان نەبوو... جوانییەکەی ئاسایی بوو، باڵاکورت، نەختێک ڕەشئەسمەر،

لووتێکی بچووکی بەرانی، خاڵێکی بچکۆڵە لەسەر چەناگەی بریقەی دەداوە.

پاش ئەوەی دواتر قسەی لەبارەوە بۆ کردم، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کڵپەی مێیینەییەکەی زۆردارانەیە و بەرگەی ناگیرێت. بەڵام وای بۆ دەچم وێنەی ئافرەتێکی نموونەیی وای بۆ کێشابوو، تەنیا لەسەری خۆیدا هەبوو...

لەو ڕۆژەدا بڕیاری دا یەکەمین هەنگاو بنێت... دانیشت و ترس دایگرتبوو، بێ ئەوەی زار هەڵێنێت...

کاتێک پاسەکە جووڵا، دەفتەرەکەی کردەوە و کەوتە نیگارکێشان، بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێت، کەچی ئەو لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد و گوێی نەدایێ.

لەودەمی پاسەکە لە شار نزیک بووەوە، بە دەنگی نزم پێی گوت:

"ئەوە سەعاتێکە لەم دەفتەرە نەفرەتییەدا نیگار دەکێشم، تاکو وات لێ بکەم پێم سەرسام بیت، کەچی تۆش تەنیا لەو دیمەنە بێمانایانەی دەرەوە دەڕوانیت، کە هەزار جار بینیوتن"...

کچە پێش ئەوەی پێکەنینەکەی بشارێتەوە، بۆ چەند ساتێک تووشی سەرسووڕمان هات...

ئەویش درێژەی پێ دا: "بڕوانە، بڕوانە نیگارەکانم". ئیدی کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی، تاکو هێڵکارییەکانی خۆی نیشان بدات... بە ڕیتمێک لە لرخەلرخی دەکرد، تەواوی کرد:

"وام زانی ئەگەر ببینیت چیم کردووە، دەخلیسکێیت، مەبەستم دەکەویتە بیرەکەوە، واتە خۆشەویستی، خۆشەویستیی من... کەچی بێئاگایت... بە بێمانای دادەنێیت... وا نییە؟".

ویستی توورەیی بنوێنێت، وزەی پێکەنین لە ناخیدا بەهێزتر بوو. لەودەمی بزەخەنەکەی فرەوانتر دەبووەوە، گوتی:

"ئەمە گەمژەترین ڕێگەیە بۆ سەرنجڕاکێشانی کچێک".

لەودەمی سەری دەخوراند، بەرسڤی داوە:

"دەزانم، گەمژەترین ڕێگەیە، بەخوا ڕاست دەکەیت، بەڵام لەوە پترم نەدۆزییەوە، ئەوە شێوازی کەسێکە مێشک ڕایتەکاندبێت، ها، چیت گوت؟".

بە پەسەندنەکردنەوە گوتی: "سەبارەت بە چی؟".

بە سووکی دەستی ڕاوەشاند: "دەپرسیت سەبارەت بە چی، منیش لە بەیانییەوە بۆتی ڕوون دەکەمەوە... گوێ بگرە، من نوقوم بوومە، نوقوم بوومە... من مەحمود مەرزوقم... هونەرمەندم بەخوا، شێوەکار... ڕاستە کەمێک کەرم... بەڵام من...".

وەختێ ئاگەداربووەوە پاسەکە خەریکە دەوەستێت... دانیشت تاکو دوا نەفەر دابەزی، ئەویش ڕێی لێ گیراوە، چاوەڕوانە ڕێگەی بدات... ڕێگەی نەدا... ڕابوو: "بە یارمەتیت...".

مەحمـــود هەڵـــسا و بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆیـــشت، بەدەم چەمینەوەیەکـی سـووکەوە ئامـاژەی پـێ دا، دەربچێـت. ئەو ڕۆیشت و ئەمیش بەدوایدا تاکو کۆتایی پاسەکە ڕێی کرد.

لەودەمی دەیویست دابەزێت، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گوتی: "من غادەم".

(ئەمە ناوی نەبوو... ئەو ناوەم بەکارهێنا، کە لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە دانیشتنەکەی یەکێتیی نووسەراندا ئاوا ناوم برد).

ئەم لە خێزانێکی بۆرژوای باقوبە بوو. باقوبەش شارێکە هێشتا بە تەواوی لە مۆرکە لادێییەکەی ڕزگار نەبووە...

خانەوادەیەکی گەورەی لقوپۆدار، خەریکی بازرگانیی کوتاڵ و خاوەن چەندین باخ بوون... ئەویش لە خانەوادەیەکی ڕەسەنی بەغدایی بوو، بەم دوادواییە پاش ئالۆزیی دۆخیان دوای شۆڕش، لقێکیان لە باقوبە نیشتەجێ بوو، باوکە پارێزەرەکەی لە نزیکەکانی پاشا بوو، کاندید بوو بۆ وەزیری.

لەو ماوەیەی لە ساڵی خوێندن مابووەوە، پێکەوە چیرۆکێکی گەشاوەی ئەویندارییان چنی... بەوەی قایل کرد، کە ئێستا هاوسەرگیریی ژیانیان یەک شێوە و بێمانا دەکات، بۆیە دەبێت تاکو زانکۆ تەواو دەکات، لە پێوەندیی خۆشەویستیدا بن "ئەوکات ئیدی لە دنیای هونەردا ناوم دەرکردووە و هەندێک پارە و پوولم کۆکردووەتەوە و تۆش ئامادەیت لەگەڵمدا بۆ پاریس بێیت... پاریسی شاری ڕووناکی، شاری داهێنان و جوانی... لەوێ شکۆمەندیم دروست دەکەم، تۆش هاوبەشمیت... دەبیتە دی بۆڤواری تایبەت بە من".

بڕوای بە هاوسەرگیری نەبوو... دەیویست پێوەندییەکی ئازاد بێت، هیچ نەبێت بۆ چەند ساڵێک. بە پێکەنینەوە پێی دەگوت: "دەبێت سەرکێشی و یادەوەریی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین... هەندێک ئاریشەی دەستبەسەرداگیراویش خراپ نییە".

کەچی کۆمەڵگەی کۆنزەرڤاتیڤ ئامادە نەبوو بەم حەزە ڕازی بێت... هەرچی کچە بوو بڕوای بەو بوو، لەپێناوی ئەودا سەرکێشییەکەی قبوڵ کرد... یەکەمین گرفتیش ئەو ڕۆژە ڕووی دا کە یەکێک لە خزمانی لە سینەما ڕۆکسی لە بەغدا پێکەوە بینییانی، تەماشای فیلمێکی میسرییان دەکرد... هێندەی نەمابوو باوکی ناچاری بکات لە قۆناغی سێیەم واز لە خوێندنەکەی بهێنێت... ئەم بۆ ئەوەی دۆخەکە ئارام بکاتەوە، چوو بۆ لای باوکی لە نووسینگەکەی، داوای دەستی کچەکەیی

کرد... تەنیا خۆی ڕۆیشت... پارێزەری زیرەک و شارەزا، کاندیدی پێشووی وەزارەت بە مۆڕەوە سەیری کرد و گوتی:

"ئەی کەسوکارەکەت کوان؟ بە تەنیا هاتووی کچەکەم بخوازیت... لێرە لە شوێنی کارەکەم... تۆ شێتی؟".

بە زمانی تێکئالاوەوە، یاخود بە ئەنقەست وای کرد، گوتی: "مامە، تۆ ڕاست دەکەیت... جۆرە شێتییەکم تێدایە، دروستە. هۆکارەکەشی... دواتر دەیزانی... بەڕاستی پێت دەڵێم بۆ بە تەنیا هاتم".

"بۆ؟".

"چونکە بڕوام بە توانایان نییە بۆ ڕازیکردنت... دەترسم یەکیان بێ ئەوەی مەبەستی بێت، قسەیەکی کرچوکاڵی لە زار دەرچێت، تەنیا لەبەر ئەوەی گەوجە، تۆش بە شەق دەرمان بکەیتە دەرەوە".

کابرا لێی ڕوانی و بڕوای بە گوێیەکانی نەدەکرد، دەیویست زەردەخەنەکەی بشارێتەوە... گوتی:

"ئەی تۆ، ئایا توانای ڕزیکردنی منت هەیە؟".

مەرزوق سەری لەقاند و گوتی: "نازانم... تۆ پیاوێکی ترسناکیت"...

"ترسناک؟!"...

"مەبەستم ئەوەیە سامت هەیە... تۆ پیاوێکی بەشکۆیت... هەزاران گوزارەم بۆ ئامادە کردوویت و هەمووم لە بیر چوونەوە... تۆ کابرایەکی پارێزەری و زۆر زیرەکیت، دەتوانیت بزانیت لە هەڵوێستی وادا مەبەستم چی بوو".

پارێزەر قامکی لە نزیک لووتی مەرزوق دانا و بە توندی گوتی: "ڕازی نیم".

"بۆچی؟"...

"چونکە تۆ شێتی فەرمییت، نامەوێت ڕۆژێک لەبارەی کچەکەمەوە بگوترێت، پیاوەکەی لە شەماعییەیە"[1]...

"هەرگیز شتی وا ناکەین. ناچمە شەماعییەوە. من هونەرمەندم... واتە شێتییەکەم لە ئاستی ڕێگەپێدراوە".

کابرا لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: "تۆ سەمەرەترین کەسی لە ژیانمدا دیبێتم... بڕۆ کەسوکارت بهێنە... قسەی ترم نییە".

ڕەنگە وای زانیبێت خانەوادەی مەرزوق ڕێگری لەم مارەبڕینە دەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە تەنیا خۆی هاتووە... بۆیە کارەکە لێرەدا دەبڕێتەوە.

کارەکە بەوەندە کۆتایی نەهات، سەرلەئێوارەی ڕۆژی حەوتی ڕەشەمێ، ڕێکەوتی سێزدەی ڕەمەزان، دوای بەربانگ، کۆمەڵێک ژن لە خانەوادە و خزمانی بۆ خوازبێنیی غادە ڕۆیشتن... مەرجیان ئەوە بوو تاکو کچە کۆلێژ تەواو دەکات دوای ساڵێک و چەند مانگێک، بە مارەکراوی بمێننەوە. ئیدی لەو شەوەدا لە ماڵی یارۆی پارێزەر دەنگی هەلهەلە بڵندبووەوە. داونەریت وا بوو پیاوان و ژنان بۆ ڕۆژی دوایی بڕۆن، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی تایبەت لەسەر پێشەکی و پاشەکی و مەرجەکانی تری هاوسەرگیریی باو بکەن و فاتیحە بخوێنن. پاشان هەریەکەیان ئەڵقە لە دەستی ئەویدی بکات...

بۆ ڕۆژی دوایی، هەشتی ڕەشەمێ، ڕێکەوتی چواردەی ڕەمەزان، خەڵک بە هەواڵی کوودەتای سەربازی بێداربوونەوە، کە ئیستگە بڵاوی کردەوە، ئەوە بوو خوێنی زۆر ڕژا و دۆخی وڵات شڵەژا. سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لە دار درا و بە هەزاران کۆمۆنیست بەرەو زیندان ڕاماڵران...

---

[1] شەماعیە: شێتخانە.

مەرزوق مارکسییەکی ناحزبی بوو، کەچی لە سەرەوەی لیستی داواکراوانی حکوومەتی نوێ بوو... نەیانبردە زیندانی شار، بەڵکو بردیانە گرتووخانەی (**قصر النهاية**) لە بەغدا، وایان دانابوو ترسناکترین ئەندامی سەرکردایەتیی ئەڵقەی کۆمۆنیستەکانی پارێزگاکەیە...

بەم ئاوایە کەسێک حەرەس قەومی بە ناوی شەفیق نوونە لەبەر هۆکارێکی کەسێنی ڕووت وای لێ گەیاندبوون. بۆ ئەوەی ویژدانم لەگەڵ شەفیق نوونە ئاسوودە بێت دەمەوێت دڵنیا بم لەوەی ئامۆزا کۆمۆنیستەکەشی (ستار نوونە) بەرەو گرتووخانە ڕەوانەکرد، ئەو وەفاداری حزبەکەی بوو... هەندێک قسە و قسەلۆک، یاخود پڕوپاگەندە هەن سەبارەت بە بەسەرهاتی ئافرەتێک لە ماڵی مامی مەرزوق خۆی کوشتووە، هەروەها دەمەقاڵێ و تەقەکردن لە باڕێک لەنێوان سێ کەسدا، مەبەستم دوان لە خزمانی نوونە و مەحمود مەرزوق، لە وردەکارییەکانی دڵنیا نیم، کاتێک ئەمە ڕووی دا من منداڵ بووم، پێش ناسینی مەرزوق بە چەند ساڵێک... لەوێ لە گرتووخانە مەرزوق ئەشکەنجەی زۆر درا... دوای دوو مانگ سەدان گیراو خۆیان بینییەوە پەستراونەتە عەرەبانەکانی شەمەندەفەرێکەوە دەرگە و پەنجەرەکانی بە شێوەیەک لەحیم کرابوون، کونێک نەبوو تەنانەت گەردیلەیەک هەوای لێ بێتە ژوورێ.

ئەو شەمەندەفەرەی لە کتێبەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخدا بە (شەمەندەفەری مەرگ)یان ناودەبرد، یەکێک لە سەرنشینەکانیی مەحمود مەرزوق بوو.

شـــەمەندەفەرەکە بەرەو خـــواروو جـــوولا، ئامـــانجەکەش زیندانی نوگرەسەلمان بوو لە بیابانی سەماوە... پلانەکە وا بوو زۆرتـرین ژمـارە لە ڕێـگە لێیـان بمرێـت، بەڵام شـۆفێرەکە لە

سروشـــتی بـــاری شـــەمەندەفەرەکەی ئـــاگەداربووەوە... ئەم کەڵەکەکردنی بنیادەمانە دوور نییە بمرن، ئەوەبوو بە دیواری عەرەبانەکانیـان دەکـوتی و بێهـوودە دەکۆشـان پەنجەرەکـان لەبــێخەوە هەڵتەکێــنن... لێخــوڕی تووشــبوو بە هێــدمە و سەرسـووڕمان هەر ئەوەنـدەی پیَ کـرا بەپێی توانـا، بەوپەڕی خێرایـی لێبخوڕێت، تـاکو پێش ڕوودانـی کارەسـاتەکە، یـاخود فرەوانبوونەوەی ڕووبەرەکەی بگاتە وێستگەی سەماوە.

لەویَ دوای چەند سەعاتێکی پڕ ئازار، شەمەندەفەرەکەی وەستاند، خەڵکی سەماوەش، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەواڵەکەیان پیَ گەیشتبوو، چاوەڕوان بوون... دەرگەی عەرەبانەکانیان شکاند و ئەوانەیان دەرکرد خەریکبوو دەخنکان... مردوویان تێدا بوو، لەگەڵ نیمچەمردووش. مەحمود مەرزوقیش لەنێوانیاندا بوو، ڕزگاری بوو.

ئەگەر باوکی غادە لەسەر نەتەوەپەرستەکان (قەومییەکان) نەژمێردرایە، ئەوا غادەشیان دەگرت، ئاخر ئەو دۆستی کۆمۆنیستێکی هەڵگەڕاوەیە و دەبێت بە هزر کاریگەریی بەسەریەوە هەبووبێت... کابراش لە هیچ حزبێک نەبوو. نە چووبووە ڕیزی براڤی ناسرییەکانەوە و نە بەعسییەکانیش. بە بۆچوونەکانی نزیکتر بوو لە نیشتمانپەروەرە بۆرژوا عێراقییەکان، ئەوانەی خەون بە دەوڵەتی عێراقییەوە دەبینن، لە شێوەی لیبراڵیزمی ڕۆژئاوا. لەگەڵ ئەوەشدا دوای مانگێک لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، نەک لە سۆنگەی کیژەکەیەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکێک لە پیاوانی سەردەمی لەناوچووی پاشایەتییە... دوای دوو سەعات لە دەستبەسەرداگرتنی لە خێوەتێکی حەرەس قەومییان، هەندێک لە دەسەڵاتدارانی برادەری چوونە نێوانەوە و بەریان دا.

مەرزوق لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا چووە گرتووخانەی نوگرەسەلمانەوە و لە سی ساڵییشدا دەرچوو... لەم ناوبڕە کەساس و پشتگوێخراوەی ژیانیدا سێ شتی لەدەست دا: یەکەم، بڕوای تەواوی بە خۆشەویستی، دوای ئەوەی غادەی خۆشەویستی شووی کرد، یاخود بەزۆر بە کوڕەمامێکی دەوڵەمەندی بەشوویان دا، ئەو ئامۆزایەی دوای کوودەتای ١٩٦٨ ڕۆڵی مەترسیداری دەبێت...

دووەم، سێ لەسەر چواری بڕوای بە بەهرەی هونەرمەندیی، دەکرێت بە سەرکەوتوویی مل بە پرۆژە تایبەتەکەیەوە بنێت.

سێیەم، نیوەی بڕوای بە چەپ لە لایەنی هزر و ڕێکخستنەوە.

لە پراگ کاتێک عەشقی ئافرەتێکی سپیی ڕووسی دەبێت، بڕوای بە ئەوین دەگەڕێتەوە... هەروەها چارەکی بڕوای بە بەهرەی دەپارێزێت و نیوەکەی تر لە بڕوای بە ڕێکخستنەکانی چەپی ئێستا لەدەست دەدات، لە بەرابەر سەرلەنوێ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕیشەیی لە بیری چەپ، هەڵبەت هەندێک لە مارکسیستە ئەرسەزۆکییەکان پەڵەی ڕیڤیژیۆنیستیی[1] لە تەویڵ دەدەن.

لە سەرەتای حەفتاکاندا لە بەرابەر پرۆژەی بەرەی نیشتمانیدا گومانی لا دروست بوو، کاتێک پێیان گوت تۆ لە ئێمە نییت و لە سیاسەت تێناگەیت...

---

[1] ڕیڤیژیۆنیست: لادەر. تحریفی. ئەوانی لە ڕێبازی مارکسیزم لادەدەن. (و)

گوتی: ئێوە ڕاست دەکەن... وەکو ئێوە ئاژەڵێکی سیاسی نیم... من ئاژەڵێکم دەزانێت چۆن نیگار بکێشێت...

ئەوی ڕێگریی لە مەحمود کردبوو ببێتە کەسێتییەکی هونەری و ڕۆشنبیری ناودار، لاوازیی خەملاندنی بوو بۆ خۆی...

بڕوای تەواوی بە بەهرەی خۆی نەبوو، ڕەنگە هەر بەگشتی بە بەهای هونەریش. هەرچەند ئەو نەبووییە تەمەڵەی ڕەفتاری گرتبووەوە دەماری دەگرتم و لێی تووڕە و زویر دەبووم، من برادەری بووم... هەروەها قوتابی بووم بە مانای جیهانی هزر و هونەر... پشکۆی گەشم لە ناخیدا دەبینی، کە لەژێر چینێک خۆڵەمێشی ساردەوە شاردبوویەوە... ئەو پشکۆیەی چەندێک هێڵکارییەکی سەرەتایی، یاخود تابلۆیەکی هونەریی تەواونەکراو، یان شەڕەپشیلەم لەسەر کاغەزێکی فڕێدراو لەسەر مێزەکە ببینیایە، هەستم پێ دەکرد. دەمگوت: "مخابن مەحمود ئەم هەموو وزەیە بە فیڕۆ دەدەیت".

ئەویش بە شۆخییەوە وەڵامی دەداوە: "... یان وزە، بە قسەی زل سەرم مەیەشێنە، سی ساڵە سواری شەمەندەفەری هەڵە بووم، باسی سیاسەت ناکەم". کاتێک بە ئازارەوە خەنییەوە، لەسەری ڕۆیی:

"وێستگەکە وێران و ئاسنەڕێیەکەش ژەنگاوی، تەنیا گوێت لە وژەی بایە دەلوورێنێت".

ئەمە دوای ئەوەی لە ئەورووپاوە بۆ باقوبە گەڕایەوە و کتێبخانەیەکی گەورەی کردەوە، وای دەزانی بازرگانییەکی بەسوودە لە لایەنی ڕۆشنبیری و ماددییەوە... لەو ڕۆژەدا پێی گوتم: "گوێ ڕادێرە سامی، من گەورە بووم و دەستم لە هونەر شوشتووە، بەڵام ئەوی لەم بازرگانییە بەدەستی دەهێنم، لە

ڕۆشنبیریی خەرج دەکەم، بەم نزیکانە کتێبخانەکەم دەکەمە دەزگەی پەخش و پشتگیریی وۆرکشۆپە هونەرییەکان دەکەم و لە شار ژیان بۆ شانۆ دەگەڕێنمەوە".

پێم گوت: "تۆ وەکو ئەهلی کەهفی، ئەوانەی لە سەردەمێکی تردا بێداربوونەوە، دەبینیت دراوە کۆنەکەت هیچ بەهایەکی نەماوە... بازرگانیی کتێب مردووە... شتێکی جوانە کتێبخانە لێرە بکەیتەوە، بەڵام بڕوا مەکە شتێک قازانج بکەیت".

قەناعەتی نەهێنا... بڕوای نەدەکرد خەڵک دوای ئەوەی جەنگەکان شەکەتیان کردن، وازیان لە خوێندنەوە هێنابێت، پاشان دۆخی ئابڵووقەی ئابووری دێتەپێشێ و جارێکی دی کەس سەر بە شانۆ و سینەما و پیشانگەی شێوەکاریدا ناکات... ڕۆژێکیان پێم گوت:

"نان و شانۆم بدەرێ... نان هێند شرین بووە، خەڵک بە زەحمەت دەستیان دەکەوێت، بۆیە کێ بیر لە شانۆ و هونەر دەکاتەوە؟".

پێشنیازم کرد بۆ خۆی تەرخان بێت و دەست بە شێوەکاری بکاتەوە... خراپ نییە لەپاڵەوە بۆ خۆخلافاندن کتێبخانەیەکی بچووکیشی هەبێت...

پێم گوت: "نووسەر تەنیا پێویستی بە کاغەز و خامەیە، ئەمەش زۆری تێناچێت... هەرچی شێوەکارییە ئاتاج بە پارەیە بۆ کڕینی بۆیە و فڵچە و قوماش و تەختە و کەرەستەی تر... تۆش هەندێک لە پارەکەت بۆ بەرهەمە هونەرییەکانت تەرخان بکە".

گوتی: "ئەگەر خەڵکی پێویستیان بە کتێب نەمابێت، چما چ پێویستییان بە تابلۆکانی من هەیە؟".

تێمگەیاند، کە توێژێک لە دەوڵەمەندان تابلۆ دەکڕن و لە هۆڵی ماڵە قەشەنگەکانیاندا هەڵیاندەواسن، جگە لەو بیانییانەی

سەردانی گەلەرییەکانی پایتەخت دەکەن و بە پارەی ماقووڵ تابلۆی باش دەکڕن".

گوتی: "بیری لێ دەکەمەوە".

کەچی نەیکرد... کتێبخانەیەکی گەورەی کردەوە و زیانی کرد... دایخست و کتێبەکانی بۆ ژێرزەمینی باڵەخانەیەک گواستەوە هیی مامی بوو... ئیدی وا بزانم خۆت پاشماوەی چیرۆکەکە دەزانیت".

**دەمەتەقێی٣**

ماجد: ئێستا شایەدییەکانتم خوێندەوە... نایابە.

سامی: پێم خۆشە بەدڵتە.

ماجد: شتی باشی تێدایە... وردەکاریگەلێک تەنیا شێوەکار هەڵیدەگرێتەوە.

سامی: شتەیلی زۆری تر هەن... ئەوانەم هەڵبژارد بە سوودم زانین بۆ تۆ... ئەگەر کورتماوەیی نەبوایە، ڕەنگە لەسەر شتی ترم بنووسیایە... ئەمە گرنگترین ئەو شتانەن پێم بوون.

ماجد: سوپاس بۆ تۆ، هەروەها سوپاس بۆ مەرزوق لە گۆڕەکەی، چونکە ئەو هۆکار بوو تۆم ناسی... خۆشحاڵم بە برادەریت، ئەگەرچی بە خزمەتی یەکتر نەگەیشتووین.

سامی: خۆشحاڵی بۆ منە برا. هیوادارم دانەیەکم لەو کتێبە دوای چاپکردنی بە واژۆی خۆت، پێشکەشم کرابێت.

ماجد: بە دڵنیاییەوە، ئەمە پێویست بە بیرهێنانەوە، یاخود ڕاسپاردن ناکات.

سامی: هەر ئێستا وێنەی تابلۆکانی مەرزوقت بۆ دەنێرم.

ماجد: تۆ نوقمی جوانییەکانی خۆتم دەکەیت... منەتبارم هاوڕێ گیان.

**تابلۆی یەکەم:**

جەستەیەکی ئافرەتانە کەمێک لە خۆی ئالاوە، لە بۆشاییەکی تەماوی هەڵواسراوە. لەلاوە وێنە کێشراوە. سیمای ڕوخساری بە تەواوی ناڕوونە، بەڵام دیمەنەکان تاقە چاوێکی بادەمی و کەپوویەکی باریک و دەمێکی گۆشتن لە هەڵووژە دەچێت، دەبینیت. دەستە بەرزکراوەکەی نیوەی مەمکی دەشارێتەوە. قژە درێژەکەی بەسەر شانیدا هاتووەتە خوار، پێچی خواردووە، تاکو خڕیی سمتی و بەشێک لە ڕانی داپۆشێت... تەنیا سپی و ڕەشەکە نەبێت، ئەو دوو ڕەنگەی زیاتر قاوەیی کاڵ و شینی ئاسمانین.

**تابلۆی دووەم:**

دیارە مەرزوق ئەم تابلۆیەی ناوناوە هاوار... زارێکی تا بڵێی کراوە بە ناڕەزاییەکی پڕ ئازارەوە هاوار دەکات. دەمە پڕ لە هاوارەکە سێ لەسەر چواری ڕووبەری دەموچاوی داپۆشیوە. چاوەکان سوور و تووڕەن، سیماکانیش مۆن... تەماشاکەر پێویستی بە زیرەکییەکی زۆر نییە بۆ ئەوەی بڕی ئەو ئازارە بزانێت، کە بووەتە هۆی ئەو هاوارە ڕووتە... ئەوە هاوارە بە ڕووی ئێمەدا، بە ڕووی جیهاندا. گوێت لێ دەبێت دەترسی... سێبەرێکی چڕی تاریک دەوری ڕوخسارەکەی داوە، لە کاتێکدا ڕەنگی هاوارەکە وەکو کوڵبێنەی تەندوور سوورە.

ئەمە هاواری مرۆڤێکە ستەم زەلیلی کردبێت، ئیدی لە توانایدا نییە بێدەنگ بێت، یاخود سازش بکات.

**تابلۆی سێیەم:**

بە شێوازی خاڵدانان کێشراوە... لەگەڵیدا لاسایی شێوەکارێک لە نەوەی خۆی و شارەکەی کردووەتەوە، دۆستێکی دێرینی خۆیەتی ناوی عەزیز حەسکە بوو، وەکو سامی ڕەفاعی لە تێبینییەکی هاوپێچدا بۆی نووسیبووم. بەڵام لێرەدا شتێک لە شەشپاڵوویی تێترنجاندووە. بە دیاریکراوی شەشپاڵوویی پیکاسۆ. سێ ڕوخساری سێگۆشەی لەیەکچووی ئافرەتانە، هەریەکەیان و ڕەنگێکە، لیمۆیی و سەوزی کاڵ و پەمەیی... وەک دیمەنەکە لەودیو خوڕەی بارانەوە ببینیت... ڕوخسارەکان پتەون، لێ نەرمونیان و ئاسوودەن... ئەم تابلۆیە کاریگەرییەکی هێورکەرەوەی لەسەر دەمارەکان هەیە.

**تابلۆی چوارەم:**

ڕەنگی قەرسیلی بەسەر پانتایی تابلۆکەدا زاڵە... دەڵێی تەوژمێک لە داوی سەوزە لە ژێرەوە بڵاودەبێتەوە، یاخود لێڕەوارێکە لە ڕووەکی درێژ... دەزوو، یاخۆ ڕووەکەکان لە میانەی ستایلەوە نزیکترن لە ئەبستراکتەوە، بەڵام لەودیو ئەم دەزوانەوە، بوونەوەرێک ڕاکشاوە، یاخود نووستووە، یان مردووە... دوای ڕامانێکی ورد، دەردەکەوێت بوونەوەرەکە ئافرەتە.

تابلۆکە ئاماژەی ئەوە دەدات وەک شێوەکارەکە بیەوێت دلبەرەکانی، ئەوانەی بە درێژایی ژیانی ناسیانی، بە ئافرەتێک/ هێما بە نەمری ڕابگرێت. وای لێ بکات گەشیی هەڵقوڵاوی سەوزیی بە تەواوی دژ بە خراپەکاریی دەرەوە پارێزراو و دوور لە بەڵا بێت...

# بەشی پێنجەم

بارانەکە توندی کرد... ئافرەتێک بە شـەقامەکەی ئاودەیبرد پەڕیـــیەوە... عەبـــا بـــریقەدارە تەڕەکەی بە جەســـتەیەوە نووسـابوو... بـایەکە، یـان ڕەنـگە شـڵەژانەکەی بووبێت بە لایـدا دەهێنـا... وا بـزانم خـەیـاڵی لای ئەو چـاوە لاپرەسـەنانە بـوو لە پەنجـەرەکـانەوە تەماشـایان دەکـرد... دارقەڵەمتـۆزە بڵنـدەکان، لەمـــلا و ئەولای ڕووبـــارۆچکەی خرێـــسان لار دەبـــوونەوە، دەتگـــوت لە ئەڵـــقەی دەروێـــشانن و زیکـــر دەکەن... بیـــر لە چۆلەکەکـان دەکەمەوە داخـۆ لە کـوێ خۆیـان حەشـاردابێت... ئۆتۆمبێلەکـان کەمـن، بە هێواشـی لە ئاوەکە دەدەن... ئـاو تـاکو لێـواری شۆسـتەکە بەرزبـووەتەوە... ئەو شـلەی فاسـولیایەی لەگەڵ نانی گەرمدا دەیخۆم، گەرمیم پێ دەبەخشێت، لە کاتێکدا پەنجەرەی شووشەیی پانی ڕیستۆرانتەکەی لە میانەیەوە چاوم لە جیهـان دەبڕی، وای دەکـرد دڵنیـا و برسـی بـم... شـاگردەکە لـێم دەپرسـێت داخـۆ شـتێکی تـرم ناوێـت... سوپاسـی دەکەم: "تەنیا چای"... نازانم بۆ بە حاجیم ناودەبات! پێدەچێ لەبەر ئەو مووە سپییانەی کاکۆڵم بێت، کە ماوەیەکە زیاد دەکەن... کارەبا

بڕاوە، ئەو ڕووناکییەی لە پەنجەرەکەوە دێتە ڕیستۆرانتەکەوە، کەم و متە... زەنگی مۆبایلەکەم لێدەدات... مامۆستا حەیدەر لێم دەپرسێت لە کوێم... دەڵێم لە شوێنێکی پاکی کەم ڕۆشنایی[1]... دەخەنێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر ئێستا بێیت... میوانێک چاوەڕێتە"...

پرسیاری لێ ناکەم میوانەکە کێیە... دەڵێم: "چاکە، بەڵکو لەم کاتەدا تاکسیم دەستکەوێت"... شاگردەکە چام بۆ دێنێت... تێبینییەکی پێ دەڵێم هەمبەر ئەوەی داخۆ دەتوانێت لەم کەشەدا تاکسییەکم بۆ ڕابگرێت... یەکێک لە نزیک مێزەکەی منەوە دانیشتبوو، دێتە ناوەوە: "پێنج خولەک چاوەڕێم بکە، تاکو نانەکەم دەخۆم"... ئەمە لە بەختباشیی منە... ئۆتۆمبێلەکەی لە دووریی دە مەتر لە ڕیستۆرانتەکەوە ڕاگرتبوو، ئەمەش ناچاری ئەوەمان دەکات بەبەر بارانەکەدا غاربدەین... لێخوڕەکە پێدەکەنێ و ئۆتۆمبێلەکەی بەگڕ دەخات... ناونیشانەکەی دەدەمێ... دەمگەیەنێتە سەرەتای کۆڵانەکە... بە هۆی ئەو لافاوەی خەریکە دەچێتە ماڵانەوە، داوای لێبوردن دەکات لە چوونەژوورەوە بۆ لای ماڵی مامۆستا حەیدەر... بە ڕاکردن ئەو ماوەیە دەبڕم... دوای ئەوەی ئاستانەی ماڵی مامۆستا حەیدەر دەبڕم، ئەویش دەرگەکە بە ڕووی زریانەکەدا دادەخات، پێی دەڵێم:

"دەبێت بچم ئاوێک بەخۆدا بکەم، وێران بووم".

خێرا ئاوێک بەخۆدا دەکەم و پیجامەکەم لەگەڵ کورتەکێکی چەرمین لە بەر دەکەم و دەچمە هۆڵەکە... تەوقە لەگەڵ کابرای حەفتاساڵە دەکەم، کە لەم کاتە نەگونجاوەدا بۆ بینینم هاتبوو،

---

[1] ناوی کورتەچیرۆکێکی ئەرنەست هەمینگوایە. (وەرگێڕ)

هەندێک دەستەواژەی ڕووپامایی دەگۆڕینەوە... بە هۆی سەردانەکەی نازانم... مامۆستا حەیدەر بەدەم بزەخەنەوە دەڵێت: "حاجی مەنسور هادی زانیی تۆ لەسەر مەرزوق دەنووسیت، هات بۆ ئەوەی بتبینێت".

لە نزیک سۆبە نەوتییەکەوە دادەنیشم و بە جووڵەیەکی خۆڕسکانە بۆ گەرمبوونەوە دەستمی بۆ درێژ دەکەم... هێشتانەکینێ گیانم تەڕە... لەگەڵ گرمەی بروسکەدا کارەبا دەبڕێت... تاریکی هۆڵەکە دادەگرێت... "دوای خولەکێک موەلیدەکە دادەگیرسێنن"، مامۆستا حەیدەر وا دەڵێت، چون داوای لێبوردن بکات...

حاجی مەنسور بەدەم جگەرەپێکردنەوە بە ڕستەیەکی شۆکئامێز لەناکاو دەڵێت:

"بۆچی هەر یەکێک حەز بە نووسین دەکات لەسەر هەر کەسێک پەرجووی نەبێت؟!"

برۆم هەڵدەبڕم و دەڵێم: "پەرجوو تەنیا بۆ پێغەمبەرانە"...

دەخەنێتەوە و دەڵێت: "قسە لەسەر کاریگەریی دەکەم".

وا دیارە حاجی مەنسور قسەڕەقە، بۆچوونی یەکەمم لەسەری مایەی دڵخۆشی نییە... کەواتە بۆ ئەوە هاتووە سەرزەنشتم بکات، چونکە لەسەر مەرزوق دەنووسم؟... ڕووناکیی نیۆنی هۆڵەکە پێ بووە... "**اللهم صل علی محمد**..." حاجی مەنسور وا دەڵێت...

دەڵێم: "لە دۆزینەوەی هونەری ڕۆمانەوە توانرا کەسانی ئاسایی بکەینە پاڵەوان، تەنیا لەگەڵ هەندێک هەڵچووندا".

دەڵێت: "لەم بارەوە هەقی تەواوت هەیە... خوالێخۆشبوو هەرای دەنایەوە... پاڵەوانێک بوو بە شێوازی خۆی... پاڵەوانێک بێ جەنگ و خوێن... پاڵەوانێک لە کاغەز".

هێند پێویستت بە زیرەکی نییە، تاکو بزانیت حاجی مەنسور حەزی بە مەرزوق نەدەکرد، کاتیشی بەسەرچوو ئەوە هەڵهێنجێنیت هاتووە بۆ ئەوەی لە تەواوکردنی پرۆژەکە ساردم بکاتەوە، بڕوام وایە لەوە زۆرزانترە ڕاستەوخۆ شتی وا بێژێت... هەروەها لە بێماریفەتییە پرسیاری لێ بکەم، کەواتە ئەی تۆ بۆ لێرەیت؟ وا دیاربوو مامۆستا حەیدەر ئەبڵەقبوونەکەمی خوێندبووەوە، یاخود تێبینیی نەبرەی تیزەجاڕیی لە قسەکەمدا کردبوو و ویستی لە بڕیاردانی بە پەلە دوورم بخاتەوە، کە دەبێتە هۆی سەخڵەتییەک، پێویست ناکات... گوتی:

"حاجی مەنسور لەگەڵ مەرزوقدا لە نوگرەسەلمان بوو".

ئاسمان بە تەپڵە دوورەکانی گرموهۆڕی بوو... کەمێک لە سۆبەکە دەکشێمەوە، شێوازی دانیشتنەکەم دەگۆڕم... "نایابە"...

"لەو شەمەندەفەرەدا بووم" دەڵێت...

"کەلێنێکم لە چیرۆکەکە بۆ پڕدەکەیتەوە" ئێستا شتێک لە خوێنگەرمی لە دەنگمدایە... بە ڕەقییەکەوە دەڵێت:

"پێشبینیی چیرۆکێکی درامیی گەورە مەکە... شتەکە هەمووی بێمانا و وەڕسکەر بوو"...

"ئەو بۆ زۆر کەس وا نییە"...

"واهیمە... ئەو قوربانییانەی مانایان نییە، تەماشا بە کوێ گەیشتین"... هەرگیز حەزم بە زۆربڵێیی نییە سەبارەت بە سوودی خەباتی کۆن... بیر لە گۆڕینی ئاڕاستەی قسەکان دەکەمەوە... "هەڵبەت کاتێک قسان دەکەین، شتەیلێکت بە بیر دێنەوە"... دەڕۆم تۆمارکەرە بچووکەکە دێنم، لەگەڵ دەفتەری تێبینییەکانم...

"بە ڕێکەوت زانیم تۆ لێرەیت لەبارەی نووسین لەسەر مەرزوق"... پێکەنی و تاخمی ددانەکەی بەدەرکەوت، کە بە هۆی جگەرەکێشانەوە زەرد بووبوو... "زۆرم بیر نییە... لەوێ ڕۆژەکان لە یەکتر دەچوون". جگەرەیەکی دی گڕدەدات... "پاشان بیرت نەچێت... لەوکاتەوە چلوحەوت ساڵە"...

قومێک لە چایەکە دەدات... هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەیداتەوە... "ئەو وێنەیەی لەبارەیەوە لەو ڕۆژانەدا پتر بە مێشکمەوە نووساوە ئەو فەرهەنگە نەفرەتییە بوو... بڕوا دەکەیت هەموو فەرهەنگەکەی ئەزبەر کردبوو... پێنج ساڵ لەو کتێبە قەبەیەی دەخوێندەوە، کە لێوارەکانی ڕزیبوون و بەرگەکەی وەک پاشەڵی پیرەبزنێکی لێ هاتبوو"...

"ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کتێبی تری لێ نەبوو"...

"بەڵکو هەندێک کتێبی لێ بوو، وا بزانم ئەوانەشی لووش دا... مەحمود مەرزوق قوربانیی کتێبە... کتێب ژیانی تێک دا"...

"لەوانەیە منیش وەک ئەو بم"...

وەک ئەوەی بێژێت: "گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە"... بەڵام دەرکی پێ دەکات: "مەبەستم ئەوە نییە بڵێم خەوشەکە لە کتێبدایە... لەوەدایە بە هەڵە دەیخوێنێتەوە... یاخود لە هەڵبژاردنی ئەوەی دەیخوێنێتەوە".

دەڵێم: "ماقووڵ نییە مەرزوق پێنج ساڵی لە گرتووخانە بەسەربردبێت فەرهەنگ لەبەر بکات و کتێب بخوێنێتەوە و شتێکی تر نا؟"... دوا قوم لە جگەرەکەی دەدات و لە تەپڵەجگەرە شووشەکەی بەردەمیدا دەیکوژێنێتەوە، کە قاپێک پرتەقاڵی بەتەنیشتەوە بوو، مامۆستا حەیدەر هێنابووی و لەسەر مێزۆکەکە دایبنابوو... بەردەوام سەری دەلەقێنێت و دەڵێت:

"نا، شتێکی نەفرەتیی تر هەبوو دەیکرد، یاریی شەترەنجی دەکرد". بێدەنگییەکی کورت تێدەپەڕێت... "دەیگوت، مادامەکی لێرە زەمەن وەستاوە، ئەوا گەمەی گونجاو بۆ ئێمە شەترەنجە... وا بزانم لەمەدا لەسەر هەق بوو، بە هەرحاڵ بە کەمی ئەو لەسەر هەق بوو".

پرتەقاڵێک هەڵدەگرێت و بە نینۆکەکانی دەست بە پاککردنی دەکات: "هەرگیز حەزم بە شەترەنج نەبووە... لەوێ هەندێک کتێبم خوێندەوە".

مامۆستا حەیدەر پرتەقاڵێکم لەگەڵ چەقۆیەکی دەسک پلاستیک دەداتێ... ئەو پرتەقاڵەکەی خۆی دەخوات، حاجی مەنسور دەڵێت:

"ڕایەکم هەیە ڕەنگە بەدڵت نەبێت، بەڵام ئەمە ڕاستییە".

لە پرتەقاڵخواردنەکەی دەبێتەوە و دەست و دەمی بە خاولییەکی لێوارتەڕ دەسڕێتەوە، مامۆستا حەیدەر دەیداتە دەستیەوە... چاوەڕێ دەکەم هەمبەر ڕاستی چی دەڵێت، بێ ئەوەی بە وشەیەکی هاندەر زارم هەڵێنم: "دنیا بە هۆی کەسانی وەک مەحمود مەرزوقەوە تێکچووە... ناڵێم شایانی چارەنووسی وایە، بەڵام سەیرم پێدا نەهات، ئەو ئەوەی دوورییەوە کە چاندی، ئێستاش لەگەڵ فریشتەکانی دۆزەخدا مشتومڕیەتی".

بە فیزەوە دەخەنێتەوە... مامۆستا حەیدەر بزە دەیگرێت و دڵیان ڕادەگرێت نەکو سەخڵەت بن، نازانێت چۆن خۆی لێ بدزێتەوە... من ئەوەندەی لە پرتەقاڵەکە مابووەوە، خواردم، خاولییەکە دەگرم و پەنجە لینجەکەم دەسڕم و دەڵێم: "سوپاس بۆ ڕاستگۆییەکەت"... دەڵێت: "ڕقم لێی نابێتەوە"... منیش حەزم بە وەڵامدانەوەیەتی: "بەڵام ڕقت لێیەتی". "ئەگەر کارێکی وا

بکەن هەموو شتەکان بەبێ سینگدەرپەڕاندن و فشەفش بەڕێوەبچێت".

خۆمی تێهەڵدەقورتێنم و پرسیاری پێوەندییەکانی مەرزوقی لە گرتووخانە لێ دەکەم، چونکە نامەوێت کات بە گفتوگۆی بێمانای سیاسییەوە بکوژم... مامۆستا حەیدەر ڕووی دەمی لەو دەکات: "بەڵام تۆ لەو بەگوڕتر و بەپەرۆشتر بوویت".

"گەمژەیەکی سەرلێشێواو بووم و بەخۆمدا هاتمەوە".

"گفتوگۆی توندی لەگەڵ کۆمۆنیستە ڕێکخراوەکانی ئەوێدا دەکرد"... "جارێکیان پۆلیسێکی کەتە لێی دا و دەمی پڕ لە خوێن کرد، بیرم نییە بۆ"... هەوڵ دەدەم دەماری بگرم، بەڵکو شتێکی گرنگ بڵێت... وردەکاریگەلێک بۆ تەواوکردنی کتێبەکە سوودیان لێ دەبینم: "ئایا لەو جۆرانەیە، کە حەز بە شەڕ بە دەست دەکەن؟"... "قەت نەمبینیوە لە یەکێک بدات... حەز دەکات لێدان بخوات" پێکەنی... پێکەنینەکەی ناشیرین بوو... پێنج شەش جار بینیومە لێدان بخوات... بە قسە پێ بە زگتدا دەنێت، کاتێکیش لێی دەدەیت، دەکشێتەوە... بیرمە چۆن دەموچاوی پەنمابوو... برادەر نەبووین... ئەو حەزی لێ نەدەکردم، هەروەها منیش... ئەو لە بابەتی من نەبوو... جارێکیان بە سەرخۆشی دەرکەوت... دەیانگوت بەرتیل دەداتە شۆفێرەکە، ئەویش زەقنەبووتی بۆ دێنێت... پارەی لە مامیەوە بۆ دەهات... خۆی ئاشکرای کرد، تێریان لێ دا... بە ستوونێکەوە بەستیانەوە و لەبەر هەتاوەکە جێیانهێشت... ئەوکات دەتگوت سەگی گەڕە... مەبەستم سووککردنی نییە، بەڵکو ئەوە دەگوازمەوە کە بینیم... تووشی خۆرانگاز بوو، خەریکبوو بمرێت... دوای ئەوە چووە بێدەنگییەکی قووڵەوە... پاسەوانانی زیندان زیاتر لە هەموو خەڵک ڕقیان لێ دەبووەوە، وێڕای

ئەوەی شتێکی بەرچاوی نەکردبوو، مەبەستم لە ڕووی سیاسییەوەیە... ئەو هەر هێندەی بە تەنیا دادەنیشت لەو فەرهەنگەی دەخوێند، هەندێک لە گیراو و پۆلیسەکانی شێت دەکرد... زیرەک بوو لە یاریی شەترەنج... لەگەڵ فەرماندەی گرتووخانەکە یاریی کرد و لێی بردەوە... گیراوێکمان لا بوو لە ئەفسەرە باڵاکان بوو، ناویم بیرچووەوە... خولێکی کراوەیان ڕێکخست... نە مەرزوق و نە ئەفسەرە گەورەکە بردیەوە... نەوجەوانێک بردیەوە ناوی عەزیز بوو، نا، وا بزانم موعتەز بوو... دواجار مەرزوق بردیەوە... کاتێک خولەکە تەواوبوو، مەرزوق دڵخۆش بوو و دەخەنییەوە... لەو ڕۆژەدا ئەمە وای لێ کردم پەستبم لێی، نازانم بۆ؟ ئەگەر برێک تووڕەیی و خەمی نیشان بدایە ئەوا بۆچوونم لەسەری دەگۆڕا... بایەخی بە هیچ شتێک نەدەدا... هێند بێخەم بوو، تا ئەو ڕادەیەی وات لێ دەکات مێشکت لەدەست بدەیت".

جگەرەیەکی دی گڕدەدات و داوای چا دەکات... سەعاتی قەد دیوارەکە لە هۆڵی ماڵ چوار جاران بە توندی زرنگەی لێوە هات... چا و کێکی بە سینییەکی زێڕین هەڵگرتبوو، مامۆستا حەیدەر ئاگەداری کردینەوە بارانەکە وەستاوە، کەچی هەورەکان نەڕەوینەتەوە، بە دڵنیاییەوە بە درێژایی شەو دەبارێت... "ئەی چۆن بگەڕێمە ماڵەوە".

حاجی مەنسور گوتی: "خۆ لە چۆڵەوانی نییت، لێرە بمێنەرەوە"...

"پتر لە هەژدە ساڵ دەبێت لە دەرەوەی ماڵ نەنوستووم... تەنیا ئەوکاتی بۆ مەککە چووم".

گوتم: "بنەمایەکی مەزن نییە پێویست نەبێت بشکێنرێت"...

سەرەتا لە مەبەستم نەگەیشت، بۆم ڕوونکردەوە... گوتی: "کوڕەکەم بە ترومبێلەکەی پێش نوێژی مەغریب بەدوامدا دێت".

گوتم: "بەڵام هەموو شتێکت نەگوت".

گوتی: "بڕوام پێ بکە کات بە فیڕۆ دەدەیت... شتێک نییە شایانی ئەوە بێت... پاشان من گەورە بووم و گەلێک وردەکاریم بیرچووەتەوە... خۆم ڕاهێنا لەسەر لەبیرکردنی ئەو ڕۆژانە و ئەوانی بەدوایاندا هاتن... لەسەرمانە گشت شتێک لە بیر بکەین، تەنیا پەروەردگاری مەزن نەبێت... دەبێت بە شتەیلێکی باشتر لەوەی مەرزوق، بۆ لای پەروەردگار بچین... ئەو ڕۆژەی نە پارە و نە کوڕ دادی کەس نادەن"...

هەوڵ دەدەم بیگەڕێنمەوە سەر قسەکردن دەربارەی مەرزوق:

"ئەی هیچ ڕووداوەیلێک ڕوویان نەدا مۆرکێکی دراموییان هەبێت و مەرزوق تێیاندا بەشدار بووبێت؟".

هەمان خەنینەوەی گاڵتەجاڕیی کرد و گوتی:

"تۆ لە چیرۆکێک دەگەڕێیت ڕووی نەدابێت... دەتەوێت مێشێک بکەیت بە گامێشێک... دەخوازیت ئەفسانە بسازێنیت... کتێبێکی کاریگەر لەسەر کەسێک دەنووسیت ڕۆڵی نەبوو و بە هیچ کلۆجێکیش پاڵەوان نەبوو".

"ئەو پاڵەوانی ئەم زەمانەیە".[1] بە نیوە گاڵتەوە وا دەڵێم... هەورەتریشقە بەردەوامە و گوێمان لە هاژەی بایەکەیە... بارانەکە سەرلەنوێ هەڵدەکاتەوە: "خوایە ئاگادارمان بە" حاجی مەنسور وای گوت...

---

[1] پاڵەوانێک لەم زەمانەدا، ناوی ڕۆمانێکی میخائیل لێرمەنتۆڤە (١٨١٤-١٨٤١). (و)

دەڵێم: "دنیا بە دەنگی هەورەتریشقە کاول نابێت"... "هەزار و یەک هۆ هەن وا لە پەروەردگاری مەزن بکەن لێمان تووڕە بێت".

کات کورتە و نامەوێت بە گفتوگۆ لەسەر ڕۆژی دوایی بە فیڕۆی بدەم... سەرم دەلەقێنم و دەپرسم: "با بگەڕێینەوە لای مەرزوقی هاوەڵمان".

"جارجار گوێت لە هەورەتریشقە دەبێت، بەڵام بێ باران"... ئایا ئاماژە بە مەرزوق دەکات؟! ڕەنگە شتەیلێکی تر لە یادگەیدا بن دەکرێت بە هاندان ناوببرێن...

"پیاڵەیەک چا و جگەرەیەکی دی دەتوانن جنۆکەکانی یادگە لە ئەشکەوتەکانیان دەربهێنن".

ئەمجار بە خۆم بۆ ئاشخانەکە دەچم و قۆرییە چاکە گەرم دەکەمەوە و سێ پەرداخ چا دێنم... بە بێدەنگی چاکەمان دەخۆینەوە... لەپڕ لەودەمی جگەرە نوێیەکەی پێدەکات، حاجی مەنسور وەک لە خۆی بپرسێت، بە چرپەوە دەڵێت: "ئەو بوو؟".

من و مامۆستا حەیدەر نیگای تکاکردن دەگۆڕینەوە و هیچ ناڵێین... "وا بزانم ئەو بوو"...

حاجی مەنسور فڕێک لە پیاڵەکە و مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدات، سەری هەڵدەبڕێت و دووکەڵەکەی بەرەو میچەکە بەرەڵا دەکات... "ئەو پۆلیسە نەسرۆیە، ئەو قووندەرە، مەرزوقی بە دەستبۆبردن تۆمەتبار کرد... هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد لای فەرماندەی گرتووخانەکە سکاڵا بکات... بەڵێ، مەرزوق لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی گرتووخانەکە وەستابوو... وا بزانم کات سەرەتای بەرەبەیان، یان کۆتاییەکەی بوو... کێ لەبیریەتی؟ هاواری کرد: کێ ئەم خوێڕیلەیە ناناسێت... ئەوە دوو مانگە شەرم پێ دەفرۆشێت و ئێستا بێئومێد بوو... ئامادە

نـیم ئـاوەکەم بـڕژێنمە بـۆگەنیی ئەوەوە"... حـاجی مەنـسور بێـدەنگ دەبێـت... جـگەرەکەی دەکـوژێنێتەوە و دوو فـڕ لە پیاڵەچاکەی دەدات... "خوالێخۆشبوو بە درێژایی ژیانی بێشەرم بوو، بەڵام نەسرۆ نەبوو... پیاو بۆ خوا بڵێت... ئەگەر سکاڵاکە لە ئافرەتێکەوە بوایە، ئەوا بڕوام پێ دەکرد... ئیدی هەندێک لە پیـاوانی پـۆلیس بە دارەوە هێرشـیان کـردە سـەر... دەنگـی زینـدانییەکان بەرزبـووەوە، بەرگرییـان لە مەرزوق دەکـرد، عەریفێکـی دڵباشـی سـەر ماشـوبرنج هەبـوو، گـوتی مـن هەردووکیان چاک دەناسم، هاواری بەسەر پۆلیسە نەسرۆکەدا کـرد، بێـدەنگ بێـت، بەو پۆلیـسانەش بە دار لە مەرزوقیـان دا، ئـارام ببـنەوە، هەواڵەکە بە فەرمانـدەی گرتووخـانە گەیـشتبوو، ئەوەبـوو مەرزوقیـان لەگەڵ پۆلیـسەکەدا بـۆ لای بـرد... سـاتی پشێویی دووبارەبوونەوەی کاتی لەوێ شکاند... ئێمە ئاتـاجی ئەو ڕووداوانە بـــووین، بـــۆ ئەوەی لە جاڕســـیدا نەمـــرین... گیراوەکــان مــانگرتن لە خواردنیــان ڕاگەیانــد... فەرمانــدەی گرتووخانە نەیویست هەڵوێستەکە تەشەنە بکات و پتر ئاڵۆزیی تێکەوێت... بڕوای وا بوو عەریفی سەرماشـوبرنج وێنەکەی بـۆ ڕوونکـــردووەتەوە... مەرزوق لەنێـــو هەلـــهەلەی هـــاوەڵانی گەڕایەوە، ئیـدی جـارێکی دی یـارۆی پۆلیـسی نەسـرۆمان نەبینییەوە... بۆ دوورخستنەوە لە ئابڕووچوون، گواستیانەوە... قـسەیەک هەبـوو گوایـە هەر بە یەکجـاری دەریـانکردووە... ڕاستییەکەمان نەزانی، بەڵام کارەکە بە سەلامەتی تەواوبوو"...

مۆبایلەکەی حاجی مەنسور لێی دا... دەوەستێ و دەڵێت: "گەیشت"... داوای لێبوردنم لێ دەکات، دەستم دەگووشێ و ئامێزم لێ دەدات: "ئومێدەوارم لەم چیرۆکەدا سوودێکم گەیاندبێت".

گـوتم: "بێگومـان زانیـاریی بـاش و کـاریگەرم لە تـۆوە دەسـتکەوت". سـەری دەلەقێنێـت و بەوە ناکـات قەنـاعەتی هێنابێـت... سوپاسـی مامۆسـتا حەیـدەر دەکـات بـۆ ئەو میوانـدارییە جـوانە... مامۆسـتا حەیـدەر لە ژوورەکەی نزیـک هـۆڵەکە چەترێکـی گەورەی ڕەش دەهێنێـت و دەرگەکە دەکاتەوە... دەنگی بانگی مەغریب بە هۆی بایەکەوە بە شکاوی دەبیسترا... کۆڵانەکە بەتاڵ و نوقووم بووە لەو تاریکییەی زوو داکشا...

ئۆتۆمبێلە ڤۆڵکس واگۆنەکە لەسەرخۆ و بەئاگەدارییەوە نزیک دەبووەوە... شریتی کۆڵانە تەنگەکە دەتگوت ڕووبارێکە دەڕوات، لە سەریشیەوە داوەکانی بارانەکە لە جێگەی ڕووناکیی چراکانی ئۆتۆمبێلەکە ئاڵتوونییان دەنواند... حاجی مەنسور بەدەم دەرچوونەوە لچکی دیشداشەکەی هەڵکرد و بە چەترە دەسکچەماوەکەی مامۆستا حەیدەر خۆی لە بارانەکە دەپاراست... مامۆستا حەیدەر دەگەڕێتەوە و ئۆتۆمبێلەکە لەسەرخۆ دەسووڕێتەوە، لە کۆڵانەکە دەردەچێت... لەودەمی دەرگەکەی دادەخست و چەترە تەڕەکەی لوول دەکرد، لە پاڵ دیوارەکەی دانا، گوتی: "ماشەڵڵا... ساڵانێکە بارانی وا نەباریوە".

دوای دوو سەعات، مامۆستا حەیدەر دێتە ژوورەکەمەوە و ژمارە مۆبایلی حاجی مەنسورم دەداتێ... "داوای کرد پێوەندیی پێوە بکەیت"...

گوتم: "وا بزانم شتێکی بیرکەوتووەتەوە"... لە مۆبایلەکە هەستم بە دەنگی کرد کەمێک جیاوازە: "پلانی هەڵهاتنی دوان هەبوو لە گرتووخانەکە... بیرم نییە مەرزوق یەکێک بوو لەوانە، یان نا... وا بزانم ئەو نەخشەکەی کێشابوو... بێگومان نەک هەڵهاتن بە پێ، بەڵکو بە ترومبێل... وەکو دەزانیت بەندیخانەکە

لە بیابانە، ئەوی سەرکێشی بکات، بیابان ببڕێت، ئەوا برسێتی و تینوێتی دەیکوژن، یاخود گورگ دەیخوات... لەوێش تەنیا ترومبێلی گرتووخانەکە هەیە... دوای ئابڕووچوونی سەرخۆشییەکە، نەیتوانی بەرتیل بداتە شۆفێری ئازووقەهێنانەکە... بیرم نییە داخۆ خۆی و برادەرێکی لە بەرابەر هەندێک پارە لەگەڵ یەکێک لە پۆلیسەکاندا ڕێککەوتن، تاکو جلی سەربازی و سویچی ترومبێلێکی پڕ لە بەنزینیان بۆ بهێنێت...

ترومبێلێکی شۆفرلێتی لێ بوو... ئایا دەیانویست بەرەو سنوور هەڵبێن؟ یادگەم بە هانامدا ناگات مامۆستا ماجد... یادگەی کەسێک لە تەمەنی مندا و ئەوی چەشتم، کونیلەی زۆری لێ بووە... پلانەکە سەرنەکەوت... بە شێوەیەک لە شێوەکان سەرنەکەوت... داخۆ دەرچوون و لە بیاباندا ون بوون؟... ئایا تایەکانی شۆفرلێتەکە لە لمدا چەقین؟... ئایا پلانەکە پێش جێبەجێکردنی ئاشکرا بوو؟... بەخودای بیرم نییە... ببوورە مامۆستا ماجد بێزارم کردی... ئەم بەشەی چیرۆکەکە پێکەوەلکاو نییە... دوور نییە هەر خەونم بەمەوە بینیبێت... ڕەنگە وێنای بکەم... بمبەخشە".

بەرلەوەی مۆبایلەکەی دابخات، پرسیاری ئەوەم لێ کرد، داخۆ پێی ئاساییە لە کتێبەکەمدا بە ناوی خۆیەوە ناوی بهێنم؟... زیاد لە پێویست دالْغەی لێ دا، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە: "نا، بە ناوی خۆمەوە نا... حەز ناکەم هێرشم بکەنە سەر... مەبەستم هەندێک لەوانەی خۆیان دەکەنە خاوەنی، پاشان لە بەردەم خزمانی شەرمەزار بم، خۆ لە ئەورووپا نیین".

حاجی مەنسور هادی... ئەمە ناوی خۆی نییە!

## بەشی شەشەم

١

ئەمڕۆ شەممەیە، یەکەمین ڕۆژە خۆرەتاو و سارد بێت. شتێک لە کپی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە... لەسەر کورسییەک لە بەردەم پەنجەرەکە دادەنیشم و چاودێریی ئەو پاساری و کۆترەباریکە و کۆترانە دەکەم، کە لە باخچەی پشتەوەی ماڵ چینە دەکەن. بە نەریتی خۆم شەممان دەرناچم... دوو سێ سەعات بە خوێندنەوە بەسەردەبەم. پاشان کار لەسەر کتێبەکەم دەکەم... هێشتا بۆ نووسین بەسەر ماددەیەکی چەوردا نەکەوتووم. وەکو من بزانم زۆربەی ئەوانەی لەبارەیەوە دەیلێن (مەبەستم مەرزوقە) لەوانی دەیناسن، لە گێڕانەوەی هەندێک نوکتە و بۆچوونی بێبنەما تێناپەڕن... خەریکە تووشی شکست دێم... دوێنی ئەمەم بە مستەفا کەریم گوت... گوتی بۆچی کەمێک لە ڕۆتینی ڕۆژانەت نەگۆڕین... باسی نیوەڕۆخوان و شەرابی بۆ کردم لە باخێک لە دەوروبەری بوهرز بەسەری دەبەین... ئەو باخەی پێش چلودوو ساڵ میوانداریی مەحمودی کرد، وەکو لەو وێنەیە دەردەکەوێت، کە لەو ڕۆژەدا بە بۆنەی بەردانی لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان گیراوە.

لەوێ هەنــدێک لە برادەرانــی دەهلەکــی چاوەڕوانمـــانن، یەکێکیـــان خـــانەخوێکەیە، شـــاعیرێکی ڕێـــزدار لە نەوەی شەســـــتەکانە، نـــاوی ئیبـــــراهیم بـــوهرزییە، پێـــشتر کۆمەڵەشــیعرەکەیت خوێنــدووەتەوە، (فــیکەی درەنگــوەختی گەڕیدەکە)... ئەوانـی تـر لە ڕۆشـنبیرانی شـارەکەن، دوانیـان لە دۆستە دێرینەکانی مەرزوقن.

نانی بەیانیم لەگەڵ مامۆستا حەیدەر خوارد، دەمەتەقێمان لەبارەی ئەوی ماوە لە ڕێکارەکانی سەفەرەکەی کرد بۆ چوونە لای هەردوو کوڕەکەی لە دەرەوەی وڵات... گوتی تەنیا جارێک عێراقی جێهێشتووە بۆ شوێنە پیرۆزەکان بە مەبەستی چوون بۆ عەمرە... ئەمە ساڵی پێشوو بوو... هەروەها پێی گوتم برایەکی هەیە لەگەڵ ژنە ئینگلیزەکەی لە ئوستراليا دەژێت، لەودەمی خوێندکاری پزیشکی بوو لە لەندەن، خواستی. مامۆستا حەیدەر هیواداره لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا مافی پەنابەریی مرۆیی لەوێ وەرگرن.

هەندێک لە هێڵکارییەکانی خۆی نیشاندام، لەگەڵ تابلۆی بچووکی خۆی بە ڕەنگی ئاوی کێشابوونی، هەمووشیان دیمەنی سروشتن. تێیاندا ئەو وەکو مامۆستای خانەنشینی هونەر دەردەکەوێت لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی ئیمپریێشنیزمدایە.

دەمەوبەیان بوو هەینێ شۆفێری تاکسییەک مستەفا کەریم لەگەڵیدا ڕێککەوتبوو، لە دەرگەی دا، تاکو بۆ بوهرزم ببات و دواییش خۆی نیوەڕۆ دوای تەواوکردنی ئیشەکانی، بۆ لامان بۆ باخەکە دێت...

## ٢

ئەو گوللەیەی جامی پێشەوەی تاکسییەکەی بڕی، لەنێوان من و لێخوڕەکەدا گیزەی هات، پێش ئەوەی سەرەوەی چەرمی کوشنەکەی دواوە ببڕێت و لەودیویەوە ونبێت...

هێشتا لای گۆڕەپانی جەنجاڵی شاردا بووین، گرنگترین دەزگە حکوومییەکان لە دەوروبەرمان بوون... شۆفێرەکە بە خێرایی و شڵەژانەوە ئۆتۆمبێلەکەی خستە لایەکەوە، وەستا و دابەزی. چەند پۆلیسێک لەوناوە بوون، بە هانامانەوە هاتن، هاواریان دەکرد: سەلامەتە، سەلامەتە.

لە کاتێکدا دوانیان لوولەی چەکیان لەو ئاڕاستەیە کردبوو گوللەکەی لێوە هات. سێیەمیشیان پێوەندیی بە سەرەوەی خۆی کرد و لە ڕووداوەکە و لە منی ئاگەدارکردنەوە، دوای ئەوەی ناوی خۆم دانێ، کە من کێم.

هەڵبەت گوللەی چەکی قەناس نەبوو، بەڵکو هیی کلاشینکۆڤ بوو، وەکو لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بە سەرۆکایەتیی پێشەنگ حەسەن میقدادی دەریانخست، کە دوای چەند خولەکێکی کەم، گەیشت...

مستەفا کەریم دوای ئەوەی تەلەفۆنم بۆ کرد، خێرا هات. یەکەمین شت کردی، بە مۆبایلەکەی تەلەفۆنی بۆ ئیبراهیم بوهرزیی کرد و لە سۆنگەی ئەوەی ڕووی دا، داوای لێبوردنی کرد لە کاتی باخەکە... ڕای مستەفا وا بوو ئامانجی گوللەکە من بوو، ئیدی هەڵەی کرد، یاخود ئاگەدارکردنەوە بوو. کەچی پێشەنگ میقدادی گوتی، کوێرانە و هەڕەمەکی بووە و لای باخەکە دوورەکانەوە تێیانگرتووە، کاتێکیش جامی پێشەوەی

ئۆتۆمبێلەکە و چەرمی کوشنی دواوەی بڕیوە، لە چارەکی دوایی وزەی خۆی بووە. بە بۆچوونی ئەو، ئەستەمە نیشانگرێک چەندێک کارامە و دەستڕاست بێت، بەو وردییە لە جامی ئۆتۆمبێلەکە بدات، لە کاتێکدا زیاد لە کیلۆمەتر و نیوێک لێوەی دوورە، لە کوێیش؟ لە ناوچەیەکی ئاپۆرای وەک ئێرە. هەروەها لەنێوان خۆی و ئامانجەکەدا درەخت و ئۆتۆمبێل و بنیادەم هەن... من لایەنگری لێکدانەوەکەی میقدادی بووم و بڕوام بەوە نەبوو ڕووداوەکە پلانبۆداڕێژراو بووبێت... لێ مستەفا کەریم داوای لێ کردم خۆم بۆ جێهێشتنی شار ئامادە بکەم، دوور نییە ژیانم لە مەترسیدا بێت.

ئەوی مایەی بێزاری بوو، کۆمەڵێک کەناڵی ئاسمانیی عێراق دوای سەعاتێک لە شریتە هەواڵییەکەیاندا ئەم تێکستە، یاخود هاوشێوەیان بڵاوکردەوە: (ڕزگاربوونی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ماجد بەغدادی لە هەوڵی تیرۆرکردن لە باقوبە، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ).

نازانم چۆن بەم خێراییە هەواڵەکەیان پێ گەیشت و کێ دزەی پێ کرد؟ کاتێک لە گشت لاوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، لە لایەن برادەران لە ڕۆژنامەکەوە، لە برادەران و ناسیاوانمەوە، لە خزمانی نزیک و دوورمەوە... هەروەها لە فاتنەوە، کە بە تووڕەییەوە فەرمانی بەسەردا دەکردم، هەر ئێستا بگەڕێمەوە بەغدا.

بێگومان دەمودەست نەگەڕامەوە بەغدا، تاکو سەرلەبەیانیی ڕۆژی داهاتوو من هێشتا لەناو جێگەکەمدا بووم، تەلەفۆنی بۆ کردم: "ماجد، تۆ لە کوێی؟ من لێرەم، لە باقوبە".

– چۆن؟ گاڵتە دەکەیت، وا نییە؟

– گاڵتە ناکەم... وەرە بمبە... من نزیک تێرمیناڵە کۆنەکەم... شۆفێری پاسەکەی پێی هاتم وای گوت.

بە پەلە جلەکانم لە بەر کردن و خێرا تاکسییەکم بۆ لای گرت... بینیم لەو شوێنە وەستاوە، کە لە ساتی گەیشتنم بۆ باقوبە پێش مانگ و نیوێک لێی وەستام. لە یەکەم نیگاوە زانیم ترساو و تووڕەیە... پێش ئەوەی تەنانەت سڵاوم لێ بکات، گوتی:

"ئەم لاملییەت هیچ مانایەکی نییە... تۆ لەخۆڕا وەک مناڵ کەللەڕەقی دەکەیت... شتومەکەکانت بپێچەرەوە، با بگەڕێینەوە بۆ بەغدا".

تێمگەیاند پرسەکە وا نییە کە کەناڵە ئاسمانییەکان باسیان لێوە کرد. گوللەکەش وێڵ بوو و تەنیا ڕێکەوت بوو بە ئاڕاستەی ئەو ئۆتۆمبێلە هات کوەمنی تێدابووم... پسپۆڕی لێکۆڵینەوەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس بە بەڵگەی بەرچاوەوە ئەمەی پشتڕاست کردەوە...

گوتم: "من خۆشحاڵم کە تۆ لێرەیت. ڕۆژەکە لێرەدا پێکەوە دەبەینەسەر، تاکو خاترجەم بیت واقعی ڕاستەقینەی گوزەرانکراو جیایە لەگەڵ واقعی وێنەگیراوی میدیاکان... ئێستا بۆ کوێت ببەم، لە کاتێکدا شارەکە جێگەیەکی بۆ ئاشقانی وەک ئێمە تێدا نییە".

بەناو کۆڵان و شەقامە ناسەرەکییەکاندا پیاسەمان کرد، تاکو گەیشتینە خواردنگەیەک لە شەقامی ساریە، بەیانییان قەیماغی عارەب و کاهیی پێشکەش دەکرد... چاوە لاپرەکان ڕوویان لە ئێمە بوو... یاخود وردتر ڕوویان لەو بوو... ئافرەتێکی شۆخوشەنگ لەچکی نەپۆشیوە، پانتۆڵێکی ڕەش و قەمسەڵەیەکی هەر ڕەشی لە بەردا بوو، لە کاتێکدا کراسە

وەنەوشەییەکەی گەشییەکی دڵگیری بە ڕوخساری بەخشیبوو. لە کوێ، لە باقوبە، کە لە کاتی کوشتاری ناوخۆییدا و تەشەنەکردنی میلیشیا چەکدارەکان، هەندێکیان بە قەندەهاری ئەفغانستانیان دەچواند.

پێم گوت: "بە درێژایی ئەو چەند هەفتەیەی لە شارەکەدام، سەرنجی کەسم بۆ لای خۆم ڕانەکێشا، ئەوەتا تۆ ئاشکرام دەکەیت".

بە حەزەوە خواردمان و چاشمان خواردەوە، بەردەوام چپەچپمان بوو... گوتی: "وام دەزانی گرووپە چەکدارەکان شەقامەکانیان تەنیوەتەوە".

گوتم: "تاکو سێ ساڵ پێش ئێستا وا بوو".

بە شێنەیی لەدەم ڕووباری خرێسان بەدەم ڕووناکیی ڕۆژە ساردەکەوە ڕێمان دەکرد... پردێکی بچووکی پیادەمان بڕی و خۆمان بەو کۆڵانانەدا کرد، کە دەیانبردینەوە شەقامی یانەی کۆنی ئەفسەران، بەرلەوەی بەرەو خوار دابەزین، پاشان ڕووەو ڕۆژئاوا، بەرەو ڕووباری دیالە بادەینەوە... دەنگی ڕێژنەگوللەیەک لە دوورەوە هات...

گوتم: "گوێی مەدەرێ. دۆخەکە لێرە ئەمینە".

پردی جمهوریمان بڕی بۆ ئەوبەری شار و خۆمان بەو باخچەیەدا کرد، کە لەنێوان هەردوو پردەکەدا بوو، بۆ خۆشبەختیمان خوێندکاران کۆمەڵ کۆمەڵ لەوێ بوون، ئاخر بینای کۆلێژی پەروەردە لەوێوە نزیک بوو.

لەبەر هەتاوەکە لەسەر تەختەکورسییەک دانیشتین، مشتومڕێکی توندمان کرد. دوای سەعات دە بە هەمان ڕێگەدا گەڕاینەوە... دوو سەعات بەناو بازاڕی باقوبەدا پیاسەمان کرد،

لەونێوەدا قسەمان لەسەر گەلێک شت کرد... "تۆ ترست لە دڵدا نییە"... گوتی: "من بۆ تۆ ترسم لێ نیشتووە"...

گوتم: "ئەگەر ئێستا لە شارێکی ئەورووپی بووینایە ماچم دەکردیت"... خەنییەوە و گوتی:

"پێی دەگەیت"... دەتگوت ژن و مێردین، لێ نیگا لاپەرەکان بە هۆی جلەکانییەوە دەیانخوارد... جلێکی ماڵ و جانتایەکی دەستی و جووتێک گوارەی زێڕم بۆ کڕی... نانی نیوەڕۆمان لە کەبابخانەی غەسان خوارد، مریشکی برژاو و زەڵاتە و ترشیات و مایۆنیز و باباغەنووج...

دوای ئەوەی نانمان خوارد، بە تاکسی گەیاندمە تێرمیناڵە کۆنەکەی لەوێوە پاسەکان بەرەو بەغدا و شارە نزیکەکان دەردەچن... بەرلەوەی کورسیی خۆی لە پاسەکەدا بگرێت، لێی پرسیم: "ئێستا پێم بڵێ، کەی بۆ بەغدا دەگەڕێیتەوە؟".

گوتم: "دوای چەند ڕۆژێکی کەم".

کتوپڕ و بێئاگا لە دنیا، بۆ دوو سێ چرکە ئەنگوستەکانیم گرت و گووشیمن.

سوپاسی خوام کرد، چونکە ڕۆژەکە ئارام و بێ تەقینەوە بوو.

## ٣

شوێن: لێواری زۆر تیژی شاخێکە... ڕێگەی دابەزینی نییە...
کات: ئەستەمە دیاری بکرێت، کپ، ناکۆتا، ڕەها...

هەست بە بوونی بوونەوەرەیلێکی نزیک دەکەم خۆیان مەلاسداوە، بەلام نایانبینم... بیر لە پرسیارەیلی بەڵگەنەویست ناکەمەوە، وەک: چی دەکەم لێرە؟ ئەی چۆن گەیشتمە ئەم لوتکە بڵندە؟ سەرتاپا تاریکییە، لێ دەتوانم دڵی دۆڵە چۆڵە ترسناکەکە ببینم... هەست بە بوونەوەرە نەیارە خۆمەلاسدراوەکان دەکەم لێم نزیکدەبنەوە. خەریکە دەمگرن. ترس بەربینم دەگرێت... وەک بخنکێم، ناتوانم هاوار بکەم. لەپڕ بێدار دەبمەوە، شڵپەی ئارەقەمە... لە ساتێکدا دەرک دەکەم لە ماڵی مامۆستا حەیدەرم لە باقوبە...

هێوردەبمەوە و جارێکی دی بیر لە فۆبیای بەرزاییەکان دەکەمەوە، کە لەو ڕۆژە دوورەوە بەدەستییەوە دەناڵێنم، ئەوکاتی تەمەنم دوانزە ساڵان بوو، تازە لە قۆناغی سەرەتایی دەرچووبووم... لە گەشتێکی خێزانی بووین لە هاوینەهەوارەکانی هەولێر، شارە شاخاوییەکە... لەودەمی دایبابم بێئاگا بوون بە شاخێکدا سەرکەوتم، کاتێک لە دامێنی بووم، نەمزانی هێند بەرزە... لە خاڵێکی لاپاڵ شاخەکەوە تەماشای خوارەوەم کرد، ئای خودایە... کاتێک لە دۆڵەکەم ڕوانی، دەتگوت نیمچەستوونییە، هێند تۆقیم پێشتر شتی وام بەخۆمەوە نەبینیبوو... کەوتمە هاوارکردن... کابرایەکی کورد خەڵکی دەڤەرەکە بوو، ڕزگاری کردم... خستمیە سەر شانی و بە سووکیی وەک ڕابکات، هێنامیە خوارێ... ئیدی بڕیارم دا

جـــارێکی دی ســـەرنەکەومە ســـەر هـــیچ چیـــایەک، بەڵام بەرهەڵستیی ترسەکانم کرد و دوای ئەوە چەند جارێکی تر تاقیم کردەوە، کاتێک گەورە بووم، بە هەندێک گردۆڵکەدا سەرکەوتم، هێند بڵند نەبوون، تەنانەت وام هەست کرد لە دۆخی ترس لە شوێنە بەرزەکان چاکبوومەتەوە، ئیدی ساڵ دوای ساڵ مۆتەکەی ئەو ڕۆژە لە خەودا بەدوامەوە بوو.

ئەوەتا ئێستا لە هەمان هەڵوێستدام... لە پێخەفەکەم و لە ژوورەکە دەردەچم... لە ڕێگەم بەرەو گەرماوەکە، مامۆستا حەیدەر دەبینم نوێژی بەیانی دەکات... دەگەڕێمەوە سەر جێگەکەم و دەرگەکەم کەمێک بە کراوەیی جێهێشت، تاکو هەناسەی باش بدەم... دوای چەند خولەکێک، کاتێک بیرم لە ناشیرینیی ئەم مۆتەکەیە دەکردەوە، دەنگی خۆشی مامۆستا حەیدەر دەهات، بە ناسکی قورئانی دەخوێند.

٤

دوای ئەوەی هیچ ڕێگەیەکم بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ سەبارەت مەرزوق نەما و کاغەز و شتوومەکەکانم خڕدەکردنەوە، لەو دەمەدا فیراس سلێمان پێوەندیی پێوە کردم، نیازم بوو دوو سبەی بۆ بەغدا بگەڕێمەوە، چونکە لەوێ لە ئەپارتمانەکەم دەمتوانی نووسینەکانم تەواو بکەم.

چیرۆکەکە کەلێنی گەورەی تێدایە، هەر شتێکی تازەش دەکرێت بەسوود بێت، وا بزانم زەحمەتیم تووش دێت لەوەی بتوانم شێوەیەکی ورووژێنەر و قایلکەری بدەمێ... ئەندێشە لە دۆخی وادا یارمەتییەکی ڕوون دەدات، بەڵام خۆ من ڕۆمان

نانووسم... ئەو کابرا پەنهانەی خەرجیی ئەم پرۆژەیە لە ئەستۆ دەگرێت، بیر لە دەقی خەیاڵی لە قاڵبی ڕۆماندا ناکاتەوە، بگرە ژیننامەیەکی ڕاستەقینەی دەوێت پشت بە بویەر و دۆکیۆمێنت و ددانپیێدانان ببەستێت... بیرم لەوە کردەوە، خۆ لە دوامین تەلەفۆنی نێوانمانەوە، پێش ڕێککەوتنەکە، هیچ پێوەندیی پێوە نەکردووم.

کاتژمێرەکە ئاماژە بە هەشت و نیوی ئێوارێ دەکات... فیراس بە هەڵچوونەوە هاواری کرد:

"شتێکی تر هەیە... شتێک بە درێژایی کات بە بەرچاومانەوە بوو و نەماندەبینی... سەیرە وا نییە؟".

"شتێکم لایە بە مۆبایل ناوترێت... دوای چەند خولەکێکی کەم لات دەبم".

فیراس کاتێک هات، قوتوویەکی کۆنی تەنەکەی شیرنیی بە دەستەوە بوو هەندێک لە بۆیاغەکەی بەریدابوو و ژەنگی پێوە دیاربوو... ئەم قوتووەم بیردێتەوە... لە ژێرزەمینەکەی مەرزوقدا لە بان کۆمەڵێک کتێب بوو، هەر لە ڕۆژی یەکەمی چوونە ناوەوەمان لەبارەیەوە پرسیارم لە فیراس کرد... بە ساردییەکەوە بەرپەرچی دامەوە: "لیستی پارەی کارەبا و وەسڵی کڕینی کتێب و کاغەز و شتی لەو بابەتەی تێدان، شتێکی گرنگی تێدا نییە".

لە ژوورەکەم لە ماڵی مامۆستا حەیدەر وەستابوو، قوتووەکەی بۆ درێژ کردم... مامۆستا حەیدەریش لە دواوەی وەستابوو، بە لاپرەسەنییەوە چاوەڕوان بوو شتێک لە قوتووەکەوە دەرچێت.

"بیکەوە".

"دەترسم جنۆکەیەکی لێوە دەرپەڕێت و بڵێت تۆ بفەرموو و من بۆتی جێبەجێ بکەم".

"بەڵێ، جنۆکەیەک لەناوی خۆی حەشارداوە".

لەودەمی خەریکی کردنەوەی بووم، کارەبا بڕا... هاوارم کرد: "بینیتان، ئێستا جنۆکەکە دەردەپەڕێت".

فیراس و مامۆستا حەیدەر لە قاقای پێکەنینیان دا... مامۆستا حەیدەر گوتی: "کارەبای نیشتمانی کوژایەوە و لە ماوەی خولەکێکدا مۆلیدەی گەڕەک دادەگیرسێنن".

جارێکی تر هۆڵەکە ڕۆشن بووەوە... قوتووەکەم کردەوە، بەستەیەک لیست و وەسڵی جۆراوجۆری تێدابوو، گەڕام تاکو لە بنی سێ زەرفی نامەم دۆزییەوە، ڕەنگیان سپی بوو. زەرفێکیان بە زمانی فڕەنسی ناونیشان و ناوی مەرزوقی بەسەرەوە بوو، لەوەی دەکرد بە پۆستی فەرمی نەگەیشتبێت. نە پوول و نە مۆری پێوە بوو. دووەمیشیان ناونیشانی جانێتی لە پاریس بەسەرەوە بوو، سێیەمیشیان هیچ ناونیشانێکی پێوە نەبوو...

فیراس گوتی: "بڕوانە هەریەکەیان چیی تێدایە".

لە زەرفی یەکەمدا سێ کاغەزی نوشتاوم دەرهێنا... کردیانمەوە... بینیم سێ پەڕەی نووسراون بە زمانی فڕەنسی تایپکراون... فڕەنسی نازانم، بەڵام نامەکە لە خوار لاپەڕی سێیەم بە ناوی جانێتەوە پەراوێزی بۆ نووسرابوو...

"وەرگێڕێکی بۆ دەدۆزینەوە".

بلەز نامەی دووەمم هەڵپچڕی... پێنج کاغەزی نوشتاوی تێدابوو. پێنج پەڕە بە مەرەکەبی وردی ڕەش نووسرابوون...

نامەی سێیەم دوو کاغەزی چوار لاپەڕەیی نووسراو بوو (ئەمدیو و ئەودیو) بە هەمان مەرەکەب، هەردوو نامەکە بە

زمانی فڕەنسی بوون. بە ناوی مەحمود مەرزوقەوە پەراوێزیان بۆ نووسرابوو و ئاڕاستەی جانێت کرابوون.

"سوپاس فیراس... ئەمە باشە... وا هەست دەکەم شتێکت بۆ دۆزیمەوە وام لێ دەکات بتوانم هەندێک لە کونوکەلەبەرەکانی چیرۆکی خاڵەتی پێ بگرم".

مامۆستا حەیدەر دوای ڕۆیشتنی فیراس گوتی: "ئومێدەوار بووم چەند ڕۆژێکی تر بمایتایەتەوە... ماڵە چۆڵەکەت ئاوەدان کردەوە مامۆستا ماجد... بمێنەرەوە لە باقوبە وەرگێڕێکت لە فڕەنسییەوە بۆ پەیدا دەکەین".

پێم ڕاگەیاند دەبێت بگەڕێمەوە بەغدا، لەوێ وەرگێڕێکی نایاب دەناسم، دکتۆرە لە دەرچوانی سۆربۆنە.

درێژەم پێ دا: "لە بەغدا نەبێت ناتوانم نووسینی پوخت بنووسم... ئەمە خوویەکە باش نییە، بەڵام من وام. تۆش قسوورت نەکرد... لەگەڵ تۆدا بوون و دۆستایەتی و بەخشندەیی و تێبینییەکانت خۆشحاڵیان کردم".

دەستی گووشیم و کاریگەریی پێوە دیاربوو، چاوانی درەوشانەوە، وەک پڕ لە فرمێسک بوو بن.

دوا ئێوارەم لەگەڵ مستەفا کەریم و هاوەڵەکانی بەڕێکرد... لە باخێکی نزیک، ئێوارەخوانێکی نایابیان بۆ ڕێکخستم... ناو باخەکە شتێک لە شێوەی کوخت بوو، گەرمیی تێدا باش نەبوو... کەچی خواردن و خواردنەوە و گفتوگۆی گەرم سەرماکەیان لە بیر بردینەوە، نا بگرە گەرمیشیان کردینەوە... نیوەی قسەکان لەسەر مەرزوق بوون، وام لێکدایەوە هەر تاکێکی ئەم شارە چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە، یاخود چیرۆکی کەسێک دەزانێت، لەگەڵ ئەو کتێبفرۆشەی کەس هۆی ڕاستەقینەی تیرۆرکردنەکەی نازانێت...

## ٥

لە هەمان ڕۆژدا گەیشتمە بەغدا، تاکسییەکم بۆ کۆلێژی ئاداب لە بابلموعوزەم گرت... دەبوو لە سەعات دوانزە دکتۆر حەسەن سەرحان ببینم... ڕێگەکان بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمرێژکراوەوە لە کۆتایی شەقامی کۆماری بە لای بابلموعەزەمدا گیرابوون... تاکسییەکە لە پردی سینەکەوە بەرەو بەری کەرخ پەڕییەوە... شەقامی حەیفای بڕی و لە پردی هەڵواسراوەوە بەرەو ئەعزەمییە سووڕایەوە، لەوێشەوە بۆ وەزیریە... لە نزیک ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان دابەزیم و قەدەرێک بە پێیان بەرەو کۆلێژی ئاداب ڕێم کرد. چل خولەک لەو کاتەی لەسەری ڕێککەوتبووین، دواکەوتم... دکتۆر حەسەن لە کافتریاکەی بەرابەر کۆلێژ چاوەڕوانی دەکردم... داوای لێبوردنم کرد لە دواکەوتنەکەم. باسی پرۆژەی نووسینم لەسەر مەرزوق کرد لەگەڵ نامەکانی. نامە ئەسڵییەکانم دا پێی و کۆپییەکانیشم بۆ دۆخی لەناکاوی خراپ لای خۆم پاراست... یەکەمین جار چەند دێڕێکی لە نامەکەی جانێت خوێندەوە، پاشان چەند دێڕێک لە دوو نامەکەی مەرزوق... گوتی:

"چاکە، خەتەکەی ڕوونە. وا بزانم دوای هەفتەیەک لە وەرگێڕانیان دەبمەوە. چونکە زۆر سەرقاڵم".

ڕێککەوتین دوای ئەوە دانیشتنێکی گفتوگۆ ساز بکەین، نەخوازە من شتێک لە نهێنییەکانی چیرۆکی مەرزوق لەگەڵ جانێت و ئەزموونی لە ئەورووپا دەزانم. ڕەنگە لە جێڕەوتی هەندێک لە ڕستەکان بگەم و لە داڕشتنی کۆتاییدا یاریدەی بدەم...

**دەقی نامەکان وەکو دکتۆر حەسەن سەرحان وەریگێڕان:**

**١. نامەکەی جانێت:**

مەحمودی ئازیز

نازانم داخۆ ئەم نامەیە دەگاتە دەستت یان نا... لە بەغدا پیاوێکم ناسی ئەویش دکتۆر ئەحمەد شەممەری بوو. خوێندنی پزیشکیی تەواو کردبوو و دەیویست بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. باسی ئەو ڕێگەیەم بۆ کرد نامەیەک بگەیەنێتە کەسێکی عێراقی، تەنیا ناوەکەی دەزانم لە باقوبە دادەنیشێت، پاشان باسی تۆم کرد. گوتی: وا بزانم کێشەیەک لەگۆڕێدا نییە... لەوێ خزمم هەن و کەسێکیش بەو ناونیشانە دەبێت لە شارێکی بچووکی وەکو باقوبە ناسراو بێت...

وا دەنووسم و گریمانەی ئەوە دەکەم پەیڤەکانم دەخوێنیتەوە و بیر لە وەڵامدانەوە دەکەیتەوە...

کاتێکی زۆر تێپەڕیوە... هەشتساڵ... هەندێک جار وا دێتە بەرچاوم هەموو شتێک لە خەوندا، یاخود لەمێژە لە ژیانێکی تردا ڕوویان دا... تاکو ئەم ساتەش نهێنییەکەی نازانم، نهێنیی ئەو کوودەتایە... لەناکاو ئەوی لە دەوروبەرت و لەناوەوەتدا گۆڕان و جیهان لەسەر ڕوخساری ئاوەژوو بوو... لە بەراییدا بڕوام وا بوو تۆ، تۆی مارکسیی سەرسەخت، بۆ چارەنووسی بلۆکی سۆشیالیستی، کە لەپڕ هەرەسی هێنا، خەمباری. من تێبینیی بڕی ئەو وەرچەرخانەم دەکرد، کە دوای گۆڕانکاری لە چیکۆسلۆڤاکیا بەسەرت هاتبوو. پتر خەمۆک و نیگەران بوویت. دۆخەکەش وەک پێشوو نەبوو، وردەکارییەکانی ئاکاری ڕۆژانەت، وازت، هزرت، نیگارت ناکێشا و بێدەنگی دایگرتبووی... پەشۆکابوویت و پێت گوتم دەبێت خێرا بچیت بۆ پراگ... ڕەتت کردەوە هۆیەکەیم پێ بێژیت، بەڵام بە هەستی

ژنانەم زانیم لەبەر ئافرەتێک دەڕۆیت، نەک لەپێناو شتێکی تردا... پاساوێکی قبوڵکراوە، هەرچەند لە ناخەوە ئازاری دام. ڕەنگە ئەوە کارێکی زۆر کەسێنی بێت ناتەوێت بیدرکێنیت... مافی ئەوەم نییە زۆرت لێ بکەم. پتر لە مانگێک لەوێ مایتەوە، لەو ماوەیەدا پێوەندیت پێوە نەکردم. تەنانەت ئەوەم بە بیردا هات ڕەنگە ئەوەت دۆزیبێتەوە خۆشت دەویست، خۆشەویستیی یەکەمت، ڕاستینەکە. هەروەها لەگەڵیدا دەمێنیتەوە و ڕووخانی کۆمۆنیزم لە بەرژەوەندیی تۆدا بوو. منیش خۆم بۆ قبوڵکردنی ئەم واقعە نوێیە ئامادە کرد... وام بە مێشکدا هات ئیدی تۆم لەدەستچوو و جارێکی دی هەرگیز بەیەک ناگەینەوە. بەڵام تۆ دووبارە هاتیتەوە... ئای لەو سوپرایزە... ئەوەتانێ جارێکی تر تۆ لە پاریسی، بەڵام بە سیمایەکی تۆقێنەر... تێکشکاوی بە سیماتەوە دیاربوو، وەک یەکێک خەریک بێت ژیری لەدەست بدات. جارێکیان هەینێ سەرت نایە سەر سینەم، گریایت... گوتم دەی گوێ مەدەرێ... داخی دڵی خۆتم بۆ هەڵڕێژە... چیت هەیە بیڵێ تاکو ئاسوودە بیت... وا دیاربوو ڕازەکە لەوە گەورەتر بوو بتوانیت دەریببڕیت... وەکو بەردێکی قورس لەسەر دڵت بوو... لێت ناشارمەوە، هەستم بە حەسانەوە کرد، چونکە ئەوی دەتویست لەوێ بەدیت نەهێنا... گوتم ڕەنگبێ نەیدۆزیبێتەوە، پێدەچێت شووی بە پیاوێکی تر کردبێت... دوور نییە بۆ خۆی دۆستێکی نوێی دۆزیبێتەوە، نەیویستبێت لەبەر تۆ جێی بهێڵێت... بە هەزاران لەوانەیە و ڕەنگبێی ترم بە مێشکدا هاتن... گوتم، گرنگ ئەوەیە گەڕایەوە و ئێستا لەگەڵ منە، سەری ناوەتە سەر سینەم و دەگری، بڕواش ناکەم جارێکی دی بڕوات.

نەمدەزانی ئەوە دواجارە و لە هەمان شەودا خۆت دەدزیتەوە، بێ ئەوەی بۆم ڕوون بکەیتەوە، پاساوێکم بدەیتێ، هیچ نەبێت بڵێی داوای لێبوردن دەکەم... ئایا بە لاتەوە شایانی ئەوە نەبووم پێم بڵێی بۆ و بۆ کوێ و تاکو کەی؟

لە سەرەتادا ئەودەمی یەکترمان باش ناسی و بە ڕاستگۆیی و ڕەوانی پێوەندیمان بەست، وام زانی ژیانت پڕ دەکەم... من خۆشی و لەبیرکردنم پێ بەخشیت... کەسێک لە جۆری تۆ دەبێت ئافرەتەیلی زۆری ناسیبن و چیرۆکی خۆی هەبێت... کێ لە ئێمە لەم بارەیەوە چیرۆکی خۆی نییە؟ لە بەراییدا لە دڵی خۆمدا گوتم، ڕەنگبێ هەریەکێکمان نیوە ڕاستەقینەکەی خۆی دۆزیبێتەوە. لەوانەیە هەردووکمان دەست بە گەشتی جیاوازی ژیان بکەین و ئەوی ئاڵۆز و ئازاربەخش و نابەختەوەرە لە مێژووماندا لە بیری بکەین. پتر هۆگرت بووم، تەنانەت نوقمی کار بوویت، نیگار دەکێشی و قسە لەسەر دانانی کتێب دەکەیت.

تاکو چەند مانگێک دوای یەکترناسینمان، دەستت بۆ نەهێنام... ئەو شەوەم لە بیرە کاتێک بە تەڕی لە بەر بارانەکەوە هاتم بۆ لات، خۆم ڕووتەوە کرد و خۆم بە پێخەفەکەتدا کرد و بانگم کردیت، تاکو خۆت پێمە بنووسێنیت، گەرمم بکەیتەوە.

تاکو ئەم ساتە دڵنیا نیم لەوەی تەفرەم دەدایت یان نا. بە بەدییەوە تۆم خستە دۆخی زەحمەتی تاقیکردنەوەوە، بەڵام لە نیوەی بانەوەت تەنیا باوەشت لێدام.

سەرسەختانە بەرهەڵستی ئەو بوونەوەرەی ناخت کرد. شڵەژان و تایەکەت دزەیان دەکردە جەستەمەوە. لە بەشێک لە چرکەیەکدا لەسەر پێستەکەم هەستم بە ڕەقی و

هەڵەشەییەکەت کرد. گوتم پیاوەتیی لەدەستنەداوە وەکو لە سەرەتادا بۆی چووبووم... بەڵام پرسیم بۆ؟ لە دڵی خۆدا گوتم یان دەترسێت، یان نەسرۆیە، یاخود من لە ڕەگەزی ئەو ئافرەتانە نیم، ئەو پێی چاکترە... لەو ساتەدا ئەوەم بە مێشکدا نەهات شەیدای ئافرەتێکی تر بوویت و حەز ناکەیت ناپاکیی لێ بکەیت. منیش جگە لە ئافرەتێکی ڕاگوزار، کەنگێ بەوی دی بگەیتەوە وازم لێ دێنیت، هیچی تر نیم... کەچی لە خۆشبەختیم دوای ئەوە کارەکە بە باشی بەڕێوەچوو... هەڵبەت هەرگیز ئەو ئێوارەیەت لە مەرسیلیا بیر ناچێت لە پانتاییەکی پڕ لە خۆشیدا دەخولاینەوە، وەک چۆن پێش ساڵانێک دەمانکرد... هەموو شتەکان وا بەڕێوەچوون، دەتگوت بەم شێوەیە لەسەر لاپەڕەی چارەنووس نەخشەی بۆ کێشراوە... بەخۆت دەزانیت من بڕوام بە خوا هەیە. پێم ڕاگەیاندی کە بڕوام بە خوایەک هەیە خۆشیبوێین و لێبوردەبێت و بەزەیی بێتەوە، هەروەها لە ساتە سەخڵەتەکاندا بەهاناماندا بگات. ئەگەر بەڕاستی باوەڕمان هەبێت. وێڕای ئەوەی من لە هەرزەکارییەوە سەرم بە کڵێسادا نەکردووە... تۆ گاڵتەت پێ دەکردم و قسەت لەسەر ئەو خوداوەندە دەکرد لە ناخماندایە. ئەوی لە ئاوەزماندا دەیخولقێنین.

هێشتا ئەو ساتەم لە بیرە، لە دوامین ڕۆژمان پێکەوە. ئەو دەستەواژەیەت، کە بە دەنگێکی گڕ دەرمبڕی... دەستەواژەیەک تاکو مردن لە بیری ناکەم...

هەینێ سەرت لەسەر سینەم هەڵگرت و فرمێسکەکانت سڕینەوە، گوتت: "خودا بەخۆی دەزانێت، ئەو دەزانێت".

لە مەبەستت تێنەگەیشتم... بیرم لەوە کردەوە کارەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە من وێنام دەکرد. هەروەها چیرۆکێک هەیە بۆت

نەگێڕاومەتەوە... لێت ناشارمەوە بۆ زانینی... هێشتا هەست بە لاپرەسەنی دەکەم. جارێکیان لەودەمی لەسەر پشتی کەشتییەکی گەشتیاری بووین لە سین، پێت گوتم: "بیر لەوە دەکەمەوە دوای نیو سەدە ئەو کارە بە کویێ دەگات، ئەگەر لە شوێنێک بێت دوور لە شوێنی یەکەمی... بە ڕای من هۆیەکەی لەو بڕیارە دروستانە نییە، کە گرتنیە بەر، بەڵکو لەو هەڵە و گەمژەییانەدایە کران... بە هۆی ئەوانی ترەوە... ئەوانی دی دۆزەخن... ئێستا بە تەواوی لە سارتەر دەگەم بەو قسەیەی مەبەستی چی بوو"...

پێم گوتی: "ئایا دەتەوێت بڵێی بە ناچاری لە شوێنی هەڵەیت لەگەڵ کەسی هەڵەدا؟".

گوتت: "چۆن بیر دەکەیتەوە؟ مەبەستم ئەمە نەبوو... ئەگەر هەریەکێک لە ئێمە تەواو ئازاد بوایە و هەمیشە بڕیاری دروستی بدابایە و با بەپێی حەزی کەشتییەکانی هەڵیکردایە، ئەوا ڕەنگە پێک نەگەیشتینایە... بەڵام ناکرێت هەندێک لە هەڵە و گەوجییەکان یەکتر ببڕن و لە کۆتاییدا بمانگەیەننە کەسی دروست و شوێنی دروست؟".

خۆت بە خۆت ناکۆک بوویت، سەرت سووڕ مابوو. هەرگیز لێت نەگەیشتم. ڕەنگبێ تۆ خۆتیش لە خۆت نەگەیت... ئەو هەموو ئەزموون و کتێبە زۆرانەی خوێندتنەوە، نەیانکردیتە ئەو کەسەی خۆت دەتویست... پێت گوتم ڕۆڵەی شکستە زۆرەکانی... هاوارم بەسەردا کردیت: چیتە؟ هەموومان واین. گەلێک لە مرۆڤەکان لە ڕەوشی خۆیان ڕازی نین، کەچی تۆ خۆت لە خاڵێکی هەڵواسراوی ڕابردووتدا گەمارۆ دەدەیت، ناتەوێت جێی بهێڵیت... بە دوو چاوی زەقەوە لە ڕوخسارم

ڕامایت و وەک ئەوەی هەناسەبڕکێت بێت، گوتت: "ئەم ڕستەیەت تۆقێنەرە".

ڕۆیشتیت و هێڵکاری و تابلۆ تەواوبووەکانی تر و ئەوانی تەواوت نەکردبوون، جێهێشت... نازانم چییان لێ بکەم؟... هێڵکارییەکانت لای منن، ئەو تابلۆیانەشی تەواو نەکراون لەنێوان محەمەد منیاوی و ئەندرێدا دابەشم کردن، هیچ لەبارەی چارەنووسیانەوە نازانم... ڕاستی دواتر هەرگیز لێم نەپرسیون... هەرچی تابلۆ تەواوبووەکانت بوون، کە نۆ تابلۆ بوون، چواریانم لە هۆڵی ئەپارتمانە تازەکەم هەڵواسی، چواریشیان لە ژووری نوستن، یەکیشیان لە ئاشخانەکە.

بەر لە دوو مانگان بۆم دەرکەوت تووشی شێرپەنجەی کۆڵۆن هاتووم... بۆ چارەسەر پێویستم بە بڕێک پارە بوو، لە کاتێکدا ڕەوشی ماددیم خراپ بوو... چوومە لای بازرگانێکی تابلۆ لە بازاڕی ڕەش کاری دەکرد، قسەم لەبارەیانەوە کرد. هات و تەماشای کردن، هەشت تابلۆم نیشان دا، یەکیانم شاردەوە، هیی من بوو... ئەو وێنەیەم بە ڕووتی کێشات و ڕۆحت کڵپەی سەندبوو... هەندێک جار ئەوەم بە خەیاڵدا دێت، کە ئافرەتێکی تر، یاخود ئافرەتانی دی لەژێر پێستەکەمدا خۆیان ماتداوە... وەک ئەوەی مێژووی ئیشقت لە میانەی منەوە کێشابێت... قەینا، مادامەکی من هەم... ناتوانم ببمە هەموو مێژووت... تەنانەت من (هەروەها هەر کەسێکی تر) ناتوانم هەموو مێژووم لە کەسێکدا کورت بکەمەوە، لە تۆدا... دەکرێت تەنیا ئەمە لە ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییە کۆنەکاندا ڕوو بدات.

ئەو بازرگانە فێڵبازە لە کۆتاییدا نرخێکی ماقووڵی دامێ... ئەگەر کاغەزێکم پێ بوایەبیسەلماندایە هیی منن دەکرا بە دوو

قاتی ئەو پارەیە بیانفرۆشم... ئێستا من هەشتا هەزار فرەنک قەرزاری تۆم... ئەگەر ڕزگارم بوو و پارەی وام دەسکەوت ئەوا دەمودەست بۆتی دەنێرم، بەڵام ئەگەر مردم، تکام وایە لێم خۆشبیت... هەرچی خۆمم وێڕای هەڵهاتنە بێ پاساوەکەت و ئەو زامەی لە جەستەی منتدا جێتهێشت، ئەوا لێت خۆشبووم و دەتبوورم...

**جانێت**

**١٩٩٧/١/٨**

**٢ نامەی یەکەمی مەحمود مەرزوق:**

جانێتی شۆخوشەنگ، ئەی ئەو گوڵەی بە خراپی خۆم لە باخچە دوورەکەمدا نائومێدم کرد.

هەموو کاتێکت درەوشاوە و تەندروست بێت.

هیوادارم ئەوی سەبارەت بە نەخۆشییەکەت گوتت، شۆخی بێت... ڕەوای هەق نییە تۆش پێش من بڕۆیت. دوان بەسە، ئاخر لەگەڵ مردنیاندا گەیشتمە ئەوپەڕی بەرگەگرتن. دەستم دامێنت کاری وا نەکەیت... ئەگەر لەم دنیایەدا ببیتە بوونەوەرێک، ئەوا هەستی پڕئازاری تەنیاییم لەسەر سووک دەکات... بەڵێ، هەرچەندە لەودیو دەریاکانیشەوە بیت، بیرکردنەوەم دەڵێت، هەوای دنیا لە دۆخی دۆستایەتی و هاوسەنگیی ڕۆحیدا هەڵدەمژیت... لەودەمی نامەکەتم خوێندەوە، لە ئێستاوە هەڵدێرەکە دەبینم... ئەوی لێی دەترسم مردنی فیزیایی نییە، بەڵکو گەیشتنە بە ساتی سفر، پووچگەرایی تەنیایی و شێتی...

لێرە لە شارەکەم ئافرەتێکی نوێ لە ژیانمدایە... بەپێی خۆم بۆی نەگەڕام. کاتێک لە پایزی تەمەندا بووم، بیرم لە سەرکێشیی پێوەندییەکی تر نەدەکردەوە. ئەو بوو لەناکاو پەیدا بوو و خۆی بە تەنیاییەکەمدا کرد. لە کڕینی کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا)ی مارکیز دەستی پێ کرد. (پێم نەگوتی کتێبخانەیەکی بچووکم لە ناوەڕاستی باقوبەدا هەیە، دوای ئەوەی لە پاریس گەڕامەوە، دامنا)، پاشان هات، تاکو گفتوگۆی کتێبەکەم لەگەڵدا بکات، نهێنیی ئەوینی ئەو پشکۆکەی تاکو دوای نیو سەدە ناکوژێتەوە. پاشان بە بەهانەی ئەوەی پێویستی بە هەندێک کتێب دەبێت و پێی باشترە بۆ دڵنیایی پێش ئەوەی بێت، تەلەفۆنم بۆ بکات، داخۆ کتێبەکەم هەیە یان نا، داوای ژمارە مۆبایلەکەی کردم. شەوێکیان نیوەمەست بووم پێوەندیی پێوە کردم. زۆرمان قسان کرد... ساتێک لە ساتەکان، لە کاتی قسەکردندا لە میانەی شارەزاییمەوە لە پێوەندیدا، بۆم دەرکەوت خۆشی دەوێم... بیستوهەشت ساڵ لە من بچووکتر بوو... نازانم چی وای لێ کردبوو حەزم لێ بکات... خۆت دەزانیت ئەم شتانە لێکدانەوەی لۆژیکییان نییە... هەوڵی دا هەندێک بۆشایی لە دەوروبەرم و لە ناخمدا پڕ بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، تەنیا بە شێوەیەکی سنووردار بوو. ڕەنگبێت وزەی ئەوینم لەدەستدابێت. ڕەنگبێت، چونکە ڕووبەری ئامادەکراو بۆ ئەمە لە ناخمدا تەواو سەرقاڵ بووبێت و جێگەی ئافرەتێکی وەک ڕەبابی تێدا نەبووبێتەوە. ناوی ڕەبابە. با ڕاستگۆتر بم، پێویستم پێی بوو، بەڵام بێ ئەوەی توانای تەواوم هەبێت شتێکی پێشکەش بکەم شایانی بێت. بەدەست خۆشەویستییەوە

ماندوو بووبووم، ئیدی ئامادە نەبووم لە ژیاندا نرخی زیاتر بدەم، کە نەمبوو. هەڵبەت دواتر لەمە گەیشتم...

گوتی: بە لای کەمەوە پێویستت بە سینەیەکی گەرمە سەرت لەسەری بحەسێنیتەوە، من خۆشحاڵم ئەم ڕۆڵە دەگێڕم... ئەو لەسەر هەق بوو... ئەمە گۆڕینەوەیەکە وا دیارە دادپەروەرانەیە. داخۆ وای دەبینیت هەر بەڕاستی دادپەروەرانە بێت؟

تۆ بە هیچ شتێک قەرزاری من نییت... ناڵێم بۆیە تابلۆکانم بۆ جێهێشتی، تاکو قەرەبووی ڕیسواییەکەم بکەمەوە... لەوەدەمی دەستم لێ هەڵگرتن، بوونە هیی تۆ، بوونە موڵکی تاکەکەسیی تۆ. ئەوانە دیاریی منن، کە بەهای گەورەیان نییە. تەنیا لەبەر ئەوەی لە ساتی تێربوونی ڕۆحیدا بە ئامادەیی تۆ ئەنجاممدان. لە باشیی هونەرییان خاترجەم نیم. ئەوی من لێی دڵنیام ئەوەیە گشتیان پارچەیەکن لە ڕۆحم و ئەگەر ئامادەبوونی ناسک و قەشەنگ و بووژێنەرەوەی تۆ نەبوایە، بەو شێوەیە دەرنەدەچوون.

دەزانم بە پاساوێک قەرزارتم، ئەوی کردم شتێکە مایەی لێخۆشبوون نییە، بە هۆی ئەوەوە شایانی دۆزەخم... ڕەنگە سەیرت لێ بێت بڵێم خەون بە بەهەشتەوە دەبینم لە ژیانێکی تردا، بەهەشتێکی ئارام لەگەڵمدا سێ ئافرەتی تێدا بێت، تۆ یەکیان بیت... داخۆ دەکرێت پیاوێک لە یەک کاتدا ئاشقی پتر لە ئافرەتێک بێت؟ وا بزانم بەڵێ... سێ ئافرەت لە باخێکی دڵگیردا بن لەگەڵ گەلێک کتێب و کەرەستەی نیگارکێشاندا. ئەوپەڕی سنووری خەونی پیرەپیاوێکی وەک من، پەرۆشییە بۆ ڕابردوو. شتێکی سەیرە نەتوانم ڕەباب بخەمە ناو ئافرەتانی بەهەشتەوە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت، چونکە زۆر درەنگ هات.

ئەوە نۆستالژیا نییە، بەڵکو میراتی قورسە... ئەوی هەمیشە لە ژیانمدا پەرۆشی بووم ڕیتم، هاوتایی، سازانە... کارەکان دوور لە دەسەڵاتی من لەسەر ڕێچکەی هەڵە دەڕۆیشتن... من دڵنیام ئەگەر باسی ناتاشات بۆ بکەم، لە مەبەستم دەگەیت... بەڵێ وەکو گوتت، ئافرەتێک هەبوو... هەڵبەت ماقووڵ نییە هەستی ئافرەتێکی ژیر و هەستیاری وەک تۆ هەڵە بکات...

بە ڕێکەوت لە شەمەندەفەرێکدا لە پراگەوە بۆ تبلیتسە دەچوو، ناتاشام بینی. دوور لە ئاڵۆزی، یەکترمان ناسی. وەک پێکەوە ژوانمان هەبووبێت. وەک ئەوەی قەدەرێکی پەنهان بە یەکدیی کۆکردبینەوە... بەم شێوەیە لە ڕووداوێکی سادەوە دەکرێت چیرۆکێکی تراژیدی بهۆنرێتەوە... کیژە ڕووسییەکی سپیکەلانە بوو، لە ساڵانی پەنجاکاندا باوکیان بە کاری حزبی و هەواڵگری لە چیکۆسلۆڤاکیا ڕاسپارد، دوای بەهاری پراگی ١٩٦٨، باوکە بە تۆمەتی بۆ ئامادەکراوی لادەر و پیلانگێڕی، بە یەکجاری لە چاو ون بوو... هەڵبەت دەرەنجامی ئەو کارە، ئەو بووە ئەندامێک جێی گومان بێت، هەروەها ڕەنگە مەترسی بێت لەسەر دواڕۆژی سۆشیالیزم لە جیهاندا... دوای مەرگی دایکی بە شێرپەنجە، لە ساڵی ١٩٧٢دا کەسی نەمایەوە، جگە لە پوورە قەیرەکەی نەبێت، ئەویش بە هۆیەکەوە نەمدەزانی چییە، دوور لەو دەژیا.

بۆ ڕەشبەختیم منیش لەچاو دەسەڵاتدارانی ئەمنیی پراگەوە کەسێک بووم جێگەی باوەڕ نەبووم... گومڕایەک بووم دەبوو چاودێری بکرێت. کاتێکیش دوو کەس پێک دەگەن، هەریەکەیەیان دۆسییەکی هەیە لە هەواڵگری پارێزراوە، ئەوا (بە لای ئەوانەوە) دەبێت پیلانێک بێت لەژێرەوە ڕێکدەخرێت. ئایا پێشتر کتێبەکانی کافکات خوێندوونەتەوە؟ بە تەواوی

کەشێکی کافکاییانە ژیام. کەشی نیگەرانی و ترس و گومان و نایەقین... دەبوو هەستە ڕاستەقینەکانم لە بەرابەریدا دەرنەخەم، نەکو بترسێت، کەچی ئەو بە درێژایی کات زراوی چووبوو... شەوێکیان بانگیان کردبوو و پرسیاری منیان لێ کردبوو. دوای مانگێک بردمیان بۆ باڵەخانەیەکی ناخۆش، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردم... ڕەنگە هەمان باڵەخانە بووبێت تێیدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناتاشادا کرد... یەکەمین جار پرسیاری ئەویان لێ کردم، پاشان وەرچەرخانەکان لە بیروباوەڕم. دەیانویست مێشکم بکەنەوە تاکو بزانن چیی تێدایە. ئایا بڕوام بە خودا هەیە، یاخود هێشتا مارکسیم. ئیدی پرسیاری لەو چەشنە. وام زانی کارەکە لێرەدا بڕایەوە و تەنیا ترپەی دڵمان وەردەگرن، شتێکی بەرچاویان دژ بە من یان بەو نییە... تاکو کۆتایی بەهار وازیان لێ هێنایەن، پێش ئەوەی لە ئامێزی دەرمهێنن... بەرەبەیان لە گەرمەی خەودا بووین کاتێک دەرگەکەیان هەڵتەکاند و خۆیان بە ژووردا کرد، بە نیمچەڕووتی و چاوی بەستراوە بەرەو زیندانێکی تاریکیان بردم. بە درێژایی ڕۆژەکە چەندین سەعات لەوێ مامەوە، شەویش گەڕاندمیانەوە ئەپارتمانەکە، بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکەن، یان مەغزای ئەم ڕێکارە نامۆیەم بۆ لێک بدەنەوە...

کاتێک گەیشتینە ئەپارتمانەکە، لەگەڵمدا هاتنەژوورەوە، ناتاشاش لەوێ بوو، ئەوێی جێنەهێشتبوو... زەرد هەڵگەڕابوو، چاوانی سپی بووبوونەوە، خەریکبوو دەڕووخا... لە بەردەمی پێیان گوتم، سوپاس بۆ تۆ هاوڕێ بۆ ئەو زانیارییانەی پێت داین، بمانبوورە بووینە هۆی وەڕسکردنت. ئەویان برد. یەکیان زللەیەکی لێ دا و بە قەحپەی خۆفرۆشی ناوبرد. ناتاشا ئاوڕی لێ دامەوە و نیگایەکی خێرای کردم، چەند چرکەیەکی کەمی

برد... دوو سێ چرکە... نیگایەک تێکەڵ بە ترس و گومان و سەرسامی و تاوانبارکردن و ڕیسوایی تێدا خڕبووبوونەوە... بە ڕێگەیەکی دزێوی بێشەرمانە تێیانگەیاند، گوایە من بۆ ئەوەی ژیانم ڕزگار بکەم، زمانم لێ داوە و تۆمەتێکم بۆ هەڵبەستووە، دوور نییە سزاکەی مەرگ بێت...

دەبوو لەو دەمەدا شتێک بڵێم... هاوار بکەم، تێی بگەیەنم درۆ دەکەن، هیچ شتێکیان لێ نەپرسیم. هیچ زانیارییەکم پێ نەداون، چونکە شتێکم نەبووە بیڵێم، ئەوان دەیانەوێت وای لێ بگەیەنن... من بڕیاری وام نەداوە... دوودڵ بووم، ترسام، ڕەویمەوە... زارم هەڵنەهێنا...

لەو ڕۆژەوە ئیدی ناتاشا دیارنەما و بۆ یەکجاری شتێک لە ناخمدا مرد...

ئەو دیمەنە تۆقێنەرەم هەزار جار، دە هەزار جار هێنایەوە پێش چاوی خۆم... ویستم دڵنیا بم لەوەی بە مێشکمدا دەهات، لەو ساتە کەساسە لەناکاوەدا چ هەستێک دایگرتبووم و چۆن لەوردەمی لە چاوانی دەڕوانیم، لە نیگامدا ڕەنگی دایەوە... چیم تێیاندا خوێندەوە؟ چۆن لە شتەکە گەیشتم؟

ئیدی لەو ڕۆژەوە دەکۆشم قەناعەت بە خۆ بێنم، چما ئەو لە من باشتریان ناناسێت، ئەی ئەو هێند ژیر نییە درۆودەلەسەی گەوجانەی لەم چەشنە فریوی نەدەن، کە نامەردانە و خوێڕییانە ئەنجامیان دا، تاکو نێوانمان تێک بدەن و لەو ساتەوە تاکو سەعاتی مردن دێت وێنەی من لای ئەو بشێوێنن؟ داخۆ لەوێ دوای گرتنەکەی چییان پێ گوتووە؟ چ درۆیەلێکیان بۆ هەڵبەستووە، هەتا وای لێ بکەن وا بزانێت ئەو کوڕەی خۆشی دەویست و بڕوای پێ کرد، جگە لە ترسنۆکێک، بۆ ئەوەی خۆی قوتار بکات، تۆمەتێکی درۆی بۆ هەڵبەست؟

ئەستەم بوو هیچ شتێکی لەبارەوە بزانم... لەبارەی چارەنووسیەوە... ئاخۆ هێشتا لە ژیاندا ماوە، یاخۆ لەناویانداوە؟ شەوێکیان هاوشارییەکم بۆ لام هات. یەکێک لەوانەی ڕازی بوون گوێڕایەڵی ئەو دۆخە بن. ئەو بە مانای تەواوی وشە دۆستم نەبوو، دەنگۆی ئەوە هەبوو لە بەرژەوەندیی هەواڵگرییەکەیان کار دەکات؟ مۆچیاریی کردم چیکۆسلۆڤاکیا لە نزیکترین کاتدا، بە لای زۆرەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا جێ بهێڵم، چونکە شتەیلێک دژم دەهۆننەوە. گوتی:

"من خۆشم دەوییێت و ڕێزت لێ دەگرم، حەز ناکەم تووشی قەڵبەیەک بیت. دەزانم دۆخی ماددیت باشە و دەتوانیت لە هەر پایتەختێکی ڕۆژئاوا بژییت، بڕۆ بۆ پاریس، یان لەندەن، یان ئەمستردام، یاخود تەنانەت نیویۆرک... ڕۆحی خۆت بکڕەوە و لەوێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەوە. تۆ شێوەکارێکی بەهرەداریت، ڕەنگە دەرفەتی گەورە دوور لەم شوێنە کارەساتبارە ببینیتەوە. بڕیاری ڕاست و دروست وەرگرە، تکایە".

جانێت، ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت ئەو هەفتەیە چ هەفتەیەکی دژوار و نووتەک بوو و چ پرسیارەیلێکی مۆتەکەیی گەمارۆیان دام و پێش ئەوەی جرِوجامشتەکانم بپێچمەوە و هەڵبێم، لە خەون و بێداریدا چیم بە مێشکمدا هات... یەکەم جار وام زانی لە فڕگە چاوەڕێم دەکەن و لەوێ دەمگرن... کەچی شتێک لەوە ڕووی نەدا... وا دیاربوو دەیانویست بڕۆم... تەنانەت ئەودەمی لەناو فڕۆکەکە بووم، بەسەر هەورەوە دڵنیا نەبووم... لە کۆتاییدا بەو بارەوە لەگەڵ هەستی شکست و زیانکردن، گەیشتمە پاریس...

ئیدی لەو ڕۆژەوە، لە دەسپێکی ئەو نیگایەی ناتاشا، کە هەزاران هەزار پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو و هەتاکو ئەم ساتەش من لە ناخمدا لەگەڵ شکستدا دەژیم...

تۆ جانێت بە ئارامییە سەیرەکەت و خۆتەرخانکردە دەگمەنەکەت کۆشایت لەو دۆخەم دەربهێنیت، بەڵام نەتتوانی... لەبەر هۆیەکی زۆر سادە و ساکار، ئەویش ئەوەیە ئەو شتەی تێکچوو، قابیل بە چاکبوونەوە نابێت. تەواو.

لە پاریس لەسەر کەمێک هیوا دەژیام، ناتاشا بەربدەن، هێشتا باشە ئەگەر لە گرتووخانە بێت... گرنگ ئەوەیە مابێت... چەندێک زۆرم لە خۆ کرد بە هێمنی بیر لەوە بکەمەوە کە ڕووی دا. کاتێک ئەو ساتانە بیر خۆت دەهێنیتەوە، تێدەگەیت گەمەیەکی نامەردانەیان لەگەڵدا کردین و ناکرێت من ئەگەر ئەشکەنجەی زۆریش بدرێم و لە مردن نزیک ببمەوە، زمانی لێ بدەم. تۆمەتێک دژی بخوڵقێنم، ڕزگارم بکات و ئەو لەناوبدات.

لەگەڵ پارچەپارچەبوونی سیستمی کۆمۆنیستیدا، جارێکی دی هیوام بۆ گەڕایەوە (چ پارادۆکسێکە لەگەڵ هەرەسی کۆمۆنیزمدا هیوا بۆ منی چەپڕەو بگەڕێتەوە) بڕیارم دا بۆ پراگ بچم. ئەندرێ ئامۆژگاریی کردم: "هێشتا ڕەوشەکە لەوێ دیار نییە، چاوەڕێی هەیڤێک، یان زیاتر بکە".

"چاوەڕوانی تووشی شێتیم دەکات" وام پێ گوت... بڕیارم دا بڕۆم بۆ ئەوەی ئەم کارە لەگەڵ خۆمدا یەکلایی بکەمەوە، تاکو لەگەڵ چارەنووسدا حیسابەکەم پاک بکەمەوە، بەسەر ڕاستیدا بکەوم و ئەگەر دۆزیمەوە چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە... بیرم لە گەڕاندنەوەی نەکردەوە، جارێکی تر دەستپێکردنەوەی پێوەندی. ئەوە ڕابورد، ئەوی شکا بە پەرچووش ناگیرسێتەوە. گەیشتمە

پراگ و نەخشەڕێگەم پێ نەبوو... نازانم لەسەرمە کێ ببینم و لە کێ بپرسم! تەنیا ئەدرێسی ئەپارتمانە کۆنەکەیم لا بوو. لە دەرگەم دا... ئافرەتێکی تەمەن سیوپێنج ساڵی، یاخود چل ساڵی دەرگەی لێ کردمەوە. پرسیاری ئەوەم لێ کرد، داخۆ شتێک هەمبەر ئافرەتێک دەزانێت ناوی ناتاشایە، کاتی خۆی لەم ئەپارتمانەدا دەژیا. بە کورتی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. گوتم: لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا گرتیان و هیچی لەبارەوە نازانم... گوتی نازانێت... زەلامێک لەدوایەوە دەرکەوت، بە کورتتر بۆی باس کرد هاتووم لە چی دەگەڕێم... ئافرەتەکە گوتی خزمێکی چالاکی هەیە بایەخ بەم پرسانە دەدات.

زانیاریی لێ وەرگرتم و داوای لێ کردم دوای هەفتەیەک پێوەندیی پێوە بکەم و ژمارە تەلەفۆنەکەی دامێ... سوپاسم کرد و دابەزیمە شەقامەکە، لە هۆتێلێک دەگەڕام ڕۆژانی داهاتوومی تێدا بەسەر ببەم.

ئەوەم بە مێشکدا هات بۆ تبلیتسە بڕۆم، لەو شوێنەی پووری ناتاشای لێ دەژێت.

دوای دوو ڕۆژ بەرەو ئەوێ سواری شەمەندەفەر بووم... بە زەحمەت باڵەخانەکەم دۆزییەوە، پاشان ئەپارتمانەکە... لە زەنگ و دەرگەم دا، کەس وەڵامی نەداوە... پرسیارم لە دراوسێکانی کرد... پیرەژنێک پێی ڕاگەیاندم خاتوو ڕۆستۆڤ تووشی زهایمەر هات و پێش دوو ساڵ لە ئەپارتمانەکەی بە مردوویی دۆزرایەوە، ئەمەش دوای ئەوەی دراوسێکان گومانیان لە سەرچاوەی ئەو بۆگەنییە کرد لە ژوورەوە دەهات، ئیدی پێوەندییان بە پۆلیسەوە کرد.

گەڕامەوە پراگ، ئەو ئافرەتەی گفتی یارمەتیی پێ دام، لە ڕێگەی خزمە چالاکوانەکەیەوە لە بواری مافی مرۆڤ، دوای

هەفتەیەک تەلەفۆنم بۆ کرد، ژنە داوای لێبوردنی لێ کردم، کە ئەم ناوە لە لیستی ئەوانەی لە گرتووخانەکانی هەواڵگریدا بەردرابوون، نەبوو، هەروەها ناوی لەو لیستانەدا نەبوو، کە هێشتا بە هۆی تاوان و شتی ترەوە لە ژوورەوە بوون...

گوتی: "بێئومێد مەبە، دەبێت لە شوێنێکدا بێت، ئەو زانیارییانەی لە بەردەستن زۆر جار ورد نین... لە دۆخێکی پڕ لە پەشێویدا دەژین".

شەوێکیان بە ڕێکەوت ڕووبەڕووی کابرایەکی عێراقی بوومەوە لە هاوڕێیانی دوێنێ، ناوی حوسێن لامی بوو. هۆی هاتنەوەکەم بۆ پراگ پێ نەگوت. گوتی خۆشحاڵە بە بینینم. بەڕاستییش دڵخۆش بوو، ئەوێکی تێکشکاو و شۆکلێدراو بە هۆی هەرەسهێنانی خەونە سۆشیالیستییەکانیەوە، کەسێک ببینێتەوە دڵی بداتەوە. نەیپرسی لەم کاتە سەختەدا چی بۆ پراگی هێنام... کەوتە باسکردنی هاوڕێیانی دێرینمان، ئەوی مرد و ئەوی کۆچی کرد و ئەوی ماوە... لەنێو ئەوانی مابوون ئەو کەسە بوو مۆچیاریی کردم دوای گرتنی ناتاشا چیکۆسلۆڤاکیا جێبهێڵم، ناوی ئەمجەد مەسعود بوو.

-ئایا دەتوانم بیبینم؟

-کێ؟

-ئەمجەد مەسعود.

-بۆ نا؟

لامی ئێوارەی ڕۆژی دوایی بە ئۆتۆمبێلە لاداکەی گەیاندمییە ئەپارتمانەکەی مەسعود.

چاوەڕوانمان بوو، چونکە لامی تەلەفۆنی بۆ کردبوو لەبارەی ئەوەی حەزم بە بینینیەتی... وەک بیست ساڵ گەورە بووبێت، بەڵام باشی دەناسیم... دوا بینینمانی لە بیر بوو. بە ڕوخسارێکی

شلوشاو و زەردەخەنەیەکی کاڵەوە تەوقەی لەگەڵدا کردم. بەزین و زەلیلی بە نیگایەوە بوون. چووینە باڕێکی نزیکەوە. وەک جۆرە پاراستنێک زامن بکات، خۆی پەستایە گۆشەیەکەوە، دوو ناسیاوە چیکییەکانی لێ دانیشتبوون، نەمدەزانی تا چ ڕادەیەک پێوەندیی پێیانەوە هەیە... زەلامەکە ناوی یاکۆب و ئافرەتەکەش ناوی مایا بوو... ڕەنگە لەگەڵیاندا ڕێککەوتبێت، تاکو بەو گەرمییە پێشوازیمان لێ بکەن و داوەتی مێزەکەیانمان بکەن، کە جێی شەش کەسی لێ دەبووەوە...

دوای دوو پەرداخ ڤۆدگا لێی پرسیم: "چی تۆی بۆ ئێرە گەڕاندەوە؟".

"بۆم دەرکەوت تۆ بوویت؟".

"من چی؟".

"هۆکاری گەڕانەوەم بۆ پراگ".

دوو چاوی نیگەرانی تێبڕیم و تەماشای حوسێن لامیی کرد، وەک ئەوەی هانای بۆ ببات. حوسێن پێکەنی و گوتی: "دوو پەرداخ لەم شەرابە مێژووییە تیژە ڕۆحی گاڵتەکردن پاڵدەنێتە خوێنەوە".

گوتم: "ئەم هەموو مەودایەم نەبڕیوە تاکو گەشتی گەپیاری بکەم".

یاکۆب و مایا لەلاوە مژووڵی بەچرپەقسەکردنی خۆیان بوون، ئێمەی عێراقییش هەرسێکمان بە عەرەبی دەدواین.

ئەمجەد دوای ئەوەی سێیەم پەرداخیشی بەسەرەوە نا، گوتی: "تێدەگەم چیت دەوێت؟ هێند بێمێشک نیم... هاتووی تۆڵەی خۆت بکەیتەوە، تاکو دڵت ئاو بخواتەوە".

"من هەرگیز بۆ ئەوە نەهاتووم بە خەمی ئەوی تر شاد بم و تۆڵە بکەمەوە".

حوسێن گوتی: "وا دیارە چیرۆکێکی شاراوە لەگۆڕێدایە".

گوتم: "ڕێک وایە، چیرۆکێکی پەنهان، هاتووم بیزانم... تەنیا دەمەوێت بیزانم بۆم بگێڕەوە ئەمجەد، دواتر یەکسەر دەڕۆم".

"بە پیرۆزییەکانم زمانم لێ نەداویت... بانگکردنت لە لایەن دەزگەی هەواڵگرییەوە بەپێی پلانێکی تایبەت بە خۆیانەوە بوو".

"زمانت لێ نەداوم، بیرم لەمە نەکردووەتەوە، تەنانەت گەر ڕوویشیدابێت ئەوا گرفتەکە لێرەدا نییە".

"هێشتانەکینێ بەگومانیت".

"نا، لە چیرۆکەکەمدا ڕەهەندێک هەیە بڕوا ناکەم ئاگات لێی هەبێت".

"کەواتە هاتووی چی بزانیت؟".

"ناتاشا".

"ناتاشا کێیە؟".

"دەیناسیت، ئەو کیژە هاوەڵەم، کە لە ساتی بەردانمدا ئەو دەستگیر کرا".

"بەڵێ، چییەتی؟".

"پاشماوەی چیرۆکەکەم بۆ باس بکە".

گوتی دەچم دەست بە ئاو دەگەیەنم... وام زانی هەڵدێت... وا نەبوو... دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە، دانیشت و بە دوو چاوی مەییوەوە کەوتە تەماشاکردنم... بۆ چەند چرکەیەک هەستێک دایگرتم، بەزەییم پێدا بێتەوە. وەک بوونەوەرێکی ڕووخاو دەرکەوت، گرەوی ژیانی دۆڕاندبێت. لەو چەند چرکەیەدا دوانەی ڕۆحمم تێدا بینییەوە... وەک منە، گشت کاغەزەکانی فڕێ دا و شتێکی پێ نەما گرەوی لەسەر بکات... وام بە مێشکدا هات ڕابم و لە باڕەکە دەرچم بەرەو هۆتێل، پاشانیش بەرەو فڕگە، بەڵام

شتێک هێشتمیەوە و بە کورسییەکەوەی لکاندبووم... هەڵمی مەستبوون لە شاخوێنبەرمەوە هەڵدەستێت و کەللەسەرم دادەپۆشێت... بڕیارم دا: ئەگەر ئەو دەستپێشکەری نەکات لە قسەکردن، ئەوا پرسیار ناکەم...

حوسێن ئاوڕێکی لە هەردوو چیکییەکە دایەوە و داوای لێبوردنی لێ کردن، کە بە عەرەبی قسان دەکەین...

گوتیان، قەینا... دەستەواژەیەکی شێوە تیزەجاڕیی پەنهانی تێگرت، ڕەنگبێت لەبەر ئەوە بووبێت گوایە شتێکی کۆنی نێوان خۆمان هەیە پاکی دەکەینەوە... هەرسێکیان پێکەنین، لە کاتێکدا ڕوخساری من و ئەمجەد کەمێک مڕومۆچییان پێوە دیاربوو... وا دیاربوو هەردوو چیکییەکە وا تێگەیشتن کارەکە بەڕاستی جیددییە...

مایا گوتی: "وا باشتر نییە لە بیری بکەین؟".

هەریەکەمان تەماشای ڕوخساری ئەوی دیی دەکرد و کەشی پەشۆکان و سەرسووڕمانمان پێوە دیاربوو... لەپڕ یاکۆب گوتی: "ئەگەر لە بیرمان کرد، ئەوا ئەوی ڕووی دا دووبارە دەبێتەوە".

ئەمجەد خەنییەوە، وەک بیەوێت خۆی لە ناکۆکییەک بپارێزێت خەریکە ڕوو دەدات...

مایا گوتی: "چی پێویستە... تۆڵە؟".

یاکۆب بەرسڤی داوە: "نا، بەڵکو دادپەروەری... حسێبساغکردنەوەیەکی ئازاربەخشە لەگەڵ ڕابردوودا، دوای ئەوە ئینجا دەتوانین باس لە لێبوردەیی بکەین".

"چما وا دەزانیت کارەکە بەم ئاسانییەیە؟".

"ئەگەر نرخەکەی هەرچییەک بێت؟".

"کێ لە ئێمە بەرپرسیار نییە؟ کێ لە ئێمە بە ساغی دەرچوو و بە مافی خۆی دەزانێت دادگایی ئەوانی تر بکات؟".

"من ئەمە دەڵێم مایا... بگەڕێینەوە ببینەوە خۆمان... هەموان ئەوە بگێڕینەوە لەدەستمان داوە، یان بە لای کەمەوە هەندێکی".

"هەموان، مەبەستت کێیە؟".

"قوربانی و جەللاد پێکەوە".

"ئەوی زیانی کرد، زیانی کرد، بڕوا ناکەم بتوانین هیچ شتێک بگەڕێنینەوە".

"ڕەنگبێت، بەڵام دەتوانین مانایەک بە زیانکردنەکان بدەین".

"سوودی چییە؟ ئایا مەبەستت ئەوەیە تەنانەت ئەو زیانکردنانە سوودێکیان هەبێت، مانایەک؟ ئەمەیە بیری لێ دەکەیتەوە؟ پووچییە لەناو پووچیدا".

"نا، ئەوە پووچییە، هەر شتە و لە شوێنی خۆی لێگەڕێین. ئەوکات زیانەکە چەند قات و بەئازارتر دەبێت".

"بیرکردنەوەی لەم چەشنە کارێکی وا دەکات ڕابردوومان هەمیشە ڕاومان بنێت، دوا دەرفەتیش لەپێناو ئایندەدا دەدۆڕێنین".

"چما بڕوات وایە دەرفەت لەپێشە بێ ئەوەی پێیدا بچینەوە و حیسابمان پاک بکەینەوە؟".

"لەم زیندانەدا دەژییت، تێیدا دەمێنیتەوە گوزەران دەکەیت، چونکە کەس دەرفەتت ناداتێ، کەس".

ڕەنگە ئەمجەد هەستی کردبێت ئەوانی هێنایان، تاکو بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان ڕزگاری بکەن، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن شەرمەزاریان کرد...

گوتی: "گوێڕادێرە مەحمود، بڕوام پێ بکە هەموو ڕووی کێشەکە نازانم، هەروەها بۆچی بوونە ئامانجیان... دۆستێک

لەوێ کار دەکات پێی گوتم وایان لە ناتاشا کرد کاغەزەیلێک بخوێنێتەوە تۆ واژۆت کردبوو...".

"ئای خودا... من واژۆم لەسەر هیچ کاغەزێک نەکردووە".

"بەڵێ کاغەزی بەربوونەکەت. کەسێکیان هێنا لاسایی خەت و واژۆکەتی کردەوە... جا نازانم چییان لەو کاغەزانە نووسیبوو... ئیدی ئەویش ددانی بەوەدا نەنا لەسەری نووسرابوو... وای بۆ چوو ئەوە تۆ بوویت زمانت لێ دا... داوایان لێ کرد زمانت لێ بدات، کەچی نەیکرد... گوتی: هەموو ئەمانە درۆن".

ئەمجەد بێدەنگ بوو... حوسێن هیچی نەگوت، بەوی ئەمجەد گوتی، ئەبڵەق بوو...

-دوا پرسیار، پێم بڵێ چییان لێ کرد؟ ئایا هیچ لەبارەی چارەنووسیەوە دەزانیت؟ ئایا هێشتا لە ژیاندایە؟".

-نا.

کپییەکی قورس گرتیانییەوە... تێنەگەیشتم مەبەستی چی بوو لە "نا"... ئەو نازانێت، یاخود مردووە. پرسیارم لێ نەکرد. وەک ساتی دەرکەوتنی ڕاستی دوابخەم... گوتی: "-زانیم ئەشکەنجەیان داوە و دەستدرێژییان کردووەتە سەر. پاشان مرد، نازانم چۆن... لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا، یان گوللەیان بە سەریەوە ناوە... نازانم".

هەستام... حوسێن هەستا... ئەمجەد جووڵەی نەکرد... یاکۆب و مایا بێ ئەوەی شتێک بڵێن، بە سەراسیمەییەوە لە ئێمەیان دەڕوانی...

گوتم: "سوپاس بۆ ئەو میواندارییە".

چەند هەنگاوێک ڕۆیشتم و بەلادا دەهاتم... حوسێن دەستی نایە ژێر باڵمەوە و بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بردم، کە لە

گەراجە نزیکەکە بوو. گوتی: "زۆرت خواردەوە، ڤۆدگا هەڵخەڵەتێنەرە".

گەیاندمیە هۆتێل، لەسەر ئەو چیرۆکەی لەبارەی من و ناتاشاوە بیستی، هیچ قسەی نەکرد... لەودەمی خستمیە سەر جێگەکەم، گوتی: "تۆ تاکو کەنگێ دەمێنیتەوە؟".

"سبەینێ بۆ پاریس دەگەڕێمەوە".

باوەشی لێ دام، ماڵئاوایی لێ کردم و دەرچوو... هەستم بە تەنیاییەکی تۆقێنەر کرد... وای لێ کردم هەست بە پێویستیی گریان بکەم... بە خەو... فرمێسکەکانم قەتیس مان... تاکو بەیانی خەو نەچووە چاوانم.

ئەوا ئێستاکێ زانیت.

**مەحمود مەرزوق**

**١٩٩٧/٢/٥**

### ٣. نامەی دووەمی مەحمود مەرزوق

جانێتی دڵبەر

هەموو کاتێکت تەندروست و بەختەوەر

ناتوانم خەیاڵ بکەم جگە لەوەی لەو نەخۆشییە نەفرەتییەت چاک بووبیتەوە... ئەو جەستە شێلراوەت بە خۆشەویستی و میهرەبانی و ڕووناکی، ئەوپەڕی جوانی، بەخشراو بە ژیان، هەرگیز لەگەڵ شانەکانی وێرانی و مەرگدا هەڵناکات. گەمارۆی دەدات و دەیتفێنێتەوە. دەزانم تۆ چەند بەهێزیت، ڕەگەکانت بۆ سەرچاوەی وزەی ڕەسەن درێژ دەبنەوە، لە پوختەی ویست و نهێنیی بوون و مەغزای مانەوە.

من دڵت نادەمەوە، یاخود سەرەخۆشیت لێ بکەم، یان بە ئەنقەست وشەی ناسکت بە بەرگوێدا بدەم لە کاریگەریی

بەڵایەک لەسەرت سووک بکات... نا، هەروەها ئەو پیرە خەڵەفاوە نیم لە کاتی نەگونجاودا بە قسەی سووکوچرووکی ڕۆمانسی وڕێنە بکات و لە ماناکەی نەگات. ئەو ماتریالیستە نائومێدە هەڵگەڕاوەش نیم بۆ ئەشکەوتەکانی ئەفسانە... جانێت گیان، من باسی ویستی ژیان دەکەم... ویستی شایستە بە چێکردنی پەرجوو.

لە ڕۆژێکی دووردا، ڕەشەمێی ١٩٦٣، کوودەتای سەربازی لە عێراقدا ڕووی دا. بە ڕووداوەکانی مێژووی سیاسیی وڵاتەکەم سەرت نایەشێنم. باسی ڕووداوێکی دیاریکراوت بۆ دەکەم...

ئەوانی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، هەموو ئەوانەیان دەستگیر کرد، کە بە نەیاری ڕاستەقینەیان دادەنان... بێگومان بەپێی دۆخەکە ناوم لە پێشەوەی لیستی مەترسیدارەکان بوو، منێکی چەپڕەوی ڕیسواکراو، ئەگەرچی سەر بە هیچ باڵێکی چالاکی چەپی ئەوکات نەبووم. نەیانخستمە زیندانی شارەکەمەوە. بردیانم بۆ گرتووخانەیەک لە بەغدا ناوی (قەسر ئەلنیهایە) بوو، لەوێشەوە بۆ گرتیگەی سەربازگەی ڕەشید. شەوێکیان لەگەڵ سەدانی تردا بردیانم بۆ وێستگەی جیهانیی شەمەندەفەری ڕۆژئاوای بەغدا... خراینە فارگۆنی تاریکەوە، عەردەکەی بە قیر داپۆشرابوو، کە تایبەت بوو بە گواستنەوەی شتومەک و ئاژەڵ... دەرگەکانیان توند داخست و شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ... گەلێک دەترساین، هەستمان دەکرد شتێکی خراپیان بۆ ئامادە کردووین. دەیانویست بە شێوازێکی شەیتانی لەناومان بەرن. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژەکەدا، پلەی گەرمی بەرزبووەوە و گیانمان کەوتە ئارەقەکردن و هەستمان بە هەناسەبڕکێ کرد. دەنگی نووزە وناڵە و لرخە بڵند بووەوە. کەوتینە لستنەوەی ئارەقەی جەستەمان. لەو ساتە سەختەدا مۆتەکەی مەرگ بە بەرچاوماندا دەهات و

دەچوو. بڕیاریان دابوو ئێمە بمرین... لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا بژیم... گوتم هەرچییەک ڕوو بدات نامرم، لە ڕۆژێکی داهاتووی دوور و لە جێگەیەکی تردا دەبێت گشت ئەمانە بۆ ئافرەتێک بگێڕمەوە. بڵێسەی ژیانم لە دڵمدا هێشتەوە. ئەفسووس، ئەمەم بۆ ناتاشا نەگێڕایەوە، هەروەها بۆ تۆشم نەگێڕایەوە ئەودەمی پێکەوە بووین، تەنانەت بۆ هیچ ئافرەتێک ناسیبێتم... ئەوەتانێ ئێستاکێ بۆتی دەگێڕمەوە... هەموو چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە، دوای ئەوەی پاشان وردەکارییەکانی تریمان زانی.

ئەفسەرانی کوودەتا فەرمانیان بەو لێخوڕە دا، کە هیچ زانیاری لەبارەی سروشتی بارەکەیەوە نەبوو، زۆر لەسەرخۆ بەرەو خوار بۆ شاری سەماوە بڕوات. لە وێستگەی محاویل، لە نیوەی ڕێگە، شەمەندەفەرەکە بۆ پشوودان وەستا... وا دیاربوو یەکێک هاتووە هەواڵی ڕاستی بارە مرۆییەکەی بە لێخوڕەکە گەیاندووە... یارۆی لێخوڕ حەپەسا، بڕیارێکی دا ئەوپەڕی ئازایی لەخۆ گرتبوو، بەوەی بەوپەڕی خێراییەوە شەمەندەفەرەکە لێخوڕێت، تاکو ژیانمان قوتار بکات...

شەمەندەفەرەکە پێش سێ سەعات لەو نەخشەیەی بۆی دانرابوو، گەیشتە وێستگەی سەماوە، ئەو خەڵکەی هەواڵی ئێمەیان پێ گەیشتبوو، هێرشیان کردە سەر فارگۆنەکان، قفڵەکانیان شکاندن و دەریانهێناین... ئیدی ئێمە لە شەکەتی و تینوێتیدا کەوتینە سەر زەوییەکە...

پێنج ساڵم لە گرتووخانەی نوگرەسەلمانی بیابانی بەسەربرد، دوای ڕوودانی کوودەتایەکی تر، بەریاندام... کەچی لێم نەگەڕان و بەرۆکیان بەرنەدام... من بژارەی یەکەم بووم لە هەر لیستێکی گرتن تازە ئامادە کرابێت، تەنانەت گەر هیچ شتێکیشم بەرابەر بەو سیستمەی دایاننابوو، نەکردبێت. بەر

لەوەی بە یەکجاری بڕۆم بۆ پراگ، دوو جار گرتیانم. ئیدی خۆت دەزانی لە پراگ چی پەتپەتێنێکم بەسەردا هات، هەڵبەت ئەمەم لە نامەی پێشوومدا بۆ باس کردوویت. ئەوی پێم نەگوتووی ئەوەیە لە فڕگەی پاریس دوای دابەزینم لە فڕۆکەکە، کە یەکەمین جار بوو بێمە فڕەنسا، گیرام... زەلامێکی کەتە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم. من کەمێک نەبێت، فڕەنسیم نەدەزانی، بۆیە بە ئینگلیزی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم... بە تیلی چاو و بە مۆڕییەوە تەماشای دەکردم، وەک هێندەی نەمابێت سیخوڕ، یان تیرۆریستێکی ترسناکی ئاشکرا کردبێت، لە کۆتاییدا دەرکەوت کارەکە تەنیا گومان بووە و بناغەیەکی پتەوی نەبووە، لێکچوونی ناوەکان بوو، یان شتێک لەو بابەتە...

وا بزانم شتێک لە مندا هەیە لە هەموو کات و شوێنێکدا وا لە پیاوانی ئاسایش و پۆلیس و پاسەوانانی ڕێژیم دەکات دەماریان بگیرێت، هەستی مەترسییان تێدا بجوولێنێت. وەک تیشکێک پەخش بکەم لە کونیلەکانم ئاگەداریان بکاتەوە، من بەردەوام سەرچاوەی وەڕسی و گومان و هەڕەشەی هەمیشەییم. وا دیاربوو حەزیان بە بۆنم نەبوو، ئەگەر لەگەڵ هەندێک لە زاناياندا هاوڕا بین، کە ئەوی سەرنجڕاکێش و دوورخەرەوە بێت لە کەسێکدا، بۆنەکەیەتی. بۆنەکان گونجاو یان نەگونجاو دەبن، ئەمەش بەپێی هەستەکان و بۆچوونمان لە بەرابەر ئەوانی تردا... بۆ خۆشبەختی، بۆنی من لای زۆرێک لە ئافرەتان قبوڵ کراوبوو. ئەگینا دەبێت ژیانی زەلامێک چۆن بێت ڕەگەزی مێیینە لێی دووربکەونەوە... پێدەچوو بۆنی من لای ئاژەڵانیش، مایەی قبوڵکردن بێت، نەخوازەڵا سەگ...

ڕۆژێک لە ڕۆژان سەگێک پەلاماری نەداوم... تەنانەت ئەو سەگە دڕانە کاتێک لێم نزیک دەبوونەوە، دەکەوتنە کلکەلەقێ

بۆم... تەنیا پیاوانی ئاسایش و پۆلیس نەبێت ڕقیان لە بۆنەکەم دەبووەوە... کاتێک ئەم ڕاستییانەم دەگوت، ئەگەرچی بە بەڵگەی ماددیی ڕاستی چەسپاو بوون، دەبینم کارەکە گۆڕینەوەی دادپەروەرانەی تێدابوو... چی دەبێت گەر پیاوان و ئافرەتان و سەگان قێزیان لە بۆنەکەت ببێتەوە... ئایا ئەودەم ژیان نابێتە دۆزەخێک، بەرگەی نەگیرێت؟ ئەگەر شتەکە لەگەڵ مندا وا بوایە، ئەوا خۆم دەکوشت...

بڕوانە لە کوێوە دەستم پێ کرد و لە کوێ کۆتاییم پێ هێنا! ئایا ئەمە ئاماژە نییە بۆ لەتبوونی زهنی؟ ناتەواوییەک لە ڕشتی دەمارەکان، یان بە لای کەمەوە درزبردن و شێوان لە بیرکردنەوەدا؟ کێ ژیانی من ژیابێت، هەرگیز ئاسایی نابێت... بەخۆم گومانم لە بوونی کەسانی ئاسایی هەیە لە جیهاندا... کەسانی زۆر ئاسایی دەبێت وەڕسکەر بن و هەمیشە لە خاڵی سفردا بژین...

ئێستا شتێکت پێ دەڵێم، بەڕاستی بە کەسم نەگوتووە، مەگەر بە دەگمەن وتبێتم. ڕەنگبێ جگە لە تۆ، بە کەسی ترم نەگوتبێت. دەڵێم: خۆشم دەوێی، مادامەکی خۆشم دەوێی... سوور بە لەسەر ژیان.

دەبوو ئەمەم بۆ بنووسییتایە و پێش دوو ساڵان بمناردایە... ئەوەتا جارێکی دی درەنگ دەستپێشکەری دەکەم...

**مەحمود مەرزوق**
**لە ١٨ی بەفرانباری ١٩٩٨**

***

نەمتوانی لەوە دڵنیا بم داخۆ مەرزوق هەردوو نامەکەی بۆ جانێت ناردووە، یان نا... نازانم ئەو دوو نامەیە بنەڕەتییەکە بوون، یاخۆ کۆپیی کردبوون، بۆ ئەوەی بیانپارێزێت و دواتر پێیاندا بچێتەوە، ڕەنگە بۆ ئەوەی بووبێت دڵنیا بێت لەوەی لە قسەکردن لەگەڵیدا بەهەڵەدا نەچووە... دووریش نییە یەکەمیانی ناردبێت و دوودڵ بووبێت لە ناردنی دووەمیان. دووەمیان، کە دوای ساڵێک و دە مانگ لە نامەی یەکەم نووسی... یاخود ترساوە لەوەی پۆستە بیگەڕێنێتەوە بۆی، چونکە نامەبۆنێردراو لەو ناونیشانە نییە... بە سووک و سانایی ڕەنگە مردبێت.

ئێستا ئەدرێسی جانێتم لایە... چی دەبێت گەر هەردوو نامەکەی بۆ بنێرم، خۆ لە بنەڕەتدا بۆ ئەو نووسراون... بۆی باس دەکەم، بە گریمانەی هێشتا لە ژیاندایە، چۆن دوای کوژرانی مەرزوق بەدەستم گەیشتن... هەندێک وردەکاریی پرۆژەی کتێبەکەی بۆ ڕوون دەکەمەوە و داوای لێ دەکەم هەر زانیارییەک، یاخود وێنەیەک ماددە خاوەکەی لەبارەی مەرزوقەوە بەر لە دەستکردن بە کتێبەکە، دەستمکەوتووە، دەوڵەمەند بکات.

## بەشی حەوتەم

ئەودەمی مۆبایلەکەی لێی دا، دوای ڕۆژێکی پڕ لە شەکەت، لە گەرماو بووم... هێشتا ڕووت بووم، کاتێک ژمارەکەم لە لیستی پێوەندییە بەسەرچووەکاندا بینی. لەبەر ئەوەی ژمارەکە نەناسراو بوو، ژمارەیەکی ڕووت وەک هەر ژمارەیەکی دی، بڕیارم دا پێوەندیی بە خاوەنەکەیەوە نەکەم... سەعات دەی شەوی تێپەڕاندبوو، پیجامەکەم لە پێ کرد و گڵۆپەکانم کوژاندنەوە، تەنیا گڵۆپی هۆڵەکە مایەوە، کە هەندێک ڕۆشنایی لە درزی دەرگەکەوە دەهاتە ژوورەکەمەوە.

ئەمڕۆ جیا لە ڕۆژانی دی، زوو خۆم خستە ژێر جێگەوە، پاشان ڕابووم مۆبایلەکەم دابخەم، تاکو خاوەن ژمارە نامۆکە بە پێوەندیی دووەمی کاتێک نوستووم، جارِسم نەکات. بەر لەوەی بگەمە مۆبایلەکە، لەسەر کۆمەدینەکە بە تەنیشت لاپتۆپەکەوە دامنابوو، بەدەم ئاوازەوە لەرزییەوە و هەمان ژمارە دەرکەوت... چی دەبێت گەر کەسێکی وەڕسکەر بێت؟ بۆچی مۆبایلەکەم خامۆش نەکەم؟ کەچی پلم پێوە نا و پێوەندییەکەم وەرگرت:

–ئەلو...

–ئێوارەت باش مامۆستا ماجد.

دەنگی ئافرەت بوو، ناسک، بەناز، شیرنیی لێ دەتکایەوە.

-ئێوارەت باشتر، فەرموو.

-ببوورە جارسم کردی، دەترسم لەوانە بیت وەکو چۆلەکە زوو دەنوون.

-زۆر جار وەک کونەپەپووم زۆریی شەو بێدارم... جەنابت کێی؟

-من ڕەبابم.

خەریک بوو مۆبایلەکە لە دەستم بکەوێت... قەڵەمبازێکم دا و گڵۆپی ژوورەکەم پێ کرد، لەسەر کورسییە بزۆزەکە دانیشتم.

-سەرچاو خاتوو ڕەباب... خەریک بوو بێئومێد بم لە توانای پێوەندیکردن پێتەوە.

-سەفەرم کردبوو، بەرگەی کارەساتەکەم نەگرت. مۆڵەتی نەساغیم وەرگرت و سەفەرم کرد. خۆم نەخۆش نەخست، بەڵکو هەر بەڕاستی نەخۆشکەوتم... مەحمود هەموو شتێک بوو لە ژیاندا. بیستم تۆ کتێبێکی لەبارەوە دادەنێیت.

-وایە، وا بزانم دەتوانیت یارمەتیم بدەیت.

-مستەفا کەریم پێی ڕاگەیاندم، بەڵام نازانم بە چی سوودت بگەیەنمێ!

- بە زانیاری... ئەگەر شتێکی نووسراوت هەبێت تایبەت بەو بێت... بۆ نموونە نامە.

-پێش تیرۆرکردنەکەی بە هەفتەیەک دەفتەرێکی وێ دام، ڕاستییەکەی ئەو نەیدامێ، لە چەکمەجەکەیدا دۆزیمەوە و گوتم دەمەوێت بیخوێنمەوە، دەبوو بۆی بگەڕێنمەوە، کەچی...

لە بیستەکی مۆبایلەکەوە دەنگی هەنسکی کزی گریانم بەرگوێ کەوت.

-تکایە خاتوو ڕەباب... بە قەبارەی ئازارەکەت دەزانم.
دەنگی گیرا:
-دەفتەرەکە قەبەیە، بەڵام مخابن تەنیا کەمتر لە چل لاپەڕەی نووسیوە... بیرۆکە و یادەوەرییە، هەندێک شتیشی تێدان لێیان تێنەگەیشتم... وشەیەک، یان ڕستەیەک دووبارەی دەکاتەوە، ڕستەیەلێک هیچ پێکیان نابەستێتەوە. کەچی شتی تری تێدایە، باشە. پێی گوتم: ئەمە ئەو کتێبە نییە ویستم دایبنێم، ئەوە هیچ نییە. من بۆ ئەم شتە دەست نادەم.
-ئەمە خۆشترین هەواڵە لەودەمی لە باقوبە گەڕاومەتەوە، بیستبێتم... هێندەی نەمابوو داوای لێبوردن بکەم لە تەواونەکردنی ئەم کارە. پاشان بڕوام وا بوو کتێبێکی خراپی لێ دەردەچێت... ڕەنگە ئەم پەڕانە سوودی زۆریان هەبێت. من دڵنیام.
-چاکە، چۆن دەفتەرەکەت بەدەست بگەیەنم؟
-تۆ لە باقوبەی؟
-بەڵێ.
-بۆ باقوبە دێم. سبەی سەعات دە لە نووسینگەکەی مستەفا کەریم دەبم. هەوڵ دەدەم زوو بگەم.
-ناتوانم پێش دوانزە بتبینم، چونکە من مامۆستام و پابەندی دەوامم.
-ئا، ئێستا بیرم هاتەوە... شتێکی لەو بابەتەم لەسەر کارەکەت بیستووە...
-ئەی جگە لەوە چیی تریان گوت؟
-ڕاستییەکەی هیچ. مستەفا کەریم باسی تۆی بۆ کردم، پێی نەگوتم تۆ مامۆستایت. تەنانەت مەحمودیش لە ڕۆژانەکەیدا

ئاماژەی بە کارەکەت نەداوە... تەنیا باسی خۆتی کردووە. بیرم نایەت کێ پێی گوتم.

-چما ڕۆژانەییەکانی خۆی دەنووسییەوە؟ ئایا ڕۆژانەکانیت دۆزییەوە؟

-بەڵێ، هەروەها تەنیا شتی ناتەواوی کەمی نووسیوە، بەڵام باسی تۆی کردووە... پێت نیشان دەدەم چیی هەمبەر پێوەندیی خۆی بە تۆوە نووسیوە. مافی ئەوەت هەیە ڕازی بیت، یان ڕەتیکەیتەوە، لەسەر ئەوی لەبارەی تۆوە وەکو خۆی، یاخود بە دەستکارییەوە بڵاوی بکەمەوە.

-پاشنیوەڕۆ لە نووسینگەکە دەبم.

-چاکە، شەوشاد.

**دوانیوەڕۆی کۆتایی خاکەلێوە لە باقوبە:**

بە عەبایەکی ڕەشی ئیسلامییەوە، دوگمەکانی گەورە بوون و نەخشونیگارۆکەی سپی و زێڕینی بەسەرەوە بوون، خۆی بە نووسینگەکەدا کرد. لە لێواری لەچکە ڕەشەکەیەوە بسکۆکەیەک لە قژە قاوەییەکەی کەوتبووە سەر تەوێڵی. ڕوومەتەکانی دەرپەڕیبوون و سپیاتیی پێستی تێر بوو بە سووری کاڵی هەناری. دەمی بچووک، جووتێک لێوی ئاوساوی ئاڵۆشی هەبوون. باڵا نەمامی و قەدباریک... من و مستەفا کەریم هەستاین و تەوقەمان لەگەڵیدا کرد... تروسکەی زیرەکی و بوێری بە چاوانیەوە بوو... دانیشت، کەوتە فرمێسکڕشتن... مستەفا دڵی دایەوە، منیش هەندێک قسەی لێڵم لەسەر قەدەر و چارەنووس و خراپیی ڕەوشی عێراق کرد... دەفتەرەکەی لەناو زەرفێکی گەورەی بۆردا بوو، دایە دەستمەوە... ئەو کۆپلانەی نیشان دەدەم مەرزوق لە

ڕۆژانەییەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە... دەیخوێنێتەوە... هەناسە هەڵدەکێشێت، بە کلینیکسێک فرمێسکەکانی دەسڕێت... بە شێنەیی قاوەکەی دەخواتەوە... دەڵێت:

-هەموو شتەکان وەکو خۆت دەتەوێت بڵاویان بکەوە، کەمی لەسەر من گوتووە.

-بە چی ناوێکەوە، بە ناوی خۆتەوە؟

-نا، بە ناوی ڕەباب... لە ناسنامەکەم ئەمە ناوی من نییە... ڕەباب ئەو ناوەیە بۆی هەڵبژاردم... خەڵکی بە ناوێکی ترەوە دەمناسن، گرنگیی نییە... ناوم ئەوەیە لێی ناوم.

ڕۆیشت.

***

دەفتەرەکە دووسەد پەڕەیی قەبارە گەورە بوو. بەرگێکی کارتۆنیی لووس و ئەستووری هەبوو، بە وێنەی گوڵەزەردەی تۆلیب نەخشێنرابوو... کردمەوە... لەسەر لاپەڕەی یەکەم نووسرابوو (هەڵدانەوەی لاپەڕەکان). هەڵبەت ناوی دانەری پێوە نەبوو. پەڕەکە هەڵدەدەمەوە... وشەکانی بە خەتێکی جوان، بە مەرەکەبی ڕەش نووسرابوون... هەموو لاپەڕەکان، هەڵبەت تەنیا لەسەر ڕووی یەکەمی هەر پەڕەیەک. بە خامەی سۆفتی ڕەش نووسرابوو.

ئەمە وشەکانین دەیانخەمە بەرچاو خوێنەرانم، بێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکیان بکەم، یاخود سەرلەنوێ دایانڕێژمەوە، تەنیا ئەوانە نەبن پێویستیان بە دەستکاریی زمانەوانیی زۆر کەم هەیە. ڕەنگە هەندێک هەڵە بە سەرمدا تێپەڕیبن، خۆ من پسپۆڕ و زانای گەورەی زمان و ڕێنووس نیم... کەواتە نووسینەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە... بەڵام من هەندێک بڕگە و

لاپەڕەم لابرد... شتە گرنگەکانم لانەبردوون... ئەوی لە ناوەڕۆک لامبرد، ناگۆڕێت. بۆ نموونە لاپەڕەیەکی تەواوم لابرد، تژی بوو لە جنێو... نیولاپەڕەم لابرد بە درێژیی لێی نووسرابوو (هههههههههههه)... بڕگەیەکم لابرد بە دەستەواژەی نەشیاو وەسفی کابرایەکی دەسەڵاتداری دەکرد.

هەندێک دێڕم لێرەولەوێ لابردن، چونکە بە لای منەوە شکانی ڕەوتی گێڕانەوە و مانای تێدا بوو، یاخود دەستەواژەی هەڵوەشاون لە کاتێکدا نووسیونی وازی باش نەبووە. زنجیرەی نووسینەکانم وەک خۆی هێشتەوە بە جێڕەوتە بەیەکداچووەکەیدا وەکو خۆی هەڵیبژاردبوو. واتە زەمەنی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا نین. داخۆ شتێکم کردووە مافی خۆم بێت؟ بەڵێ... ئەی من دانەر نیم؟

***

## هەڵدانەوەی لاپەڕەکان

"ئەوانەی ماڵوێرانییەک بە ڕستەیەکی کورت، یان بە چەند ڕستەیەکی کەم لێکدەدەنەوە، وا دەزانن ئەوە یەقینی کۆتایی ڕوونە، دوای ئەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، چونکە لە کارەکە باش گەیشتوون، ئەوانە جگە لە گەمژە و نەزان، هیچی تر نین".

***

"ئەوی وا دەزانین ڕوونیی تەواو و یەقینی کۆتاییە لە بۆچوونە نەرگسییەکانمان بۆ خۆمان، ئەوە تەنیا بەرهەمی واهیمە و نابینایی ئایدیۆلۆژیمانە".

***

"مەرجەکانی یەکەمی هزر، کە دەکرێت خۆتی پێوە بابدەیت، ئەوەیە هەندێک ناڕوونیی پێوە دیاربێت، مایەی گومان بێت و بەبێشەرمی پەردە هەڵداتەوە و ددان بە ناتەواوییەکەیدا بنێت!".

***

لە یادگەی خۆمدا ون دەبم، یادگەی ناپاکم، ئەو یادگەیەی تووشی ناپاکی هات... گشت ئەو ڕێچکانەی پێی برێم... ئەو ڕەنگانەی کێشامیان، غەم، ماڵوێرانی، پێکەنین، فرمێسک و شاوەت، هەروەها ئەو بەندەرانەی لە خۆمیان ڕزگار کردم، سێبەر و بۆنەکان و تەپوتۆز. ئەو خۆشەویستانەی جێیانهێشتم... گوند و باڵندە و ڕووبارەکان... پەڵەهەور و پێدەشت و کەشتییەکان. برادەران، ئەو دەگمەنانەی وەک شالووری سپی، بەتاڵ بوون. ئەو شەمەندەفەرانەی بە ڕێچکەکانی تەمەندا پێیان گەشتم کرد. ئەو دەموچاوانەی

وێنەیان کێشام. هەزار ڕوخسارم هەیە و ڕوخساری تۆ ڕوخسارمە... ڕوخساریشم ڕوخساری تۆیە.

***

مادامەکی خەون دەبینم... کۆشام کتێبێک دابنێم بە ناوی (هەڵدانەوەی لاپەڕەکان)... هەڵدانەوەی لاپەڕەی خۆ بەر لەوانی دی، پێش خەڵک... یەک بەڵگەنەویستم هەبوو کە ڕاستگۆ بم... ئا لێرەوە زەحمەتییەکە دەردەکەوێت... دوای لافاوێک لە ڕستە، لە ئاشکراکردن و ددانپێدانان، دەگەڕێمەوە و دەپرسم، داخۆ خاترجەمم لەوەی دەیڵێم!... تەنانەت هەندێک جار بە گومان دەبووم لەوەی داخۆ ئەم وشەیە مانایەکی هەیە، هەر مانایەک... لە شەوێکی جەرگبڕی پاریسیدا ئەمەم بە جانێت گوت... شەوی بەفر و بێزاری... تۆ خەریکە دەگۆڕێیت... وای پێ گوتم... ویستم لە چاوانیدا نیگای ڕقلێبوونەوە و بەدگۆڕان ڕاو بکەم، کەچی تەنیا دلۆڤانی و گەرمیم بینییەوە... دەستی گرتم و گوتی: "ئەوین، ئایا بڕوات پێی نییە؟ ئەگەر بڕوات پێیەتی، ئەوا تۆ بڕوات بە بوونی ڕاستگۆییە"...

گوتم: "شتەکە لەوە ئاڵۆزترە جانێت گیان... هەست بە بێتوانایی دەکەم، مێشکم شێواوە، وەک زیندانی تاکەکەسی، چۆڵە"...

"ئەودەمی بۆ یەکەم جار یەکترمان ناسی، باسی مارکس و ئەلبێر کامۆ و باسی ژیانت بۆ کردم... لە ساتی یەکەمدا وای بۆ چووم فریادڕەسێکی لەوسەری دنیاوە هاتووی"...

"بڵێ پەیامبەرێکی ساختەی بێچەک".

پێکەنی و گوتی: "ئەمە کاریگەریی نیوەی سەرخۆشییەکەیە".

ئیدی من شتێکی ترم نەگوت. خەریک بوو بێژم: ئێمە ڕۆڵەی هەڵە و ڕێکەوتەکانین... باشم کرد نەمگوت، کەواتە چەشنی کلۆڵێکی گەمژە دەردەکەوتم... بێدەنگ بووم، پاشان گوتم: "با بڕۆین"...

پێکەوە لە شوێنی خواردن و خواردنەوەی (گوڵەزێڕینەکە) بووم... دڵنیا نەبووم لە بوونی شوێنێکی وا لە شانزلیزێ، یاخود لە کافتریایەک بووین لە مۆنبارناس، یان لە ئەپارتمانەکەم لە گەڕەکی لاتینی؟ جانیت چاوانی قەرسیلی و کەپووی کورت بوو... خۆ ئەمە ناتەواوی نەبوو... ئەگەر کەپووی درێژتر بوایە، جوانییەکەی کەمتر دەبوو... ئەو جوانییەکەی لە ئاسایی بەدەر نەبوو... ملێکی باریک و درێژی هەبوو، لەگەڵ قژێکی کورت... قژی مەیلەو کەستانەیی... کەمێک زبر بوو. نا، کەمێک لە قژی ناتاشا نەرمتر بوو... سینگی وەک ناتاشا بەرز نەبوو. دوو مەمکی توند و جوان.

باریکەلە بوو، پێستە سپییەکەی، سارد بوو... قسە لەسەر ڕەنگەکە دەکەم، نەک دۆخە فیزیاییەکە... جانێت گەرم بوو، پارچەیەک لە گەرمی... نیگای، زەردەخەنەی، دەنگی، دەستلێدانی...

بۆچی پێ لەسەر وەسفکردنی دادەگرم... چما گرنگە... حەزم دەکرد بە ڕووتی وێنەی بکێشم... ڕاستییەکەی جەستەیم بەدڵە، کەوانەی ناوقەدی، سکە باریکەکەی، لاقە درێژەکانی... هەرگیز ئەمەم پێ نەگوتووە... ئا، شتێکی تر هەیە... لێوەکانی پڕن، ئەوی سەرێ بەر خوارێ ناکەوێت مەگەر ... بە دەمی داخراوەوە نانی دەخوارد... زۆرخۆر نەبوو... ئیشقی لێوانی بووم و حەزم دەکرد هەمیشە ماچیان بکەم... ئەویش بەردەوام حەزی بەمە نەبوو... بۆیە درێژەم پێ نەدەدا... ڕەنگە وشەکان

مەبەستەکە نەگەیەنن، کاتێک بتەوێت وەسفی ئافرەتێک بکەیت، سالانێکە جێتهێشتووە... لەدەستی ڕامکرد، تەنانەت نامەیەکیشم جێنەهێشت... ترسام لەوەی ڕاستگۆ نەبم و بیر لەوە نەکەمەوە چەندم بریندار کرد... چیرۆکێکی کۆنە... زامێکی ترە... یەکێک لەو زامە زۆرانەمە کە هەرگیز سارێژ نابن... ئاماژەم بە هەندێک لە پەڵەی گۆناکانی نەکرد... لەگەڵ خاڵێکی بچووک لەسەر مەمکی ڕاستی، یان چەپیەتی... ئافرەتێکی دوورە وەک ئەوەی لە خەونەکاندا بێت، وەک ئەوەی لە ڕۆمانێکدا پێش ماوەیەکی زۆر خوێندبێتتەوە، ناویت بیرچووەتەوە، بەڵام هێشتا پاڵەوانەکەیت لە بیرە... یان بڕوا ناکات تۆ لە بیرت بێت، ئاخر کێ سەلامەتیی یادگە زامن دەکات؟ ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو جەستەیە هەبوو... لە کاتی وێنەکێشاندا هەستم بە پڕبوون دەکرد، بە قایلبوون. کە من لە حزووری بوونەوەرێکی جوان و گەشاوە و دلڕفێندام... ئەو ئامادەییە بەخشندە و ئازاد و ڕوون و ناسک و خانەدانە مرۆییە... ئەندرێ پێی ناساندم... ئەندرێی شێوەکاری پۆرترێتەکان... چەندین سەعات لە باخچەی لۆکسمبۆرگ بەڕێ دەکات، تاکو گەشتیاران بەوە قایل بکات نیگاری ڕوخساریان بکێشێت لە بەرابەر بڕەپارەیەکی زۆر نا...

جارێکیان لە ئەپارتمانەکەیدا هێڵکاریی دەموچاوی مێیینەیەکی نیشان دام... ڕەنگە بە پاساوی ڕووپامابییەوە بووبێت، گوتم: "جوانە"... گوتی: "پێتی دەناسێنم"... "بە کێ؟"... "جانێت"...

دوای دوو مانگ پێی ناساندم... لە پیشانگەی شێوەکاریی هاوەڵێکی دوورەگ لە پۆرتۆریکا بووین، هۆنراوەیشی دەنووسی... جانێت پەرداخێک ئاومیوەی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ کابرایەکی بەسالاچوودا دەدوا... "جانێت بە مەحمود

مەرزوقی برادەرمت دەناسێنم، سەرسامە بە ڕوخسارت"...

شڵەژام، خەریک بوو بڵێم: من باسی شێوەکاریم کرد، نەک ڕوخسار و خاوەنەکەی... کەچی نەمگوت... گوتم: "هەردووکیان جوانن، ڕوخسار و پۆرتریێتەکەش"...

ئەو پیاوە بەساڵاچووەی لەگەڵیدا بوو بە لای کاری خۆیدا ڕۆیشت و من لەگەڵ جانێتدا مامەوە... کەمێک باسی شێوەکاریمان کرد... گوتی وەکو مۆدیل کار دەکات، نەک بۆ شێوەکارە گەورەکان، بەڵکو بۆ ئارەزوومەندان و ئەوانەی سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست نەهێناوە... بە خەنینەوەوە گوتم: "من یەکێکم لەوانە"... پێکەنی و گوتی: "ڕەنگە شیاوی ئەم ڕۆڵە نەبم، وا نییە؟". بەرسڤم داوە: "بە پێچەوانەوە، تۆ ڕوخسارێکی دەربڕت هەیە، چەند حەز دەکەم وێنەت بکێشم"...

ددانم پێدا نا کە ئیشێکی سەربەخۆم نییە، بەڵکو لە ئەپارتمانەکەمدا وێنە دەکێشم "ئەگەر ڕازی بیت"... "حەتمەن"...

بۆ هەفتەی داهاتوو هات... داوای جلداکەندنم لێ نەکرد... وێنەم کێشا کاتێک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، پەردە ڕەنگ فستقییەکەش لەدوایەوە بوو... جلێکی لیمۆیی کورت و تەسکی پەراوێزداری لە بەر کردبوو، لای سەرەوەی سینگی و چاڵی مەمکۆڵانی دەرخستبوو... ملە ناسکەکەی ئاوەزی بردم، دەتگوت ئاوی ژیان لەوێوە تێدەپەڕێت... لەودەمی وێنەم دەکێشا، سەرنجی زۆرم لەوێی بڕی... لە ڕۆژی یەکەمدا تەواومان نەکرد... دوای سێ یان چوار دانیشتن تابلۆکەم تەواو کرد... پێی جوان بوو... بە لەخۆباییبوونەکەم بەهەڵەدا چووم، کاتێک تەماشای تابلۆکەی کرد، نەگەیشتە دۆخی سەرسامبوون. بزەی دەهاتێ، تووشی بێئومێدی بووم... نەمدەویست پێوەندییەکە لەم ئاستەدا بوەستێت، دواتر بۆم

دەرکەوت ئەویش نەیدەویست لێی دەرچێت، دوای ئەوەی بۆ هەتاهەتایی لە بەردەم دەرگەی ئەپارتمانە بچووکەکەمدا کرێکەی وەرگرت... بۆ ڕیستۆرانتێکی نزیکی سادە ڕۆیشتین، زۆر جار کۆچبەرانی جیهانی سێیەم هاموشۆیان دەکرد... لەودەمی ماسیی سەلەمۆن و پەتاتەی سوورەوەکراومان دەخوارد و ئاوی گازیمان بەسەردا دەکرد، باسی وێنەکێشانمان کرد.

کاتێک خواحافیزیم لێ کرد، گوتم: ئەمە کۆتایی نییە... دوو جاران سەری ڕاوەشاند، زەردەخەنەکەی ڕوون بوو: "بێگومان، یەکتر دەبینینەوە".

هیچ ناونیشانێکی پێ نەدام... پێی نەگوتم ئاخر چۆن... وام لێکدایەوە ئەمەی بۆیە گوت، تاکو خۆی لە شەرمەزاری بەدووربگرێت، ڕووپامایی، هەڵهاتن، هەر شتێک تۆ بیڵێ... هەستم بە دڵتەنگی دەکرد، بە کەمێک بێهیوایی... ئاواتم دەخواست پێوەندییەکم پێوەی هەبێت، تەنانەت دۆستایەتییەکی بێمەبەست... پێویستم بەو بوو، ئاتاجی ئافرەتێک بووم... ئاواتم ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دادێ، یان دوای ئەوە بە ڕێکەوت لە شەقامەکە، لە ڕیستۆرانت، لە پێشانگەیەکی شێوەکاری، لە میترۆ بیبینم... هەڵبەت شتی وا ڕووی نەدا... ڕەنگبێ فرێندی خۆی هەبێت، یاخود شووی کردبێت، یان جۆری منی بەدڵ نەبێت...

کەواتە یەکتربینینێکی ڕاگوزەرانە بوو، یەکتربینینی کار دەستپێدەکات و هێندە نابات کۆتایی دێت و هەر کەس ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر... وەکو سەدان و هەزاران کەس لەوانەی بۆ ماوەیەک پێیان دەگەین، پاشان لێیان جیادەبینەوە و زۆربەیان لە بیر دەکەین... تابلۆکەم بە دیواری هۆڵە بچووکەکەوە

هەڵواسی... وەکو ڕۆژانی بەرایی دوای تەواوبوونی، زۆر لێم نەدەڕوانی... چاوەڕێی هەلێک بووم بیفرۆشم، خەریک بوو شێوەی لە مێشکمدا کاڵ دەبووەوە و وێنەکەی نەدەما...

**دوای حەڤدە، یاخود بیست ڕۆژێک... ئەوە گرنگ نییە...**

لە جێگەکەم دانیشتووم، دەخوێنمەوە... کتێبی (یاداشتەکانی وردەبۆرژوایەک)ی ڕۆجیس دۆبرێ... لە دەرگە درا... دوو جار بە سووکی... سێ جار بە نەرمی... هەستام... ئەو بوو... تەڕ بووبوو، بزەی دەهاتێ...

"وەرە ژووری، چۆن بێ سەیوان دەرچوویت؟"...

"گرنگ نییە" وای گوت و بەردەوام بوو: "بمبوورە سەرقاڵ بووم، نەمدەزانی چۆن پێوەندیت پێوە بکەم... ژمارە مۆبایلەکەی خۆتت نەدامێ"... "تۆش پێت نەدام"... "دەبوو داوات بکردایە"... "بێمێشکیی من بوو"... پێکەنی... سۆبە کارەباییەکەم بۆ پێ کرد... "نەخۆش دەکەویت"... "نا، نەخۆش ناکەوم"... خەنییەوە... بلوز و تەنوورە تەڕەکەی داکەند، تەنیا ستیان و دەرپێی ژێرەوەی مابوون... هەردووکیان ڕەش بوون... داوای لێ کردم زمانەی مەمکدانەکەی بترازێنم، دەرپێکەی داکەند... تەماشام نەکرد... "بە یارمەتیت دەتوانیت خاولییەکم بۆ بهێنیت"... بەدەم پەشۆکانەوە خاولیم بۆ هێنا... نازانم دوای ئەوە چی دەبێت... پەتوویەکم دایە خۆی پێ بپێچێتەوە و دابنیشێت... "قاوەیەکت بۆ ئامادە دەکەم"... "مێرسی"... "دەتەوێت..."... "بێ شەکر"...

لەودەمی لە لێوی فنجانەکەوە بە تامەزرۆییەوە بە فڕی سووک قاوەی هەڵدەقوڕاند، لە تابلۆکەی دەڕوانی، لە وێنەی

خۆی... دوو لێوی ئاڵۆش... زۆرترین پارچەی گیانی لە ورووژاندن و ئاڵۆشیدا...

کاتێک فنجانەکەی تەنیا خڵتەی تێدا بوو، دایە دەستمەوە، گوتی:

"بەڕاستی تابلۆکەت جوانە، ئەمڕۆ جوانتری دەبینم، بەڕاستی تۆ بەهرەداریت، دەبێت هەلی خۆت بدۆزیتەوە".

دوور نییە ئەوەشی گوتبێت: "تۆ هەوڵی تەواوی خۆت ناخەیتەگەڕ".

***

من هیچ کات هەوڵی تەواوی خۆم بەگەڕ نەخستووە. هەمیشە لە لاوە دەوەستم... لە کونی دەرگەوە، یان لە درزی پەنجەرەوە دەڕوانم... سنوورێک هەیە دەترسم بیبڕم... سنوورەکان، بە شانازییەوە لەبارەیەوە دەڵێم، بە لای منەوە گرنگ نین... هەندێک جاریش دوور دەڕۆم... زۆرڕەوی دەکەم و لەمپەر دەبڕم... ئەمە تەنیا لە ئاوەزی خۆمدا... لە ئەندێشەی باڵداری لەدەستدەرچووم... گردبوونەوەی وێنەکان لەگەڵ هەڵچوونی سەرکێشانە دەست پێ دەکات و لەگەڵیدا کۆتایی دێت... دەستەواژەیەکی پەنهانە، وا نییە؟

زۆر لە مارکسیزم نزیک بوومەوە و بڕوام بە ڕێکخستن، بە خەباتی چەکداری، بە ڕق و خەباتی چینایەتی نەبوو... لە پراگ بە هاوڕێیەکی عێراقیی وەک خۆم هەڵاتوو، کەشخە، خۆبەزلزانم گوت، بڕوا ناکەم ئێستا ململانێی چینایەتی بزوێنەری مێژوو بێت... ئەوەی مێژوو دروست دەکات و دەیجووڵێنێت، فاشیزم، مافیاکان، بیروباوەڕی وشک و ژاراوی، توندڕەوی، ڕاگەیاندنی دیماگۆگی، پڕوپاگەندەی فریودەری سیاسی و بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسین... تووڕە بوو و

زمانی لێ دام... له کاتی لێکۆڵینەوەدا ددانم پێدا نەنا... گوتم ئەو هاوەڵەم له مەبەستم نەگەیشتووە... مەبەستم ئەوە بوو ململانێی چینایەتی له میانەی فاشیزم، مافیاکان، بیروباوەڕی وشک و ژاراوی، توندڕەوی، ڕاگەیاندنی دیماگۆگی، پڕوپاگەندەی فریودەری سیاسی و بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسییەوە دەردەکەوێت لەژێرەوە کار دەکات...

"وای دادەنێم ئەوی دەیڵێیت ڕاستییە، وریا بە".

لێکۆڵەر لەودەمی کاغەزەکانی دەپێچانەوە و له جانتا چەرمینە تۆکبەرداوەکەی پەستان، داوای لێ کردم له باڵەخانەی هەواڵگری دەرچم... گەندەڵی بە قووڵی بە دامەزراوە بیرۆکراتییەکانی ئەوێدا ڕۆچووبووە خوارێ، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە سامم لێ نیشت و نیگەرانی دایگرتم... لەگەڵ هەر لەدەرگەدانێک، یاخود لەگەڵ هەر زەنگلێدانێکدا، وێنەی پیاوەیلێکی فەرمیم دەهاتنە بەرچاو هاتوون بەرەو نادیارم ببەن، ئیدی له پاساوێک دەگەڕام بۆ جێهێشتن، بۆ هەڵهاتن... پاشان شتەیلێک ڕوویان دا و بە ناچاری دەرچووم... هاتمە پاریس، مامم هەندێک پارەی بۆ ناردم، بەشی من بوو له موڵک و ماڵی باوکم له باقوبە... ئەپارتمانێکم له گەڕەکی لاتینی گرت و کردمە پەناگە و شوێنی پیشەکەم... کەچی لەگەڵ ئەو جیهانەمدا کۆک و گونجاو نەبووم... تاقە شتێک لەگەڵمدا نەرمونیان و باش دەهاتەدەست، شەیتانی زمان بوو... له بەغدا بە خولەکانی پەیمانگەی بریتانی فێری ئینگلیزی بووم... له چیکۆسلۆڤاکیا تەنیا پێویستم بە شەش مانگ بوو بۆ ئەوەی بە چیکی باش قسە بکەم، ساڵێکیش بۆ ئەوەی پێی بنووسم... لەبەر ئەوەی هەمیشە خەونم بە پاریسەوە دەبینی، له پراگ هەوڵی فێربوونی فڕەنسیم دا... چوومە خولێکی

گەشەسەندنەوە و هەندێک کتێبکم کڕی، لە پاریس پێویستم بە ساڵێک پتر نەبوو، تاکو بە فڕەنسی فلۆبێر و پرۆست و ناتالی سارووت بخوێنمەوە...

ئەندرێ گوتی: بەشی بەرپرس لە زمانەکان لە مێشکتدا پێشکەوتووترە لە بەشەکانی دی...

ئەندرێ لەگەڵ شتەکانیدا گونجابوو، لەگەڵ ئەوپەڕی وزەی... سنووری خۆی دەزانی... دڵنیا نیم لەوەی خەونی بە شکۆ، بە دەسکەوتی گەورە، بە هەل، بەخت و ئاسۆیەک لەناکاو بکرێتەوە، نەبینیبێت... لێ لە چوارچێوەی تواناکانی کاری دەکرد... ڕێککەوتنی بچووکی دەبەست و سەردەکەوت... من وەک ئەو نەبووم... ڕۆمانسی بووم، دیمەنەکانی پاریسی نێوان دوو جەنگەکەم بیر خۆم دەهێنانەوە. چاوانم دادەخەم و دەکەومە زیندەخەوەوە... پاریس لە ساڵە جوانەکانی... ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی گشت جیهان... خوێندکارانی زانست، پیاوانی ڕۆژنامەگەری، تێکۆشەرە مارکسییەکان، ئەوانی لە کۆلۆنییەکانەوە هاتبوون، نەهلستییەکان، سورياليیەکان، بوونگەراکان، مۆدێرنخوازان، ئەبستراکتخوازان، ئەبیقۆڕییەکان، تەهرانییەکان، هەڵاتوان، لادەران، بەنگکێشان، نەسرۆیان، گەڕیدان، سەرخۆشان، بێپارە و گەوادان، هاوڕەگەزباز و سۆزانییان، هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی پێکەوە دەژین، لە تەباییەکی ڕۆحی و ژیارییەکی شاکاردا... بۆشاییەکی ڕەنگاڵە، بەزم و هەرا، پڕ جووڵە، بەخشندە، گەشاوە، تژی لە ڕووناکی و ڕەنگەکان و ئافرەت و مەی و مشتومڕ و کتێب و موزیک و سەما و جلوبەرگ و پێشانگەی نیگار و کۆتەڵ و سینەما... بەهەشتێک لەسەر ڕووی زەوی... بەختەوەری لەسەر شۆستە ڕاخراوە... بە هەڵاتوویی

لە پراگەوە گەیشتمە پاریس... ئاتاجی پتر لە هەفتەیەک نەبووم تاکو بۆم دەربکەوێت ڕۆژگار، ئەو ڕۆژگارە نییە و دۆخەکە جیاوازە...

ئەلبێر کامۆ و سیمۆن دی بۆڤوار و ژان پۆڵ سارتەر لە گازینۆ فلۆر نەبوون... هەژاریی ڕاستەقینەم بینی بە عەرەب و ئەفریقی و لاتینی و ئاسیاییەوە، تەنانەت فڕەنسیی قژزەردیش... هەروەها تێبینیی ئاوارە و سوالْکەرم کرد، سۆزانیگەلێک لە گشت لایەکی دنیاوە هاتبوون، کچانی گەنج و لە تەمەنی پیرییش... لە پتر لە بۆنەیەکدا نیگای تیزەجاڕیی ڕەگەزپەرستیم لای هەندێکیان بەدی کرد. بۆ زۆرێک لە کۆچبەران زەحمەت بوو لەوێ ڕابێن و دەرفەت ببیننەوە، هەروەها ناوی گەڕەکگەلی کلۆڵیم بیست چەتە و ڕێگران بەڕێوەی دەبەن و جەنجاڵن بە مرۆڤەیلێک خەڵکی باکووری ئەفریقان.

لەو نیگارگەیەی هیی هونەرمەندێکی میسری بوو بە ناوی محەمەد منیاوی، ئەندرێم ناسی... محەمەد منیاوی لە گازینۆیەک ناسیم لەسەر کاغەزێکی سپی مژووڵی هێڵکاریی سکێچێک بوو... کەسم لە پاریس نەدەناسی... بە هۆی ئەسمەری و پرۆفایلە شێوە فیرعەونییەکەیەوە مەزەنەی ئەوەم کرد میسرییە... لێی نزیک بوومەوە و گوتم: "تۆ میسرییت؟". "بەڵێ"... "من عێراقیم، وەک جەنابت شێوەکارم "...

دۆستایەتییەکی خێرا لەنێوانماندا دروست بوو... بۆم باس کرد بۆچی ئێستا لە پاریسم... ئەویش بۆی باس کردم بۆچی لە پاریسە... ناسرییەکی شکستخواردوو بوو، بە هۆی چالاکیی ڕووخێنەریەوە، وەکو لە دێباچەی دۆزەکەیدا هاتبوو، سادات دوو ساڵی زیندان کردووە... کاتێکیش لە زیندان دەرچوو،

ڕێگەیان دا بەرەو ئەورووپا بفڕێت... بڕیاری دا نەگەڕێتەوە، ئەوانیش دەیانزانی ناگەڕێتەوە، نەشیاندەویست بگەڕێتەوە... بۆ ئاسایش مایەی سەرئێشە بوو... محەمەد وەکو پێی گوتم، ساڵی ١٩٧٠ کاتێک عەبدولناسر کۆچی کردبوو، لە منیاوە بۆ قاهیرە هاتبوو و لە ناشتنیدا بەشدار بووبوو، ئیدی لەوێ تا ساڵی ١٩٨٤ مابووەوە، هەرگیز نەگەڕایەوە منیا... گەیشتە ئیسپانیا و دوو ساڵان لە ملقا ژیا، پێش ئەوەی بۆ ڤێنیسیا بڕوات، لە ئیتاڵیاوە بە شەمەندەفەر بۆ فڕەنسا سەفەری کرد، ئەوەتانێ لێرەیە... بە تیزەجاڕییەوە دەیگوت: بگەمە کوێ بیر لە گەڕانەوە ناکەمەوە... لە بەرەودوا... هەمیشە بەرەوپێش دەڕۆم... تاکو کۆتایی.

"بەهیوایت کۆتایی بەرەو کوێ بگات؟".

"پرسەکە هیوا نییە، بەڵکو ڕەوشەکە چۆن دەخوازێت... خۆم دێتە بەرچاو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سیبریا لەگەڵ منداڵەکان و نەوەی دوورخراوەکانی سەردەمی تزار و ستالینم، لە گوندێکی چۆڵم ئابڵووقە دراوە بە بەفر و منیش لە ڕەزیلترین تەمەندام... تەماشای پێشی خۆم دەکەم لەو شوێنەی فریشتەکە چاوەڕوانمە"... پێدەکەنێت... دەبێت منیش بخەنمەوە... پێکەنین بۆ تەندروستیی دەروونی باشە، سوودی بۆ تەندروستیی ڕۆح و جەستە هەیە، وەکو محەمەد منیاوی و پزیشکان دەڵێن... لە نیگارگەکەی بە ئەندرێی ناساندم... ئەندرێ حەزی بە زۆربلێیی نەبوو لەبارەی هونەر و نیگارکێشییەوە... لەبری ئەوە کارکردنی هەڵبژارد...

جارێکیان هەینێ بینیمی مەلوول و بێئومێدم، پێی گوتم: "ڕەنگە من و تۆ زۆر جیاواز نەبین لەمانەی تابلۆکانیان بە سەدان هەزار فڕەنک دەفرۆشن... دوور نییە تۆ یان من لە

هەندێکیان باشتربین، یان بە لای کەمەوە لە یەکێکیان، بەڵام دەبێت بزانیت بازاڕ و پڕوپاگەندە و شانس و هەلێک هەیە، دووبارە نابێتەوە، دوور نییە ڕۆژێک بۆمان هەڵکەوێت، ڕەنگە هەر هەڵنەکەوێت... وا باشترە ڕۆژەکانمان لە چاوەڕوانیدا نەسووتێنین، نەکو بسووتێین"...

ئەندرێ لە ناخەوە پاریسییە، کوڕی ئەفسەرێکی فڕەنسییە، نازییەکان گرتیان و گوللەبارانیان کرد، ئەوکات ئەو حەوت ساڵان بوو... دایکی لە شانۆ بچووکەکاندا ئەکتەر بوو، بۆ ماوەیەکیش نمایشی لە سێرکی گەڕۆک کردووە و کوڕە تاقانەکەی لای پووری جێهێشتووە... بە هۆی بەکارهێنانی سی سییەکی زیاد لە ماریگوانا، مرد... "ئەو ڕۆژی مرد، من سێزدە ساڵان بووم... بۆ بەختگەشیم، پوورم مابوو"...

...بە پووری... باشە بۆچی دەچمە ناو ئەم وردەکارییانەوە، کە دوور نییە هەندێکیان لەسەر ئەندرێ و منیاوی دروستکراوی من بن... چاکە، ئەودەم دوو هاوەڵی باشی من بوون... ئەندرێ هاوسەرگیریی کردبوو، ئامۆژگاریی کردم جانێت نەخوازم و تەنیا برادەر بین. محەمەد منیاوی ژنی نەهێنابوو، هێندەی نەمابوو قایلم بکات ئەم فڕەنسییە بخوازم، کە لە وڵاتی فڕەنگان پشتگیریی بوونم دەکات، چما کێ دەزانێت سبەینێ چی ڕوو دەدات؟

***

من، بەرەبەیان، وەک یەکێکم شووشەیەک مەیی خراپی ساختەی هەڵدابێت... شتێکی قورس وەک قوڕ مێشکی داگرتم. شتێکی ڕۆنیی خەست و لینج و شلەتێن ڕێڕەوەکان دەگرێت، کەناڵەکانی دەروون و کەنداوەکان دادەپۆشێت... باڵەخانەی لۆژیک دەهەژێنێت... وا لە بیرکردنەوە دەکات تێکەڵوپێکەڵ بێت،

بشێوێت، لۆچ بێت، پارچەپارچە ببێت، بڵاوببێتەوە... سەرئێشەیەک لە سەرتاپای کەللەدا، هەڵچوون لە گەدەدا، دڵتێکچوونێک بگاتە ئەوپەڕی دووریی ڕۆح... چەند حەز دەکەم بڕشێمەوە... چی لە هەناومدایە لە تاڵی، گوناه، خۆڵەمێش، میراتیی خراپ، ڕۆژگاری مردوو و واهیمە، هەڵیانبهێنمەوە... لە گەرداوی مۆتەکەکان دەرچووم و لە دەنگی بڵند بێداربوومەوە... دەنگەدەنگێکی نائاسایی لە شەقامەکەوە دێت... هیچ مگێزم نییە چوار هەنگاوێک بڕۆم و پەردەی پەنجەرەکە لابدەم و تەماشا بکەم... تەماشای ناخی خۆم دەکەم... من نەساغم، حەزم لە گریان و هاوارکردنە، کەچی ناتوانم... بەرەو گەرماوەکە دەچم، لەسەر چینچک دادەنیشم، سەرم بەسەر حەوزی ئاودەستەکەدا شۆڕدەکەمەوە، پەنجە بە قوڕگمدا دەکەم و لە کۆتاییەکەی گیر دەکەم، لەسەر یەکەمین لێژایی قوڕگم... عووووعععععععع، خەریکە دەخنکێم، چاوم ئاوی کرد، پاشان شلەیەکی تاریکی تاڵی بۆگەن دەتەقێتەوە... وەک لە خوارەوە هەڵقوڵێت، لە خواری خوارەوە... لەم قێزلێهاتنەوەیە ڕزگارم بوایە، ئەم ئازارە، ئەم تۆپەڵە لە شتە مردووەکان... ئەگەر لەم لاشە لەگۆڕنراوەی ناخم قوتارم ببوایە... ئەگەر ئەو بوونەوەرە نەرمونیانە تەندروستەم بۆ بگەڕایەتەوە، کە پێش سی ساڵ بووم... بە ڕێکەوت ئەندرێ دێت... بە شەقامەکەدا تێپەڕ بوو و بۆ ئەپارتمانەکە سەرکەوت... ئەپارتمانەکەم لە نهۆمی دووە، تۆ نەخۆشیت... بۆ نەخۆشخانەم دەبات... دکتۆر دەڵێت: ژاراویبوونی ئەلکهوولی یان خۆراکیت نییە... پشکنینەکان ئاماژە بە بوونی نیشانەکانی نەخۆشییەکی دیاریکراو نادەن، ڕەنگە دۆخەکەت دەروونی بێت... بەڵێ، بەڵێ... جانێت دێت، دواتریش محەمەد منیاوی... دیارە ئەندرێ

تەلەفۆنی بۆ کردوون... تاکو ئێوارێ لام دەمێننەوە... حەبی وردی ئەفسووناوی دوان سیان، سەرقورسی و ژانەسکەکە دەبەن، گیانم تێکشکاوە... دکتۆر بژارەم دەداتێ ئەمشەو لە نەخۆشخانە بمێنمەوە، یان لە ماڵەوە بحەسێمەوە... بەرگەی نەخۆشخانە ناگرم، وەکو فەرمانگەکانی میرییە لە عێراق، وەکو بەندیخانەکان، تەنگ، ناخۆش، چۆڵ... دەردەچم... منیاوی و ئەندرێ لەبەر دەرگەی نەخۆشخانەکە خواحافیزیم لێ دەکەن... من و جانێت تاکسییەک بۆ گەڕەکی لاتینی دەگرین... جانێت بۆ ئەپارتمانەکە لەگەڵمدا سەردەکەوێت... هەست بە بەتاڵی دەکەم، بە بێهێزی، بە پووچی...

ئەودەمی دایدەپۆشیم پێشنیازی بۆ کردم دوای هەفتەیەک سەفەرێک بۆ نیس بکەین، لەو شوێنەی دایکی لێی دەژێت... تۆ پێویستت بە گۆڕانکارییە. ئەم ڕۆتینە نەخۆشت دەخات... بە تەنیشتمەوە ڕادەکشێت... خۆی پێمەوە دەنووسێنێت... گەرمیی جەستەی دەمگرێتەوە... لە دەرێ بارانە... خەم دامدەگرێت... لافاوێک لە خەم دەمشواتەوە، پاکم دەکاتەوە، ڕۆحم پاقژ دەکاتەوە... بۆ خۆم ڕایدەکێشم... دەتوێمەوە... خەوم لێ دەکەوێت.

بۆ ڕۆژی دوایی پرسیار لە مسیۆ ئیمانۆئێلی خودان دوکانی میوەفرۆشییەکە لە خوارەوە دەکەم، دوێنێ چی ڕووی دا؟... مسیۆ ئیمانۆئێل زەلامێکی درێژی ورگزلە، لە شارڵ دیگۆڵ دەچێت... سەری دەلەقێنێت: "چی ڕووی داوە؟".

پێم گوت: "هەراوزەنا و دەنگەدەنگ بوو، شەڕ، یان ڕووداوی هاتوچۆ، یاخود شتێک لەم بابەتە".

-نا، هیچ ڕووی نەداوە... بڕوا ناکەم... دوێنێ... کەی؟...

-بەرەبەیان...

-بەرەبەیان؟ نا، هیچ ڕووی نەداوە، دەترسم خەونت دیبێت مسیۆ مەرزوغ...

مسیۆ ئیمانۆئێل لە قاقای پێکەنین دەدات...

***

بە شەمەندەفەر بۆ نیس چووین... جانێت گوتی: ئێستا دایکم سەیری بە هاتنەکەماندا دێت...

گوتم: ئەی پێت نەگوت؟

گوتی: نا، ئەگەر پێم بگوتبایە دوور نەبوو بڵێت سەفەرەکەت بۆ هاوین هەڵگرە...

گوتم: ئەی ئەگەر لە ماڵ نەبوو؟ چی دەبێت ئەگەر بە کارێکەوە سەرقاڵ بێت و حەز نەکات میوانداریی کەس بکات؟ ئەی ئەگەر دەریکردین... ئەی ئەگەر، ئەی ئەگەر...

جانێت لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانی، ئاوڕی لێ نەدامەوە... گوتی: کێشەکە لە چیدایە؟ لە کاتێکدا ئەگەر هەریەکێک لەمانەی تۆ دەیانڵێیت ڕووی دا، لە هۆتێل، یاخود مۆتێلێک دەمێنینەوە و سبەی، یان دووسبەی دەگەڕێینەوە پاریس... دایکی لەوێ بوو... بە ساردییەوە پێشوازیی لێ کردین... هێند نیشانە بەرچاوەکانی پیریی پێوە دیار نەبوون... بێ ئەوەی تەماشای چاوم بکات، تەوقەی لەگەڵدا کردم... تەماشای جانێتی دەکرد و دەمی نەدەجووڵا. دەمە ئاڵۆشەکەی لە دەمی جانێتی دەکرد... پرسیی داخۆ دەمانەوێت شتێک بخۆینەوە... قاوەمان خواردەوە... دوای سەعاتێک کابرایەکی تێکسمڕاو هات لە تەمەنی ئەودا بوو... تەندروستیی باش بوو... بوونی ئێمەی لەوێ بەدڵ نەبوو... جانێت پەست بوو... چرپاندی بە گوێمدا: "دایکم تۆبە ناکات، وەکو هەرزەکار ڕەفتار دەکات"...

"ئایا مافی خۆی نییە؟".

"ئەم کابرایە فێڵبازە و کەسێکی باش نییە".

"کەواتە دەیناسیت".

"ئەو شەیتانەی لە ناخیدایە، دەناسم".

"لە کەنگێوە؟".

"لەودەمی منداڵ بووم".

"ئەی باوکت؟".

"کێ دەزانێ باوکم چۆن مرد؟".

من و جانێت لە ڕیستۆرانت نانمان دەخوارد... نەگەڕاینەوە ماڵی دایکی... تەلەفۆنیان بۆ یەکتر دەکرد... شەڕیان دەکرد... پێی دەگوتم: "شەستوپێنج ساڵانە و خۆی بە کچی بیست ساڵ ناگۆڕێتەوە".

"وزەی ژیان و حەز پێوەست نین بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە".

"تۆ تێناگەیت، ئەگەر کەسێکی تر بوایە، پێم ناخۆش نەبوو".

"ئایا ناپاکیی لە باوکت دەکرد لەگەڵ ئەمدا؟"... هیچ قسەی نەبوو... "باوکت ئەمی دەناسی؟".

"برادەری بوو".

"دەیزانی".

"بە بێدەنگی ئازاری دەکێشا".

"لاواز بوو".

"لەمەی زۆر تووڕە دەبووم".

"...".

"هەندێک جار ڕقم لێ دەبووەوە و هەندێک جاریش بەزەییم پێدا دەهاتەوە... لەپڕ مرد و نەگەیشتە پەنجا ساڵی... جەڵتەی مێشک".

"ئەی بۆ هاوسەرگیری ناکەن، مەبەستم دایکت و ئەم پیاوەیە، وتت ناوی چییە؟ مسیۆ دانیێل؟".

بە سەرسامییەوە تەماشای کردم وەک بڵێت، ئای چ گەوجیت... پێی دەڵێم: "تێدەگەم"...

بە تووڕەییەوە دەڵێت: "تۆ تێناگەیت، ناتوانیت تێبگەیت".

زۆری لێ ناکەم... کاتێک بیەوێت نهێنییەک بدرکێنێت، هیچ شتێک بەری ناگرێت. ئەگەریش نەیەوێت، تەنانەت هیتلەر و دارودەستەکەشی ناتوانن ناچاری بکەن...

بەناو شاردا دەسووڕاینەوە، لە گازینۆ دادەنیشتین... دوو پەرداخ شەرابمان خواردەوە... لە ڕیستۆرانتێک بۆ خواردنی خێرا نانی شێوانمان خوارد... دوو میل بەرەو هۆتێلەکە ڕێمان کرد... لە هۆتێل پێم دەڵێیت، لە بیر خۆتی دەربکە... لەوەی هەردووکمان لە ژوورێکی هۆتێلەکە پێکەوەین، تووشی دۆخی پەشۆکان و شێوانم دەکات... ئەمە وەک ئەو دۆخە نییە لە ئەپارتمانەکەم لەگەڵمدا بیت... یەک تەختەخەوی پانوپۆڕ لە ژوورەکەدا بوو... جلەکانی دادەکەنێت و خۆی بە گەرماوەکەدا دەکات... ئاوێک بە خۆیدا دەکات... دوای ئەوە من... هەردووکمان شەکەتین... باسی هەندێک لەو دژوارانەم بۆ دەکات کاتێک وەکو مۆدێل ئیشی دەکرد، بەسەری هاتن... جارێکیان شێوەکارێک فلچەکانی فڕێدان و ویستی بەرەو جێیەکەی ڕایکێشێت... زللەیەکی لێ دا... ئەو دانیشت و دەستی بە گریان کرد... لێی پاڕایەوە جەستەی بخاتە بەردەستی... "وەک ئەسپێکی چەمووش لاساریم کرد، خەریک بوو لەقەیەک بە ناوگەڵیدا بکێشم... قۆز بوو، لەشێکی وەرزشییانەی جوان و جەستەی بۆنێکی ورووژێنەری هەبوو. بەو شێوە بەربەرییە

ڕازی نەبووم... فڕەنسی نەبوو، ئەورووپیش نەبوو... لەنێوان پارچەکانیدا مێژوویەکی لەبیرکراو لە بێبەریی تێدا بوو.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد داخۆ عەرەب بوو یان نا؟: "نا، پاکستانی بوو... بۆ ڕۆژی دوایی پێوەندیی پێوە کردم و داوای لێبوردنی کرد... ئیدی جارێکی تر بە ڕووتی ، یان ناڕووتی لە بەردەمی نەوەستامەوە... نەک لەبەر ئەوەی لێی دەترسام... ئەستەم بوو جارێکی دی ئەو ئیشەی دووپات بکاتەوە... من ئەمەم دەزانی و دەمزانی دەیەوێت بۆم بسەلمێنێت جاری داهاتوو ڕەفتاری باشتر دەبێت... پێم گوت: گوێ مەدەرێ، هەزار ئافرەتی تر هەن بەوە ڕازین لە بەردەمتدا بوەستن و تەنانەت لەگەڵتدا بێنە پێخەفەکەشتەوە... بگەڕێ دەیدۆزیتەوە".

هەندێک چیرۆکم بۆ دەگێڕێتەوە و دەخەنێتەوە... دەخوازێت دڵم خۆش بکات... ڕەنگە بۆ ئەوەی پێم بڵێت ئەو ئافرەتێکی هەرزان نییە، وەک ئەندێشەی ڕۆژهەڵاتیم ڕەنگە بۆی بچێت... یاخود ئاگەدارم بکاتەوە لەوەی من لەو گەنجە ئاسیاییە جیاوازم... لە کۆتاییشدا ڕۆبەکەی دادەکەنێت، کە ئەودەمی قاوەی هەڵدەقوڕاند و قسانی دەکرد، هەر لە بەریدا بوو... جلێکی تەنکی خەوی ڕەنگ قەیسیی کورتی لە جانتاکەی دەرهێنا و لە بەری کرد... هیچی لە بنەوە لە بەر نەبوو، خۆی خستە ژێر لێفەکەوە... ناتەوێت بنوویت؟ بە پیجامەوە دەچمە ناو جێ، بەتەنیشتییەوە... بە ئەنقەست خۆمی لێ نادەم... پشتم تێدەکات... دەڵێت: لەدواوە باوشم لێ بدە، ئەمە وام لێ دەکات وەک مناڵ بنووم...

لە ئامێزی دەگرم بێ ئەوەی بهێڵم بەشی ناوەڕاستم بەر ناوەڕاستی بکەوێت... مەودایەک لەنێوانماندا دەهێڵمەوە ڕەنگە بگاتە پێنج، یان دە سانتیمەتر... وەک کارەبایە و سەختە... دژ

بەم دڕندەیەی لە ناخمدا ڕاپەڕیوە، دەجەنگم... ئای لەو خێراییەی نووستم... هەناسەدانی ڕێکە... وا دەمێنمەوە و میلیمەترێک ناجووڵێم... ئەو وا ناکات... وەکو خۆی نامێنێتەوە... دوای ئەوەی خەون دەبینێت، دەجووڵێتەوە... ناوەڕاستی بەرەو ناوەڕاستم دەجووڵێنێت... ئاخر چۆن خەو بچێتە چاوم، لە کاتێکدا خوێنم قوڵپ دەدات؟ گەرمتر دەبێت، بە توندی بەرەو دەمارەکان دەڕوات، بە موولوولە بچووکەکانی پێستی سەرمدا تاکو بنی پێم... پێدەچێ نەنووستبێت. دوور نییە هەموو ئەمانە دروست بکات... یان ئێستا بە توندی ڕایکێشم تاکو بێداربێتەوە، یاخود بە شێنەیی دەکشێمەوە... بە ئارامی دەکشێمەوە... ئەمدیو و ئەودیو دەکەم... بیر لە هەزار شت دەکەمەوە... هەزار شت بۆ ئەوەی بیری لێ نەکەمەوە، لە کاتێکدا ئەو بەم ڕادەیە نزیکە... لەگەڵ بەرەبەیاندا دەنووم.

***

جانێت هەمیشە خۆکردێکی سەرسووڕهێنەر بوو، شپرزە، بە ئەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە... بە شێوەیەک هەمیشە دەیخستمە بەردەم ئاوێنە... هاوەڵی بووم... گوتی: ئێستا تاقەکەس... شەرمەزارم مەکە، تەنیا شەرمەزارم مەکە، دڵم مەشکێنە... دوای نیس ڕۆژێک تێنەپەڕی نەیەت بۆ بینینم، یان تەلەفۆنم بۆ نەکات، یاخود داوای بینینم لە شوێنێک لێ نەکات... یان پێکەوە نەبین و هەندێک کاتی خۆش لە شاری ڕابواردن پێکەوە بەسەر نەبەین، یاخۆ تەماشای فیلمێکی سینەمایی نەکەین، یان نانی شێوان لە ڕیستۆرانتێکی بچووکی هێمن، بەدەم ئاوازی موزیک پێکەوە نەخۆین... کەچی هەرگیز بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشتی نەکردم... زۆر جار لە دەرەوە بووین، لە ماڵەکەم جاروبار وێنەیم دەکێشا... لە پتر لە بیست

تابلۆدا وێنەم کێشا... حەوت هەیڤ تێپەڕیبوو کاتێک کارەکە لەناکاو قەوما، وەک چاوەڕوانی ئەم ڕەوشە بووبین... ئەو سەعاتە دیاریکراوەی بە ئاوی زیو لەسەر پەڕەی چارەنووس نەخشێنراوە...

لە مەرسیلیا بووین، لە ژووری هۆتێلەکە، لە یەکتر نزیکبووینەوە، وەک ئەوەی پێشتر سەدان جار ئەمەمان کردبێت. پێم گوت: لەمپەرمان شکاند...

گوتی: هیچ لەمپەرێکمان نەشکاندووە، چونکە هیچ لەمپەرێک لەگۆڕێدا نەبوو.

ڕازی بووم و نەمگوت لەمپەرەکە ئەو وەهمەی ناخم بوو... لای خۆمەوە لەمپەرەکە دیوارێکی گریمانکراو بوو... دەمبینی و دەترسام بیبڕم...

گوتی: "ئەوە لەمپەرەکە نەبوو، چونکە هێشتا کاتی نەبوو. لە ساتی سازانی شیاو دەگەڕاین. لە هارمۆنی. لە خاڵی یەکسان، ئۆ، تۆ هونەرمەندی، دەبێت ئەم شتانە لە من باشتر بزانیت".

ئەو ئەم شتانەی لە من چاکتر دەزانی... منی تەواو دەکرد، ناتەواوییەکانمی نۆژەن دەکردەوە، سەرلەنوێ دەیگووراندمەوە... وا بزانم کەوتمە داوی خۆشەویستییەوە. ئەمە دووەمین جارە دوای جێهێشتنی عێراق دەکەومە داوی ئەوینەوە. بۆ جاری سێیەم لەودەمی لەدایکبووم دەکەومە ناو خۆشەویستیی ڕاستەقینەوە.

ئایا ئەوینە؟ دوای سەفەری پڕ لە خۆشیی مەرسیلیا، بوومە کەسێکی تر و دۆخم گۆڕا... شەپۆلێکی گەرمی نەرموشل بە ناخدا هەڵدەکشێت، بە ناسکی لای پەراسووەکانەوە دەشکێت، وەک ڕووناکی، جارێکی دی دەگەڕێتەوە، چاوانم دەنووقێنم و ئاوات دەخوازم لێرە بێت لەگەڵمدا. ئایا ئەمەیە خۆشەویستی؟

ئێوارێ بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی مۆلێر ببینێت، دێت... لەگەڵ کۆمەڵێک بۆرژوای کەشخە خۆمان بە ژووردا دەکەین و وەک ژن و پیاوێکی ڕووخۆش، دەردەچین. لە ڕیستۆرانتێکی بچووک ڕووناکیی کزە، ماسی دەخۆین، مۆسیقا نوقمی کردووین، دەستی دەگرم، دەیگووشم... بە دوو چاوی پڕ لە تریسکەی خۆشی، لێم دەڕوانێت، بزەیەک دەکات... ئەو ئاشقە، هێشتا پێم نەگوتووە خۆشم دەوێیت. وەک لە بەڵێنێک پابەند بم پێوەی، بسڵەمێمەوە، منێک لە پابەندبوون دەترسم. لێ ئێستا دۆخەکە جودایە... خەریکە بە چرپەوە بێژم خۆشم دەوێی، لە چاوانی دەخوێنمەوە: وا بزانم هەرگیز نایڵێیت... بە ناتاشاشم نەگوت، جا نازانم ئەگەر لە ڕۆژگاری گەوجیی هەرزەکاریمدا، کە تاکو تەمەنی بیستوپێنج ساڵی بەردەوام بوو، بە ئافرەتێکم گوتبێت. ڕەنگە ئەم دەستەواژەیەی لەبەر زۆر بەکارهێنان لە دە هەزار ساڵەوە، کە تەمەنی ژیارە، سوابێت.

دەڵێم، پێدەچێت بە هیچ ئافرەتێکم نەگوتبێت. دەترسم ئەو ساتەی لەژێر باری هەڵچوونێکی کاتی و واهیمەدا دەیدرکێنم، مەبەستم نەبێت.

***

لە یاقووتی زەردەپەڕ بەسەر سینگی دەریاوە ڕاماوم، ئافرەتێک دەیبرێت ڕۆیشتنە مەلوولەکەی باڵندەی پۆڕم بیر دەهێنێتەوە... شەمامەبەندەکەی سپی و تەنوورە شۆڕە ڕەنگزمرووددییەکەی لۆچی گەورەی تێدان، کراسەکەی بادراوە و بە دەوری ملیدا لوولدراوە، ئەو کراسەی وام زانی وەنەوشەییە... وام زانی سەرگەردانە، یان چاوەڕێی کەسێک دەکات وا دیارە نایەت، یانیش نیوەشێتە... ئەگەر ڕووی بە لامدا وەرگێڕێت، زەردەخەنەیەکی بۆ دەکەم. دووریش نییە لێم

بپرسێت چییە، بزەخەنەی چیتە؟ پێی دەڵێم: تۆ جوانیت، باڵندەی پۆڕم بیردەهێنیتەوە. دەڵێت: ئەرێ تۆ شێتیت، یان شاعیریت؟ دەڵێم: نیوەی ئەمە وەک تۆ، نیوەی ئەوی تریش وەکو هێنری میشۆ... ئاوڕ ناداتەوە، لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێت. سەعاتێکی تر دەمێنم و شالیێکە[1] بەتاڵ دەبێت، وەک ئەوەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی بم... ئەگەر گەڕایەوە ئەوا بانگی دەکەم و قسەی لەگەڵدا دەکەم، بەڵام ناگەڕێتەوە...

دڵنیا نیم لەوەی داخۆ ئەم دیمەنە تەواو واقعییە، لە کات و شوێنی فیزیاییدا ڕووی داوە. یاخود بەگشتی خەیاڵکردە بە بیری خەوخۆشێکی بێداری شێتدا هاتووە، یان خەونێکە بینیومە، وەکو نووستوویەک لە سەردەمێکی بەسەرچووی لەبیرکراودا دەیبینێت.

***

ناتاشا بە بنەچە ڕووسییە... بە دیاریکراوی لە بیلاڕووسیا... لە گەشتێکمدا بە شەمەندەفەر بۆ شاری تبلیتسەی بەناوبانگ بە جوانییەکەی و ئاوە کانزاییەکەی، خۆم بینییەوە بە تەنیشتییەوە دانیشتووم... ماوەیەکی زۆر هەر لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد... منیش هەندێک جار وەک ئەو سەیرم دەکرد چۆن کێڵگەکان سەوزن و شەپۆل دەدەن، تا چاو بڕبکات درێژدەبنەوە... پەڵەهەورە سپییەکان زگیان لە عەردی دەدا، قوڵنگەکانی کەنداوەکە کەیفیان دەکرد... هەر پێنج خولەک جارێک بە تیلی چاو لە لایەکی ڕوخسارە هێمنە منداڵئاساکەی و قژە قاوەییە بە نەرمی بەسەر شانیدا بەردراوەکەی، دەڕوانم... بیرم لەوە دەکردەوە چێژ لە

---

[1] شالیێ: ژووری کەنار دەریا.

دیمەنەکان وەرناگرێت... دەڵێی مامزێکە لە مێرگێکی مەترسیداردا ڕێگەی ون کردووە... شۆخوشەنگە... هەندێک جار نیگام لەسەر کتێبەکە خوار دەکردەوە، چاوم لە ئەنگوستە درێژە نەرمەکانی دەبڕی بە ڕانە ڕووتە لووسەکەیدا دەکێشان... تەنوورەیەکی سووری کورت و کراسێکی سپیی لە بەردا بوو... یان بە پێچەوانەوە... ناتوانم دڵنیا بم... ئەوە ئەو دوو ڕەنگە بوون لەو ڕۆژە هاوینییە خۆرەدا لە بەری کردبوون... منیش کتێبێکم دەخوێندەوە... تاکو نیوەی ڕێگە وشەیەکمان نەگۆڕییەوە... تەماشایەکی کردم، نیگاکەی ئاوریشمی بوو، نەرمونیانییەکەی دڵبەند بوو... بە ڕیتمێک لە چرپە دەچوو، خەواڵوو، ئەوپەڕی مێیینەیی، پرسیاری زمانی کتێبەکەی کرد... یەکەمین جار وای زانی فارسم. هەواڵی شۆڕشی ئێران دەبینرا میدیاکان دەیانگواستەوە. گوتم، ئەمە ڕۆمانی نووسەرێکی عەرەبە ناوی جەبرا ئیبراهیم جەبرایە، ناونیشانی ڕۆمانەکە (گەڕان بەدوای وەلید مەسعود)ە...

باسی چی دەکات؟ ئەوین و ئازار و ونبوون... پرسیارەکەی بە لامەوە سەیر بوو: ئەی مەرگ نییە؟ گوتم: بەڵێ، کاتێک خۆشەویستی و ئازار دەبن، تارمایی مەرگ چاوەڕێیە...

گوتی، کاتێک هەرزەکار بوو بیری لەوە دەکردەوە خەریکی نووسین بێت: "پێش ئەوەی بۆم دەرکەوێت من بۆ ئەمە نەخوڵقاوم، شتەیلێکم نووسین مایەی پێکەنین بوون".

بۆ حەسانەوە و ڕابواردن نەچووبوو، بەڵکو پووری لەوێ نەخۆش بوو... "ئەو تاقە خزممە لە چیکۆسلۆڤاکیا دوای مردنی باوکم ".

لە وێستگەی تبلیتسە دابەزیین... لە کۆفی شۆپێکی نزیک داوەتی فنجانێک قاوەم کرد... نەیگوت نا... وام هاتە بەرچاو

دەیەوێت درەنگ بگاتە ئەو شوێنەی پووری لێی دەژیا... بەم سەردانە دڵخۆش نییە... گوتی: "من بەخدێی خۆم زۆر متمانەم بە بێگانان نییە".

"تۆ بەخۆت بێگانەیت".

"تا ڕادەیەک، من لێرە لەدایک بووم".

"ئەی ئێستا چی وای لێ کردیت متمانەت هەبێت؟".

"نازانم!"... حەزی لێ بوو ڕەوتی قسەکان بگۆڕێت... "ئەی تۆ لەم وڵاتە چی دەکەیت؟".

"من دوورخراوەم، لەمێژە هەڵهاتووم... بڕوانامەی زانکۆییم لە هونەردا هەیە، هەندێک جار نیگار دەکێشم و جارجاریش دەخوێنم... ئەی تۆ؟".

"من، دۆخی من کەمڕوونترە لە دۆخی تۆ... بابم لە چینی ناوەندی سیاسەتمەدارانی ڕووس بوو، حزبی بوو، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بۆ کاری تایبەت بۆ ئێرەیان نارد، من ١٩٥٥ لەدایک بووم... منداڵییەکی خۆشم گوزەراند... دوای بەهاری پراگ لە ڕەوشێکی پەنهاندا مرد... پێم بڵێ ئاخر بۆچی متمانەت پێ بکەم؟".

"قسە لەسەر شتێکی تر بکە ئەگەر ناتەوێت باسی خۆت بکەیت".

نەیدەتوانی باسی شتێکی تر بکات... گوتی:

"پێناچێ تۆ کەسێکی خراپ بیت. لەبەر ئەوەی بڕوام بەم پەندە هەیە، دوای دڵت دەکەوم و دڵم متمانەی پێتە. پاشان کارامەیی. کەسە بەدکار و خراپەکارەکان دەناسم. هەست دەکەم لێک دەچین".

بوێر و ژیر و ورد بوو کاتێک بڕیاری لەسەر شتەکان دەدا...

"دایکم دوای ئەو بە سێ ساڵ، مرد، ئیدی پوورم بەخێوی کردم... قەیرەیە و نیوە تێکچوونێک تێکچووە، حەفتاوسێ ساڵە".

"بۆچی بیر ناکەیتەوە بۆ وڵاتی دایک بگەڕێیتەوە؟".

"بیرم لێ کردەوە، ڕەنگە کارەکە لەوێ خراپتر بێت".

"کارت چییە، مەبەستم ئەوەیە چۆن دەژییت؟".

"من کرێکارم لە کارگەی جلی ئامادەکراوی سەربازی".

"خوێندنت تەواو نەکردووە؟".

"بەڵێ، دەرچووی قوتابخانەی پیشەییم".

شار باش شارەزا بوو... بردمی بۆ هۆتێلێکی بچووک ناوی ئەکاسیا بوو لە شەقامێکی هێمن، ئێستا ناوی شەقامەکەم بیر نایەتەوە... وا بزانم تالیا، تانیا، تینا بوو. شتێک لەو بابەتە. لە دووریی سەدان مەتر لەو باڵەخانەیەی ئەپارتمانەکەی پووری لێ بوو... ژمارە تەلەفۆنی ئەپارتمانەکەی لە پراگ لەسەر دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەی جەبرا نووسی... "ئەگەر ویستت پێوەندیم پێوە بکە".

پێی گوتم لەگەڵ سێ ئافرەتی تری هاوکاریدا دادەنیشێت، هەریەکیان خەڵکی وڵاتێکە:

"دوانیان لیتوانین و ئەوی تریش قەوقازییە، هەریەکەشمان دۆخی دژواری خۆی هەیە... ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان خراوینەتە ژێر چاودێرییەوە... ڕەنگبێت وا نەبێت... مەترسە".

"ناترسم".

دوای سەعات دە گەڕامەوە هۆتێل، پاش دوو سەعات لە سووڕان بە شەقامەکانی شار و گۆڕەپانەکانیدا... سەیرم هاتێ بینیم لە سالۆنەکە دانیشتووە چاوەڕێم دەکات. تەنوورەیەکی ڕەش و تیشێرتێکی ڕەنگ مارۆنیی لە بەردا بوو. بۆ یەکەمین

جار دیقەتی سینگە جوانەکەیم دا... ڕەنگبێت لەبەر ئەوە بێت تیشێرتەکەی تەسکە، بۆیە خڕیی سینگ و پڕییەکەیانی دەرکردووە... گوتی:

"ئەگەر ناتەوێت لەگەڵتدا بم، دەگەڕێمەوە".

"بە پێچەوانەوە، ڕزگارت کردم... بێزار بووم و نەمدەزانی چۆن شەوەکەم بەڕێکەم، دوای ئەوەی دواینیوەڕۆ چەندین سەعات نووستم".

دەرچووین، پێکەوە پیاسە بکەین... لێی پرسیم داخۆ پارەی زۆرم پێیە، کەواتە دەتوانین خۆمان بە سووڕخانەیەکدا بکەین و شتێک بخۆینەوە.

لە یانەیەکی قەرەباڵغ بیرەمان خواردەوە و کەمێک دانسمان کرد. پاشان بردمی بۆ ماڵی پووری... بێ ئەوەی هیچ بڵێم، دوای کەوتم... پووری نووستبوو... ئەپارتمانێکی بچووک بوو، دوو ژووری تێدابوو، لەگەڵ نیمچە هۆڵ و ناندێن و گەرماو... بۆ ژووری دووەمی بردم... تەختەخەوێکی یەکنەفەریی لێ بوو... "وا بزانم بەشمان دەکات"... سەرم بۆ لەقاند... ئیدی لەو شەوەوە بووینە هاوەڵی یەکدی...

***

جوانیی ناتاشا ئازارت دەدات، کاریگەرییەکی قووڵ لە چینەکانی خوارەوەدا دەهێڵێتەوە...

جوانیی ناتاشا لە ڕوخساری نییە، لە جەستەی، لە ڕۆیشتنی، پێکەنینەکەی، دەنگی، نازی، بەڵکو لە گشت ئەمانەدایە... لە شۆخییە بەرچاوە دڵخۆش و هەراسانکەرەکەیدا تروسکە دەداتەوە.

***

ناتاشا ژیانی ڕەنگڕێژ کردم... لە تۆڕی پووچی، بێکەڵکی، نائومێدیی دەرهێنام... ئەوەتانێ یەکێکە لەوانی تر ناکات، ئەوانی لە بۆنەی ڕاگوزەر لە نۆ ساڵی ڕابردوودا ناسییانم... ئافرەتێکە دەتوانێت دەورت بهەژێنێت و لەگەڵیدا شتەکانی جیهان ڕێک بخەیتەوە. کامەرانی و قایلیت پێ دەبەخشێت. درەوشاوە و بەخشندەیی، وەک لەتوێی ڕۆمانێکی تۆڵستۆیەوە دەرچووبێت، یاخود لە قووڵایی تابلۆیەکی (گۆیا)وە...

لەگەڵیدا بوومەوە ئەو زارۆکەی بە حەپەسان شێت بووە. ئەو هەرزەکارەی بزەی خۆشەویستەکەی وای لێ دەکات لەخۆشییاندا بخنکێت. ئەو لاوەی بڕوای بە بێسنووریی دەرفەتەکانی ژیان هەیە. ئیدی دڵنیا بووم کەوتوومە داوی ئەوینەوە. ئەو دەستەواژە سواوەی بە درێژایی هەزاران ساڵ زمانەکان بەکاریان هێنا، دەگەڕێتەوە تاکو ژەنگەکەی بانی بشوات، وەکو بەرەبەیانی مێژوو گەش و پشکوتوو و پاک، لێوڕێژ لە ئاومیوەی شرین دەبێت... وەک ئەویندارێک بۆ یەکەمین جار بیدرکێنێت: من کەوتوومەتە داوی خۆشەویستییەوە.

بەڵام، داخۆ دەبێت بەڕاستی ئامادەی ئەم جۆرە کوودەتایە بم... ئایا وزەی شیاوم هەیە بۆ خۆشویستنی ئافرەتێکی وەک ناتاشا؟ ئایا ئەمە وەرزی کۆچە بۆ بەهەشتی مێیینە؟ داخۆ ئەوانی تر وازمان لێ دێنن؟ ئەوانی دوور نییە دۆزەخ بن، لە ڕەوشێکی دیاریکراودا هەندێک ئازادیمان هەبێت، کە دەستدرێژی نەکەنە سەر ماف و ئازادییەکانی کەسی دی؟ ئەم پرسیارانەم لە ڕۆژانی خۆشی بە مێشکدا نەهاتوون.

لەو ئامێزە گەرمەدا ماینەوە، ئایا بڵێم مناڵدانە گەرمەکە؟! نۆ مانگ... نۆ مانگ ماوەی پێگەیشتنی هێلکۆکەی پیتێنراوی

کۆرپەڵەیە، پاشان کۆرپەیەکی شیاو بۆ دەرچوون بەرەو سەرماوسۆڵەی دنیا. تاکو لە ئاسۆماندا سیمای سەرماوسۆڵ بەدەرکەوت. لە شەوێکی تاریکی ڕەشەبادا، یەکێک لە هاوژوورەکانی وەڵامی تەلەفۆنی دایەوە، من داوام کردبوو: "لێرە نییە، تکایە" ئیدی خەتەکەی داخست... دەترسا. چووم بۆ ئەپارتمانەکەی، لە کاتێکدا خەریک بوو زریان بمبات و فڕێمداتە دەریاوە... دەریا دوورەکە، چونکە پراگ هیچ دەریای تێدا نییە. دەریا لە هەموو وڵاتی چیکدا نییە. لە دەرگەم دا. ئەوی لە تەلەفۆنەکە قسەی لەگەڵدا کردم، دەرگەی کردەوە... زمانی تێکئالا و گوتی، بڕۆ تکایە، بڕۆ، جارێکی تر پرسیاری مەکەوە...

-لە کوێیە؟

-بردیان...

بردیان... هەستم کرد گۆی زەوی لە بۆشایی گەردووندا تاو دەدات و خۆی بە ئەستێرەیەکی زەبەلاحدا دەکێشێت، وردوخاش دەبێت و دەبێتە ملیار پارچەوە... خەریکە ژانەکە لە گەدەمدا چڕ دەبێتەوە و گەرمییە بەتینەکەی بەرەو سینگ و گەرووم هەڵدەکشێت...

من وای بۆ چووم ئەوە کۆتاییە و ئیدی بۆ هەمیشە ناتاشا نابینمەوە... کەچی بۆ ڕۆژی دوایی پێوەندیی پێوە کردم... بە تەلەفۆن پێوەندیی نەکرد، خۆی بە ئەپارتمانەکەمدا کرد و گوتی:

"سەرلەبەیانی بەریاندام. هەینێ بۆ لات هاتم، هەستم کرد کەسێک بەدوامەوەیە... هیوادارم بەهەڵەدام بردبێت... وا بزانم بە دووریی بیست مەتر لەدوامەوە بوو، تاکو خۆم بە فرۆشگەیەکدا کرد و لە دەرگەی دواوە دەرچووم، پاشان خۆم

بە کۆلانێکدا کرد، ئینجا سەیرانگەیەک، بەر لەوەی بگەمە ئێرە، بە دەوری نیوەی شاردا خولامەوە... ئاگەدارم، چونکە بە درێژایی شەوی ڕابردوو پرسیاری تۆیان لێ کردم. نەک تەنیا لەسەر تۆ، بگرە نیوەی پرسیارەکانیان دەربارەی تۆ بوون".

پێم گوت: "ڕەنگە کەس بەدواتەوە نەبووبێت... بەڵکو نزیک لێرە چاوەڕوانت بووە... ئێستاش بە شێوەیەک لە شێوەکان چاودێریمان دەکات".

نیشانەی تۆقین بە سیمایەوە دیاربوو... دەرکم پێ کرد: "مەترسە... ترس ئاماژەی هەڵەمان دەداتێ و بەرەو لایان دەمانبات".

لە پرمەی گریانی دا... باوەشم لێ دا و فرمێسکەکانیم سڕینەوە، چاوانیم ڕامووسی:

"ڕەنگە کەسێک لەوێ نەبێت... کەسێکمان نەبینی مایەی گومان بێت... دڵنیا نیین...دانیشە قسەم بۆ بکە... کاتێک پرسەکە لە بەردەممماندا ڕوون دەبێت، ئەوا دەتوانین بڕیاری دروست بدەین".

لە دۆخێکی خراپی گاڵتەجاڕی و شێتانەی وەک ئەمە، ئەستەمە بڕیاری دروست وەربگیرێت. ئەستەمە پێشبینیی بیرکردنەوەی ئەوانی دی بکرێت، هەروەها بە دیاریکراوی بیر لە چی دەکەنەوە. وا ڕێککەوتین یەکتربینینەکانمان کەم بکەینەوە و خۆمان لە تەلەفۆنکردن بپارێزین، بێگومان لەژێر چاودێریدایە... ترسی ئەو و خۆمم لێ نیشتبوو... نەمدەزانی داخۆ ئامانجیان منە، یاخۆ ئەو، یان هەردووکمان؟

پرسیاری سروشتی پێوەندییەکەمانیان لێ کردبوو، بۆچی پێش نۆ مانگ پێکەوە لە شاری تبلیتسە بووین و چۆن یەکترمان ناسیوە؟ داخۆ دەمم لە سیاسەت کوتیوە؟ ئایا

ڕەخنەم لە ڕێژیمی سۆشیالیستی گرتووە؟ داخۆ بە ڕۆژئاوا سەرسام بووم؟ ئایا هیچ پێوەندیم بە کەسانێکەوە کردووە جێی گومان بن؟ ئایا... داخۆ... بەر لەوەی لێگەڕێن لەو بینایە تاریکە، لەو ژوورە خنکێنەرە دەرچێت، ئەوەیان بیر هێناوەتەوە کە "کێیە، باوکی کێیە و بۆچی لێرەیە؟".

پاشان کوڕەی دەنگشلوشاو (وەکو وەسفی کرد)، لەو ساتەی دەیویست دەرگەکە لەدوایە دابخات، تێبینییەکی ڕاگوزەری بە دزییەوە پێ گوتووە: "بێگومان نامانەوێت پێوەندیت لەگەڵیدا ببڕیت... ئازادن لەوەی چی لەگەڵ یەکتردا دەکەن. بەڵام لەسەرتە هەرکات تێبینیی شتێکت کرد، پێویست بەوە بکات بیزانین، وەرە بۆ ئەم بینایە... گەمەی بەدکارانەمان لەگەڵدا نەکەیت... ئێمە حەزمان بەوانە نییە گەمەی بەدکارانە دەکەن".

بۆ ئەوەی ئارامی بکەمەوە، پێم گوت: "وا بزانم ئەم ڕێکارانە بۆ خۆپاراستنن... شتێکی دیاریکراو نییە... ئەوە تەنیا ئەوانن پێش ڕووداوەکان دەکەون...".

-کاتێک خەیاڵی شتێک دەکەن، یان واهیمەی دەکەن، وەکو واقع مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بڕیاری خۆیان وەردەگرن، دوور نییە بەپێی ئەوە زیندانی درێژماوە، یان پاکتاوی جەستەیی بێت.

-تۆ زێدەگۆیی دەکەیت... خەیاڵ و واهیمە دەکەیت... من ناڵێم ئەوان فریشتەن... گوێ ڕادێرە، مانگێک دوو مانگ چاوەڕێ دەکەین و بیریان دەچێتەوە... هەزار داوایان هەیە لەمە گرنگترن.

-تۆ هیچ نازانیت... ئێستاکێ بۆم دەرکەوت تۆ لە ڕاستیی ئەوەی ڕوو دەدات، تێناگەیت... هەستی مەترسیت نییە.

***

دوای مانگێک بانگی منیشیان کرد... کات دوا نیوەشەوێکی ڕوونی زۆر سارد بوو، هێشتا نەنووستبووم... کەمێک مەست و هۆشیار... لە دەرگەیان دا... سێ کەس بوون... گوتیان لەگەڵماندا وەرە، ئێمە پۆلیسین... سەیرم بەوەدا نەهات جلی مەدەنییان لە بەر کردبوو، ئاخر ئەوان پۆلیسی ئاسایی نین... نارەزاییم دەرنەبڕی... ئەگەر کێشەی لێپرسینەوەی ناتاشا پێش ئەمە نەبوایە، ئەوا پرسیاری ناسنامە، یاخود چییان لێ دەوێم، لێ دەکردن. پرسیارم لێ نەکردن... دەمزانی دەزوویەک لەنێوان ئەم لێپرسینەوەیە (ئەرێ ئەمە گرتن نییە؟) و لێپرسینەوەی ناتاشا پێش مانگێک پێکەوە دەبەستێتەوە... لەگەڵیاندا ڕۆیشتم... ئەو دوانەی لە ئۆتۆمبێلە مۆسکۆفیچەکە بوون و لە هەموویان بەخۆتر بوون، منیان خستە نێوان خۆیانەوە. سێیەمیان لەڕ و لاواز بە شەقامە نیمچە خاڵییەکەدا کەوتە لێخوڕین. بە درێژایی ڕێگە قسەمان نەکرد... گەنجۆی دەنگ شلوشاو وەکو ناتاشا ناوی لێ نابوو، چاوەڕوانم بوو... قژی سوور، چاوانی خوار، ڕەنگە بە هۆی خەوهاتنەوە بووبێت. دەمی خاو و دوو لێوی ناسکی هەبوون. کاتێک ناتاشا وەسفی بۆ کردم، ئەمەی پێ نەگوتم.

لەپڕ پرسیی: "پێم بێژە، داخۆ لەبەر چی لێرەیت؟"

پلەی سووکی سەرخۆشییەکەم یاریدەی دام بێترس بڵێم: "وا بزانم هەڵەیەک لەگۆڕێدا هەیە...".

فێڵباز بوو، گوتی: "بڕوا ناکەم تۆ بڕوات وا بێت هەڵەیەک لەگۆڕێدایە... ئێمە هەڵە ناکەین... ئێمە بە فەرمانی خودا پارێزبەندین دژ بە هەڵە... پێم بێژە بەڕێز مەحمود مەرزوق، ئایا بڕوات بە خوا هەیە؟".

"من ئاییندار نیم... شتێک هەمبەر میتافیزیک نازانم...".

بەدەم هەڵبڕینی برۆیەوە: "وەڵامێکی ناتەواوە، بەڵام ژیرانەیە... کۆتایی پێ دێنم".

سەرم لەقاند... "بەڕێز مەرزوق، ئایا هێشتا بڕوات بە مارکسیزم ماوە؟".

"ئەی وا دەزانیت لەبەر چی لێرەم و لە وڵاتی خۆم نیم".

"وەڵامێکی ژیرانەی تر و ناتەواو، بەوەندە وازدێنم... قسەکردن لەگەڵ تۆ دڵگیرە بەڕێز مەرزوق".

دوای ناوبڕێک لە بێدەنگی، لێم ڕاما، بۆ شڵەژاندن و ترساندنم تەماشای چاوانی دەکردم:

"بەڕێز مەرزوق، بۆچی لەنێوان سەدان هەزار کیژی دڵگیری چیکۆسلۆڤاکی بۆ ئەوەی ببێتە سۆزانیت، یەکێکی بێلاڕووسیت هەڵبژارد، باوکی خۆفرۆشی دۆزی کۆمۆنیزمە؟".

"مەبەستت کێیە؟".

"ئەها، تۆ زیرەکیم بە کەم دەزانیت بەڕێز مەرزوق. تکایە با لەگەڵ یەکتر خۆشەویست بین. لە کۆتاییشدا ئێمە تەنیا قسە دەکەین... ها، چیت گوت؟ حەزت لە پەرداخێک ڤۆدگایە، یان وێسکیی زۆرماوەی سکۆتلەندیت پێ باشترە؟".

سەری لار کردەوە وەک لەژێرەوە تەماشام بکات، بزەخەنەیەکی نیازگڵاوانەی لە دەمە شلوشاوەکەی نەخشاند:

"ناتاشا سۆزانیی من نییە، ئەو دۆستی منە... ئەمە یەک... دووەمیش من هیچ شتێک دەربارەی ناپاکیی باوکی نازانم، ئەو باسی ئەم وردەکارییانەم بۆ ناکات، ڕەنگە هەر هیچیشی لەبارەوە نەزانێت... سێیەم، ئەو لە جۆری ئازاربەخش و مەترسیدار نییە... چوارەم، لە هەموو ژیانمدا تامی وێسکیی زۆرماوەی سکۆتلەندیم نەکردووە... بەڕاستی نازانم تامی

چۆنە، بەڵام تامی ڤۆدگا دەزانم و حەزیشی لێ دەکەم... بە یارمەتیت".

قەیرێک بێدەنگ بووم... زەردەخەنەکەی لایەکی ڕوخساری ونبوو... ترقەترقی بە ددانەکانی خست و هەستایە لای مێزێکی نزیک، لەژێرەوە بوتڵێک ڤۆدگای ڕووسیی دەرهێنا، چارەکێکی تێدا بوو، کردیە دوو پەرداخەوە... یەکیانی بۆ درێژ کردم و ئەوی خۆشی بە یەکجار هەڵدا... منیش وەک ئەوم کرد... تیژبوو... گوتی: "چیتە؟".

"ڕانەهاتووم بەم شێوەیە بخۆمەوە".

"ئەی بۆ وات کرد؟".

"حەزم کرد لاساییت بکەمەوە، مایەی شەرمە من بە هێوری بخۆمەوە، کەچی تۆ بە یەکجار هەڵیبدەیت".

"ئەها... ئایا قسەکەت جۆرە توانجێکی تێدایە؟".

"نا، من دۆخەکە وەسف دەکەم، بەڕاستی هیچ مەبەستێکی ترم نییە".

"وا بزانم پەرداخێکی دی ئەو بەدحاڵیبوونەی نێوانمان ناهێڵێت".

***

ئەودەمی جانێت دووردەکەوێتەوە، زەمەنی من لە کاتژمێری قەد دیوارەکەدا، لە تابلۆ ساردوسڕەکاندا، لە ئێوارە باراناوییەکاندا، لە ڕووناکیی وێڵی دەم ڕێگەکاندا، دەخنکێت...

جامی ئۆتۆمبێلەکە دەکەمەوە، گوێ بە ئاوهەڵدانەکان نادەم... هاوار دەکەم، جانێت، تاکو سیی تاریکییەکەمی پێ پڕ بکەمەوە... لای مۆتێلێکی نامۆ ناوی "شەوێکی سپی"یە دەوەستم... دادەبەزم... لەسەرخۆ بۆ چوارگۆشەی ڕووناکییەکە دەڕۆم... کابرایەک و ژنەکەی پێشوازیم لێ دەکەن، منێک لە

خەم و پەژارەدا خووساوم... تەلەفۆنەکە سووربوو (...بیرمە)... تاقە ژمارە لە بیرم مابێت دەسووڕێنم، بە تووڕەیی چاوەڕێ دەکەم، هەناسەیەک دەخۆمەوە... ژنەی تەمەن چل ساڵ بە دڵفرەوانییە سپێتییەکەیەوە دەڵێت: "هەموو شتێک باش دەبێت".

پیاوەکەی لەودەمی پەرداخەکە بە شلە یاقیقییەکە پڕ دەکات، بزەیەک دەیگرێت... بە سەری پەنجەکانم بە مێزەکەدا دەکێشم (ئەوەتانێ دوای پەنجا ساڵ) مەستیی بەرەو سترانە کۆنەکانم دەباتەوە... ژنە لە بەرابەرم دادەنیشێت و پاشماوەی مێیینەیی خۆی نیشان دەدات، هێشتانەکینێ کابرا لە شووشەی شەرابەکە بزەخەنەیەتی... پرسیاری ئەو زمانە سەیرەم لێ دەکات، ئەو ئاوترێیەی لە ئاوازەکەدا ماوەتەوە... پێکەوە من و ئەو و مێردەکەی، لەم دوورەپەرێزییە تەڕەدا جگەرە دەکێشین... بە خۆشیی من پێک هەڵدەدەن، پاشان هەموومان بە خۆشیی جانێت دەخۆینەوە.

"کەس دوای نیوەی کات نایەت" من پێیان دەڵێم.

"کەس حەز لەم وێستگەی ونبوانە ناکات" کابرا دەڵێت.

ژنەکەی دەڵێت: "هەرگیز کەس لە کات و ساتی گونجاودا نایەت".

پاشان قسان دەکەین...

ئەو چیرۆکەیلێک دەگێڕێتەوە پیاوەکەی دەڵێت پێشتر لەوی نەبیستوون.

کابرا باسی نهێنییەکی کۆنی خۆی لەگەڵ ئافرەتێکدا دەکات، ڕەنگە ئێستا لەوبەری گەردوون بێت.

هەرچی من بووم باسی جانێت دەکەم... نە باسی ناتاشا دەکەم... نە باسی شۆخوشەنگە هەڵاتووەکەم بەنێو ئەستێرە کۆنەکاندا... باسی هەرزەکاریم دەکەم، کە ناڵێم چیرۆکەکانم

لەبارەیەوە چیرۆکی خۆمن... لەسەر سەعات دەی خاکەلێوە... سەبارەت کاتێکی بزر... سەبارەت ڕۆژێکی سپیی وەک مەرگ و بۆنی سووتاو... ئەوی نەدەبوو ڕوو بدات، ڕووی دا... کچێک لە شانزە ساڵیدا، لەژێر ئەستێرەیەکی لاڵی بەدیۆمدا پێی گەیشتم... بیر لە نووسینی کتێبێک لەبارەیەوە دەکەمەوە... کتێبێکی ئەستەم... بە زمانێک لە پلەی سفردا... ڕەبیعە ئەمرۆ مرد... ڕەنگە نەمردبێت... کێ دەتوانێت بڕیار بدات... پرسیارەکە بارانی ئێستایە... ئەو ڕۆژەی مانگی خاکەلێوە سامالٚ بوو... هیچ شتێک، هیچ کەسێک، هیچ مانایەک... قسەی بێمانا، وەک ڕەشەبای سارد.

هەواڵی ڕەبیعە و کتێبەکەم دایە ژنەی تەمەن چل ساڵ و مێردەکەی... هیچیان نەگوت... سەریان نەلەقاند... سەرنجیان دایە هەر پیتێک و بێدەنگ بوون... بە ناڕەحەتییەوە تەماشای یەکتریان کرد... پێم گوتن من کەسێتییەکم لە کتێبێکی ئەستەمدا، ئیدی ڕۆیشتم.

***

دوای پێشانگەیەکی هاوبەش، چل هونەرمەند لە جیهانی سێیەمدا تابلۆ و پەیکەرەکانیان نمایش کرد، تەنیا چەند سەد کەسێک سەردانی کردن و کەمتر لە بیست کاریان هەڵبژارد، بە شەو سواری کەشتییەکیان کردین، تاکو بەدەم نانخواردنی شێوانەوە بە ژەمی خۆماڵیی تایبەت بە چێشتخانەکانی وڵاتانی بەشداربوو لە سینەوە، پاریس ببینین.

لە خواردنێکی عێراقی گەڕام، نەمدۆزییەوە... ژەمێکی گەرمی هیندیم خوارد و شەرابیشی لەگەڵدا... سەرخۆش بووم... هاوارم کرد: دەی، با پێشبڕکێی مەلەوانی بکەین، خۆمان هەڵدەینە ڕووبارەکەوە و مەلە بکەین، تاکو لەنگەرگەی

کەشتییەکانی ئەویّ... خەریکبوو زەرگ هەڵدەم... گرتمیان... منیاوی گوتی: "ئەم شێتییە چییە کابرا؟ تۆ لە زۆریان چاکتریت، تابلۆیەکت بە پازدە هەزار فرەنک فرۆشت، فرەنک پاڵ بە فرەنکەوە دەنێت".

"وا دەزانیت چی دەکەم منیاوی، خۆ خۆم ناکوژم".

"ئەی چیت دەوێت؟".

موزیکێکی خۆشئاواز بوو... لە قاقای پێکەنینم دا و پێم گوت: "دایکمم دەوێت".

گوتی: "نۆستالیژی".

گوتم: "بۆچی جنێو بە دایکم دەدەیت؟".

مەست و دڵخۆش بووم، وام لە منیاوی کرد هێند بخەنێتەوە، ئەوەندەی نەمابوو لەسەر کورسییەکەی بەربێتەوە.

پازدە هەزار فرەنگ بەرزترین نرخ بوو بۆ تابلۆیەک لە ژیانمدا دەستم کەوتبێت... شووشەیەک بۆنم لە شانێل بۆ جانێت کڕی، لەگەڵ پاڵتۆیەکی فەروو و جانتایەکی چەرمی دەستی لە فرۆشگەیەک، داشکاندنی گەورەی لە نرخەکانی ڕاگەیاندبوو. هەروەها بردم بۆ ڕیستۆرانتێک لە تاوەری ئیڤڵ... بەدەم خواردنەوە، باسی ئەوەم بۆ کرد لە گەشتە ڕووبارییەکەماندا چی ڕووی دا...

-هەر بەڕاستی خۆت هەڵدەدا؟

-ئەگەر نەیانگرتبام.

-شێتە، وا نەبوایە ئێستا مردبوویت.

***

بۆچی وا دەزانیت سڵ لە نووسین دەکەمەوە؟ مەبەستم دەستپێکردنی دڵکارانەیە لە نووسینی کتێبەکەم (هەڵدانەوەی لاپەڕەکان)، ئەوی هەمیشە لە بەردەم ناسیاوانمدا خۆم پێوە بادەدا، وەک ئەوەی ئەلیادەی هۆمیرۆسی چاوەڕوانکراو بێت؟ ئایا لەبەر ئەوەیە من لە ڕابردوو دەترسم؟ ئایا لەبەر ئەوەیە وەکو پێویست بوێریی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانمم نییە؟ داخۆ لەبەر ئەوەیە دەترسم لە بەرابەر ئاوێنەدا بوەستم و بە قووڵی تەماشای ناخی خۆم و خواروخێچی و گۆشە تاریک و وێرانەکانی بکەم؟ ئایا لەبەر ئەوەیە لە بایەخی ئەزموونەکەم دڵنیا نیم، بە شێوەیەک سەری ئەوانی تری پێ دەیەشێنم؟ ئایا لەبەر ئەوەی هەر لە بناغەوە بەهرەی نووسینم نییە و بیرۆکەی ئەوەی ببمە مایەی گاڵتەجاڕیی هەندێکیان، دەمترسێنێت، وەکو چۆن بڕێک لەو کتێبانەی هەندێکیان دەینووسن بۆ من، بابەتی گاڵتەپێکردن و پێکەنین و قەشمەرین؟ یاخود بە سادەیی لەبەر ئەوەی متمانەی تەواوم بە یادگەم نییە، کە ڕەنگە پڕ لە کون و ئەندێشە و وێنەی خەون و مۆتەکان بێت و من پێی نازانم؟... نازانم.

ئەم کاغەزانەی دەیاننووسم هەموو ڕاستییەکان لەخۆ ناگرن. کێ لەتوانایدایە بڕیار بدات ڕاستیی کۆتایی پوخت و ڕوون دەزانێت؟ تەنانەت ئەوەی پێی دەڵێن ڕاستیی ڕێژەیی، دەشێت نەتوانم پێی بگەم، بۆ گوزارشتکردن لێی بە شێوەیەک مایەی گرنگی بێت؟

کامەران عادل پێی گوتم: "خەڵک مەغزایان دەوێت، لە سێبەری ڕاستی دەگەڕێن، ئەو ڕوانەی پێیان ئاشنا نین، بۆیە لەسەرتە دەست بە سەرکێشی بکەیت... هەنگاوی یەکەم لەوپەڕی گرنگیدایە".

ئایا ئەم کاغەزانەی پرشوبڵاویان دەکەمەوە و دەیانکەمە تیلمە کاغەزی بچووکی ڕۆژنامەی ژیانم، کە ئێستا لێرەوە لێی دەڕوانم و دەبینم چەند بەرین و درێژبووەوەیە و سنووری نییە، ئایا ئەم تیلمانە ماددەی خاوی کتێبەکەن؟ ئایا تەمەن پاشماوەی وزە و بواری زەمەنێکی تری تێدا ماوە دواتر لەژێر ڕۆشنایی ئەم کاغەزانەدا یاریدەی نووسینی کتێبەکەم بدەن؟

یاخود ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک دێت، پڕ لە لاپرەسەنی و ئارەزوو، لەم کاغەزانەدا شتێک دەدۆزێتەوە ببێتە هەوێنی کتێبێک، ڕۆمان بۆ نموونە... ئایا لووتبەرزی و زۆرڕەوی نییە بڕوام وا بێت بۆ کارەکتەری ڕۆمان بلوێم؟ کامەران عادل پێی گوتم: ئەمە دەسکەوتی ڕۆمانە، هەر کەسێک لە دنیادا دەشێت ببێتە ئیلهامبەخشی ڕۆماننووسێک، لە گۆڕینی بۆ کەسایەتییەک لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی هەبێت... ئەم قسەیە وەک مەتەڵ دەبینم، وێڕای ئەوەی دەرک بە ناواخنەکەی دەکەم...

***

دیمەنەکە سوریالییە... پرتەقاڵی شەڕ بە هەناری دەفرۆشێت و لەگەڵ ڕەنگی مرواریی بەتەڵفیسییەوە لێک دووردەکەونەوە. نە ڕەش و نە سپییش. کەمێک ڕەنگفستقیی تێدایە لەگەڵ تاڤگەیەک لە سووری خوێنباو. تەنانەت خۆم قەمسەڵەیەکی خوریی قاوەیی خاڵخاڵ بە زەردم لە بەردا بوو، لەگەڵ پانتۆڵێکی شینی جینز... جلەکانی تریش دەبێت ئەوانی دووریبێتیان گەوجبن. ڕوخسارێلێک لە چوار کیشوەرەوە... تەنیا ئەوەندەت لەسەرە دڵخۆش و ئامادە نەبیت، هەڵبەت پۆدرەی سپییش هەیە بۆنی دەکەن، هەروەها سەماکردن...

وایان لیٚ کردم بۆنی بکەم و بمگریٚت... سەرەگیٚژەیەکی خۆشم گرت، جیهانیٚک جیا لەم جیهانە، هەروەها کیژەیلی منداڵ کەس توخنیان ناکەویٚت... هەر کەسە و لەگەڵ خۆیدا... بە تەنیا لە ناوەڕاستی ئاپۆراکەدا سەما دەکەیت و بە تەنێ دەخۆیت و دەخۆیتەوە. بە تەنیا میز دەکەیت. بە تەنیا دەنوویت... بە تەنیا دەردەچیت. هەر بە تەنیا هیچ هاوەڵیٚکت نییە... کەس گویٚت پیٚ نادات و تۆش بایەخ بە کەسی تر نادەیت... ئەمە چ شویٚنیٚکە ئیٚمە بۆی هاتووین؟ لە منیاویم پرسی...

گوتی: "تۆ لەناو خەوندایت مەحمود، تۆ خەون دەبینیت، لە خەوندا تۆ ئازادیت، کەواتە بە کەیفی دڵی خۆت بکە".

پیٚم گوت: "دەڵیٚی کۆتکراوم، بە درەختیٚکەوە شەتەک دراوم و ناتوانم بجووڵیٚم".

گوتی: "ئەمانە کۆتوبەندی واهیمەن... ئەوی لە هەزار ساڵەوە بۆت ماوەتەوە".

ئەفریقاییەکی قەڵەو بە کارامەییەوە لە تەپڵیٚکی بچووک دەدات. دەتوانم بپرسم کیٚهەیان سەمام لەگەڵدا دەکات. وا ناکەم، کیژەیلیٚک لە باکووری ئەفریقا و خوارووی، کچیٚک سەر بە ڕەگەزی زەردە، زیاتر لە فلیپینی دەچیٚت، هەروەها کیژەیلی ئەورووپی و عەرەب و عەجەم. هەموویان شتە بەنرخەکانیان دەلەریٚننەوە. دوانیان شۆخوشەنگن، عیٚراقییەک و شامییەک بیرە دەخۆنەوە، چاویان لیٚمانە و دەخەننەوە، وەک ئەوەی ئیٚمە ئاژەڵی سیٚرک بین... هیچ ڕیٚسایەک لیٚرەدا نییە، منیاوی پیٚی گوتم، هیچ تابوویەک نییە... دووبارەی کردەوە: "تۆ ئازادیت".

ئەو ڕەشئەسمەرە بیست ساڵی تەواو نەکردووە... هەموویان لەژیٚر بیستودوو ساڵییەوەن... "کەواتە چی بۆ ئیٚرەی هیٚناین منیاوی؟".

گوتی: "کەس نەیهێناین، خۆمان لێرەدا بینییەوە، تۆ ناچیتە خەونەوە، بەڵکو خۆت تێیدا دەبینییەوە".

نازانم کەنگێ لە ئەپارتمانەکەم خەبەرم بووەوە و کێ گەیاندمی... لە خۆم پرسی داخۆ ئەمە خەون نەبوو. ئەوی نوستوو بینیی، منیش بینیم. سەرم دێشێت و زمانم قورس بووە... بیرم لەوە کردەوە تەلەفۆن بۆ منیاوی بکەم و لێی بپرسم... نەمکرد... ئەو هەرگیز باسی ئەو شەوە ناکات... من لەوێ بووم، سوێند دەخۆم... دیمەنەکە ڕاستەقینە بوو، کیژە نازدارەکانیش ڕاستەقینە بوون، بۆنکردنی پۆدرە بێهۆشکەرەکەش ڕاستەقینە بوو...

***

پاریس ئەو وێنەیە نەبوو لە خەونەکاندا بوو... دوای ئەوەی سیما ڕۆمانسییە شۆڕشگێڕییەکەی بە ڕوخساریەوە بوو، سڕییەوە، من گەیشتم... لاوانی شۆڕشی خوێندکاری لە ساڵی ١٩٦٨دا دەستیان لە دروشمە زلە ئاگرینەکانیان شوشتەوە. وەک لە پاشماوەی قۆناغی پووچی هەرزەکاریدا بن، پشتیان لە بیری یاخیبوون و گۆڕان کرد. لە جیهانی بۆرژوای مژدەبەخش بۆ گەڕان بەدوای هەلدا، ملی ڕێی ژیانی ڕۆتینیان گرتەبەر، کە هەر دوێنێ بوو دوژمنایەتییان دەکرد.

بە پەشیمانییەوە گەڕانەوە ناو خێزانەکانیان و دەبێت لەو گوناهە شێتانەیان خۆش بن. شتە نوێیەکانی بوونگەرایی و بیرۆکەی پێشەنگیی ڕەونەقیان لەدەست دا. سارتەر تازە مردووە و موریدەکانی هەریەکە بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت... هەرچی سیمۆن دی بۆڤواری پیرە، یادەوەرییەکانی لە چاوەڕوانیی گەیشتن بە هاوڕێکەی لای هاوڕێی هەرە باڵا

کاوێژ دەکات. ئیدی هیچ ئەڵقەیەکی مارکسیزم نەماوە گەردەلوولی ترسناک بە ڕووی دەسەڵاتی سەرمایەدا بەرپا بکات... تووشی بێئومێدی هاتووم...

ساڵی یەکەمم لە پاریس، پتر لە دە جار بۆ لۆڤەر چووم... چەندین جار سەردانی پیشانگەی هونەری مۆدێرنم کرد... شوێنپێی پیکاسۆم لە باخچەکانی لۆتری هەڵگرت، سەوزی دەکردەوە، بە حەپەسانەوە لە پێشانگەکەیدا بەنێو تابلۆکانیدا دەگەڕام... ڕۆدان بە پەیکەرەکانی مەستی کردم... لە بەردەم پەیکەرەکانی پاشایانی دێرینی فارسدا ڕامام... چەندێک هاموشۆی کتێبخانەی نیشتمانیی فرەنسام کرد... لە یادەوەرییەکانی باقوبە و پراگەوە بەرەو ئاسمانی هونەر هەڵدەهاتم... دەمویست لە بیر بکەم... لەبیرکردن بارتەقای ئەو واهیمەیە بوو کە لە بەهەشت بووم... کەچی شکستم لە هەوڵی لەبیرکردندا هێنا و شەیداییم بە چوونە ناو کۆشکەکانی ڕۆشنبیری، کاڵ بووەوە، تاکو خەریک بوو لە ساڵی دواییمدا لەم پایتەختی ڕووناکییەدا لەناوبچێت... ئیدی ساڵ دوای ساڵ هەستی دوورخراو تێمدا گەشەی کرد، هەستکردن بەوەی بۆ هەمیشە شوێنەکەم لەدەست دا...

لەودەمی بەنێو قاوەخانەکاندا دەگەڕام بەدوای کۆبوونەوە ئەدەبی و هونەرییەکانی لاواندا بۆ ئەوەی بچمە ڕیزیانەوە، ڕاستییەکم بۆ دەرکەوت، کە من تەمەنی لاویم تێپەڕاندووە... بەرەو کۆتایی دەیەی پێنجەمم دەڕۆم، بەرەو بەساڵاچوونی لاوازی و تەنیایی... "تۆ تۆبە ناکەیت" بە خۆمم گوت... "دەخوازیت جیهانی ئێستا بڕووخێنێت و سەرلەنوێ بنیاتی بنێیتەوە... ئەو ئەفسانانە کەس بڕوای پێیان نەماوە... کات بەسەرچوو".

له سەرەتای یەکترناسینماندا لەگەڵ ئەندرێ باسی ئەم شتانەم بۆ کرد... پێکەنی... گوتی:

"زۆر درەنگ هاتیت... من خۆم بەشێک بووم لەو گەردەلوولە، ئەگەر ئەو ڕۆژانە بیانگرتبام، ئەوا دەیانخستمە زیندانەوە... بێ ئەوەی خوێندکار بم، لەگەڵ ڕاپەڕیواندا بەشدار بووم... لووتم ژەنییە شتێکەوە، پێوەندیی بە منەوە نەبوو، من بە پلەی نایاب نموونەی ڕووناکبیری سارتەری بووم، نموونەیەک مەرجەکانی بوون و پێویستیی لەدەستدابوون".

ددانەکانی چیڕ کردنەوە، وەک ئەوەی شتێکی ئازاربەخشی بیر هاتبێتەوە، گوتی:

"لەو ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت دنیای ئێمە بە شێوەیەکی هەڵە تێکهەڵکێشکراوە، ئەستەمە هەڵوەشێنرێتەوە و بنیات بنرێتەوە... دەزانی بۆ؟ چونکە زۆربەی خەڵک ژیانیان لەگەڵ ئەم دۆخەدا گونجاندووە و نایانەوێت تێکی بدەن، چونکە له شوێنگرەوەکەی خاترجەم نین... نایانەوێت سەرکێشی بکەن... مەرجەکانی شۆڕش فەراهەم نین".

دڵنیا نیم داخۆ ئەم بیرۆکانەی دوایی، ئەم لێکدانەوە نائومێدانەیە هیی منیاوییە، یان ئەندرێ، یاخود خۆم، یان هەر کەسێکی تر... ئێستا بەو ڕاستییە گەیشتم، ئێمە یان درەنگ، یاخود زۆر زوو دەگەین. کارەساتی بوونمان ئا لەمەدایە... هێشتانەکینێ فێری هەستی کاتدانانی گونجاو نەبووین. هیچ چارەیەکیش بۆ وەدەستهێنانی نییە.

چار چییە؟ نازانم ئاخۆ من ئەم پرسیارەم کرد، یان ئەندرێ، یاخود منیاوی... لێ وەڵامەکەی منیاویم لە بیرە: "کورە برا ئیدی لەمەودوا ئەم پرسیارە گشتیی نییە تایبەتبێت بە گردبوونەوە، یان کۆمەڵگەکانەوە، پرسیارکردنی وا لە ئاستی

گشتیدا کاتبەفێرۆدانە... ئەم پرسیارە گەورەیە لەسەر ئاستی تایبەتی تاکەکەسییە... لەسەر هەموو تاکێکە ئەم پرسیارە لە خۆی بکات و لەژێر ڕۆشنایی ڕەوشی تایبەتی خۆیدا بەرسڤی بداتەوە. بەکورتی: لە ڕزگاریی خۆت بگەڕێ، سەردەمی پاڵەوانێتی بەسەرچوو".

جانێت هەمیشە ڕەتی کردووەتەوە خۆی بخاتە ناو ئەم چەنەلێدانە بەتاڵەوە: "بیری ڕەها ماندووم دەکات، هیچ مانایەکی نییە، بۆچی باس لە واقع ناکەین، لە خۆمان و جەستە و حەز و سۆزمان، هەروەها وا لە ئەدەب و هونەر بکەین بایەخ بەمە بدەن".

ڕەتی کردەوە بچێتە ڕیزی چالاکییەکانی بزاڤی ئافرەتانەوە... دەڵێت:

"نەمتوانی خوێندنەوەی (ڕەگەزەکەی تر)ی بۆڤوار تەواو بکەم. یادەوەرییەکانیم هەمبەر منداڵی و پێوەندی بە سارتەرەوە، بەدڵ بوو، هەروەها تا ڕادەیەکیش کتێبی (ڕۆشنبیران). بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین (سارتەر و دی بۆڤوار) ئێستا دەستیان پێ بکردایە و ئەوانەیان بگوتایە، کە پێش سی ساڵ گوتوویانە، دڵنیا بە کەس گوێی پێ نەدەدان".

هەستی واقعبینیی هەبوو، لەگەڵ مەزەندەیەک بەدەگمەن هەڵەی دەکرد...

لە ڕۆژێکی خۆرەتاوی زستاندا، من و ئەندرێ و منیاوی و سێ شێوەکاری تر، یەکیان مەغریبی و دوانیان فڕەنسی بوون لە مەرسیلیا، تابلۆکانمان لە شوێنێکی کراوە لە دەرەوە، لە باخچەکانی لۆکسمبۆرگ نمایش کرد... جۆرێک لە پێشانگەی

هاوبەش بوو بۆ تاقە ڕۆژێک و چەند سەعاتێک، تاکو دۆخی کەشوهەوا دەگۆڕێت...

جانێت لە بەردەم دوو تابلۆی ئەندرێ وەستا، یەکیان هیی خۆی بوو، بە ڕووتی دەردەکەوێت، لە دووەمیشیاندا ئافرەتێکی ترە هەر بە ڕووتییە... پێی گوت:

"دەتوانم جیاوازیی دۆخی ناوەوەی خۆتت پێ بڵێم لەودەمی هەریەک لە تابلۆکانت دەکێشا".

ئەندرێ بە تەوسەوە پێی گوت: "پێم بێژە ئەی شیکاری دەروونی".

گوتی: "ئەوکاتی وێنەت دەکێشام، وەکو ئامێرێکی دەبەنگ بوویت، کارەکەت بێ هەست ئەنجام دەدا... بێ خۆشویستن... لە کاتێکدا وێنەی ئەم ئافرەتەت کێشاوە وەک ئەوەی دەسپەڕ لێبدەیت".

ئەندرێ تووڕە بوو و گوتی: "لەبەر ئەوە وا دەڵێیت، چونکە لە تۆ جوانتر و ژنانەتر و وروووژێنەرترە".

لەبەرابییدا وام زانی دەیەوێت بە ئەنقەست شەڕێک لەگەڵ ئەندرێدا بنێتەوە، تاکو بە یەکجاری پێوەندیی پێوە نەمێنێت... من و ئەو لە پێوەندییەکەماندا قۆناغێکی دوورمان بڕیبوو... لەسەر ئەوەی ئەندرێ گوتی، هیچی نەگوت... پێی گوتم دەڕوات لە ئەپارتمانەکەم چاوەڕێم دەکات... دواتر، کاتێک باش لە هەردوو تابلۆکە ڕامام، زانیم ئەو لەسەر هەق بوو.

***

هەینێ ئیشتیام دەکرد و پشکۆکەم گڕی گرتبوو، گوتی:

"ئێستا لەم ساتەدا وێنەم بکێشە، چونکە وزەت هەڵچووە".

کراسە ئاقیقییەکەی ژێرەوەی داکەند. بە گووشینی فڵچەکە هەوڵم دا بەسەر لەرزینی دەستمدا زاڵ بم، بۆیەکانم لەسەر پالێتەکە تێکەڵ کردن، دەست پێ دەکەم، وەک بوونەوەرێکی جیا لە جێگەم بێت و وێنەی بکێشێت... ئەو هێڵانەی بۆ ئاشکرا دەبن، کە من پێشتر تێبینیم نەکردوون، چەمانەوە وردە شلەکان، گۆشە سێبەردارەکان، گەنگەمووی زێڕینی زێدەڕۆ لە نەرمیی لەسەر هێڵی ملی دەدرەوشێنەوە. لە هەمووی زیاتر ئەو نیگا شڵەژاوە پڕ لە سۆزەیە.

بوونەوەرەکە هەستەکانی دەکاتەوە، هەستەکانم بۆ ڕووناکییە لە بەردڵانە گەرمە خاوێنەکەی، ڕووناکیی ئافرەت، دەیمژێ و دەیکاتە مەی و وێنەی پێ دەکێشێت... وێنەدەکێشم...

جانێت ئیلهامبەخشە.

خەم بۆ هیچ شتێک ناخۆم، هێندەی خەم بۆ ئەوە دەخۆم هەرگیز بە جانێتم نەگوت، تۆ ئیلهامبەخشیت.

جانێت دەکۆشا دووبارە بمخولقێنێتەوە، بەڵام بە تەواوی نەیتوانی، نەک لەبەر ئەوەی فیڵی زۆر نەبوو، بەڵکو لەوەی دووبارە بمخولقێنێتەوە، من یاخیبووم... من بەردەئەستێ بووم و قەڵەمی لەسەر دەشکا.

***

جانێت لە ئێوارەیەکی لاجیوەردیدا دەرکەوت... بەفر لە بەرەبەیانەوە پرووشەیەتی... هێڵکاریی تابلۆیەکم کرد، ئینجا چل لاپەڕەم لە ڕۆمانی (ئەستێرە)ی کاتب یاسین خوێندەوە. نیو سەعات چاوم چووە خەو. ئەودەمی دەرگەی کردەوە و خۆی بە ژووردا کرد، خەریکی قاوەخواردنەوە بووم... گوتی:

"با بڕۆین". نەمپرسی بۆ کوێ... پێویستییەکی فزیۆلۆژی و دەروونیم بەدەرچوون بوو... ناونیشانێکی دایە شۆفێری تاکسییەکە... گەلێک شەقام و گەڕەکمان بڕی... بیرم پەرت و سەرنجم نەخستبووە سەر سیمای شوێنەکان... ساتێک وام هەست کرد لە خەوندام... گەیشتینە ناوچەیەکی نامۆ، پێشتر نەمبینیبوو... شەقام نیوە تاریک و ڕێبواران کەم بوون... هێشتانەکینێ بەفر دەباری... لە تاکسییەکەدا لە بەرابەر بینایەکی سێقات دابەزیین... بەرەو ژوورەوە ڕووناک بوو، بردمی... دوو بلیتی دەرهێنا و دانیە دەست کابرایەک، تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو، پاڵتۆیەکی خوریی لە بەردا بوو، لای دەرگە پانەکە وەستابوو.

لە هۆڵی چاوەڕوانی هەندێک قەنەفەی چەرمیی پرشوبڵاو بووبوونەوە، دوو زەلام و سێ ئافرەتی گەنجی لێ بوون، جگەرەیان دەکێشا. خۆمان بە هۆڵێکی بچووکی شانۆدا کرد، لەسەر کورسییەکانی، کە سەدیان تێنەدەپەڕاند، کەمتر لە سی کەسی لێ بوو... لە یەکەمین تەماشاکردنەوە لێیان بە جلی ڕەنگاوڕەنگ و شێوازی دانیشتنیان ڕوون دەبێتەوە لەو لاوانەن بایەخ بە هونەری نوێ دەدەن... دوای چەند خولەکێک، ڕووناکییەکان کوژانەوە و پەردە لادرا...

لە قووڵایی شانۆکەوە لەسەر دیوارێکی سپی نمایشی فیلمێک لەگەڵ موزیکی دەنگبەرزی خێرا، دەستی پێ کرد... شۆستەیەکی پان جمەی دێت لە هاموشۆکەران... شەقامێکی خنکاو بە ئۆتۆمبێل لە لوتکەی سەعاتی قەرەباڵغیدا... شاشەکەی ڕووبەرەکەی شەش مەتری دووجا تێپەڕ ناکات، تاریک دەبێت، بەر لەوەی جەنگەڵێک نیشان بدات، دەڵەشێرێک شەڕی گەلە کەمتیارێک دەکات، دەیانەوێت تێکی بشکێنن...

ململانێکە نابەرابەر و نادادپەروەرانە بوو... وێنەکان نامێنن و تاریکی دادێت... لەگەڵ دەنگی موزیکێکی ئارام، بازنەیەکی ڕۆشن لای ڕاستی شانۆ دەکرێتەوە، کوڕەلاوێکی پێست سپیی نیمچەڕووتی لەش ماسوولکەیی جوان لە ناوەڕاستیدایە وەکو کەسێک بەدەم خەوەوە بڕوات...

لە لایەکی ترەوە لە ناوەندی بازنەیەکی ڕووناکی تردا، ئافرەتێکی ڕەشئەسمەر دێتە ژووری، بە هەمان شێوە ڕێ دەکات، دەرپێکەی دەزوویيە و ستیانەکەی تەنیا بازنەیەکی بچووک دەوری گۆیەکانی داپۆشیوە.

بەژنوباڵای ڕێک و ڕوخساری بە پۆدرەی سپی سواخدراوە... هیچ یەکێکیان بایەخ بەوی دی نادات، کاتێک بە نزیک یەکتردا تێدەپەڕن، وەک ئەوەی هەریەکێکیان لە چاوی هاوەڵەکەیەوە بوونی نەبێت... لەپڕ دەسووڕێنەوە... بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە، بێ ئەوەی تەماشای یەکدی بکەن. پاشان دەست بە جووڵەی دەسبازیی خاوی گریمانەیی لە بۆشاییدا دەکەن. سێ مەتر مەودایان نێوانە... وا دیاردەدات وەک هەریەکەیان بە ڕیتمی ڕێک و یەکشێوە مامەڵە لەگەڵ جەستەی ئەویتریاندا بکات... وێڕای جوانیی جەستەیان، کە وەکو دوو بووکەڵەی جوان دروستکراو دەردەکەون... جووڵەکان سێکسین، هیچ ورووژانێکیان تێدا نییە، تەنانەت نە زمانپیسی و نە جنێودان. نە ناڵە و نە هەناسەبڕکێ و نە مشە و نە چێژ و تەنانەت نە ئازاریش. بە شێوەیەکی قینهەستێن بێلایەنە، سارد و نامرۆڤانەیە، لەسەر یاسا دەڕوات، هیچ هەڵەیەکی نییە... کاتێکیش تەواو دەبن، چوارمشقی لێی دادەنیشن و وەکو دوو گورگی هار ددان لە یەکدی چیڕ دەکەنەوە... بە دەوری یەکتردا دەخوولێنەوە... پێش ئەوەی

هەریەکەیان بە دەموچاوی خوێناوییەوە بە ڕێگەی خۆیدا بگەڕێتەوە، گاز لە یەکدی دەگرن.

جارێکی تر تاریکی دادێت و لە دواوە وێنەی گۆڕستانێک ئاشکرا دەکات...

هۆڵەکە ڕووناک دەبێتەوە.

دوای دەرچوونم لە هۆڵەکە، دیمەنی تریش هەبوون، لە یادگەمدا نەماون... ناتوانم شتێکی تر بیر خۆم بهێنمەوە... کارێکی ئەبستراکتی وەک ئەمە زەحمەتە بەسالاچوویەکی شەکەتی وەک من بهێنێتە سەرسووڕمان.

لە کاتی نمایشدا هەندێکیان دەرچوون... دوای تەواوبوونیش، ئەوانی دی دەرچوون، کەچی کابرایەک بە پشتیوانیی سێ ئافرەت بە پێوە فیکەیان لێ دەدا، بە توندی چەپڵەی لێ دا... دوو ئەکتەر بە غاردان بەرەو پێشەوەی شانۆ بچووکەکە هاتن، دەستیان لەناو دەستی یەکتر نا، چەپڵەمان بۆ لێدان. پاشان نووسەر و دەرهێنەر و ئەوانی دی هاتن. دیسانەوە چەپڵەمان لێ دا.

جانێت گوتی: بماینایەتەوە بۆ گفتوگۆکە...

بە دەنگێکی خەواڵووەوە بەرسڤم داوە: بۆ نا؟

کورسیی پلاستیکی و مێزۆکەیەکیان هێنایە ناو شانۆ هەژارەکەوە...

من لەنێوان خەون و بێداریدا بووم، کاتێک پەیڤەیلێک هەمبەر دلڕەقیی جیهان و تەنیایی و بێهیوایی و ستەم و کۆنترۆڵکردن و پۆستمۆدێرنیزم و شانۆی ئاماژە و ئایندەی نادیار بە ئاسماندا چوون...

هەڵبەت جانێتیش بەشدارییەکی درێژی کرد، هیچی لێ تێنەگەیشتم... من لەوپەڕی شەکەتی و مێشکگوشیندا بووم...

ئەودەمی گەڕاینەوە، لە ئەپارتمانەکە لێی پرسیم: ڕات چییە، لەو کاتی دەرچووینە، هیچ قسەت نەکردووە؟

-من ماندووم جانێت... ماندوو لە گوزەران و ژیان و دنیا و هونەر و خۆشەویستی. شەکەتم بەدەست تەنیایی و دلڕەقی و ستەمەوە. لێمگەڕێ بنووم.

***

ئەندرێ بڕوای وایە جیهانی بۆرژوامان گەندەڵە، بەڵام ئەڵتەرناتیڤی باشتر لەمە نییە... هەڵبەت چەپ و کێشەی کۆمەڵایەتی لەمێژە تەلاقداوە، لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی خوێندکارانی ١٩٦٨ەوە...

دەڵێم: "سەرمایەداری وا دنیای کاول کرد، تا ئەو ڕادەیەی ئیدی ئەڵتەرناتیڤی باشتر توانای چاکسازیی نییە".

بە خۆشییەکەوە دەڵێت: "ئەوەتا تۆ دەگەیتە هەمان دەرئەنجام".

ڕازی نیم: "هەمان دەرەنجام نییە".

دەشیرێنێت: "نەفرەت لە جیهان، لێمانگەڕێ با قسە هەمبەر ئافرەت بکەین".

ئەو بەدمەستە... ئەندرێ سەرخۆش نابێت... کەم دەخواتەوە... لە کەم کەمتر، لێ ئەوڕۆ کچە هاوەڵێکی تری لەدەست دا. زیاد لەوەی گەدەی بە بەتاڵی بەرگە بگرێت، خواردیەوە. دەڵێت:

"ئەو هیچوپووچە ناپاکیی لەگەڵدا کردم، دەبێت یاسایەک دابنرێت حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی بەسەر ئەو ناپاکە هیچوپووچانەدا بدات".

لە دەرەوە، لەسەر شۆستەکە دەڕشێتەوە... مارسیلی دۆستە ڕۆژنامەنووسەکەی چووەتە بن باڵیەوە و منیش

تاکسییەک ڕادەگرم... بۆ نەخۆشخانەی دەبەین... دکتۆرەکە باس لە ژاراویبوونی کهوولّی دەکات و شوشتنی گەدەی بۆ دەکات، ئامۆژگاریی دەکات بحەسێتەوە و لە خواردنەوە دووربکەوێتەوە:

"تۆ بۆ خواردنەوە نەخولّقاویت"... دەڵێت: "من بۆ خۆشەویستی نەخولّقاوم، بۆ هونەر نەخولّقاوم، بۆ خواردنەوە نەخولّقاوم. بۆ هیچ شتێکی بەسوود نەخولّقاوم، من نەناسراوم. کەواتە پام لە... دنیایە".

ئەندرێ لەشی داهێزراوە، پەکی کەوتووە... دەیبەینەوە بۆ گەڕەکی مۆنبارناس لەو شوێنەی نیشتەجێیە... لەگەڵیدا بۆ ئەپارتمانەکەی سەردەکەوین... ئەو ئەپارتمانەی لە میراتی خانەوادە زەنگینەکەی بۆی مایەوە... بێ ئەوەی پێڵاو و جلەکانی دابکەنێت، خۆی فڕێدەداتە سەر تەختەخەوەکەی... مارسیل پێڵاو و گۆرەوییەکانی ئەندرێ دادەکەنێت و بانی دەدات.

بەرەو شەقامەکە دەردەچین. مارسیل دەپرسێت: "بۆچی بایەخ بە ئافرەتێک دەدات جێیهێشت، هەزاری تر هەیە دەتوانێت لەگەڵیاندا پێوەندیی گڕگرتوو بگرێت".

دەڵێم: "ڕەنگە خۆشی ویستبێت".

دەڵێت: "ئەو هەست بە نائومێدی دەکات، وای بۆ دەچم کێشەی ئەو لە شکستی پێوەندییەکەی نییە لەگەڵ ئافرەتێکدا، بگرە لە شکستی داهێناندایە، ئەمە سنووریەتی و دەرکی بەوە کردووە ناتوانێت بیبڕێت".

دەڵێم: "هەندێک جار کۆمەڵێک شکستی بچووک، ژیانت لە لا تاریک دەکەن".

به ئاقاری ڕووباری سین دەڕۆین... لەسەر تەختەکورسییەک دادەنیشین. بایەکە لەژێر ڕۆشناییە نووستووەکاندا گەڵای دارەکان دەپێچێتەوە و بەسەر چیمەنتۆکەدا دەیانبات. مارسیل لێم دەپرسێت: "دەبێت لەبەر چی وازی لێ هێنابێت؟".

-چونکە زللەی لێ دا.

-چۆن؟

-سەرلەبەیانی دزیی لێ کرا، گەنجێک بەسەر ماتۆڕەکەیەوە جانتاکەی لە دەستی ڕفاند و هەڵهات. ئیدی بە درێژایی ڕۆژەکە مەعمیلێکی نەدۆزییەوە وێنەی بکێشێت. جانی کچە هاوەڵی بینی... دەکوڵا و وا دیاربوو لەبەر شتێک لێی تووڕە بووبوو، لە گەرمەی نائومێدیدا بوو... زللەیەکی سرەواندێ... بەدەم قیژەوە لای دەرچوو: ئەگەر جارێکی تر پێوەندیم پێوە بکەیت، دەتکوژم.

هاتە لام و گوتی: ئەگەر بە فاشیست تۆمەتبارت نەکردبام، ئەوا دژمانم بە جیهانی سێیەم دەدا...

بە شۆخییەوە پێم گوت: باشە جیهانی سێیەم چیی لێ کردووی؟

گوتی: ئەمڕۆ کەسێک لە جیهانی سێیەم، پێسترەش، سمێڵقەوی دزیی لێ کردم. منیش هەر بە گاڵتەوە پێم گوت: ڕەنگە بیری لە گەڕاندنەوەی بەشێک لە خێروبێری وڵاتە تاڵانکراوەکەی کردبێتەوە...

بە ڕوومدا هەڵشاخا: ئەی کۆمۆنیستی سپڵە...

قسەکەی تووشی شۆکی کردم. پێم گوت:

"لە ئەپارتمانەکەم سیکتربە و نامەوێت جارێکی دی چارەت ببینمەوە، ئەوەتا مەعدەنی خۆت ئاشکرا دەکەیت".

خێرا دەرچوو و دوای دە خولەک گەڕایەوە... لەبەر ئەوەی لە کاتی دەرچوونیدا دەرگەکەی بە کراوەیی جێهێشت، بێ ئەوەی لە دەرگە بدات، هاتە هۆڵەکە... بینیی تووڕەم، بیر لە ئاکارە نامۆکەی دەکەمەوە...

لە بەرابەرم دانیشت و گوتی: "داوای لێبوردن دەکەم، تۆ نازانیت لەودەمی ئەم بەیانییە هەستاوم، چیم بەسەر هاتووە".

ئیدی لەو ڕۆژە کەساسەیدا باسی کەڵەکەی شکستەکانی خۆی بۆ کردم. گوتی: "تۆ برادەرمیت، ئیدی بەرگەی زیانێکی تر ناگرم".

"باشە" پێم گوت، "کەمێک هێور ببەوە... خۆت بشۆ و چەند سەعاتێک بنوو"... دوای سەرخەوشکاندنێک داوای لێ کردم بچین بۆ خواردنەوە، تۆ لەوێ بووی... ڕۆژێکی نائاساییە، وا نییە؟

مارسیل گوتی: "ئەگەر کەسێکی تر بوایە پێم دەگوتی با جارێکی تر بچین بۆ لای، نەکو خۆی بکوژێت... ئەندرێ لەو جۆرە نییە، ڕۆحی بەهێزە و بڕوای وایە بەخت بەدەمیەوە دەخەنێتەوە و هەلێکی دەداتێ، ئەودەم دەیقۆزێتەوە و چارەنووسی بەیەکجا و بۆ هەتاهەتا دەگۆڕێت".

گوتم: "دڵنیایت خۆی ناکوژێت؟".

پێکەوە ڕابووین بێ ئەوەی یەکمان داوای هەڵسان لەویدی بکات... وێڕای ئەوەی مەوداکە نزیک بوو، بە تاکسی گەڕاینەوە ئەپارتمانەکەی ئەندرێ. ئەو لە نهۆمی سێیەم بوو، بە دڵتەنگییەوە چاوەڕوان بووین ئەسانسەرەکە داکشێت و دەرگەکەی بکرێتەوە. نەکرایەوە. پاشان بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین، تاکو بە هانکەهانک گەیشتینە بەر دەرگەی ئەپارتمانەکە. بە توندی لە دەرگەمان دا و پلمان بە زەنگەکەوە

نا... دەرگە کرایەوە، وا دیاربوو سەیری پێ نەهات... سیمای هاتبووە یەک و چاوانی دەیانتۆقاندی، کەفی سپی بە گۆشەی دەمیەوە بوو... گوتی:

"چاکە، وەرنە ژوورەوە، بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە"... مستێک حەبی ڤالیۆممان لەسەر مێزەکەی بینییەوە، دەتگوت بە ئارەزووی خۆی خەریک بووە قووتیان بدات و کاتێک گوێی لە لەدەرگەدانەکەمان بووە، وازی لێ هێناوە... یاخۆ دوور نییە ئازایەتیی تەواوی نەبووە قووتیان بدات... گەڕاندمانەوە ناو شووشە بچووکەکە... ئەندریێم خڵافاند و شووشەکەم لە گیرفانمدا شاردەوە... مارسیل چووە ئاشخانەکەوە، تاکو قاوەیەکمان بۆ ئامادە بکات، لەگەڵ ئەندرێ لە هۆڵەکە دانیشتم. چاوانی داخستن و گوتی: "تەواو لە کاتی خۆیدا هاتن، ئەم بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین خوا هەیە".

***

ئایا ئەمە بەڕاستی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانە، یان مانۆڕێکی ئاشکرایە بۆ دەرخستنی ڕاستەقینەی دزێو، ڕاستەقینەی ناتەواو، ڕاستەقینەی شێوێنراو؟ نووسین بە لای منەوە دەکرێت فریودەر بێت، ڕێگەیەک بۆ ڕەنگکردن و ڕازاندنەوە و مشتوماڵکردن، هەروەها شێوازی دووڕوویی، تاقیکردنەوەیەک بۆ بەخۆپێکەنین پێش ئەوانی تر... ئێستا دوای ئەم لاپەڕانە، دەپرسم، بە هەرحاڵ زۆر نین، ئەگەر واقع بە ڕاستگۆیی بگوازمەوە، نەک هەموو واقع، چونکە ئەمە ئەستەمە و زمانیش کورتهێن و سنووردارە... دەڵێم ئەگەر ئەوانە بگوازمەوە، کە پێویستە بیانگوێزمەوە، تاکو وێنەکە هاوتەریبی ئەسڵەکە بێت،

خۆم هەڵناکێشم و دەڵێم هاوتایە... هەروەها دەپرسم داخۆ یادگە بۆ یارمەتی لەبارە؟

کاتێک دەدوێین، دەکۆشین هێندەی بەدەریدەخەین، بیشارینەوە، لە کاتی نووسینیشدا کارەکە لەوە زیاترە.

داخۆ دەبێت هەر بەردەوام بم، یان بوەستم، بەوەندەی نووسیومە دەستهەڵگرم، یاخود وا چاکترە ئەم کاغەزانە بدڕێنم، بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لە تاریکیدا بنێژرێن... پاشان بۆ کێ بنووسم؟ ئایا بۆ ئەوەی بمخوێننەوە؟ بۆ ئەوەی لە بیر نەکرێم؟ ئایا هەوڵێکە بۆ ئەستۆپاکیی خود؟ بۆ گومڕاکردنی ئەوانی تر؟

کاتێک کامەران عادل زۆری لێ دەکردم بۆ ئەوەی ئەزموونەکە بنووسم، چونکە بەشێکە لە مێژوو، پێم گوت:

"چما من کێم تاکو شتێک لەسەر خۆم بنووسم؟ من گەواهیدەری جێبڕوای سەردەم نیم، ئەزموونەکەشم بەو پێیە بێمانایە...".

-بۆ ئەزموونکردنی کێ؟ شیڕاندی بەسەرمدا.

لەسەری ڕۆیشت: "ئەو بێمێشکانەی بەسەر شانی ئێمەدا سەرکەوتن... ئەو ساختەکارانە...".

پێم گوت: "ئەی ئەگەر پێت بێژم بڕوام بە مێژوو نەماوە!".

گوتی: "نا مەحمود، نا... ئەگەر مێژوو ڕەتکەینەوە ئەوا هیچ سوودێک بۆ جیاکردنەوە لەنێوان چاکە و خراپەدا نامێنێت... کەواتە بەگشت ئەو تاوانکارانە چەکی ئەستۆپاکی دەدەین... پێکەنینیان پێمان دێت... مێژوو تاقە گرەومانە".

# بەشی هەشتەم

نامەکەیم لە ڕێگەی سندووقی پۆستی ڕۆژنامەکەوە بۆ هات... دوای پۆستی ئەلەکترۆنی بە دەگمەن نامەی کاغەزیمان بۆ دێت... کاتێک فەرمانبەری پێشوازییەکە زەرفە کەسکە ئەستوورەکەی دایە دەستمەوە، ئەمدیو و ئەودیوم کرد، تاکو سەرچاوەکەی بزانم... ناوەکەی نووسرابوو: ئەسیر عیراقی، ناوێکە پێناچی ڕاستەقینە بێت... ئەو وڵاتەیشی نامەکەی لێوە ناردبوو، یەمەن بوو. مۆری پۆستی شاری عەدەنی بەسەرەوە بوو... وام لێکدایەوە نامەکە شتێکی نووسراوی تێدایە بۆ بڵاوکردنەوە بۆ ڕۆژنامەکە نێردراوە... بەڵام بۆچی ئەسیر عێراقی وەکو نەریتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا، بە ناوی منەوە ناردوویەتی و بە ناوی سەرنووسەرەوە، یان بەڕێوەبەرەکەیەوە نەیناردووە... زەرفەکەم لەسەر مێزەکەم دانا، چاکەتەکەم داکەند و دانیشتم...

کارێکی ماندووکەر چاوەڕوانم بوو، تاکو نیوەڕۆ لێنەبوومەوە... ئەو ساتی ویستم ژوورەکەم جێهێڵم، سەرنجی زەرفە کەسکەکەم دا لەنێو کاغەزەکاندا فڕێدراوە... بەدەم تەقاندنی پشتە شەکەتەکەمەوە، هەڵمپچڕی و هێشتا وەستابووم... بیستودوو لاپەڕەی دەفتەری قوتابخانە بوو، لەگەڵ دەقێکی نووسراو بە خەتێکی ناسک و ورد، بە مەرەکەبی ڕەش لەسەر دێڕە شینە کاڵە خەتخەتەکان نووسرابوو...

**یەکەمین لاپەڕە ڕستەی کورت بوون، بێلایەن و سارد، ئاڕاستەی من کرابوون:**

**(مامۆستا ماجد بەغدادیی بەڕێز**

**سڵاو**

منیش مەحمود مەرزوقم دەناسی... ئەوی بۆتی دەگێڕمەوە ڕەنگە کەڵکی بۆت هەبێت... گرنگ نییە بزانیت من کێم... تەنانەت ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی خۆمیشت پێ بڵێم، سوودت پێ ناگەیەنێت... لۆمەت ناکەم گەر دوای خوێندنەوەی، ئەم کاغەزانە بدڕێنیت، بەڵام دوای خوێندنەوەیان.

**ئەسیر عێراقی**

**سەنعا ٢٠١٠/٢/٢٤**

تێبینی: ئەم کاغەزانە بەر لە ڕووداوی کوژرانەکەی نووسراون، بە پێویستم نەزانی هیچ شتێک بگۆڕم... بەخۆت دەتوانی ئەوە بکەیت. هەروەها داوای لێبوردن دەکەم لەوەی دەیگێڕمەوە پابەندی زنجیرەی دوابەدوای یەکی زەمەنی نابێت، زۆریش دڵنیا نیم لە مێژووەکان، هەندێک لە وردەکارییەکانیش دوور نییە خەیاڵکرد بن، لێ لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی گشتی، لەوەی دەیلێم دڵنیام).

تێکستە تا ڕادەیەک درێژەکەی ناو نەناوە... بە یەک پارچە لە دێڕی یەکەمەوە بۆ دوادێڕ نووسیویەتی و لە خاڵبەندیی جگە لە ویرگوڵ، هیچی بەکار نەهێناوە... ڕستەکانی بەرایی وایان لێ کردم دانیشم، تاکو بیخوێنمەوە:

{ئەوی بە مەحمود مەرزوقی گاز دەکەن، چەندێک بچوایەتە ژیانی کەسێکەوە، جا پیاو بوایە یان ژن، وێرانی دەکرد، نیشانەی چارەنووسێکی شوومە، نەک پێشتر خۆی بۆ

نابێتەوە، بەڵام تەواو بێگوناه نییە، ئەو بکوژە بە شێوازی خۆی، بە دەستتێدابوون لە کەمتەرخەمییەکەی، هەڵبەت نەک بەزۆر، بە دڵی سارد، بە ویژدانی شلۆقەوە وەکو ئاوی دەریاچە لە ڕۆژی ڕەشەبادا، بە ڕەنگەیلێک دەسوێن و دەگۆڕێن، وات زانی چۆن پشیلە بەچکەکەی دەناسێتەوە، ئاوای دەناسم، لێ من نایناسم، کەس نایناسێت، کەس، بەگومانم لەوەی خۆی بتوانێت لە هەر ڕۆژێکدا ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە، تاکو بیناسێت، شتێک لە بوونەوەری ئەفسانەیی دەچێت، یان قەوزەی ژێر درەختەیلێک لە کەناری ڕووبارەکاندا، بوونی لەوێ هیچ مانایەکی نییە، هیچ سوودێک وەکو نەخشونیگار لەسەر تەختەخەوی بێوەژنێک، بەڵام ئامادە بوو بۆ ئەوانەی لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، یان لەبارەیەوە بیستبوویان تاقە ڕابەرە، بریقوباق و ڕازاوە بینییان ئەڵقەیان بە دەوریدا بەستبوو، ئیدی بڕوایان بەو وێنەیەی کرد، کە بە چیرۆکی پفدراو بە ئەفسانە ڕەنگێن درابوو، نەوەی گەنجی ئێمە لە باقوبە پێویستیان بە نموونە بوو، نموونەیەکی نزیک، دەبێت لە مەحمود مەرزوق بترازێت، کێ بێت؟ بە پانتۆڵە شینە تەسکەکەی و کراسە وەک چوڕی شیر سپییەکەی و قژە درێژە ڕونلێدراو و بەشانەکراوەکەی لە دواوە و بەستراو لە شێوەی کلکی کورتی ئەسپ، کە وا دەکات تەوێڵ و برۆ پڕەکانی بەدەرکەون و فێڵ و تەوس لەو چاوە گەورانەوە دەربکەون، کاتێک بە شەقامەکاندا تێدەپەڕێت، لەودیو ئەو چاویلکەیەوە دەیانشارێتەوە، لەو جۆرە چاویلکەیەی لێکۆڵەرە کارامەکان لە فیلمە پۆلیسییەکاندا لە چاوی دەکەن، پایپێکی بە لالێوەوە لە گۆشەی قاوەخانەیەک دانیشتووە، کتێبێک دەخوێنێتەوە کاغەزەکانی سوورن، هەمیشە سوور، سیمایەکی

سەیری لە لێڵی دەداتێ، ئەو ڕایە نامۆ، یاخود گاڵتەجاڕییانەی دەیگوتن، ئەوانی دی وەک ئەوەی پاکەپیاو بێت، دەیانگواستەوە، بەم ئاوایە ئەوی لێوەی نزیک بوو لە ڕەنگی دەرپێ و شێوەی قژداهێنانەکەی و چۆنیەتیی پاپێدانانەکەی بە لالێوییەوە، ئەودەمی دەیخوێندەوە، هەروەها لە شێوازی ڕێکردنەکەی، کە لاسایی ستالینی دەکردەوە، وێڕای ئەوەی کەمترین دەرفەتی بۆ ڕەخنەگرتن لە ستالین دەقۆزتەوە، وەکو ئەو دەیگوت مارکسیزمی لە قاڵبی کۆنکریتی بێ ژیان سڕ کردووە، هەروەها مەرزوق ئەوەی ڕادەگەیاند تەنیا ڕقی لەوانەیە، کە کۆپیی کەسایەتیی ئەون و بە ڕووکەش لەگەڵیدا هەڵدەکەن، وەلێ لەمەدا درۆی دەکرد، چونکە کاتێک لە شەقام، یان لە بازاڕ بە تەنیشت یەکێک لە کۆپیکراوەکانیدا تێدەپەڕیین، بە دڵخۆشییەوە چاوانی دەقرپاند، من خۆم دڵنیا بووم ئەوەی بەدڵ بوو و لە دڵی خۆیدا دیکتاتۆرێکی دەشاردەوە چاوەڕوانی هەلی دەرچوون بوو، هەڵبەت ئێمەی نزیک لێوەی شتەیلی ترمان دەزانی، ئەوی ژێر عەبامان پێ دەزانی، ڕاستییەکەمان دەزانی، مەحمود مەرزوق لەو شەوەدا هەینێ تەقە دەکات و ئامانج ناپێکێت، پاشان لە دەرگەی پشتەوەی باڕەکە هەڵدێت و دوای دوو ڕۆژ بە پاساوی شەکرە داوای لێبوردن دەکات، هەڵبەت هەڵەشە و توندتەبیعەت بوو، نەک سەرخۆش، دوو گوللە لەناو دەمانچە میکارۆڤە عەیار ٩ ملیمەکەی بوون، تەقاندنی، بۆ ڕۆژی دووەم یان ئەوی دواتر گوتی، ئەو بەو مەبەستەوە تەقەی کردووە ئامانج نەپێکێت، چونکە نەساغ بوو و دەیویست چاکبێتەوە، بەم ئاوایە لەو باڕەی خێرا لە دەرگەی پشتەوە جێیهێشت و نەهات داوای لێبوردن بکات، هەتا ئەودەمی خاترجەم بوو ستار نونە لە پۆلیسخانە سکاڵای

لەدەست ناکات، ئەو خۆ بە تاوانی هەوڵی کوشتنی بەئەنقەست حەپس ناکرێت، ئەو خواوەندەشی ئەم بڕوای پێ ناکات، جارێکی دی شانسی پێ دەبەخشێتەوە، لەبەر هۆیەک تەنیا خوداوەند خۆی دەیزانێت، گوتی گوایە دەمانچەکەی لەسەر بەرزتین پردی ڕووباری دیالەی هەڵچووی نزیک لە لافاوەوە تووڕداوە و ئیدی هەرگیز دەمانچە و هیچ چەکێکی تر هەڵناگرێت، تەنانەت ئەگەر لە گەرمەی جەنگیشدا بێت، ڕەنگە بەڵێنەکەی بەدی هێنابێت، لەو ڕۆژەدا سەیر بوو، پاکەپیاوێکی وەک مەحمود مەرزوق دەمانچە دەربکات، چونکە یەکێک ئاماژەی بە ئافرەتێک و بە ناپاکییەک و بە ئەزموونێکی شکستخواردوو دا، مایەی پێکەنین کردبوو، بۆ کچێک ناوی ڕەبیعە بوو لە سۆنگەی خوێڕیەتیی ئەمەوە خۆی کوشت، ئەوە بوو بلەز دەرچوو و کەس بەدوایدا نەچوو، بێدەنگی و شۆک و وێنەیەکی بریقەداری لەدوای خۆیەوە جێهێشت بە دوو گوللە لە نیمچە تاریکیی باڕەکەدا دوای سەعات دوانزەی شەو، وردوخاش دەبێت، دەرچووین و ڕەشەبا هەڵیکرد، ڕەشەباکە هێند توند بوو، خەریک بوو مێشکمان بەتاڵ بێت، ئێمەی یار و مورید و شەیدایانی سێبەرەکەی، چیرۆکەکە تەواو نەبوو، شەفیق نونەی کوڕەمامی کابرای ڕزگاربوو لەو دوو گوللەیەی مەرزوق، سوێندی خوارد گووی سەگ دەرخواردی مەرزوق بدات و قنگی بدڕێت، ئەوەبوو مەرزوق بۆ دوو هەفتە شاری جێهێشت، ئێمەش لە کوڕەمام دەپاڕاینەوە وازبێنێت، چونکە پرسەکە لەسەر خێر تەواوبوو، لە قاقای پێکەنینمان دا، تاکو قەناعەتی هێنا و زەرفە کاغەزە گەورەکەی بە دوو دەمبووس توند داخرابوو، تووڕهەڵ دا، دوای ئەوەی زانیمان پڕە لە گووی وشکی سەگ، مەحمود مەرزوقی تاوانکاری دواخراو،

تاكو ئاگەداركردنێكی تر ڕۆژانە سێ لەسەر چواری بوتڵێك لە مەیی مەستەكی بە ماست و ترسەوە لە باڕی شەریف و حەداد لە شەقامی ڕەشید هەڵدەقوڕێنێت و دوو جاران بە ڕۆیشتن و چوونەوە، پردەكە دەبڕێت، هەوای ڕووبارەكە هەڵدەمژێت، تاكو لەو شێتییەی بێداربێتەوە، كوڕەی هۆتێل بەندەر بە تكای ئالۆشەوە دێتە پێشوازی و مەرزوق دەڵێت ئەمە ئیشی ئەو نییە، نیو دینار بە كوڕە دەدات، بۆ ئەوەی كیژێكی شەوی بۆ بهێنێت تاكو بەیانی لە پێخەفەكەیدا لە باوەشیدا بێت، بەو هیوایەی دوای ئەوەی بێدار دەبێتەوە، سواری بێت، ئافرەتەكەش پێی دەبێژێت، تۆ شێتیت، تەنیا دوو دینار دەدەیتە ئافرەتێك بۆ ئەوەی بۆگەنییەكەت هەڵمژێت؟ دوای نیوەڕۆ بێدار دەبێتەوە ئافرەتەكە نابینێت، كوڕە پێی دەبێژێت، ئەو ئافرەتە دایكیەتی و سەوزە لە بازاڕێك لە شەقامی كیفاح دەفرۆشێت. مەحمود مەرزوق خراپ نییە، قۆڵبڕێكە لە بەرگی ڕۆشنبیردا دوای ئەوەی خۆی بە ئاوی پیرۆزی باڕەكان دەشوات، چەند كتێبێك دەخوێنێتەوە، تابلۆیەلێك دەكێشێت گوزارشت لە چارەكە بەهرەیەك دەكات و بڕێك قسەی قۆڕ دەنووسێت، هەندێك بیرورِا لەسەر پرۆلیتاریای نێونەتەوەیی دەدات مەبەستی پرۆلیتاریای وڵاتەكەی نییە، كە كەمترین بایەخی پێ نادات، لە بارەیەوە دەڵێت، هێشتانەكینێ بوونی نییە، ستار نونە بە بۆرژوای هیچوپووچی ناودەبات و باس لە ناپاكیی ئافرەتێكی ڕیسوا و كیژێك دەكات لە ماڵی مامی ئەم ئاگری تێبەربوو، بۆیە مەرزوق چەكەكەی دەردەهێنێت لە دووریی سێ مەترەوە تەقە دەكات، دوو گوللەكە بەتەنیشت سەریدا تێدەپەڕن و لە دیواری ئەستووری باڕەكە جێگیر دەبن، ئیدی بە چوار قاپ مەیی

مەستەکییەوە ئامادەی دانیشتنێکی گەورەی ئاشتەوایی لە باخێک لە بوهرز دەبین، لەگەڵ بوتڵە بیرەی بێشومار لە جۆری لانکەر و فەریدە، مەحمود مەرزوق بە کوڵ دەگری، چەنگە گەمژە بوو، شەفیق نونەی کوڕەمام، کە پێشتر سوێندی خواردبوو ئەو شتە دەرخواردی مەرزوق بدات و بیکات بە دوو لەتەوە، کەوتە گۆرانیگوتن و بە سەرخۆشی دەمانچەکەی لەناو دەستی دەلەراندەوە، لە کاتێکدا ئێمە لاڵ بووین لەبەر ئەوەی تەقەی بە ئاسماندا دەکرد و دەنگی گوللەکان لەنێوان دارخورماکانی کەنار ڕووباری دیالە دەنگیان دەداوە، ئەوێک لە بیر ناکات و لەگەڵ هاوڕێکانی لە حەرەس قەومی، دوای چەند مانگێک لە ڕۆژێکی خۆرەتاوی ساردی مانگی ڕەشەمێدا بە چەکی پۆرسەعید بۆ ئەو خێوەتەیان برد، کە بلەز لە کەناری ڕووباری خرێسانیان هەڵدا، لەوێشەوە بۆ کۆشکی سپی لە بەغدا، پێش ئەوەی مەرزوق خۆی لە شەمەندەفەری مەرگدا ببینێتەوە، کە بەرەو ئەو ئازارە دەچوو ساڵانێک دەبات، لێ شەفیق نونەی کوڕەمامی، ستار نونەی ئامۆزای تێوەدەگلێنێت، کە مەرزوق دوو فیشەکی لە بارێکی باقوبە پێوە دەنێ و بەری ناکەوێت و بە ئارامی بە تۆمەتی کۆمۆنیستی و پیلانگێڕی دژ بە شۆڕش بۆ خێوەتی حەرەس قەومییانی دەبات، بەڵام ئەم خۆشبەخت دەبێت و ناخرێتە شەمەندەفەری مەرگەوە، لەبەر هۆیەلێک تەنیا پێوەندییان بە ڕێکەوتەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خوێن ئاو نییە و لە تاریکیی زیندانی باقوبەی ناوەندیدا گیراوەکە بە کوڕەمامی، کە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و هەردووکیشیان لە خانەوادەی نونەی خودان عارەبانەی ڕەبەڵ، دەبێژێت: تۆ وەکو گووی وشکەوەبووی سەگ، کە لە زەرفێکی کاغەزینی ئەستووردا هەڵتگرتووە، هیچیت، تاکو

بیپەستیتە زاری مەحمود مەرزوقەوە، کە لە تۆ شەریفترە. کوڕەمام بە قۆنداغە تفەنگە پۆرسەعیدەکەی بە قەپۆزیدا دەکێشێت و لێوی خوارەوەی هەڵدەدڕێ و ددانێکی پێشەوەی دەشکێنێت، بە ڕوویدا هەڵدەشاخێ و دەشیڕێنێت، بەقوربان قۆندەرەکەی جەمال عەبدولناسر بیت، هەی بەڵشەوی. تفێکی وشک تێکەڵ بە خوێن بە ڕوویدا دەدرێت، ئەوێک دوای کوودەتای تەمموزی ١٩٦٨ تاکو کەوتنی پەیکەری سەدام حوسێن لە گۆڕەپانی فردەوس لە نیسانی ٢٠٠٣دا، پێگەی دەبێت، لە کاتێکدا مەحمود مەرزوق لەودەمی لە شەمەندەفەری مەرگدایە یادی ئەو کیژەی بە مێشکدا دێت، لە ساتی ئالۆشیدا فریوی دا و لەگەڵیدا نوقمی ڕیسوایی بوو، بێ ئەوەی پەردەی کچێنییەکەی بڕووشێنێت، دڵۆپێک فرمێسک بە چاوانیدا هاتەخوارێ، چونکە ناچار بوو بە بەڵێنی خواستن فریوی بدات، بەم شێوە ناچار بوو، ڕۆژێکیان پێی گوتم، پێویستیی بۆ سێکس جیایە لە خۆشەویستی، ئەگەر ئەم دێوەی ناوگەڵم بێدەنگ نەکەم، تاوانگەلێک دەکەم بە بیری شەیتانیشدا نایەن، کیژەی شانزە ساڵ کچی جووتیارێک بوو لە باخی مامە بۆرژواکەی کاری دەکرد، بۆرژوازیش وەکو تەوژمێکە لە تەوقی سەریەوە بەرەو خوار سکی دادەبەزێت و بە پێچەوانەشەوە، نیگایەکی فریودەرە بۆ جیهان، هەروەها هزرێکی شێلراوە بە پارە، کە هەرگیز لێی نەبڕاوە، ئەو دەست و دڵفرەوان بوو، لە بەرابەر ئەوەی دوا وتە هیی ئەو بێت پارە دەدات، تەنانەت ئەگەر بە سوعبەتێکی قورسیش بێت یەکێکمان بگرێتەوە، بە نەڕەی تۆقێنەرانەوە دەخەنێتەوە، ئێمەش دەخەنینەوە، چونکە دەبێت بۆ دڵڕاگرتنی پێبکەنین، ئاخر ئەو پارەی خواردن و خواردنەوەکەمانی دا، یاخود لە ناخماندا

دەرکمان بەوە کرد چارەسەرێکی پێویستە مادامەکی بە خۆڕسک و بۆماوە و حوکمی سروشت و پەتای کۆمەڵگە هەژارین، هەست بەکەمیکردن پەکمان دەخات، ئێمەی خڵتەی پرۆلیتاریا، کە ڕۆژە گەرم و بەفراوییەکانمان بە هەڵگرتنی تاسەگەچ و چیمەنتۆ دەبردەسەر، بۆ ئەو وەستایانەی کارامە بوون لە جوێندان و لێدان (بۆ مردن نا) بە پارچە کەرپووچ، لە دواناوەندیی ئێوارانیش بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی دەمانخوێند و خەونمان پێوە دەبینی، هەڵبەت لە سیوسێ ساڵییش بێت هەر بەدەستی دەهێنم. ئەودەم مەرزوق لێرە نابێت و ئێمەش بەرەو زیندانە هەمیشە ڕووناکەکان ڕادەپێچن، ئازاد دەکرێین و پێش ئەوەی دوای چەند مانگێک لەسەر دەنگی جەنگێک لە هەوڵی لووشدانماندا بێت، بیبینەوە خۆمان شکستمان خواردووە، ئەودەم کات بۆ هەڵهاتن لەدەست خۆمان و واهیمەکانمان بەسەرچووە، چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، یارۆ بەر لەوە بە دەیەیەک شەوی عێراقی بەرەو پراگ سمی و هەواڵی نەبڕا، لەوێ لە ئامێزی میهرەبان لە بەرابەر شتێکی کەم لە بەهەشتی سۆشیالیزم بە کرێی دەگرێت، ئەم جۆرە لە دواییدا ڕازی دەبێت مادامەکی دەتوانێت چڵێسیی دێوەکەی دابمرکێنێتەوە و بە سرتە هەمبەر ترۆتسکی و شۆڕشی هەمیشەیی قسە بکات، هەروەها دەربارەی کافکا، کە شارەکە وەک ئەو نەیناسیوە، بە نهێنی لەگەڵ موریدەیلی چەشنی ئێمە، کە ئاتاجی ئەو پاشماوەیەن مەرزوق بە کەیفی دڵی خۆی لەو گۆشانەی پراگ جێی دەهێڵێت، کە بۆنی سێکس و مەی و هەموو بێشەرمییەکی لێ دێت و بیری شۆڕشی سۆشیالیستی دەجوێتەوە، کە بە زوویی بە شکستی گەورەی دەزانێت بە هۆی ئەم ژمارە زۆرە لە نموونەی مەحمود

مەرزوق لە سەرتاپای جیهانی دووەم و سێیەمدا، بڕواش ناکەم بۆ هاوڕێکانی ئەوێی چیرۆکی دوو گوللەی باڕەکەی باقوبە، کە لە دوادوایی زستانێکی دووردا ڕووی دا، بگێڕێتەوە. حەتمەن ئاماژەش بە کچە جووتیارە حەڤدە ساڵەکەش ناکات، چۆن دەعباکەی بۆ دەردەکات و هێندەی نامێنێت کچە لە هۆش خۆی بچێت، ئیدی بە قسەی نەرم کە باشی لێ دەزانێت، ترسی دەشکێنێت و هێمنی دەکاتەوە، بەڵێنی خواستنی دەداتێ، پاشان بەسەر جەستە ناسکەکەیدا دێت و ئەوی ناوگەڵی و سک و مەمکۆڵە بچووکەکانی دەلەوتێنێت و لە ترسەکەیدا دەیهێڵێتەوە و جارێکی دی توخنی ناکەوێتەوە، ئەم قسەی لەگەڵدا ناکات و ئەویش لێی دەپاڕێتەوە، چەندێک ئەو پێ دادەگرێت، ئەم بەرپەرچی دەداتەوە، هیچ ڕوو نادات، من ئاگەدار بووم هیچ نەقەومێت، تۆ پاکیزەیت و ئامادەی بۆ شووکردنێکی ئاسایی. ئەو دەگری و ڕوومەتی خۆی دەڕنێتەوە، دوای دوو هەفتە لەودەمی لە ماڵی جەمیل مەرزوقی مامی ئەم بە جلی تەڕ بە نەوتی سپییەوە نان دەکات و وەکو بڵاویان کردەوە نەخوێندەوار بوو و دەرکی بە مەترسیی ئەوە نەکردووە لە نزیک ئاگرەوە جلی نەوتاویی لە بەر بێت، ئاگری تەندوورەکە لووشی دەدات، من زیاتر بە هەوڵی خۆکوشتنی دەزانم، یان بڵێ بە دووری نازانم وەکو چۆن ئەو لە دڵی خۆیدا منئاسا وای داناوە و هەست بەگوناهکردن ئازاری دەدات، لێ ئێستا هیچ چارەیەکی نییە، ئەمەش زۆرترین ڕووداوە ئاوات دەخوازێت بیخاتە سەر شانە بۆرژواکەی و لە بیری بکات، لەولاشەوە چیرۆکی ناپاکییەکی تر لە ساتی تێکشکاندا چاوەڕوانییەتی، لەو ڕۆژگارەدا کشانەوەیەک لەگەڵ ئافرەتێکی سپیی ئۆکرانی ئاشکرا دەکات

ئەم خۆشی دەوێت، وەک چۆن ڕۆژێک کیژێکی تری لە بنەماڵەی کۆلاکە بۆرژواکانی باقوبە خۆش ویست، چارەنووسیش شەڕ بە خاڵێکی لاوازی تری دەفرۆشێت، ڕەنگە بە ژیانێکی سادە و ساکارەوە بۆرژوا بێت، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەژێر چاودێریی هەواڵگریی چیکی لەگەڵیدا ڕادەبوێرێت و بانگ دەکرێت، بە ناچاری و لەژێر هەڕەشەدا زمانی لێ دەدات، یاخود لەسەر کاغەزێکی پڕکراوە لە بوختان و درۆ، واژۆ دەکات، چونکە کچی لە حزب یاخییەکی کۆنە، بەرەو تالووکەی برد و جارێکی دی هەڵدێتەوە، ئەمجاریان بۆ فڕەنسا، لەوتاو بەشەرمەزارییەک تاکو لە ژیاندا بێت، مۆتەکەکەی بەدواوەیەتی، ئیدی گۆشەیەک لە گەڕەکی مۆنبارناس، یان گەڕەکی لاتینی دەگرێت، تاکو تابلۆیەلێک بکێشێت، سەرنج ڕانەکێشن، پاشان لەگەڵ مۆدیلێک لە سۆزانییەکانی پاریس دەست تێکەڵ دەکات، هەڵبەت ئابڕووی ئەویش دەبات و ئەمجاریان بەرەو باقوبە تێیدەقووچێنێت، دوای ئەوەی دەزانێت ئەو ژنە گرفتاری شێرپەنجەیە، ئەوێک بەرگەی هیچ بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتیی ڕەوشتی، یان لەو بابەتە ناگرێت، بە فڕۆکە لە پاریسەوە بۆ بەیروت دێت، لەوێشەوە بۆ عەمان بە پاس لە ڕێگەی تریبیلەوە بەرەبەیانێکی بێ گزنگ بە هەموو بەتاڵییەکەوە، خۆی بە عێراقدا دەکات، دەرک بە گەورەیی و قەبارەی ماڵوێرانییەکەی دەکات، چونکە دۆخەکە بە قازانجی ئەو نەسووڕا، زیانەیلێک بە هیچ نرخێک قەرەبوو ناکرێنەوە و جیهانیش نوقمی بەڵایەک بووە، وەک ئەوەی بەر نەفرەت کەوتبێت، ئەویش تێناگات، تێناگات، چونکە ڕیتمەکەی خاوترە لەوەی لە جیهانێک بگات دەگۆڕێت و تەنیاتر و خەمۆکیتر دەبێت و هەلی خۆشی دەگمەنتر دەبێت،

وەک چۆن بە هەستی ناسکی بۆرژوایانە و بێشەرمی و ناسەنگینییەکەی پێی گەیشت، ئەو خودان بیردۆزی درۆی ڕەوایە لە فریودانی بەئاشکرادا، بەردەوام پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد، ئەو چەندێک سەرخۆشی بیگەیاندایەتە خاڵی هیچوپووچی لێی جیادەبووەوە، وەک بارتەقای بیردۆزی هەندە وەکو بەم دواییە ریچارد فاینمان دایڕشت، پێش سەفەرەکەی بە هەیڤێک بۆ وڵاتی چیک بۆی باس کردم، لە ژوورەکەی لە هۆتێلێک لە شەقامی ڕەشید پێش بەرەبەیان بە ڕووتوقووتی بۆ تەوالێتە هاوبەشەکەی نهۆمی دووەم چووە، چونکە دنیا گەرم بووە، لە داڵانەکەدا ئافرەتێکی چل ساڵیی بینیوە، سەیری لێ هاتووە و کەوتووەتە جوێندان پێی، ئەمیش پێی گوتووە، شتێکم لە خۆمەوە نەهێناوە، هەمووی لە خواوەیە. ئەویش خۆی نەگرتووە و پێکەنیوە، پێی گوتووە، لە تۆ نەفرەتیترم نەبینوە. ئەمیش بەدەم چاوبڕینە چاوی گوتوویەتی، هەموومان لە سۆنگەی ئەوەوە نەفرەتلێکراوین، وای زانی دوای بەتاڵکردنی میزڵدانی لە داڵانەکە چاوەڕێی دەکات و ئەمیش بەرەو جێخەوەکەی دەبات، کەچی لەوێ نەمابوو، ئیدی نەیبینییەوە، دوای دە ساڵ، یان پتر، دەگەڕێتەوە، هەمان چیرۆکم لە قاوەخانەیەک لە پراگ بۆ دەگێڕێتەوە، گوایە بینیویەتی هێشتا لە داڵانەکە وەستاوە، ئەمیش هیچی پێ نەگوتووە، ئەوێک حەوت یان نۆ ساڵێک لەم گەورەترە، بەڵکو دەستی گرتووە و بردوویەتییە ژوورەکەی خۆیەوە و سێ جاران پێش خۆرهەڵاتن بە مەمنوونییەوە سواری بووە، پێم نەگوت یادگەی تێکچووە، یاخود زۆر بە سادەیی درۆ دەکات، خەنیمەوە، لە قاقای پێکەنینم دا، ئاو زایە چاوانمەوە، پێی گوتم، چیتە؟ گوتم، بیردۆزە کۆنەکەتم بیرهاتەوە، کە ئەمڕۆ لە

زانکۆکانی جیهانی پێشکەوتوودا دەخوێنرێت، پرسیی، کام بیردۆز؟ گوتم، درۆی ڕەوا لە فریودانی ئاشکرادا. گوتی، من درۆی فریودان دەکەم، نەک کاتی قسەکردن لەسەری. من هێشتان نوقمی پێکەنین بووم، کاتێک بە دەسەسڕەکەم چاوم دەسڕییەوە گوتم، ئەوە چیتە گاڵتەت لەگەڵ دەکەم، گاڵتە دەکەم، گاڵتە، ئەو هێند زیرەک بوو دەیزانی چۆن جیاوازی لەنێوان گاڵتە و ڕاستیدا بکات، ئەو خوێندکاری کۆلێژی ئاداب بوو، ژوورێکی لە حەیدەرخانە گرتبوو، لە هەفتەیەکدا تەنیا شەوێک یان دوو شەو تێیدا دەمایەوە، من وام دەزانی ئیشەکە بە خوێندنەکەیەوە پێوەستە، بەڵکو لە ڕۆژانی پێش تاقیکردنەوەکان بخوێنێت، کاتێک پیاسەمان دەکرد، ئێوارەی زستانێکی زۆر سارد نا لە شەقامی ڕەشید پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم ئەو شەوە لە ژوورەکەی خۆی میوانی بم. نەمگوت نا. بوتڵێک وێسکیی بلاک ئەند وایتی لە ئۆرزدی باگ کڕی، لەگەڵ گۆشتی برژاو لە عەرەبانەیەکی سەر شۆستەکە، جگە لە چەرەزات و میوە لە دوکانەکانی دەڤەری جەدید حەسەن پاشا، لە ناوچەی مەیدان ڕووی لە ئافرەتێکی باڵاکورت و قەڵەو کرد، پەنجا ساڵ دەبوو، عەبایەکی بە سەرەوە بوو و لە دووریی دوو مەترەوە بە لاپرەسەنییەکی بێشەرمانەوە چاوی تێبڕیبووم، لە کاتێکدا مەرزوق بە دەنگی نزم لەگەڵیدا کەوتە قسەکردن، بۆ دوو خولەک کەوتبوونە چپەچپ، پاشان پارەی دا پێی و لێی دوورکەوتەوە، لە ژوورەکە پەرداخمان پڕ دەکرد، لە دەرگە درا. دوو کیژ تەمەنیان نەدەگەیشتە بیست ساڵی، خۆیان بە ژووردا کرد، عەباکەیان داکەند و لە بەردەممان لەسەر تەختەخەوی تایبەت بە مەرزوق دانیشتن. جلە مینی جۆپە گوڵگوڵییەکەیان بە هەزار ڕەنگ لە سمتیان بەخوارەوە

هیچی دانەپۆشیبوو، مەرزوق ئاماژەی بە خوار تەختەخەوەکە دا، یەکیان داچەمییەوە و دوو بوتڵ فەریدەی دەرهێنا، شوێنی سیفۆنەهەڵپچڕەکەی گۆشەی ژوورەکەی پێ دەزانی، مەرزوق گوتی ئەم برادەرەمتان پێ دەناسێنم، خەنینەوە، بێ ئەوەی تەماشای من بکات ئاماژەی بۆ کردن، ئەمە ئەمیرەیە، ئەمەش سەمیرە، ئەمیرەی ڕەشئەسمەر قژێکی نیگرۆی ڕەشی گردبووەوەی هەبوو، نیوەی پشتەوەی ئەستۆی داپۆشیبوو، سەمیرە بەژندرێژتر بوو لە هاوەڵەکەی، بەژنزراڤ و گەنمڕەنگ، قژێکی قاوەیی درێژ و خاوی هەبوو، لە دەمی بوتڵەکەوە بیرەیان هەڵدەقوڕاند و چاویان لە من بوو، منی دەشتەکیی پەڕپووتی نامۆ، زارم هەڵنەهێنا، مەرزوق تێیگەیاندن ئەمجاریان ناڕەزایی ناوێت، سێ دینار زیادەی داوەتە ئوم ماجید، بۆیە دەبێت ژیر و خۆشەویست بن و لێمان بگەڕێن بە کامی دڵی خۆمانیان لەگەڵدا بکەین. من تاکو ئەوکاتە پاکیزە بووم، بە بەرچاوی مەرزوقەوە بە نیوەسەرخۆشی و نیوەشەرمەوە بۆ یەکەمین جار چێژی جەستەم تاقی کردەوە، لێ مەرزوق زۆر نەفرەتی و ڕەوشتنزم بوو، گایەک بوو بە هێزی دوو گای زۆرپەڕ، شێت و دڵڕەق، لە هەردوو کچەکەی دا و بەر گازی دان و جێ ددان و شینبوونەوەی بچووک بە قۆڵ و لاق و مەمک و پشت و لاقنگیانەوە دیاربوو، مشەی دەهات و ئاخوئۆفی بوو و جەستەی دەژەند و لەگەڵ گەیشتن بە لوتکەی چێژ، موچڕکی پێدا دەهات، گوێی بەو هەموو جوێنە پیسانە نەدا، کە پێیان دەدا، بە بەخشندەییەکی پێکەنینهێنەوە جوێنبارانیانی کرد، لەگەڵ بەرەبەیاندا وەکو دوو پەڕۆ کۆنیان لێ هاتبوو، مایەی بەزەیی بوون. سەمیرە لە پڕمەی گریانی دا لەودەمی جل و عەباکانیان دەپۆشین، مەحمود مەرزوقیش

لەسەر جێیەکەی خەوی لێکەوتبوو. لەودەمی دەردەچوون، من لەوپەڕی هیلاکی و وەڕسیدا بووم، پێم گوتن، من داوای لێبوردن دەکەم. سەمیرە هیچی نەگوت، ئەمیرە گوتی، هەی قنگدەری کوڕی قەحپانە. مەرزوق لە سالانی هەرزەکارییدا ئەوپەڕی دڵکار بوو ببێتە وەرزشوانێکی ناودار لە یارییەکانی گۆڕەپان، نەک لە ڕاکردن یان بازدان، بەڵکو قورسی و ڕمفڕێدان و شتی لەو بابەتە، بێگومان لەشولارە توندەکەی یارمەتیی دا پلەی سێیەم لە فڕێدانی قورس لە پێشبڕکێکانی فێستیڤالی قوتابخانە دواناوەندییەکان لە باقوبە لە سەرەتای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم بەدەست بهێنێت، وا بزانم میدالەکەی، کە لە کانزای هەرزان دروست کرابوو، باشترین خەلات بوو لە ژیانیدا وەریگرتبێت. ئیدی زۆری قسە لەسەر کرد، تاکو هاوەڵیی هەموانی وەڕسی کرد و منیش یەکێک بووم لەوانە، جا نازانم تاکو ئێستا ئەو پارچە تەنەکەیەی ماوە یان نا، ئیدی تێگەیشت لە وەرزشدا پتر لەوەی بەدەستی هێناوە، تێناپەڕێنێت، بۆیە ڕووی لە شەترەنج کرد، شەترەنج بەرەو خەیاڵی نوێی برد، وای دەزانی وەک خۆزێ کاپابلانکای یاریزانی کوبی دەردەچێت، ئەوی لە چلەکانی سەدەی بیستدا کۆچی دوایی کرد، چەندین یاریی بەڕێوە بردن و تواناکانی لە یاریزانێکی ناوچەیی مامناوەندی پێشنەکەوت، تەنانەت ئەگەر لە گیرفانی خۆی پاڵەوانێتیی یەکەمی باقوبەی لە شەترەنجدا ڕێکبخستبایەو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابایە لە گەیشتن بە چوارگۆشەی زێڕین، ئەوا وازی لە شەترەنجیش دەهێنا و ئیدی باسی کاپابلانکای نەدەکرد و لەو گاڵتە ناخۆشانەی مەهدی مەدینەی نزیکترین هاوەڵی بێزار دەبوو و چەندێک لای عەرەبانەکەی عەلووش کەبابچی لەسەر شۆستەکەی هاوشان

ڕووباری خرێسان بۆ کەبابخواردن دابنیشتینایە ڕەحمەتی بۆ گیانی کابابلانکا دەنارد، گوتی لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان گەڕایەوە سەر یاریی شەترەنج و لە بەڕێوەبەری گرتووخانەکەی بردەوە، لێ لەو پاڵەوانێتییەی لەوێ ڕێکیخستبوو، دۆڕاندی. ئیدی بەردەوام ئەدەب و کتێبی مارکسیی دەخوێندەوە و شتەیلێکی دەنووسی دەیزانی لە شتی پڕووپووچ زیاتر هیچی تر نین، دەبوو ئەمجار کەمێک هۆشی بە بەردا بێتەوە و بگەڕێتەوە سەر وێنەکێشان، چاکترین شت دەسەڵاتی بەسەردا بشکێت، وا بزانم لە دڵی خۆیدا دەرکی بەوە کردبوو لە وێنەکێشاندا گەورەیی بەدەست ناهێنێت، نابێتە سیزان، یان ماتیس، یان فایەق حەسەن، لەم خاڵە جیاکەرەوەیەدا تێکچوون لە بوونی دەروونییدا ڕووی دا، ویستی قەرەبووی بکاتەوە، سەرنجی هەموان بۆ خۆی ڕاکێشێت و کارێکی وا بکات بە سەرسامی، یان لەژێر کاریگەریی ئەو هێدمەیە بە تووڕەییەوە قسەی لەبارەوە بکەن، ئیدی تەنیا ئەوەندەی لەپێش مایەوە ببێتە کەسێکی پەستی پووچگەرا بانگەشە بۆ مارکسیزمی ڕازاوە ئەنارشیی یۆتۆپی بکات، بە شێوە بونگەراییە سارتەرییەکەی، وەکو قووڵتر لە قوتابییانی سارتەر تێیگەیشتبوو و تێینەگەیشتبوو، ئەوانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی شەیدای مۆدە بوون لە قاوەخانەکانی پاریس، تاکو ئێرە وەک بڵێی بەرگەیم گرتووە و هەوڵم داوە زۆرڕەویی یادەوەرییەکانم لەبارەیەوە سووک بکەم و خۆم لە قسەکردن لە هەزار گەوجیی ئەو کە کردوونی، بپارێزم. ئەمە تەنیا یەکیانە، نموونەیەکە نەک هەمووی، نیوەڕوانێک لە قرچەی گەرمادا بە کراسێکی سپیی ئوتووکراو و پانتۆڵێکی پانوپۆڕەوە، قوماشی ڕەشی ئینگلیزی بوو، لەگەڵ

مەهدی مەدینەدا لە نزیک ئامادەیی باقوبەی مەرکەزیی کچان، کیژی پیاوێکی بەرپرسی دەوڵەمەند، ناوی نابەم، بە خولەکێک پێش ئەوانی تر لە قوتابخانە دەرچوو، دەیویست سواری عەرەبانە ڕەبەڵەکە بێت، شتێکی پیس لەدواوەی گیر بوو، کە لە کاتی سەرکەوتندا وای زانی کراسەکەی پێوەی لکاوە، بە تەواوی خڕییە جوانەکەیەوە، وەکو ئەو دواتر وەسفی کرد، پێی لەسەر عەرەبانەکە هەڵگرت و ئاوڕی لەو دایەوە و تفێکی مزری کردە ناوچاویەوە، پێش ئەوەی لە چڵکاوەکەی قەراغ شەقامەکە پارچە نایلۆنێکی سیاناوی هەڵگرێت، تێی گرێت و گیانی پیس بکات، گوتی لەودەمەدا تووڕە نەبوو هێندەی ئەوەی ورووژا و هەستی بە چووکی کرد خەریک بوو ڕەق دەبوو، کەچی عەرەبانچییەکە لەو ساتەدا لە شوێنی خۆی دابەزی، جڵەوی ئەسپەکانی بەر دا و چووە پێش تاکو بە شێوەیەک هێند بە توندی بکێشێت بە سینگی مەرزوقدا، لەگەڵ تەمەنیدا نەیەتەوە، کە پەنجای تێپەڕاندبوو. خستییە ناو چڵکاوەکەوە و مەرزوق ڕاستنەبووەوە تاکو عەرەبانەکە دوورکەوتەوە و مەهدی مەدینە هەڵیستاندەوە. زمانی وا گیرابوو، نەیدەزانی چی بێژێت. چیرۆکەکە بەمەندە کۆتایی نەهات، ئەو خێزانە بەڕێزە لە بنکەی پۆلیس سکاڵایان لەدەست کرد، ئەوە بوو پیاوماقوولان بۆ چارەسەری کێشەکە هاتنە ناوەوە و مەحمود مەرزوق پتر لە دوو سەعات لە گرتیگە نەمایەوە و کەسیش دەستی بۆ نەبرد، کەچی مەهدی مەدینە سێ شەو و ڕۆژ تێیدا مایەوە و هێند تێهەڵدانی خواردبوو و قسەی سووکیان پێ گوتبوو، لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤدا نەدەهاتنەوە. ئایا من دژی ئەوم، هەر کەسێک دەتوانێت دڵنیا بێت لەوەی من دەیڵێم، چونکە گەلێک لە گەواهیدەرانی ئەو

ڕووداوانە هێشتا ماون، بڕواش ناکەم هەموویان زەهایمەریان بێت، من ڕقم لێی نابێتەوە، ناشڵێم خۆشم دەوێت، ڕۆژانێک خۆشم ویست، سەرسام بووم پێی، پاکانەم بۆ ئاکار و کەرێتی و هەڵە و گوناهەکانی دەهێنایەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی خۆم هەڵخەڵەتاند، لە ساتی گەڕانەوەی هۆش، لە هەڵوێستێکی خراپ و دووڕووییدا وەک برادەرەکانم بەخشندەییەکەیم قۆستەوە و ئەویش پێویستیمانی قۆستەوە، ڕەنگبێ پێشتر نەخشەیەکی بۆ نەکێشابێت، تاکو بوونی دەربخات، ئەو ڕەهەندێکی کاریزمیی لە کەسێتییدا هەیە، لێ ڕەهەندێکی لێڵ و نەزۆک، بڵندخواز و درۆزنانە بوو، بەڵام دەبێت قسەیەک بۆ خواش بگوترێت، دوای دەرچوونی لە گرتیگە، ئێمە بەردەوام لەگەڵیدا بووین، کەمێک لێمان بزر بوایە، لە پاشملە قسەمان لەسەری دەکرد، هەر قسەیەکی دژی باو بکردبایە، یان ڕای گشتی بوایە، وامان لێک دەدایەوە نەخۆشیی حەزی جیاوازیی هەیە، جیاواز بێت لەگەڵ هەمواندا و گاڵتە بەو شتانە بکات ئێمە بەدڵمانە، یاخود مایەی سەرسووڕمانمانە. بیرمە چۆن لە بەرنامەی وەرزش لە هەفتەیەکدای موئەیەد بەدری لەگەڵ یەکەمین بینینی عەدنان قەیسیی زۆرانبازدا گوتی درۆودەلەسە و کلاواتە، پێکەنینێکی ترە بە ڕیشمان، کاتێکیش سەرکەوتنەکانی قەیسیی پاڵەوان لە مەیدان بەدوای یەکدا دەهاتن و بە ملیۆنان بە مەراقەوە لە بەردەم شاشەی تەلەڤزیۆنەکاندا دانیشتبوون و دەیان هەزاریش لە یاریگەی شەعب هوتافیان بە ناویەوە دەکێشا، مەرزوق دووکەڵی جگەرەکەی بەرەو سەرێ دەردەکرد و وشەکانی بە خۆبەزلزانینێکی پیسکانەوە دەردەبڕی، ئەمە هیچ پێوەندیی بە چەپەوە نییە، ئێوەش سەیرن وەک ئەوان بڕوایان پێ دەکەن، ئیدی شەڕەقسە لەنێوان ئەو و مەهدی مەدینە، کە

شەیدای قەیسی بوو، ڕووی دەدا. کە هێندەی نەمابوو لەو ساتەی هەڵمان کردبوو لەگەڵ قەیسی و جۆن لینزدا، کە لە میرێکی خانەوادەی پاشایی بریتانیای دەکرد، دەستم بشکێنێت.

پاشان ستار نونە دوای ئەوەی مەرزوق وڵاتی جێهێشت، بە گوێمدا دەچرپێنێت قەیسییش پشتێنی زێڕینی لە نیو دەرزەن لە زۆرانبازانی جیهان سەندووە، لەنێویاندا کینیی تۆقێنەر ئەرنست کۆمالی، تاکو ببێتە پاڵەوانی جیهان لە زۆرانبازیی ئازادی پیشەوەران، دەزانیت ئەو هاوەڵەمان لەسەر هەق بوو، درۆودەلەسە و کلاوات، تەنیا ئەمە بۆ مەرزوق حسێب ناکرێت، هەر لەگەڵ ئەودا شتەیلێکم زانی پێشتر لەوەدەمەدا نەمدەزانین، پێش گرتنەکەی لە نوگرەسەلمان و دوای بەردانیشی، بە بۆنەی ئەوەوە چەندین سەعات لە ژوورەکەی لە ئامێرە فۆنۆگرافە گەورەکەیەوە گوێمان بۆ موزیکی کلاسیک و مقامی عێراقی و ئوم کەلسوم و عەبدولوەهاب و فەرید ئەترەش و ئەسمەهان ڕادەدێرا، قەوانی لە دوکانی قەیماقچی لە گۆڕەپانی تەحریر دەکڕی، بە مانای پیشەیی و مەجازی لەگەڵ موزیکدا مەست دەبوو. جارێکیان مەهدی مەدینە چرپاندی بە گوێمدا، لە ڕۆشنبیریدا زۆڵێک بوو بۆ خۆی، بڕوات نەدەکرد لە موزیکی کلاسیکیش تێدەگات، پێم گوت، ڕەنگە بە هەستێکی بەرز چێژی لێ ببینێت، ئەوەندە بەسیەتی. مەهدی مەدینە پەست بوو لە مەرزوق، چونکە بەرگەی عەبدولحەلیمی نەدەگرت، کە مەهدی شێتانە خۆشی دەویست، هەفتەی جارێک لەگەڵ مەرزوقدا دەچووینە سینەما دیالە، لەوێ پێکەوە ئەلان دیلۆن، بریجیت باردۆ، برت لانگستەر، مارلین مۆنرۆ، ئۆدری هیپۆرن، گریس کیلی و بۆب هۆپمان ناسی، هەروەها فیلمی (کازابلانکا)ی هەمفری بۆگارت و ئەنگرێد بێرگمانمان بینی، لەگەڵ فیلمی

(لەگەڵ بادا ڕۆیی)ی کلارک گیبڵ و ڤیڤیان لی، پێش ئەوەی ڕۆمانەکەی مارگرێت میشێل بخوێنینەوە، هەروەها فیلمی (ڕۆژێکی تایبەت)ی سۆفیا لۆرین و مارسیلۆ ماسترۆیانی، بۆ جاری یەکەم بوو لەگەڵیدا بۆ سینەما بەغداد چووم، هەروەها ئەو ئێوارە پڕ لە هەرایەی سینەما غەڕناتەی بابل شەرجیمان لە یادە، ئەرێ ئەودەم ناوی سینەما ڕیۆ بوو؟ سەرسام بووم بە شێوازی بیناسازیی ئیتاڵی و زەنگە خۆشەکەی و کیژە ڕازاوە و خانەوادە بۆرژوازییە کەشخەکانی، فیلمەکە (تۆپەکانی ناڤارۆن) بوو، نواندنی گریگۆری بێگ و ئەنتۆنی کوین و ئیرین پاپاس، تەنیا من و ئەو بووین پێکەوە تەماشامان کرد، ئەمەش بە دەگمەن ڕوو دەدات، فیلمی (دایکی هیند)، فیلمێکی میلۆدرامیی زۆر درێژ بوو، هەستەوەریمان دەڕۆست فیلمی هیندی هەبوو، دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لە سینەما خەیام بینی، گوتمان با ببینین، لە ساتی لاوازی و لەناکاو بینیم بە بێدەنگی دەگریا، تەماشام کرد، لەو شوێنەی ڕووناکیی شاشەکەی بەردەکەوت، تێبینیی فرمێسکم کرد ڕوخساریان تەڕ کردبوو، ئەمەم پێ نەگوت، هەروەها بە هیچ کەسێکی ترم نەگوت، کتێبەکانیش، لە کتێبخانەکەی دەیان کتێبم خوێندەوە، کە دەمتوانی بیانکڕم، بە دزییەوە لەگەڵیدا سارتەر و ئەلبێر کامۆ و سیمۆن دی بۆڤوار و ئەندرێ مالرۆم ناسی، هەروەها بە دەیانی تریش لەوانەی دەزگای حزب ڕێگەی نەدەدا بیانخوێنینەوە، ئازاد بوو بە ئەنارشیزمێکی ڕەنگاوڕەنگ و بە سووری مارکسیزم، دۆخێک شایان بە بۆرژوایەکی بچووک بوو، ددانی پێدا دەنێم تاکو قۆناغێکی درەنگ لە کاریگەرییە زیانبەخشەکەی ڕزگار نەبووم، ڕەنگبێ تاقە گەوجییەک لە مێژوومدا ئاکامی پێوەندیم بووبێت پێوەی، چما وا دەزانیت

زێدەگۆیی دەکەم؟ نا، ئێستا گشت شتەکان لە مێشکمدا دیارن، ڕەنگە بە هەمان ڕادەی ڕوونی نەبێت لەچاو ئەوانی ترەوە، چونکە من بە ئەزموونێکدا تێپەڕیم، ئەزموونێک بوو لایەنی دەوڵەمەندی هەبوو، وێڕای لایەنە نادیارەکەی، ئەگەر ئێستا زەمەن بیگەڕاندمایەتەوە و سەرپشک بکرامایە و بە تەواوی هۆشمەوە لەگەڵیدا بوومایە، یان لێی دوور بکەوتامایەتەوە، ئەوا هەزار میل لێی دووردەکەوتمەوە، ئەو پەڵەیەکی نەفرەتلێکراوە لە یادگەدا سڕینەوەی ئەستەمە، لەمەش خراپتر ئەوەیە لە خەونەکانیشمدا سەخڵەتم دەکات، من لە ماڵە کۆنەکەی خۆمانم، ئەویش بە فۆنۆگرافێکی قەبەوە، قەبەتر لەوەی لە ماڵەوە هەیەتی، خۆی بە ژووردا دەکات و نەرگزی خوشکیشم بە دوو ڕانی ڕووتەوە لە بەردەم تەشتی جلشۆرینەکەیە، هاواری بەسەردا دەکەم، قاچی داپۆشێت، گوێی ناداتێ، ئەویش فۆنۆگرافەکە ئیش پێ دەکات و دەنگی نازم غەزالی بە گۆرانییەک بەرز دەبێتەوە، ناوەکەیم بیر نییە، ئایا (ام العیون السود) بوو؟ خوشکەکەم دەخەنێتەوە و منیش بەرەو ئامێرەکە تاو دەدەم تاکو بیشکێنم. بێدار دەبمەوە یەکپارچە نوقمی ئارەقەیەکی ساردم، دەڵێم دەبوو مەحمود مەرزوق لەو ساتەدا ستار نونەی لە باڕەکەی باقوبە بکوشتبایە، بەڵکو سزای لەسێدارەدان بدرایە، هەروەها دەڵێم مەرزوق هەرگیز سەری بە ماڵماندا نەکردووە، تەنیا جارێک نەبێت ئەوکاتی بابم مرد، تەرمەکەمان هەڵگرت پەلی پێشەوەی تابووتەکە بە لای ڕاستدا لەسەر شانە وەرزشییەکەی بوو، نەرگزی خوشکیشم لەگەڵ دایکمدا گاڵەگاڵی بوو، نەرگز پاش ئەوەی شەشی سەرەتایی تەواو کرد، باوکم لە ماڵەوە داینیشاند، هەموو کات لە ماڵەوە دەرنەدەچوو، یەکەمین جار

ستار نونە ئاماژەی بە مەرامە گڵاوەکانی مەرزوق دا، کە ئاساییە بە لایەوە دەستدرێژی بکاتە سەر ناموسی خوشکی برادەرەکانی، وریای کردمەوە لەوەی بیبەمە ماڵی خۆمان، لێم پرسی داخۆ شتێک دەزانێت؟ گوتی نا، لێ من پێش شتەکان دەکەوم. بیرم لەوە کردەوە دوور نییە درۆ بکات، پیاو بۆ خوا بڵێت شتێکی خراپم لە مەحمود مەرزوق نەدیوە، کەچی ستار نونە گوتی، قسە هەمبەر خوشکەکانمان دەکرێت پێوەستە بە مەرزوقەوە. ئەوە بوو سەرکۆنەم کرد، ئەو شەوە بیرم لە خراپترین سیناریۆ کردەوە بێ ئەوەی بە بیرۆکەیەک بگەم قەناعەتم پێی هەبێت، کێ دەزانێت، دوور نییە کەڵکەڵەکانی ستار نونە لە جێی خۆیاندا بن، یاخۆ دەشێت لە دڵی خۆیدا حەزی لە مەرزوق نەبێت، بۆیە وێڕای ئەوەی تاقە بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نەبوو، ئەمە گومانەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە، کاتێک نەرگزی خوشکم مارە کرا، لەناکاو کاتێک بە تەنیا بووین، هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند، لە چایخانەی جمهوریە دانیشتبووین ڕۆژنامەیەکمان دەخوێندەوە، پرسیی داخۆ ئەو خۆشبەختە کێیە؟ گوتم، چما ئەوی کیژی خێزانێکی هەژار بخوازێت، گەشبەختە؟ گوتی، چۆن گەشبەخت نابێت ئەو کەسەی بێتە ناو خێزانێکی باشەوە و کچێکی جوانیان بخوازێت؟ گوتم، وا دیارە تەنانەت چاوت لە خوشکەکەشم بڕیوە. گوتی، ئەوە چی دەڵێیت؟ خوشکی منیشە. پاشان بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی، هاوڕێ، تۆ هێشتا ڕۆحی کۆمۆنیزمت هەرس نەکردووە! دوا بڕگەی وای لێ کردم ڕقم لێی ببێتەوە و بێدەنگ بم، سەرەڕای ئەوەی من ئەوڕۆ وا هەست دەکەم وەک ئەوەی ئەودەم ئەو لەسەر هەق بوو، وا تێنەگەن من لەبەر ئەمە ڕام لەسەر نییە، هۆیەکی هەند بێمانایە کەمترین بایەخی

پێ نادەم، ئەوی مەبەستمە ئەو لایەنە شاراوەیەی کەسێتییەتی، لەودیو ئەو ڕووناکییەی خرایە سەری، لەپشت ئەو ئەفسانەیەی پێیان بەخشی، ئەی وایان لێ نەکرد وەک ئەوەی ئیمی سیزاری عێراق بێت لە پاریس، یان ڕۆجی دۆبرێی باقوبە بێت لە جەنگەڵەکانی ئەمریکای لاتین، یان پیکاسۆی دوورخراوە بێت لەنێوان کەسە دیارەکانی کیشوەرە پیرەکە، ئەوێک لە یەک خۆپیشاندان چییە بەشدار نەبووە و تەنانەت وتارێکی دوو لاپەڕەیی نەنووسیوە، هەروەها تەنانەت لە ڕۆژنامە پلە دەیەکانیشدا لەبارەی تابلۆکانیەوە نەنووسراوە، گەڕانەوەی بۆ باقوبە ئێستا چی دەگەیەنێت جگە لە ڕاگەیاندنی مایەپووچی لە کۆتایی تەمەندا، وەکو نەوەی شکستخواردوان، کتێبەیلێک لە وڵاتێکدا نمایش دەکات کەس ناخوێنێتەوە و تابلۆیەلێک دەکێشێت بە دیواری گەلەرییەکی بەناوبانگەوە هەڵناواسرێت، هەڵبەت بێهوودە ڕۆژانی بەسەردەبات}.

ئەوی ئەسیر عێراقی نووسیویەتی هیچم لێ نەقرتاندووە و چاکم نەکردووەتەوە، تاقە وشەیەک یان دەستەواژەیەکم دەسکاری نەکردووە.

## بەشی نۆیەم

١

هەمیشە کۆتاییەکان کراوەن. کۆتایی مسۆگەر نییە پشتی پێ ببەسترێت. هەموو شتەکان بەرەو ئاسۆی خەمباری مەزەندەکانمان باڵدەگرن... فاتن دوو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ ناکات. مۆبایلەکەی داخراوە، نازانم چۆن پێی بگەم. نازانمماڵیان لە کوێیە، ئەویش لە کۆلێژەکەی دەوام ناکات، چونکە تەرخانە بۆ نووسینی توێژینەوە زانکۆییەکەی. گومان گینگڵم پێ دەدات، کەڵکەڵەی بەردەوامی گرژومۆن. شتی خراپ بە مێشکمدا دێن... کاتێک تەلەفۆنی بۆ کردم، وشەکان بەربینیان گرتبوو: "عەماری پوورزام پێش دوو ڕۆژ لە تەقینەوەکەی (**ساحە طیران**) کوژرا".

کوڕەپوورەکەی (عەماری ئەندازیار) بە ڕێکەوت لەوێوە تێپەڕیبوو، ئۆتۆمبێلێک لەو شوێنەی کرێکاران بۆ کارکردن دەوەستن، بەڵکو یەکێک بۆ یەک دوو ڕۆژێک یان ئەوپەڕی بۆ هەفتەیەک بۆ ئیشکردنیان ببات، تەقییەوە. کرێکارانی بیناسازی و سەبشکاندن و بۆیاغچی و بۆڕیچی و تەئسیسی کارەبا و زێرابپاکردنەوە و هیی تریش... ئۆتۆمبێلێک وەستا، کرێکارەکان بە پڕتاو بەرەو لای تاویان دا، بەو هیوایەی لە لایەن ئەو کوڕە

قۆزەوە بە ڕیشە کەمە هەڵپاچراوەکەیەوە، کە لەودیو ستێرنەکەوە دانیشتبوو، بۆ ئیش ببردرێن، کاتێک کوڕە خاترجەم بوو لەوەی ژمارەیەکی باش لە کرێکارەکان بە دەوری ئۆتۆمبێلەکەیەوەن، تەقاندییەوە...

پووررزاکەی بیست سی مەترێک لێوەی دوور بوو، پارچەیەکی گەورە بەریکەوت و قەفەسی سینگی هەڵدڕی، لەسەر شۆستەکە تاکو مرد، خوێنی لەبەر ڕۆیشت.

چۆن دەکرێت قسە لەسەر ڕووداوێکی وا بکەیت؟ دەستەودامێنی چ دەستەواژەیەک بم، تاکو دڵی فاتن بدەمەوە، کە دەبوو دوای دوو هەفتە داوای دەستی بکەم؟ ناتوانرێت هیچ شتێک بوترێت، ئێستا قسەکردن هیچ سوودێکی نییە.

ڕۆژانی داهاتوو بە ساردییەوە تێدەپەڕێنم، بە بیری ئالۆزەوە...

پۆستە ئەو نامەیەم بۆ دەگەڕێنێتەوە، کە لەسەر ناونیشانی جانیت لە پاریس ناردم، کە دوو نامەی مەرزوقی لە خۆ گرتبوو بۆی لەگەڵ ڕاڤەکردنی چارەنووسە کارەساتبارەکەی، هەروەها ئەو کارەی پێم سپێررابوو لەسەر ژیانی بنووسم... وام دانابوو هێشتا لە ژیاندایە... نامەکە دەگەڕێتەوە لەگەڵ تێبینییەک، نامە بۆ نێرراو لەو ناونیشانە نییە...

غەمێکی توند دامدەگرێت، وەک هەواڵی مەرگی کەسێکی زۆر نزیکم پێگەیشتبێت... دوو هەواڵی جەرگبڕ لە هەفتەیەکدا.

مستەفا کەریم و مامۆستا حەیدەر لە باقوبە، سامی ڕەفاعی لە هۆڵەندا، فیراس سلێمان لە زانکۆکەی لە بەغدا پێوەندیم پێوە دەکەن... پرسیاری تەندروستی و کارم دەکەن، هەروەها پرۆژەی کتێبەکەم بە کوێ گەیاند؟

چاکترین شت لەم گەشتەمدا، گەشتی نووسین لەسەر مەحمود مەرزوق، بەدەستهێنانی هەندێک هاوەڵی دڵگیری تازە بوو، هەروەها بۆ یەکەمین جار، وێڕای ئەوەی پتر لە پەنجا کیلۆمەتر لە بەغداوە دوور نییە، دیتنی شارێک جوانییەکی تایبەتی دڵگیری هەیە، ناوی باقوبەیە. دوو مانگی پڕ لە جووڵە تێیدا مامەوە.

٢

زەنگی تەلەفۆنەکە لە کاتی هەڵکشانی شەودا بە مێشکێکی جەنجاڵەوە زرنگەی لێوە دێت... کپییە لاوازەکەی پشتی بە ماندوێتیی جەستە و کوژانەوەی دنیا بەستبوو، دەشکێنێت... لەنێوان لەرینەوەی لێدانی یەکەم و لەرزینی دەست و خوێندنەوەی ژمارە نەزانراوەکە و جووڵەی نینۆکی پەنجەگەورە لەسەر دوگمەی مۆبایلە سەوزەکە، دڵەخورپەیەکی لێڵی خێرا گڕ دەگرێت، لەگەڵ: "ئەلو، فەرموو"دا، دەنگێکی جیددی و ئاشنا بەرگوێم دەکەوێت، تاکو شتەکان لە ئاستی هاوسەنگیی باڵادا ڕێک بخات.

–پێشەنگ حەسەن میقدادیت لەگەڵدایە، داوای لێبوردن دەکەم جاڕسم کردیت مامۆستا حەیدەر...

لە یەک کاتدا لە جێگەکەم و لە سنووری نووستن ڕادەپەڕم، دەنگی حەسەن میقدادیی پێشەنگ بە ژمارەیەکی جیا لە ژمارەکەی پێشووی و پارێزراو لە یادگەی مۆبایلەکەمدا، هات، منی بردە ئەوپەڕی پلەکانی بەئاگاهاتنەوە. دەبێت شتێکی گرنگ ڕووی دابێت، تاکو وا لە کابرایەکی بەرپرس لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان بکات بڕیار بدات لە سەعات یەک و

چارەکی دوای نیوەشەو تەلەفۆن بۆ نووسەرێکی ڕۆژنامەوان بکات.

–سەرچاو پێشەنگ حەسەن. بە پێچەوانەوە، هەرگیز جاڕس نابم... هێشتا نەنوستبووم.

–بە پێشەکی درێژەی نادەمێ... بکوژەکەمان دۆزییەوە... ئێوارەی ئەمڕۆ ددانی پێدا نا، ویستم پێت بڵێم... ئێمە لێکۆڵینەوەی کێشەیەکی ترمان لەگەڵدا دەکرد، ئەوەبوو بە زمانیدا هات و ددانی بەم تاوانەدا نا... پێی گوتین ئەو مەحمود مەرزوقی کوشتووە.

–ئەوە هەمان کەس نییە گومانتان لەسەری بوو؟

–نا... هەرچەندە ئەویش لە گەلێک کێشەدا داواکراو بوو.

–ئەمە ئەوە دەگەیەنێت براکەی ڕەباب دەستی لەم تاوانەدا نییە.

–نازانین... هێشتا لێکۆڵینەوە بەردەوامە... ڕەنگبێ نەخێر. ئەم کەسە بێزراوە لەناو ئەندامانی ئەو شانە تیرۆرستییەدا نییە، کە هەموو ئەندامەکانیمان دەسگیر کرد. ڕەنگە ئەو لە شانەیەکی تر بێت.

–بەڵام بۆ ئەم کەسە مەرزوقی کوشت، باسی پاڵنەرەکەی نەکرد، پرسیارتان لێ نەکرد؟

–پرسیم، گوتی، ئەو بە هۆیەکەی نازانێت، ئەو تەنیا جێبەجێکەرە لە بەرابەر بڕێک پارەدا... ژیانی مەحمود مەرزوق لای ئەم زەلامە لە پتر لە سێسەد دۆلاری نەدەکرد، جا بێنەی بەرچاو خۆت.

بێدەنگییەکی کورت هەردووکمانی گرتەوە... هەستی ڕۆژنامەگەریم لە پرسیاری نوێ تووشی داماویی کردم... ترسام یارۆی پێشەنگ بەر لەوەی وردەکارییەکانی ترم پێ

بڵێت، کۆتایی بە قسەکانمان بهێنێت... هەستم بە غەم و بەتاڵی کرد... ئا لێرەدا میقدادی لەپڕ گوتی:

-بەشێکی تر لە بابەتەکەدا هەیە پڕ لە هێدمەترە.

-چییە؟

-ئەگەر بڕوا بەوە بکەین دەیڵێن، مەبەستم ئەوانی تری کۆمەڵەکەن لە پلاندارێژەر و دنەدەران، ئەوا بکوژ بە هەڵە کەسەکەی کوشتووە... مەرزوق لە لیستەکەیاندا نەبووە.

-چی؟ چۆن؟

-گوێ بگرە... چیرۆکەکە نەختێک سەیرە.

**چیرۆکەکە وەکو بە کورتی دامڕشت، کۆشام ناوەڕۆکەکەی نەشێوێنم، ئەگەرچی دەرکم بەوە کردووە ناوەڕۆک لەگەڵ گۆڕانی شێوازدا هەمان ناوەڕۆک نییە:**

شانەکە هەوڵی کوشتنی پیاوێکی بەتەمەن دەدات، پەنهانە، سیفەتی جەستەیی جێی تێڕامانە، باڵابەرز و دەفەی سینگی پانە... ئەندامەکانی وای بۆ دەچن پیرەی بەخۆ و نادیار وەکو ڕاوێژکار لەگەڵ لایەنێکی باڵای هەواڵگری کار دەکات، شارەزایە لە کاروباری گرووپە توندڕەوەکان و کارە تیرۆریستییەکاندا، هەروەها کارامەیە لە لێکۆڵینەوەی پێوەند بەوان... زانیاریی سەرەتایی خێرا لە سەرچاوەکانیانەوە لەبارەی کابراوە بەدەست دەهێنن، ئەو ئێستا لە ناوەندی شارە... بە گۆچانێکەوە بە شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە. لە گشت حاڵەتەکاندا ئەو لە باقوبە ناسراو نییە، بۆیە بێ ئەوەی حیساب بۆ شتێک بکات، پیاسەی خۆی دەکات. (قەناعەتم بەم بڕگەیە نییە، ئاخر چۆن کابرایەک ئەم بەرپرسیارێتییە مەترسیدارەی هەبێت، بەبێ پاسەوانیی تەواو بەناو بازاڕدا پیاسەدەکات... ڕەنگە هەر نەهاتبێتە ناو شارەکەوە).

دوو کەس لە ئەندامانی شانەکە بلەز دێنە شوێنەکە... یەکەمیان بکوژە بەکرێگیراوەکەیە، ئەوی بە سووکی و کارامەیی کارەکانی لە نێوەڕاستی هەر قەرەباڵغییەکدا ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشێت، ئەو قوربانییەکە/ ئامانج ناناسێت، پێشتریش نەیبینیوە... دووەمیان ئەو دەلیلەیە کە کابرای پەنهان/ قوربانی بە شێوەیەکی باش دەناسێت. ئەو تاقە کەسە دەیناسێت. هەردووکیان شەقام بە شەقام بەناو بازاڕدا دەسووڕێنەوە، تاکو دەگەنە شەقامی جەنجاڵی پزیشکان.

ڕێککەوتنی تەکتیکی لەنێوان ئەو دوو ئەندامەی شانە تیرۆریستییەکە ئەوەیە، کەسی دووەم/ دەلیلەکە سڵاو لە قوربانییەکە بکات، تەوقە و قسانی لەگەڵدا بکات، پێش ئەوەی لای بڕوات. بەمە کەسی یەکەم/ بکوژەکە نێچیرەکەی دەناسێت... بە دەوریدا دەخولێتەوە و دەمانچە بێدەنگەکەی لە کەلەکەی گیر دەکات و پەنجە بە پەلەپیتکەدا دەنێت، لەودەمەدا قەرەباڵغییەکە لەوپەڕیەتی و هەر کەسە و سەرقاڵی غەمی خۆیەتی و کەس تێبینیی شتێکی نائاسایی ناکات...

کەسی دووەم/ دەلیلەکە پێش دە ڕۆژ سەردانی کتێبخانەکەی مەرزوقی کردووە و کتێبێکی ویستووە... مەرزوق لەم ماوەیەدا ئەو کتێبەی لە یەکێک لەوانە کڕی، کە کتێبەکانیان لەژێر فشاری نەبوونیدا دەفرۆشن، یاخود ئیدی پێویستیان بە کتێب نەماوە... مەرزوق تێبینیی کابرای دەلیل دەکات، بۆیە گازی دەکات و سڵاوی لێ دەکات... تەوقە دەکەن... دەلیلەکە ئاگای لەو خراپتێگەیشتنە نییە لای کەسی یەکەم/ بکوژە پیشەکارەکە ڕووی دا... مەرزوق و کەسی دووەم/ دەلیلەکە جیادەبنەوە... کەسی یەکەم/ بکوژەکە

دەسووڕێتەوە و دوای مەرزوق دەکەوێت، تاکو ڕادەی پێکەوەلکان لێی نزیک دەبێتەوە، ئیدی لەژێر پاڵتۆکەیەوە تەقە دەکات...

...

دوای تەلەفۆنەکە، تاکو بەیانی بووەوە، بیرم دەکردەوە: چۆن بڕوا بەم چیرۆکە دەکرێت؟ چ سوریالییەکی سەیر و نامۆیە، ئەمە لە خۆی گرتووە؟

بیرم لەوە کردەوە تەلەفۆن بۆ فاتن بکەم، ئەویش لە قۆناغی برینداربیەکەیەتی، تاکو پێی بڵێم توخمە سەرەتاییەکانی کتێبەکە ڕەنگە تەواو بووبن و دەبێت ئێستا دەست بە نووسین بکەم... داخۆ ئەمە هەندێک ئاسوودەیی و دڵنەوایی پێ دەبەخشێت؟

بیرم لەو پیاوە بەساڵاچووە کردەوە، ئەوی لە پرۆسەی تیرۆرکردنەکەدا قوتاری بوو، بۆ ئەوەی جێگرەوە لەم چیرۆکە خوێناوییە شوومەدا مەحمود مەرزوق بێت...

بیرم لە کتێبی (ڕۆڵی ڕێکەوت و گەمژەیی لە گۆڕینی ڕەوتی مێژوودا)ی ئەریک دۆرچمید کردەوە، کە پێشتر خوێندبوومەوە... بەڵێ، ڕووداوی مێژوویی گەلێک جار هۆکاری ڕێکەوت و بێبەختی و گەوجی دروستی دەکەن!

بیرم بۆ کابرا بەساڵاچووە پەنهانەکە چوو، ئەوی لە ڕێگەی ئەو تەلەفۆنە سەیرەوە پێش چوار مانگ تووشی ئەم ئیشەی کردم، پاشان خەتی مۆبایلەکەی بە یەکجاری داخست و جارێکی دی پێوەندیی پێوە نەکردمەوە، تاکو لێم بپرسێت چیت کرد؟ بەڵام بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا و پاشماوەی کرێکەمی لە حیسابە بانکییەکەم دانابوو.

بیر لەم پیاوە بەساڵاچووە پەنهانە دەکەمەوە...

بیر لەو پیاوە بەساڵاچووە پەنهانە دەکەمەوە... کە پێش پتر لە بیست ساڵ، لەگەڵ مەرزوقدا (وەکو لە یەکەمین پێوەندیی لەگەڵمدا پێی گوتم) لەگەڵ مەرزوقدا جیاوازییان تێکەوت.

لەودەمەدا مەرزوق لە کوێ بوو؟

لە پاریس...

لە هەموو نووسینەکانیدا، کە من خوێندبێتمەوە، ناوی هاوەڵێکی عێراقیی مەرزوق لە هەموو فڕەنسادا نەهاتووە... لێ لە دوادوایی ماوەی بوونی لە پاریسدا ڕۆیشت (ئەمەش تاقە جار بوو، کە بەر لە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی، فڕەنسای جێهێشت) بۆ پراگ... لە پراگیش چاوی بە...

بە کێ؟

داخۆ دەکرێت...؟!

نا... نا... ماقووڵ نییە.

بەڵام، ئەوە چ موویەکی باریکە، کە ماقووڵ لە ناماقووڵ لە ژیانی ئەم وڵاتەدا جیادەکاتەوە؟

...

...

٣

لە سپێدەیەکی ناسکی سارددا، ئەپارتمانەکەم جێدەهێڵم... بەغدا تازە بێدار بووەتەوە... درەختەکان کۆترەباریکە و چۆلەکەکان هەڵدەفڕێنن، بە ڕەنگ و بۆنەکانیانەوە...

ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسووڕێتەوە، دوو کرێکاری شارەوانییش بە بەدلەی شینەوە هەنگاوی خێرا دەنێن، ئافرەتێکیش فەخفوورییەکی بە دەستەوەیە، پارچەیەکی گەورەی قەیماغی تێدایە، پێش پەڕینەوە لە شەقامەکە ئاوڕ

دەداتەوە... من یەکەم کڕیارم خۆی بە کافتریای یەمامەدا دەکات... بەردەستە گەنجەکە بزەیەکم بۆ دەکات، ئەوی دەزانێت داوای چی دەکەم...

لە گۆشەیەکی گەرمەوە لەو جێگەیەی ڕۆژانە لێی دادەنیشم... فنجانێک قاوەبەشیر هەڵدەقوڕێنم و جگەرە دەکێشم... دەفتەرە بچووکەکەم لە جانتاکەم دەردەهێنم و بەرنامەی ڕۆژانەم دەنووسم، چەند ڕستەیەکیش دەنووسم، دوور نییە پاشان خۆیان بە پێکهاتەی کتێبەکەم لەبارەی مەحمود مەرزوقەوە بکەن... دوای نیوسەعات، شۆستە پانەکەی ئەودیو جامی ڕووی پێشەوە جەنجاڵە بە داشقە و ڕێبواران... مۆبایلەکەم لە بەردەمم لەسەر مێزەکە دادەنێم، هەڵیدەگرم و دەست بە نووسینی نامەیەک بۆ فاتن دەکەم:

"بەیانیت باش خۆشەویستەکەم... وا بزانم ئێستا خەریکە دەزانم بەرەو کوێ مل دەنێم و دەبێت چی بکەم...".

...

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ:

١.ئاوێزە٢. بە هاوکاریی حەمەسەعید زەنگنە (کۆمەڵە بەرهەم)، ئامادەکردن. کەرکووک ٢٠٠٣.

٢.دیالۆگ (چاوپێکەوتنی ئەدەبی) ٢٠٠٥ کەرکووک.

٣.ناعەقلانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا. جەبار قادر. (وەرگێڕان) ٢٠٠٥ کەرکووک.

٤.هیزە وریابن (کۆمەڵە چیرۆک) عەزیز نەسین. هەولێر ٢٠٠٥.

٥.مەحود و نیگار (کۆمەڵەچیرۆک) عەزیز نەسین. هەولێر. خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٦.

٦.وەرزی کۆچ بەرەو باکوور- ڕۆمان (وەرگێڕان) ئەلتەیب سالّح. دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.

٧.درێژترین سالّ - ڕۆمان (وەرگێڕان) زوهدی داودی. دەزگای ئاراس. ٢٠٠٨ هەولێر.

٨.شیکاگۆ- ڕۆمان (وەرگێڕان) عەلا ئەسوانی. دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩.

٩.باڵەخانەی یاقوبیان - ڕۆمان (عەلا ئەسوانی) دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩.

١٠.چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا چ٢ (لێکۆڵینەوە). دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩.

١١.مرۆڤێک ناوی لەناودا نییە- ڕۆمان (وەرگێڕان) واسینی ئەلئەعرەج. ئاراس. هەولێر ٢٠١٠.

١٢.شەماعیە - ڕۆمان (وەرگێڕان) عەبدولستار ناسر. ئاراس. هەولێر ٢٠١٠.

١٣.تاکسی - ڕۆمان (وەرگێڕان) خالد ئەلخەمیسی. ئاراس. هەولێر ٢٠١٠.

١٤.کەسێتیی تاکی عێراقی (وەرگێڕان) باقر یاسین. ئاراس. هەولێر٢٠١١.

١٥.موبارەک و سەردەمەکەی (وەرگێڕان) لەگەڵ عومەر عەلی غەفوور. دانانی: محەمەد حەسەنێن هەیکەل. ئاراس. هەولێر٢٠١٢.
١٦.مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا (وەرگێڕان) د.محسن محمد حسین. ئاراس. هەولێر ٢٠١٣.
١٧.میرنامە- ڕۆمان (وەرگێڕان) جان دۆست. دەزگای ئەندێشە. سلێمانی٢٠١٣.
١٨.عێراقییەک لە پاریس ـ ڕۆمان (وەرگێڕان) سەمۆئێل شەمعون. دەزگای ئەندێشە. سلێمانی٢٠١٤.
١٩.عەشیقی وەرگێڕ ـ ڕۆمان (وەرگێڕان) جان دۆست. ناوەندی غەزەلنووس. سلێمانی ٢٠١٥.
٢٠.ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لەعێراقدا ـ باقر یاسین. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی٢٠١٥.
٢١.زەنگەکانی ڕۆما – ڕۆمان (وەرگێڕان) جان دۆست. ناوەندی غەزەلنووس. سلێمانی ٢٠١٦.
٢٢.ماڵە ئەندەلوسییەکە – ڕۆمان (وەرگێڕان) واسینی ئەلئەعرەج. ناوەندی غەزەلنووس. سلێمانی ٢٠١٦.
٢٣.هەرەسی ژێرخانێک- ڕۆمان (وەرگێڕان) نەوزەت شەمدین. دەزگای ئەندێشە. سلێمانی ٢٠١٧.
٢٤.وێرانەپیاو- ڕۆمان (وەرگێڕان) عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی٢٠١٧.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
| --- | --- | --- | --- |
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هومەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیفسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیفسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | ویرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێران | میشل ئوستینوف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ریکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئێریک کیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |